ژمارە: ٥٢
ساڵی پێنجەم، مایۆی ٢٠١٠

گۆڤارێکی ئەدەبیی، هونەریی، ڕووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز:
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر:
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر:
محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری هونەریی:
ڕێبین مەجید

Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران، بەرامبەر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ
تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤

دەستەی نووسەران:

کارزان عەبدوڵڵا
ئەکرەم محەمەد ئەمین
نەورۆز جەمال

تایپ و نەخشەسازیی:
پەیام ئەحمەد

هەڵەچن:
سنەوبەر کەریم
مونا عەبدوڵڵا

لۆگۆ:
حەمیدی ئازمودە

مۆتیف:
هۆگر محەمەد
گۆنا حەمەئەمین

تیراژ
٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| چەمکەکانی (ئیرۆس و ساناتۆس) لە... | ناڵە حەسەن | ٧ |
| لەگەڵ شەپۆلەکانی شیعری... | ساڵح سووزەنی | ٣٥ |
| ئایا ئەدبیان و هونەرمەندان بلیمەت و... | حەمەی ئەحمەد رەسوڵ | ٥١ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| گلگامێش وتی... | سەلام محەمەد | ٦٣ |
| لەندەن... | مەجید عزیز | ٦٥ |
| پیربوونی من و خۆم... | حەمە کاکەڕەش | ٨٣ |
| مەنفایەک لەناو نیشتماندا... | دیار بەکر | ٨٥ |
| سێکسی ژمارە هیچ... | ئاریان ئەبوبەکر | ٨٩ |
| بە دووربین، لە سەربانەوە... | رابەر فاریق | ٩٥ |
| کوڕەکە دەچێت بۆ پێشانگە... | محەمەد ناکام | ٩٧ |
| ئینتزار... | هیوا سەلیمی | ١٠٠ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ لازۆ... | گۆڤاری هەنار | ١٠٣ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ سەنەعەڵڵا ئیبراهیم... | سازدانی: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا | ١١٣ |
| ماڵی تارمایی... | تەها ئەحمەد رەسوڵ | ١١٩ |
| دۆستۆیۆفسکی و تۆڵستۆی لە رۆمانێکدا... | محەمەد قادر | ١٢٢ |
| کتێبخانە تورکییەکەم... | ئومێد تۆفیق | ١٣٢ |
| ئەم چیرۆکە ناو بنێ نێرگز... | رەفعەت موڕادی | ١٤٧ |
| وەرە پێکەوە یاریی بکەین... | شەریف فەلاح | ١٥٢ |
| لە شانۆی تورکمانییەوە... | عەبدولستار جەباری | ١٥٨ |
| لە شیعری ئەڵەمانی سەردەمەوە... | سیروان رەحیم | ١٦٩ |
| بازنە لاکێشەییەکان... | سەلاح جەلال | ١٧٣ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ شوان قەرەداغی... | رێزە حسێن | ١٧٩ |
| تابلۆکانی وەلید سیتی... | رۆشنا رەسوڵ | ١٨٣ |
| جاک ڤێتریانۆ... لە بەردەم رێکەوتێکدا... | و. سیروان شەریف | ١٩٠ |
| دیدار لەگەڵ لوقمان غەریب... | شەنکار عەبدوللا | ١٩٤ |

# لێکۆڵینەوە

چەمکەکانی (ئیرۆس و ساناتۆس) لە رۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) ی بەختیار عەلی-دا

**ناڵە حەسەن**




ئایا ئەدیبان و هونەرمەندان بلیمەت و داهێنەرن، یان شێتن؟

**حەمەی ئەحمەد رەسوڵ**

لەگەڵ شەپۆلەکانی شیعری نوێی کوردیی-دا

**ساڵح سووزەنی**



# چەمکەکانی (ئیرۆس و ساناتۆس) لە ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)ی بەختیار عەلی-دا




**ناڵە حەسەن**

(بەختیار عەلی) یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی کە لە ماوەیەکی کەم، بەهۆی چەند ڕۆمانێکی یەک لە دوای یەکەوە توانی لە ئاستێکی زۆربەرین، خوێنەرەکانی سەرسام بکات و خۆشی وەک ڕۆماننووسێکی بەتوانا و لێهاتوو دەربکەوێت... دیارە لەم نووسینەماندا، مەبەستمان نییە، قسە لەسەر ئەزموونی (بەختیار عەلی) بکەین لە ڕۆماندا، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە، دەمانەوێت

خوێندنەوەیەکی دەروونییانە بۆ رۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) بکەین، چونکە لەم رۆمانەدا بە جیا لە جیاوازی زمان و شێوازی گێڕانەوە و تەکنیک و رەگەزەکانی تری رۆمان، ئەوەی تا ئەندازەیەکی زۆر سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت، پێکهاتە دەروونی و هۆکارە دەروونییەکانی، چ کارەکتەرەکان و چ رووداوەکان و تەنانەت پێکهاتە دەروونییەکانی نووسەر، واتە بەختیار خۆی لەنێو پانتایی رۆمانەکە دەبیندرێت. ئەمە وا لە خوێنەر دەکات، زۆر بە قووڵی و تامەزرۆییانە بەدوای چەمکە دەروونییەکان و ململانێی و پێکهاتە دەروونییەکاندا بگەڕێت. بە بڕوای من ئەم لایەنە دەروونییەی رۆمانەکە، بڕستێکی بێوێنەی بە رۆمانەکە داوە و توانای نووسەریش وەک سایکۆلۆگیستێک لە ئاستێکی بەرز دەردەکەوێت. دیارە ئەم رۆمانە چەندین خوێندنەوەی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەڵام ئێمە هێندەی بۆمان بکرێت قسە لەسەر لایەن و پێکهاتە دەروونییەکان دەکەین بەمانایەک، مەبەستمانە بە پشت بەستن بە میتۆدێکی دەروونییەوە ئەم رۆمانە بخوێنینەوە. کۆد و هێما دەروونییەکان شیبکەینەوە و قسەیان لەسەر بکەین. هێندەش بۆمان بکرێت، ئاستە جیاوازەکانی ئەم رۆمانە بە تایبەت، لە رووی زمان و هونەری گێڕانەوە لەگەڵ رۆمانەکانی تری نووسەر بخەینە روو. (بەختیار عەلی) لەم رۆمانەدا چیرۆکی عەشقێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، چیرۆکەکەش بەمشێوەیە، (سێ کارەکتەری سەرەکی لەیەککاتدا، عەشقی کچێکی شۆخ و نەشمیل و تا بڵێی جوان دەبن. هەر یەک لە دڵدارەکان تا ئەندازەی مەرگ ئامادەن بۆ هەر ململانێیەک و ئامادەی قبووڵکردنی هەر مەرج و داواکاریەکن، بەس بە خاتری ئەوەی بە ئامانجی خۆیان بگەن، ئەویش دڵدارەکەیان ببێ بە ژنیان و ژیان و ئایندەی خۆیان لەگەڵیدا بەرنە سەر. ئەم عەشقە لەنێو پانتایی رۆمانەکە رووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە، خوێنەر لە سەرەتای رۆمانەکە تا کۆتایی لەگەڵ چیرۆکی ئەم عەشقە و ئاکامەکانی رووبەڕوو دەبێت... نووسەر لەنێو رۆمانەکەیدا لە پەیوەند بەم عەشقە و خوازبێنیکەرانەوە، کۆمەڵگەی دابەشکردووە بەسەر سێ چین، چینێک لە ئاستی خوارەوەن، واتە چەقۆکێش و هەژارو نەدار و لانەوازەکانن، ئەوانەی لەسەر شۆستەکان و گەڕەک و گازینۆ و چایخانەکان زۆربەی کات ژیانیان بەسەر دەبەن، کارەکتەری سەرەکی ئەم چینە (کامەرانی سەلمایە)، نوێنەری کامەران-یش (مەنگوڕی بابە گەورە)ی چەقۆکێشە... چینێکی تر دەتوانین بە چینی مامناوەندی ناویان بەرین، کە پێکهاتوون (لە خوێندەوارەکان و مامۆستاکان و نووسەر

و هونەرمەندەکان و رۆشنفکرەکان)، کارەکتەری سەرەکی ئەم چینەش مەنسور ئەسرینە، نوێنەری مەنسوریش (ساقی مەحمودی) گۆرانیبێژە... چینێکی تر دەتوانین بە چینی سەرەوە ناویان بەرین، چینی دەوڵەمەندەکان و خاوەن موڵک و سەرمایەدارەکانن... ئەمانیش عەشیرەتی ئاموونییەکانن، کارەکتەری سەرەکی ئەم چینەش خالید ئاموونە، نوێنەری خالیدیش (قەلەندەر ئاموون)ی کۆنە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولە... هەر یەکێک لە (کامەران و مەنسور و خالید) تا سەر ئێسقان عەشقی (سەوسەن گوڵدانچی) دەبن. لە ماوەی یەک دوو هەفتە، هەرسێکیان بە جیا دەنێرن بۆ خوازبێنی و داوا لە سەوسەن دەکەن شوویان پێ بکات... سەوسەن جگە لەوەی کچێکی خاوەن جوانییەکی ئەفسووناویی و سەرسووڕهێنەرە، لە هەمانکات لە باری هۆشمەندییەوە خاوەن توانا و مەعریفەیەکی جیاوازە، مەبەستمان لە جیاواز، بە مانای جیاواز لە دەوروبەرەکەی خۆی، واتە بیرکردنەوە و پێشبینییەکانی دوورنماییەکی فراوانیان هەیە... هەمیشە بە جیاواز دەدوێت و بە جیاواز بیردەکاتەوە... ئەمە وایکردووە سەرنجی تەواوی کەسانی دەوروبەرو تەواوی کۆمەڵگە بۆ خۆی رابکێشێت و سەرسامیان بکات... بۆیە وەک کچێکی ئاسایی نایەوێت وا بە ئاسانی تەسلیم بە خواستی داخوازیکەرەکانی بێت... یەک داوای هەیە بۆ هەر یەکێک لە داواکارەکانی، ئەویش ئەوەیە (کە دەبێت بەوە رازی بن سەفەرێکی هەشت ساڵە بە دونیادا بکەن و لە هەریەک لە شوێنە جیاوازەکانی دونیادا، باڵندەی ناوازە و جۆراوجۆری بۆ بهێننەوە. کە هاتنەوە ئینجا یەکێکیان هەڵدەبژێرێت...!) داواکەشی بۆ ئەوەیە، دەیەوێت هەر کەسێک بێتە داخوازی ئەم وا پێویست دەکات کەسێک بێت دونیای بینیبێت و بۆنی دونیای لێبێت... چونکە ئەم کەسانەی کە جگە لە شارەکەی خۆیان هیچ شوێنی تریان نەبینیوە، ناتوانن دونیا بەو گەورەییەی خۆی ببینن و بیرکردنەوەیەکی دروست و تەندروستیان هەبێت بۆ ژیان و بۆ دونیا... ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر، دەیەوێت داخوازیکەرانی خۆی دووربخاتەوە لە شەڕو مردن، چونکە شارەکەی ئەمان شارێکە بۆنی مەرگ و باروووت و خوێنی لێدێت، بە مانایەک، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان هەمیشە لەسەر سینگی شارەکەی ئەمان، گرمە و زرمەی شەڕ و شۆڕ دێت...! بەرامبەر ئەم داوایەشی هەر یەکێک لە دڵدارەکانی خۆی سەرپشک کردووە لەوەی، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، دەتوانن رازی نەبن و نەڕۆن بۆ ئەم سەفەرە، کە رۆیشتیشن لە هەرکاتێکدا دەتوانن وازبهێنن و بگەڕێنەوە، یان دەتوانن لە هەر جێگایەک لەگەڵ ژنی تر ژیان پێکبهێنن...

یان دەتوانن هەر نەگەڕێنەوە، ئیدی لە هەموو بارێکەوە تا ئەوپەڕی ئـازادی، ئازادیی کردوون...! بێگومان هەریەکێک لە دڵدارەکانی بە جیا لەوەی سەفەرەکە چەندە قورسە و ئەگەری مان و نەمانی تیایە، بە جیا لە قسەی خەڵک و دەوروبەر، بە جیا لە هەموو شتێک، شێتانە بەم مەرجە رازی دەبن و لە کورت ماوەدا شار و نیشتمانی خۆیان بەجێدەهێڵن و خۆیان دەدەنە دەست سەفەرێکی هات و نەهات...! شوێن لەنێو پانتایی رۆمانەکە، رووداوە سەرەکییەکان لە یەکێک لە شارەکانی کوردستانی عیراقە، بـەڵام بەهۆی سەفەرکردنی هەرسێ دڵدارەکە، بە ئاراستەی جیاواز و بەرە و نیشتیمان و کیشوەری جیاواز، نووسەر توانیویەتی هەموو دونیا بهێنێتە نێو پانتایی رۆمانەکەی، زۆر سەرکەوتووانە باس لە سنوور و جوگرافیای وڵاتان و کیشوەرانی تر بکات. زەمەنیش لە دەوروبەری بیست و پێنج ساڵێک دەبێت، نووسەر لەم ماوە زەمەنییە دیاریکراوەدا، لەپاڵ چیرۆکی ئەم عەشقەدا، مێژوو و رووداوەکـان و ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەی عیراق و کوردستان و شەڕەکانی کەنداو و رووخانی رژێمی سـەدام و راپەڕین و دەسەڵاتی کـوردی و... زۆر رۆشن و راستگۆیانە بۆمان دەگێڕێتەوە). تا ئێرە ویستمان زۆر بە کورتی بیرۆکەیەک لەسەر ناوەڕۆکی رۆمانەکە وەک نیگارێک بخەینەڕوو... لەپاڵ ئەم دەسپێکەمان، دەمانەوێت لێرەوە راستەوخۆ لە دەرگای مەبەستەکەمان بچینە

> **ئەم رۆمانە بە روئیا و جیهانبینییەکی مۆدێرنیستانە نووسراوە. دەکرێت لەنێو قوتابخانەی مۆدێرنیزم دەلاقەیەک بۆخۆی داگیربکات**

ژوورەوە و لەوێوە دەست بە خوێندنەوە دەروونییەکانی کەسایەتییەکان و پێکهاتە دەروونییەکانی دەقەکە بکەین. دەتوانین بڵێین، خاڵێکی هاوبەش هەیە، لە پێکهاتەی کەسایەتی و پێکهاتەی دەروونی و هەڵسوکەوتەکانی هەریەکێک لە (کامەرانی سەلما و مەنسور ئەسرین و خالید ئاموون)، دیارە وتمان هەریەکێک لەم کارەکتەرانە بە پاشخانی جیاواز و سەر بە چینی جیاوازن، بەڵام پێکهاتەی کەسایەتی و دەروونی یان هەڵسوکەوت، بەوە دیاری ناکرێت کە کەسەکان سەر بە چ چینێکی کۆمەڵگەن یان چ پاشخانێکیان هەیە هەرچەندە شوێنەوار و پرنسیپی کۆمەڵگە و شێوازی فێرکردن، کاریگەری راستەوخۆیان هەیە بەسەر پێکهاتە دەروونییەکانی مرۆڤەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤەکان یان رەفتار و هەڵسوکەوتیان، راستەوخۆ بە پێی بیرکردنەوە و پێکهاتەی باری دەروونیان ئاراستە وەردەگرێت.

هەروەک ئەوەی لە تیۆری سیگمۆند فرۆید (لە پەیوەند بە کەسایەتی و ناسینی سروشتی مرۆڤ یان هەڵسوکەوتەکانیان هاتووە، پێکهاتەی مێشک و دەروونی مرۆڤی دابەشکردووە بەسەر سێ بەش، ئەمانیش: (من، منی باڵا، ئەو... واتە ئیگۆ، سوپەر ئیگۆ، ئایدی)، هەریەک لەم بەشانە لە کەسێکی ئاسایی و تەندروست دەبێت لە هاوسەنگییەکی گونجاو دابن، چونکە ناهاوسەنگی و ناڕێکی لە هەریەکێک لەم بەشانە، دەبێتە هۆی ناڕێکی باری دەروونی و لێکەوتنەوەی چەندین نەخۆشی دەروونی، هەریەک لەم بەشانەش بۆ نموونە (ئایدی بەر لە هەموو بەشەکانی تر، لەگەڵ لەدایکبوونی کۆرپە لەدایک دەبێت، تەواو لەنێو رووبەری نەستیدایە واتە رووبەری بێئاگایی و لاشعووری، لەژێر کۆنترۆلی پرنسیپی دەروون و هەست و ئارەزووەکانیدایە، بە هیچ شێوەیەک نە لەگەڵ واقیعی دەرەوە رووبەڕووە و نە گوێی پێدەدات... لەمبارەیەوە، هەڵسوکەوتەکانی منداڵ


فرۆید

و داواکارییەکانیان راستەوخۆ پەیوەندی بەم بەشەی دەروون و پێکهاتەی مێشکیانەوە هەیە... بەشێکی تر واتە ئیگۆ، ئەمەش لە دەوروبەری تەمەنی سێساڵییەوە، دروست دەبێت، تەواو لەنێو رووبەری ئاگاییدایە و لەگەڵ واقیعی دەرەوەو پرنسیپەکانی دەرەوە رووبەڕووە، گەورەترین قورسایی لەسەر ئەم بەشەیە، چونکە هەم دەبێت هاوسەنگییەک یان گوێ لە داواکارییەکانی ئایدی و سوپەر ئیگۆ رابگرێت، هەم دەبێت ئاگای لە واقیعی دەرەوە بێت، واتە هاوسەنگییەک لەگەڵ خود و دەرەوەی خود، بە مانای هاوسەنگییەک لە نێوان پرنسیپی غەریزەو ئارەزووەکانی خود لەگەڵ پرنسیپی کۆمەڵگە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە. دوابەش واتە سوپەر ئیگۆ بەدوای بەشەکانی تر دروست دەبێت لە دەوروبەری تەمەنی پێنج ساڵییەوە بەرەو ژوور، هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و لێکدانەوەدایە لەگەڵ رووداو و شتەکان، بۆ نموونە لایەنی هەڵە و راستی شتەکان لەبەرچاو دەگرێت... لە هەمانکاتدا گرنگی بە مۆراڵ-یش دەدات بۆ دەرخستنی کەسایەتییەکی لێهاتوو هەمیشە لە دڵەڕاوکێدایە... ئەم تیۆرەی فرۆید بۆ ناسینی سروشتی کەسەکان و کەسایەتی و هەڵسوکەوتەکانیانە. وتمان خاڵێکی هاوبەش هەیە لەنێوان هەر سێ دڵدارەکان یان داواکارەکان، ئەویش ئەوەیە ((لە پێکهاتەی کەسایەتی هەر یەکێکیاندا، یان هەڵسوکەوت و رەفتارەکانیان، لەژێر کاریگەری (ئایدی) ئاراستە وەردەگـرن...!))، واتە بەبێ گوێدانە واقیعی دەرەوە و زروفە مەوزیعییەکان یان بێگوێدانە ئەوەی داواکارییەکانیان لە ئەرزی واقیع چەندە ئەگەری دەستەبەربوونی هەیە، تەنها خواست و ئارەزوویەکی گەنجانە و سەرکەشانەیە و بەس...! لەپێناو ئەو خواستەیاندا ئامادەی هەموو شتێکن، ئامادەن بچنە شەڕی مەحاڵەوە، تەنانەت مرۆڤیش بکوژن ئەگەر پێویست بکات... ئەمجۆرە بیرکردنەوە سەرەڕۆیانە ناتەبادێنەوە لەگەڵ واقیعی دەرەوە و حەقیقەتی شتەکان. ئەم سەرشێتی و بێدەربەستییە لە هەڵسوکەوت و رەفتار هیچ شتێک نییە تەنها هەڵگری سیفاتەکانی (ئایدی) و ئاڕاستە وەرگرتنە لەژێر تەوژم و خواستەکانی (ئایدی)دا . ئەگەر سەیری هەریەکێک لە (کامەران و مەنسور و خالید) بکەین، ئەم راستییەمان زۆر بە رۆشنی بۆ روون دەبێتەوە، چونکە هیچ کامێکیان لەگەڵ سەوسەن-دا بچووکترین پەیوەندی رۆحی و هیچ پەیوەندییەک و رابووردوویەک و تەنانەت هاوڕێیەتییەکی زۆر نزیکیان لەگەڵیدا نییە، بەڵام چونکە سەوسەن بێئەندازە کچێکی نەشمیل و جوان و دڵگیرە، هەر کەس لە لای خۆیەوە داوا دەکات سەوسەن ببێت بە هاوسەری... بەبێئەوەی بیر

لەوە بکەنەوە ئاخۆ سەوسەن بەم داوایەی ئەوان رازی دەبێت یان نا...؟ یان بەبێئەوەی بزانن ئاخۆ سەوسەن لەگەڵ هیچ کەسێکی تردا پەیوەندی هەیە یان... نا؟ بیر لە هیچ کام لەو ئەگەرانە ناکەنەوە... تەنها ئەوە نەبێت، سەوسەن دەبێت بۆ ئەوان بێت و هیچی تر. لەم پێناوەشدا هەموو شتێک دەکەن ئامادەی هەموو رووبەڕووبونەوەیەکیش دەبن.

ئەوەتا لە سەرەتای رۆمانەکە (کامەرانی سەلما سوێندی خواردبوو گەر قسەکانی لەگەڵ ئەسریندا نەگەنە ئەنجام، بیکوژێت. سووک و سادە بیکوژێت، وەک سەگێک خەڵتانی خوێنی بکات...! لاپەڕە ٥). ئەوە لە کاتێکدا کامەرانی سەلما، کەسێکی چەقۆکێشە و لە شوێنی چەقۆکێشان گەورە بووە . کە ناتوانێت نامەیەکی دڵداریی بنووسێت، لە دوور و نزیکەوە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ سەوسەن-دا نییە، هیچ ژوانێک دەستبازییەک، پیاسەیەک نامەیەک هیچ شتێکی لەگەڵدا نییە، تەنانەت سەوسەن ناوی کامەران سەلمای نەبیستووە...! کەچی ئامادەیە و سوێندی خواردووە گەر لەگەڵ مەنسور ئەسرین نەگات بە ئاکامێک، واتە ئەگەر مەنسور دەست لە سەوسەن هەڵنەگرێت، ئامادەیە بیکوژێت و خەڵتانی خوێنی بکات...! ئەم عەشقە شێتانەیەی کامەران، ئەم بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەی، جگە لە پاڵنەری ئایدی بۆ نەخشاندنی کەسایەتی و هەڵسوکەوتەکانی شتێکی تر ناگەیەنێت. مەنسور ئەسرین-یش، کە لەگەڵ کامەرانی سەلما و مەنگوڕی بابە گەورە دادەنیشێت و داوای لێدەکەن کە دەست لە سەوسەن هەڵبگرێت، (مەنسور تا ئەوکاتە تەنها دووجار لەگەڵ ئەم خانمە قسەی کرد بوو، ئێستا دەیتوانی بڵێ چی...؟ ئەم دووجارەش سەوسەن بە درێژایی کاتەکە باسی ئەوەی بۆ کردبوو کە نابێت ئەوی خۆشبوێت، لەو کچانە بوو کە دەتوانن زۆر قسە لەسەر سیفاتە خراپەکانی خۆیان بکەن... لاپەڕە ١٢) لەگەڵ ئەوەی مەنسور باشدەیزانی کەوا هیچی لەگەڵ سەوسەن-دا نییە، یان دڵنیا بوو لەوەی ئەگەر پاشگەزنەبێتەوە چی روودەدات...؟ یان ژیانی بە چ ئاڕاستەیەکی ترسناک و مەترسیداردا دەڕوات...؟! لەگەڵ ئەمانەش راست و رەوان پێیان دەڵێت: (سەوسەن هیچی لەگەڵ مندا نییە، بەڵام من شتم لەگەڵیدا هەیە... پتر لە دوو مانگە شێتانە عاشقی بووم، بەناوی ئەم خۆشەویستییە قووڵەی لە دڵمدایە منیش داواتان لێدەکەم واز لە سەوسەن بهێنن...! لاپەڕە ١٣)، مەنسور نەک هەر پاشگەزنابێتەوە بەڵکو، لەهەمانکات ئەویش داوا لەوان دەکات کە دەست لە سەوسەن هەڵبگرن...! مەنسور بەوەندەش وازناهێنێت، کەچی روون و ئاشکرا بە کامەرانی سەلما دەڵێت: (ئەگەر کچەکەی گوڵدانچی

شووی بەتۆ کرد، من ئەو شارە جێدەهێڵم و دەڕۆم... هەمان لاپەڕە)، کامەران قسەکان و وەڵامەکانی مەنسور وەک سوکایەتیکردن وەردەگرێت! لێرەدا زنجیرەی ئارامییەکانی دەپچڕێت و سەرشێتانە و کتوپڕ چەقۆکەی دەردەهێنێ دەکێشێ بە کەلەکەی چەپی و خەڵتانی خوێنی دەکات... خۆ ئەگەر مەنگوڕی بابەگەورە دەستی نەگرتبا و چەقۆکەی لێنەسەندبایە لەوانەبوو هەرئەوکاتە هەناسەی لەبەر بڕیبا...! ئەم رەفتارە هەڵەشەییەی کامەران، یان وەڵام و پێداگرییەکانی مەنسور لەسەر عەشقێکی یەک لایەنە و ئامادەیی بۆ چوونە نێو شەڕ و ململانێیەک کە رەنگ بێت بە مەرگ کۆتایی بێت، ئەمانە هەمووی ئەوەمان بۆ روونکەنەوە کەوا رووداوەکان و پێکهاتەی کەسایەتییەکان و رەفتارەکانیان لەژێر پاڵنەری ئایدی ئاراستە وەردەگرن.

خالید ئاموونیش، یەکێکە سەر بە عەشیرەتی ئاموونییەکانە، وەکو وتمان ئەم عەشیرەتە عەشیرەتێکی گەورە و دیار و دەوڵەمەند و خاوەن موڵک و ماڵن، ئاموونییەکانیش بەوە ناسراون زۆرێک لە مەسەلەکانیان بە زەبری پارە و ماڵی دونیا دەبڕێننەوە، بە تایبەت لە مەسەلەی خوازبێنیدا، لەم بارەیەوە رابردوویەکی سەرکەوتوویان هەیە. رەنگە لەپاڵ فاکتەرەکانی تر، ئەمەش فاکتەرێک بێت، کە وای لە خالید ئاموون کرد بێت زۆر بە باوەڕ بەخۆکردنەوە دەستنیشانی شۆخترین کچی ئەم شارەی کرد بێت...! خالید ئاموون خۆشی کەسێکی دەوڵەمەند و پارەدارە، خاوەن کۆگایەکی گەورەیە و جلوبەرگ و ماکیاژ و کەلوپەلی ژنانە دەفرۆشێت... کەسێکی چاولەدەر و مێبازە. (ئێستا چوار مانگە ئیش و کاری بە جۆرێکی بێمانا کەوتۆتە دواوە، لەم چوار مانگەدا سەفەرێکی پایتەختی بۆ هێنانی مۆدیلاتی نوێ نەکردووە...! لاپەڕە ١٦) یان (لەم چوار مانگەدا سەوسەن فیکرەت سێ جار هاتبوو بۆ کۆگاکەی، بەڵام هیچ کات بە تەنیا نەبوو، هیچ کات خۆی شتێکی نەکڕیبوو...! هەمان لاپەڕە) ئەگەر لەم فاکتانەی سەرەوە بڕوانین، بە ئاشکرا ئەوە دەخوێنینەوە کەوا، خالید ئاموونیش هیچ پەیوەندییەک و نزیکایەتییەک و دۆستایەتییەکی لەگەڵ سەوسەندا نییە... کەچی ئەمیش هەر لەلای خۆیەوە شێتانە عەشقی بووە، ئەم عەشقەش هاوسەنگی ژیان و ئیشوکار و هەموو شتێکی لێ تێکداوە...! کاتێک هەواڵی ئەوە دەبیستێ دوو کەس شەڕیان بووە لەسەر سەوسەن، تەنانەت چەقۆشیان وەشاندووە و کەسێکیش برینداره، ئیتر بەم هەواڵە زۆر نیگەران و دڵگران دەبێت، نا لەبەر ئەوەی کەسێک بریندارە و برینەکەشی سەختەو ئێستاش وا لە نەخۆشخانەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کەوا سەوسەن دڵداری

تری هەیە و کەسی وا هەیە چەقۆ لەپێناو عەشقەکەی دەوەشێنێ... ئەم رووداوە زۆر کاری تێکرد، چونکە لەهەوڵی ئەوەدابوو رێگایەک بدۆزێتەوە کە خۆشەویستی و سووتانی خۆی پێشانی سەوسەن بدات، کەچی لەملاوە چی دەبیستێ...؟! دوای سۆراخکردن، سەردانی مەنسور دەکات و لە نزیکەوە زۆر بە وردییەوە لە مەنسور دەڕوانێت... بۆ رۆژی دواییش بەر لەوەی کۆگاکەی بکاتەوە دەچێتە چایخانەی (پەپوولەی ئـازاد) سەرسووڕهێنەرانە سەیری کامەران دەکات لێی ورددەبێتەوە، ئێستا هێندەی تر نیگەران و بێئومێد دەبێت... چونکە باش دەزانێت، ئەوەی کچێکی شۆخ و نەشمیل بەدوایدا دەگەڕێت، لەم دوو عاشقەدا هەیە و لەمدا نییە...! (بەڵام بەر لەوەی کەس هەستی پێبکات دەبایە هەستێت و چایخانەکە بەجێبهێڵێت، بۆ یەکەمجار لەبەردەم ئەم چایخانەیەدا بیری لە کوشتنی کامەرانی سەلما کـردەوە... لاپـەڕە ٤٤) بێگومان روون و ئاشکرایە ئەمجۆرە بیرکردنەوە مەترسیدارانە، بۆ خواست و مەرامێکی تایبەتی خود، کە لە کاریگەریی تەوژم و هێزی شەپۆلەکانی حەزو ئارەزووەکان، یان پاڵنەرێکی دیاریکراوی دەروون، کە ئەویش پاڵنەری (ئایدی)یە، ئەمەش کۆمەکمان دەکات، بەبێ دوو دڵی بتوانین ئەم خوێندنەوەیەی بۆ بکەین... ئێستا ئەوەمان بینی کە هەر یەکێک لە سێ دڵدارەکان، چ لە پێکهاتەی کەسایەتی و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانیان، خاڵێکی هاوبەش هەبوو ئەویش (خۆشلکردن بوو بۆ

**خالید کارەکتەرێکە، لە سیمایدا هەم فریشتە و هەم پیاوکوژ دیارە و هەم ناسک و هەم دڵڕەق، کۆکردنەوەی ئەم دەستەواژە دژانە لە یەک سیمادا، دەکرێت هێما بن بۆ ئیرۆس و ساناتۆس، کە لە پێکهاتەی خالید ئاموون لە بەرامبەر یەک وەستاون.**

پرنسیپەکانی حەزو ئارەزووەکانیان، بێگوێدانە واقیعی دەرەوە و حەقیقەتی شتەکان، یان کۆسپ و ئەگەرەکان و قورسایی باری نائاسایی و نەگونجانی هاوکێشەکان و تەنانەت ئاکامەکانیش...!).

بارێکی تری دەروونــی یان خاڵێکی تر، کە هاوبەشە لە هەرسێک کارەکتەرەکاندا ئەمیش (نەرجسیەتە). بێگومان نەرجسیەت هەروەکو لە کتێبـی (نەرسیسیزم)دا هاتووە... (بە شێوەیەکی گشتی نەرجسیەت ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە بیروهۆشیان هەمیشە لەلای خودی خۆیانە و خۆیان لە سەرووی کەسانی ترەوە دەبینن...!) یان (تیۆدۆر ئای رۆبین) دەڵێت: (کەسی نەرجسی لە دونیای تایبەتی خۆیدا دەژی، پێیوایە هەموو دونیا هی ئەوە...!) دیارە نەرجسیەتیش ئاستی جیاواز و جۆراوجۆری هەیە. ئاستەکانیش بەپێی کەسەکان و باری دەروونیان یان جێگە و ڕێگە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن. هەندێک لە جۆرەکانی نەرجسیەت دەگەنە ئاستی نەخۆشیی و ناڕێکی باری دەروونــی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە جۆری (کەسایەتی دەروون نەخۆش) یان (کەسایەتی گومانکردوو) ئەوانە زیاتر لەو کەسانە دەردەکەون، کە بێئەندازە مەیلی خۆ دەرخستنیان هەیە، بەهەر ڕێگایەک لە هەوڵی ئەوەدا دەبن بە بەرزترین ئاستی خۆ دەرخستن بگەن. ئەمەش زیاتر لە کەسایەتییە دیکتاتۆرییەکان و کەسایەتییەکانی خاوەن دەسەڵات یان کەسە بەناوبانگەکان بەدیدەکرێت، بەڵام ئەمجۆرە نەرجسیەتەی کە ئێمە مەبەستمانە و لە هامانکاتیش لە هەرسێک کارەکتەرەکانیشدا هاوبەشە، جۆری یەکەمی نەرجسیەتە، واتە (ئەدگاری نەرجسیەتی- نێرایەتی) ئەمجۆرەشیان هەر لە کتێبـی نەرسیسیزم بەمشێوەیە باسی دەکات: (هەڵسوکەوتی پیاوێکی خۆبەزلزان، کە تواناکانی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ ورووژاندنی ژنان بۆ کاری زایەندی...!). ئەگەر لە ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان وردبینەوە، دەبینین پاڵنەرێکی تریش، کە ئەویش پاڵنەری زایەندییە لە پشت هاوکێشەکان وەستاوە، بە تایبەت لە خالید ئاموونددا ئەم پاڵنەرە تەوژمێکی بەهێزتری هەیە...! بەڵام لە کامەران و مەنسوردا غەریزە زایەندییەکان زیاتر لە باری چەپێندراوی دان. ئەم پاڵنەرە زایەندییە، باری دەروونیان بەم ئاقارەدا دەبات، کە مەیلی خۆ دەرخستنیان لەلا بەهێز بێت و خۆشیان لەسەرووی خەڵکانی ترەوە ببینن...! ئەمەش کرۆک و ناوەڕۆکی نەرجسیەتە، وادەزانن هەموو دونیا هی ئەوانە و کەسێک لەوان شیاوتر و گونجاوتر نییە، بۆیە شۆخوشەنگترین و ڤینۆسیترین کچی شارەکەیان داوادەکەن، کە ئەویش سەوسەنی گوڵدانچییە...! هەرکەس لە

راستەوخۆی، خۆی بە باشترین کەسێک دادەنێت بۆ بوون بە مێرد و هاوسەری سەوسەن...! ئەم بیرکردنەوەیە خۆی لەژێر تەوژم و پاڵنەری زایەندی ئاراستە وەردەگرێت، ئەویش لەچوارچێوەی پرنسیپەکانی حەز و ئارەزووەکانی خود دایە. ئێمە وتمان دونیا بە هی خۆیان دەزانن، بۆیە هیچ جێگای سەرسوورمان نییە، کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک، هیچ بەربەستێک سەوسەن-یش بە هی خۆیان بزانن، چونکە ئەوان باشترینن، لەسەرووی هەموو کەسانێکیشن...! بۆیە لەژێر تەوژمی ئەم بیرکردنەوەیەدا، کەسانی تر بۆیان نییە داوای سەوسەن بکەن...! ئەگەر کەسانی تر داوای سەوسەن بکەن ئەوا بێ هیچ شک و گومانێک، خەڵتانی خوێن دەکرێن و مەرگ لە چاوەڕوانیاندا دەبێت...! نەک هەر هێندە، بەڵکو لە کامەرانی سەلما شتێکی تریش دەخوێنینەوە، چونکە نەرجسییەتەکەی ئەم تێکەڵاوییەکە لەگەڵ (هیستیریا)دا... لەبەر ئەوەی کامەران رووبەرە چەپێندراوەکەی، دیوارێکی زۆر بەهێز و پتەوە، بەختیار عەلی زۆر رۆشن و سەرکەوتووانە، باری دەروونی کارەکتەرەکانی نێو رۆمانەکەیمان بۆ وێنادەکات، بەتایبەت کەمەرانی سەلما...! ئەوەتا دەربارەی کامەران و تەواوی چەقۆکێشەکانی ترەوە لە دەمی مەنگوڕی بابەگەورەوە پێماندەڵێت: (هەموویان دایکیان ژنی بۆ دەهێنان، چونکە کەسیان غیرەتی ئەوەیان نەبوو، قسە لەگەڵ ژنێکدا بکەن...! لاپەڕە ٤٠). یان (کامۆی سەلما ئەگەرچی ئەزموونێکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەڤین و خۆشەویستیدا نەبوو، بەڵام وەک زۆر لە گەنجە بۆشناخەکانی هاوتەمەنی لەو باوەڕەدابوو هەرکاتێک و هەر خانمێکی بوێت دەتوانێت بیکات بە ئەڤینی خۆی... لاپەڕە ٨). کامەران لەو جۆرە کەسانەیە کە نازانێت نامەیەکی دڵداریی بنووسێت، رۆژێک لە رۆژان غیرەتی ئەوەی نەبووە قسە لەگەڵ ژنێکدا بکات، ئەم حاڵەتی شەرم و تەعبیر لە خۆنەکردنە، وادەکات حەز و غەریزە زایەندییەکانیان لەنێو خۆیاندا بپوکێتەوە، بۆیە لە بچووکترین تووڕەیی تووشی تەقینەوە و هەڵچوونی توند دەبن...! (کامەران بە پێچەوانەی مەنگوڕەوە پێیوابوو کە خالید ئاموون دەبێت تێبگات سەروکاری لەگەڵ خەڵکێکدایە کە دەتوانن دەست بوەشێنن، ئامادە و لەسەر پێن بۆ شەڕ، شتێک لە کامەراندا بوو پتر هانی دەدا بجوڵێت، دەست بوەشێنێت، خۆی دەربخات...! لاپەڕە ٦٣) بێگومان لەمجۆرە کەسانەدا بە ئاشکرا هەڵچوونی هیستریکی دەخوێنینەوە. دیارە لە نێوان (نەرجسییەت و هیستیریا)ش جیاوازی زۆر هەیە. لە هەمانکاتیش لە یەکترییەوە نزیکن... بە پێویستی دەزانم باس لە هەندێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانیان بکەم. بۆ نموونە:

کەسە نەرجسیستەکان هێندە لە ئاستێکی بەرز بەخۆیان دەنازن یان شانازی بە خۆیانەوە دەکەن، بۆیە لە بەرامبەر توندوتیژی و کارە تاوانکارییەکانیان، هەرگیز هەست بە تاوانباری ناکەن، لە هەمانکاتیش پەشیمان نابنەوە، بەڵام کەسە هیستریکەکان، لە بەرامبەر هەڵچوون و توندوتیژیی و تاوانکارییەکانیان، هەرزوو پەشیمان دەبنەوە و ئازارێکی زۆریش بەدەست رەفتارە ناڕەواکانی خۆیان دەبینن...! جیاوازییەکی تر، کەسی نەرجسیستی دەرگای هەست و سۆز و ویژدانی دادەخرێت...! زیاتر بەپێی بیرکردنەوەکانی هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام کەسی هیستریکی، تا ئاستێکی زۆر لەژێر کاریگەرییەکانی هەست و سۆزیدایە، هەمیشە ئازار بە دەست ویژدان و سۆز و ناوەوەی خۆیان دەبینن...! بۆیە دەبینین، کامەرانی سەلما لەپاڵ بارە نەرجسییەتەکەی، باری هیستیریاشی هەیە. هەر بۆیە لەدوای چەقۆوەشاندنەکەی یان بەدوای کارە توندوتیژیی و هەڵەشەییەکانی هەر زوو پەشیماندەبێتەوە...! (کامەرانی سەلما دۆڵانی، هەمیشە دوای ئەوجۆرە پێکدادانە خوێناوییانە پەشیمان و غەمگین دیار بوو، مەنگوڕی بابەگەورە لە حاڵەتی کوڕەکە تێدەگەیشت، پێیگووت: (لەبەر ئەوەی تۆ کەسێکی باشیت وەها غەمگین دەبیت، مرۆڤی باش دوای شەڕ غەمگین دەبن . بەڕەحمەت بێت کاروانی دایی و عولەی مام غەنیش وابوون، دوای چەقۆ وەشاندن هەرچییەک با غەمگین دەبـوون...! لاپەڕە ٣٨) ئەم باری پەشیمانبوونەوەیە و هەستکردن بە غەمگینیە، کە لە کامەرانی سەلما و چەقۆکێشەکانی تردا دەبیندرێن، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە چ کامەرانی سەلما و چ چەقۆکێشەکانی تر، هەموویان لە باری هیسترییایی دا دەژیان. یان دەمانەوێت باسی جۆرێکی تری نەرجسیەت بکەین. ئەویش جۆری نەرجسیەتی (کەسایەتی دەروون نەخۆشە). ئەمجۆرە زیاتر لە کەسە دیکتاتۆرەکان و کەسە بەناوبانگەکاندا دەردەکەوێت. بۆ نموونە سەدام حسێن، کە لە رۆمانەکەدا ناوی هاتووە و کەسێکە نەرجیسیستەکەی لە جۆری (کەسایەتی دەروون نەخۆش)ە. ئەمجۆرە کەسایەتیانە نەرجسییەتەکەیان لە ئاستێکی بەرزدایە، واتە تا ئاستی نەخۆشیی...! ئەوەتا فیکرەت گوڵدانچی ئەوکاتەی لە بەغدا ژیاوە، هێشتا نەگەڕاونەتەوە بۆ کوردستان. گوێی لە خیتابێکی سەدام حسێن دەبێت کە تازە هاتۆتە سەرکار: (کە سەدام حسێن هاتە سەر کار و بۆ یەکەمجار وەک دیکتاتۆرێک لە باڵکۆنێکی بەرزەوە سەرەتای سەرهەڵدانی دونیایەکی نوێی راگەیاند، فیکرەت گوڵدانچی لەناو حەشاماتە شێتەکەدا سەرسامانە وەستابوو سەیری دەکرد، خوێندنەوەکانی گوڵدانچی

لە ژیاننامەی دیکتاتۆرەکاندا پێیدەگووت رۆژگاری زۆر تاریک و دوورو درێژ بەڕێوەیە، لاپەڕە ٢٤) یان (قووڵبوونەوەی لە مێژووی خۆرهەڵات و شەڕی تایفە کۆنەکاندا ئەو هەستەی تیا سەوزکردبوو کە هاتنی دیکتاتۆرێکی تازە کە مەیلێکی ترسناکی بۆ خۆدەرخستن هەیە، بەبێ رووودانی شەڕێکی گەورە تێناپەڕێت...! لاپەڕە ٢٥). لەمبارەیەوە، چ تێبینی و پێشبینییەکانی فیکرەت گوڵدانچی چ ئەوەی ئێمەش بە چاوەکانی خۆمان بینیبوومان، کەوا سەدام حسێن چ مەیلێکی شێتانەی بۆ خۆ دەرخستن هەبوو...؟! لەم راستایەشدا چ رەشترین تاوانی نامرۆڤانەی ئەنجامدەدا؟ بۆ تەنها جارێکیش نە پەشیمان بوو نە غەمگینیش، ئیدی ئەم رووخسار و ئەدگارەش، رووخسارو ئەدگاری کەسایەتییەکی دەروون نەخۆشە...! لەنێو پانتایی رۆمانەکەدا لە زۆر شوێنی تر، ئەم مەیلی خۆ دەرخستن و تاوانکارییە یان لە زۆر کەسایەتی تریش دەبینین، بۆ نموونە سەرکردەی حیزبە کوردییەکانیش گیرۆدەی هەمان باری دەروونین. چ پێش هاتنە سەرحوکم و تەنانەت دوای هاتنە سەر کورسی دەسەڵاتیش، ئەوەتا بەر لە رۆژانی دەسەڵاتیان لە نێو رۆمانەکەدا دەڵێت: (بەڵام خودی دوو حیزبەکە بە مێژوویەکی تاریک و پڕ لە ناکۆکییەوە هاتنە نێو ژیانمانەوە...). دوای گرتنە دەسەڵاتیش لە شەڕێکی ناوخۆدا، رەشترین لاپەڕەکانی مێژوویان بە تاوانەکانیان پڕکردەوە و نا مرۆڤانەترین کارنامەیان بۆ خۆیان تۆمارکرد...! تەنانەت بە پاڵپشتی تانک و زرێپۆشەکانی دوژمن شارەکانیان لە یەکتری دەسەندەوە...!

تا ئێرە توانیومانە چەند نموونە و فاکتێک، لە ناسینی کەسایەتی و هەڵسوکەوت و ناڕێکی باری دەروونی چەند کارەکتەرێک باس بکەین... ئێستاش دەمانەوێت خوێندنەوەیەک بۆ چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس بکەین کە رووبەرێکی ئێجگار فراوانی داگیرکردووە، هەر لەسەرەتای رۆمانەکە تا کۆتاییەکەی لە زۆربەی هاوکێشە و رووداوەکان و تەنانەت لە سیما و پێکهاتەی هەندێک لە کارەکتەرەکانیش دەبیندرێن. ئەم دوو چەمکە بە شێوەیەکی بەرچاو و بەردەوام لەکێشە و ململانێدان، ئەمەش جوانکارییەکی لە رادەبەدەری بەخشیوە و کێرڤی داهێنانی رۆمانەکەی زۆر بەرز راگرتووە. چەمکەکانی (ئیرۆس و ساناتۆس) بە پێی تیۆری فرۆیدی، ئیرۆس بە مانای عەشق و خۆشەویستی دێت، یان بە مانای غەریزەکانی ژیان... ساناتۆس بە مانای غەریزەکانی مردن دێت... مێژووی ئەم دوو چەمکەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەی یۆنانی، کە لەوێدا (ئیرۆس / خودای خۆشەویستییە، کوڕی

ئەفرۆدیتەیە، کە ئەمیش خودای بەزم و ئارەزووە زایەندییەکانە... ساناتۆس / خـودای مردنە کـوڕی (nyx) ە، کە ئەمیش خـودای شـەوە) فرۆید لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی لە بارە نارێکەکانی هەڵسوکەوتەکان یان پەیوەندییە ئازاربەخشەکانی نێوان مرۆڤەکان ئەم دوو چەمکەی بەکارهێناوە. ئەم دوو چەمکەش لە پرۆسە و هاوکێشەکانی بەردەوامبوونی ژیان لە بەرامبەر یەک دەوەستن و لە ململانێی بەردەوام دا دەبن. بۆ ئەم مەبەستە و پێشاندانی چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس لە نێو رۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)، هەوڵدەدەین چەند فاکتێک بهێنینەوە و قسەیان لەسەر بکەین. هەر لەسەرەتای رۆمانەکە، کاتێک هەر سێ عاشقەکە واتە (کامەران و مەنسور و خالید)، سەفەر دەکەن بە کیشوەرە جیاجیاکانی دونیادا، بۆ ئەوەی دونیا ببینن و لە هەمانکاتیش باڵندەی سەیر و ناوازە لەگەڵ خۆیاندا بهێننەوە، شارەکەی ئەمان شارێکە، هەمیشە شەڕی تیایە و بۆنی باروود و خوێنی لێدێت... شارێکە لە ئاکامی شەڕە یەک لە دوا یەکەکان لە جەنگەڵستانێکی تاریک دەچێت... لەم شارەدا هێماکانی مەرگ بە زەقی دەبیندرێن، یان لەوێدا شار هێمایە بۆ مەرگ... لـەدەرەوەی ئەم شارەش دونیایەک هەیە، کە خاوەنی شارستانییەتێکی پێشکەوتووترە، ژیان لەوێدا مانایەکی هەیە، مرۆڤەکان بۆنی ژیانیان لێدێت... دونیا لێرەدا لە بەرامبەر شارەکەی ئەمان بە مانای ژیان دێت. واتە ئیرۆس و ساناتۆس لە هاوکێشەی نێوان شار و دونیادا، لە بەرامبەر یەک وەستاون...! لەلایەکی تر، خودی سەفەرەکە، کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ، موسافیرەکان یان عاشقەکان بە هەموو کیشوەرەکاندا دەگەڕێن، سەفەرەکەش دوو خوێندنەوە لەخۆ دەگرێت یان دوو دیوی هەیە، یەکێکیان/ هێمایە بۆ ژیان، چونکە بەو مەبەستە عاشقەکان دەڕۆن کە دونیا ببینن و لە شەڕ و مردن دووربکەونەوە، لە هەمانکات شارستانیەتێک و دونیایەیەکی جیاواز ببینن، بەمانایەک ئەم دیوەی سەفەرەکەیان روویەکی پۆزەتیفانەی هەیە...، بەڵام دیوێکی تری سەفەرەکە، هێمایە بۆ مەرگ... کاتێک عاشقەکان باڵندەکان دەگرن و دەیانخەنە نێو قەفەزەکانەوە، بە مانایەکی تر، باڵندەکان لە فڕینی ئازادییان بێبەش دەبن و ئازادییان لێ زەوتدەکرێت، ئەمەش روویەکی نێگەتیڤی سەفەرەکەیە. واتە لە سەفەرەکەشدا چەمکی ئیرۆس و ساناتۆس لەبەرامبەر یەک وەستاون. با بگەڕێینەوە بۆ شارەکە و لە شارەکە بڕوانین، بۆنی باروود و خوێنی لێدێت، پێشتر وتمان ئەو شارە هێمایە بۆ مەرگ، بەڵام هەر لەنێو ئەم شارەداماڵێک هەیە کە ماڵی فیکرەت گوڵدانچییە کە باوکی سەوسەنە، ماڵێکە گەورەترین

کتێبخانەی دونیای تیایە، ئەم کتێبخانەیەش هێمایە بۆ مەعریفە و ژیان...! واتە لە هاوکێشەی پێکهاتەی شارەکەشدا، ئیرۆس و ساناتۆس لە بەرامبەر یەک وەستاون و لە ململانێدان. ئەگەر بڕۆین بۆ ماڵەکەی گوڵدانچیش، ماڵێکە بەهۆی کەسی خوێندەوار و هۆشمەند کە خاوەنی بیرکردنەوەی جیاوازن، بە هۆی کتێبخانەیەکی گەورە کە هێمایە بۆ فیکر و مەعریفە، واتە ئەو ماڵە بۆنی ژیانی لێدێت، پڕە لە رەنگە جوانەکانی ژیان... هەر لەوماڵەش، لەنێو ژوورێک لە ژوورەکانی ئەم ماڵە، دۆڵابێک هەیە بە (دۆڵابی یادگارە تاڵەکان) ناوی دەبەن. ئەم دۆڵابە بە رەشەبای مەرگ هەناسە دەدات، هەموو شتە خەمناکەکان و یادەوەریی رۆژگارە تاڵەکانی لەنێوخۆیدا هەڵگرتووە، بۆ نموونە/جلە سەربازییەکانی نەزاری برای سەوسەن کە لە شەڕی عیراق-ئێران دەکوژرێت، خۆڵەمێشی ماڵەکەی ساقی مەحمود کە لە ململانێی نێوان بەرەی عاشقەکان دەسووتێندرێت، جلوبەرگە خوێناوییەکەی کامەران و زۆر شتیتریش...! بە مانایەک ئەم دۆڵابە هێمایە بۆ مەرگ... واتە هەر لەنێو ماڵەکەی گوڵدانچی، چەمکەکانی مەرگ و ژیان یان ئیرۆس و ساناتۆس لە بەرامبەر یەکدیدان... دەربارەی چیرۆکی عەشقەکەش، واتە عەشقی (کامەران و مەنسور و خالید بۆ سەوسەن). لە پێناو ئەم عەشقە و گەیشتن بە ئامانجەکەی، دەبینین هەرسێ بەرەی عاشقەکان دژایەتییەکی بەردەوامی یەکتری دەکەن، سووکایەتی بە یەکتری دەکەن و ناوی یەکتری دەزڕێنن، ماڵ دەسووتێندرێت، تەنانەت مرۆڤ و باڵندەکانیش لەم پێناوەدا دەکوژرێن...! کە ئەمەش رووخسارێکی پەیوەندییە ئازاربەخشەکان و هەڵسووکەوتە ناڕێکەکانی نێوان مرۆڤەکانە، بۆیە ئەم رووە نێگەتیڤە هێمایە بۆ مەرگ، بەڵام لە هەمانکات لەنێو چیرۆکی ئەم عەشقەدا، هەرسێ عاشقەکە یان هەر سێ رکابەرەکە و نوێنەرەکانیان بەیەکەوە و لە یەککاتدا، بۆ داوەتێک بانگەکرێنە ماڵی گوڵدانچی، بەیەکەوە کۆدەبنەوە و نانخەخۆن. هەر لەوێدا ئاشتبوونەوە روودەدات (هەموو هەوڵیاندا ویقار و هێمنی دەربخەن. هەر لەو ساڵۆنەدا دەبایە فیکرەت گوڵدانچی دەستبکاتە ملی کامەرانی سەلما و دەستی بگرێت و داوا بکات تەوقە لەگەڵ مەنسور ئەسریندا بکەن، ئەو ئاشتبوونەوەیە یەکەمین و گرنگترین شتی سەرەتای دانیشتنەکە بوو... لاپەڕە ٩٧).

بەدەر لەوەی عاشقەکان و تەواوی بەرە و تایفەکان، لەدەرەوەی ماڵی گوڵدانچی بە خاتری ئەم عەشقەدا چەندە لە دژایەتی و ململانێ و رکابەریدان لەگەڵ یەکتریدا، بەڵام لە داوەتەکەیان ئاشتبوونەوە روودەدات، واتە لەنێو

چیرۆکی عەشقەکەدا، هەم دژایەتی و ململانێ و رکابەرایەتی هەیەو هەم ئاشتبوونەوەش...! ئەم هاوکێشەیەش خۆدەرخستنی چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس-ە . ئیتر دوای سەفەرێکی هەشت ساڵە، کاتێک عاشقەکان بە خۆیان و باڵندەکانیان دەگەڕێنەوە، بەختیار عەلی لەم گەڕانەوەیاندا، سێ تابلۆی زۆر نایاب و سەرنجڕاکێشمان پێشاندەدات، لە هەمانکاتیش ئەوەمان پێدەڵێت/ سەفەر و گەڕان بە دونیادا یان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و شارستانیەت، مەرج نییە ببێتە هۆی گۆڕانی مرۆڤەکان. ئەوەتا لەسێ دیمەنی جیاواز سێ ئاکامی جیاواز دەبینین. دیمەنی یەکەم/ کامەرانی سەلما بەهۆی سەفەرەکەیەوە تەواو گۆڕاوە لە کەسایەتییەکی چەقۆ وەشێن و شەڕانگێز و تووڕە، بەڵام ئێستا ناتوانێت نەک مرۆڤ تەنانەت باڵندەیەکیش ئازار بدات، خاوەن بیرکردنەوەکی رۆشن و توانای قسەکردن و تەنانەت خوێندەوارییەکەشی چۆتە سەر، کەسێکە دڵی پڕە لە میهر و خۆشەویستی، گەنجێکی شۆخ و جوان و بۆنی ژیان و بۆنی دونیای لێدێت...! دیمەنی دووەم/ مەنسور ئەسرین، ئەمیش تەواو گۆڕاوە، کەسێکە گۆڕانەکان و پێشکەوتنەکان لەگەڵ خۆیاندا بردوویانە، دەیەوێت بگەڕێتەوە و سەفەرەکەی تەواو بکات، لە ئەنجامی گەڕان و بینینی دونیا دەبێتە گەڕیدەیەکی هەتاهەتایی، چیتر ناتوانێت لێرەدا بمێنێتەوە و لەم شارەدا بژی، دەیەوێت بڕوات دونیا بکات بەماڵی خۆی و لە دونیا جێنشین بێت...! لەگەڵ ئەوەی هێشتا هەر سەوسەنی خۆش دەوێت، بەڵام گەڕان بە دونیادا، گۆڕانێکی ریشەیی بەسەردا هێناوە چیتر ناتوانێت، لە شارێکی فەرامۆشکراوی پڕ لە باروت و خوێن جێنشین بێت. لە نامەیەکدا هەموو شتێک بۆ سەوسەن ڕووندەکاتەوە و دەڕواتەوە تێکەڵ بە دونیا دەبێت و وندەبێت... دیمەنی سێیەم/ خالید ئاموونە، ئەمیش نەک هەر نەگۆڕاوە بەڵکو، رق و مەراقی تۆڵەسەندنەوە و تەواوی رقەکانی تری چەند بەرابەر زیادیان کردووە، مرۆڤێکە هەر وەک پێشوو، دڵی پڕاوپڕە لە رق و قین و تۆڵە و نائومێدیی... بۆنی مەرگی لێدێت، ئێستاش هەروەک جاران ئامادەیە رکابەرەکان و عاشقەکانی تر بکوژێت. ئەم دیمەنە سامناکەی خالید هێمایە بۆ مەرگ، دیمەنی گۆڕانەکانی کامەرانی سەلماش هێمایە بۆ ژیـان... واتە ئاکامی ئەو سەفەرە هەشت ساڵییەی عاشقەکان. چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس لە هاوکێشەیەکدا لە بەرامبەر یەکتری دەبیندرێن.

ئەگەر لە پێکهاتەی کەسایەتی هەندێک لە کارەکتەرەکان بڕوانین، دەبینین هەندێکیان لە یەککاتدا هەڵگری سیفاتە پۆزەتیڤەکان و نێگەتیڤەکانن. وەک دوو

دیوی تەواو جیاواز، جیاواز وەک: رەش و سپی، یان باش و خراپ... بە مانای وەک هێماکانی ئیرۆس و ساناتۆس خۆیان دەنوێنن... بۆ نموونە مەنگوری بابەگەورە، کەسێکی چەقۆکێشە، ماڵی خەڵک دەسووتێنێت و گەندەڵیی و راووڕووت دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بۆ مەبەستێکی پیرۆز دەبێتە گەورەترین پشتوپەنای کامەرانی سەلما و هەمیشەش قسەی باش دەکات، بە بەزم و نوکتە و قسە خۆشەکانی سەوسەن و خوێنەرانیش دەهێنێتە پێکەنین. خۆی بەمشێوەیە باسی خۆی دەکات و دەڵێت: (من تێکەڵەییەکم لە شەلاَتی و مەلای دوازدە عیلم، لە بودەڵە و پیاوی ماقووڵ... لاپەڕە ١١)، یان خالید ئاموون، نووسەر بەمشێوەیە باسی کارەکتەری خالید ئاموونمان بۆ دەکات: (بە دیوێکدا لە فریشتەیەکی دەستخەڕۆ و بە دیوێکی دیشدا لە پیاوکوژێک دەچوو، بۆ دەرفەتێک بگەڕێت دەستی خۆی بوەشێنێت، هەرکەس سەیری بکردبایە دەیزانی لە یەککاتدا دەتوانێت هەم ناسک و هەم دڵڕەقیش بێت... لاپەڕە ٢٩)، خالید کارەکتەرێکە، لە سیمایدا هەم فریشتە و هەم پیاوکوژ دیارە و هەم ناسک و هەم دڵڕەق، کۆکردنەوەی ئەم دەستەواژە دژانە لە یەک سیمادا، دەکرێت هێما بن بۆ ئیرۆس و ساناتۆس، کە لە پێکهاتەی خالید ئاموون لە بەرامبەر یەک وەستاون. هەروەها سەوسەن گوڵدانچی، لەگەڵ هەموو هۆشمەندی و جوانی و مرۆڤبوونی، زۆرجاران شەڕانگێز دەردەکەوێت، شەڕ بە پرۆشەی خوشکی دەفرۆشێت و بێزاری دەکات، یان کەسێکی کەمدووە،



واتە زۆر قسان لەگەڵ خەڵکانی دەوروبەری ناکات یان لە پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا زیاتر کەسایەتییەکی لاتەریک و دوورەپەرێز خۆی دەنوێنێت، هەرچەندە هەموو سیفاتەکانی سەوسەن بە سلبی و ئیجابییەکانەوە لە جوانییەکانی زیاد کردوون. عاشقەکان و خەڵکانی دەوروبەری بە هەموو سیفاتەکان و جوڵانەوەکان و

ئەدگار و بیرکردنەوەکانی سەرسامن...، بەڵام لەوانەیە هەندێک لە سیفاتەکانی سەوسەن ئەگەر لە کەسی ئاساییدا هەبن رەنگە کاربکەنە سەر کەسایەتی و یان لە جوانییەکانیشیان کەمبکەنەوە...!

ئاریان جەودەت کەسایەتییەکی هونەرمەند و نیگارکێشە... کەسێکی بە توانا و هەست ناسکە، بەڵام کاتێک دێتە ماڵەکەی سەوسەن بۆ ئەوەی هەندێک نیگاری لەسەر دیواری ژوورەکەی بۆ بکێشێت، هەر لە سەرەتاوە سەوسەن پێی دەڵێت: (بە یەک مەرج رێگات پێدەدەم بێیتە ئەم ماڵە، سوێندم بۆ بخۆیت کە حەزم لێناکەیت، بیر لەوە ناکەیتەوە خۆشت بوێم... لاپەڕە ١٢٣)، لەگەڵ ئەوەی ئاریان ئەم سوێندە دەخوا، بەڵام سەوسەن بەوەندە وازی لێناهێنێت، لەسەر کاغەزێک بە نووسین پەیمانێکی پێ مۆردەکات ((سەوسەن ناوی نابوو (پەیمانی حەزنەکردن) شتێک بوو بە پێچەوانەی (پەیمانی خۆشەویستییەوە)...، لاپەڕە ١٢٤))، هەرچەندە ئاریان سوێندی خواردبوو پەیمانەکەشی مۆرکردبوو، بەڵام لە ناخی ناخەوەی لەو رۆژەوەی پێی نابووە ماڵی سەوسەنەوە، هەر نیگاری بۆ دەکێشا و لە قووڵایی ناخیشییەوە خۆشی دەویست و بۆی دەسووتا، کەچی هەم سوێندەکەی و هەم پەیمانەکەی خۆی بە جێگەیاند، بۆ تەنها جارێکیش ئەم هەستەی خۆی بۆ دەرنەبڕی...! دەکرێت لەم دیمەنەشدا، خۆشەویستی و سووتانە پەنهانەکەی ئاریان بە ئیرۆس و پەیمانی حەزنەکردنەکەش بە ساناتۆس بخوێنینەوە.

سەوسەن گوڵدانچی سەردەمانێک شەودرەنگان، لە تەلەفزیۆنەوە سەیری ئەو بەرنامانەی دەکرد، کە مەیدانەکانی جەنگ و لاشەی مردووەکان و ئافات و کاولکارییەکانی جەنگی پێشاندەدات... لە راپەڕینیش لەگەڵ خەڵکانی راپەڕیو بەشداریکرد، بەڵام ئەو هەر سەیری دەکرد و بۆنی دەکرد... بۆنی باروووت بوو بۆنی مردووەکانی دەکرد، لە بینا سووتاوەکەی ئاسایش تا درەنگی شەو لەپاڵ لاشەی مردووەکان دەمێنێتەوە و لەوێدا بۆنی حەقیقەتی مردن دەکات. سەوسەن کەسێکی هۆشمەندە و لەنێو بیرکردنەوەکانی پەیامی دونیایەکی تر هەست پێدەکرێت. ئەو چ لە رێگەی خوێندنەوەکانی بۆ کیشوەرەکان و شوێنەکانی تری دونیا، چ لە رێگەی مەعریفە و زانیارییەکانی لەسەر هەموو باڵندەکانی دونیا یان لە رێگەی گەورەبوونی لەنێو کتێبخانەیەکی گەورەدا، ئەمانە هەمووی ئەوەمان پێدەڵێن، کە ئەم بەدوای حەقیقەتی ژیاندا دەگەڕا... بۆیە سەیری بەرنامەکانی جەنگ و لاشەکانی دەکرد، یان بۆنی مردووەکانی دەکرد، بەمانایەک ئەو لەنێو مردندا بەدوای ژیاندا دەگەڕا...! لێرەشدا

هەردوو چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس لەنێو یەک هاوکێشەوە، لە پشتی سەیرکردنەکان و بۆنکردنەکان دەبیندرێن.

کە عاشقەکان لە سەفەرەکەیان دەگەڕێنەوە و باڵندەکان بۆ سەوسەن دەهێننەوە، وتمان کامەران گۆڕانی تەواوی بەسەردا هاتبوو و ئێستا وەکو گەڕیدەیەک بۆنی ژیان و دونیای لێدێت، مەنسور دەڕواتــەوە و تێکەڵ بە دونیا دەبێت، خالید هیچ نەگۆڕاوە وەکو جاران بۆنی مەرگی لێدێت... مەعلومە سەوسەن کامەران هەڵدەبژێرێت و شوو بەم دەکات. (سەوسەن سوور بوو لەسەر ئەوەی کە شەوی یەکەمی زەماوەند و پێکەوە خەوتنیان لە ژوورەکەی خۆی لە قاتی سەرەوە لەبەردەم باڵندەکان بێت... لاپەڕە ٢٥٢)، (سەوسەن مەبەستی ئەوەبوو لەهەمان ئەو جێگایەدا، کە باڵندەکان تێیدا دەیانخوێند و دەژیــان ئا لەوێدا دەستبەرداری کچێنی خۆی بێت... ! لاپــەڕە ٢٥٤) ئێوارەیەک لە ئێوارەیەکی زستان، کامەران دەچێتە ماڵی سەوسەن گوڵدانچی تا هەفتەیەک نایەتە دەرەوە، یەکەم شەوی رووتبوونەوە و ئاوێزانبوونیان لەبەردەم باڵندەکان دەبێت...! هەر لەم ئێوارەیەدا باڵندەکان بە جریوەتر و خۆشحاڵانەتر دەخوێنن. (کە بۆ یەکەم جار سەوسەن و کامەران لەگەڵ یەکدا رووتبوونەوە خرۆشی باڵندەکان بە شێوەیەک بەرزبوو، هەرکەس لە نزیک ماڵی گوڵدانچییەوە بڕۆیشتبایە وایدەزانی هەموو تەیری جەنگەڵەکانی سەر زەوی رژاونەتە ئەو حەوشە و ژوورانەوە... لاپەڕە ٢٥٤) سەوسەن بێئەندازە دڵخۆش و بەختەوەرە، هەموو جەستەی کامەران بۆن دەکات، کامەران بۆنی گژوگیا و باخ و بێستانی هەموو کیشوەرەکانی دونیای لێدێت. گەڕیدەیەکە بۆنی هەموو دونیای هێناوەتە نێو ئەو ماڵە. ئەمەش خەونێکی منداڵیی سەوسەن بوو، شوو بە کەسێکی گەڕیدە بکات کە لەسەر سینە و جەستەی بۆنی هەموو دونیای لێبێت...! رووتبوونەوە و ئاوێزانبوونی ئەم دوو عاشقە و دڵخۆشبوون و ئاسوودەیی بێ سنووریان (ئاوێزانبوون و کردارە سێکسییەکەیان رەنگە کۆرپە و نەوەی نوێی لێبکەوێتەوە...!)، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هێمایە بۆ ئیرۆس، بەڵام بە دیوێکی تر، رووتبوونەوە و ئاوێزانبوونەکەیانن لەبەردەم باڵندەکانی نێو قەفەز دایە، ئەو باڵندانەی لە فڕین و لە حەقیقەتی ئاسمان و شوێنەواری خۆیان مەحرووم بوون و گوازراونەتەوە نێو قەفەز یان لەنێو قەفەز بەندکراون، ئەمەش هێمایە بۆ ساناتۆس...! لە هەمانکات لەنێو قەفەزی باڵندەکانیش، چەمکەکانی ئیرۆس و ساناتۆس لە بەرامبەر یەک دەبیندرێن، بەمانایەک: لەگەڵ ئەوەی باڵندەکان ئازادییان لێ سەندراوەتەوە

و لەنێو قەفەزدان، بەڵام دڵخۆشانەتر و بە ویقارتر لە رۆژانیتر دەخوێنن...! هێندە دڵخۆشن هەر رێبوارێک بە نزیک ئەم ماڵەدا رەت ببێت لە دوورەوە گوێی لە جریوە و خوێندنی باڵندەکان دەبێت. ئەم دڵخۆشی و بەختەوەرییەی باڵندەکان و لە هەمانکات نەبوونی ئازادیی و بەندبوونیان لە نێو قەفەزدا، ئەمەش هاوکێشەیەکە کە چەمکەکانی مەرگ و ژیان یان ئیرۆس و ساناتۆسی لە خۆگرتووە... رووتبوونەوە و ئاوێزانبوونی عاشق و مەعشوقەکە لەبەردەم باڵندەکان، ئەم تابلۆیە هێندە رۆمانسی و ناسک و ئیرۆتیکیە، لە هەمانکاتیش ماناکەی هێندە فراوان و قووڵە، ئەگەرتابلۆیەکی نیگارکێشی لێ وەبەرهەم هاتبا، باوەڕموایە دەبوو بە یەکێک لەو تابلۆ جیهانیانەی کە تا ماوەیەکی درێژخایەن هەر باسی دەکرا و لەسەری دەنووسرا.

لە دوای راپەڕین، کە حیزبە کوردییەکان دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن، ئاموونییەکان دەچنە نێو پارتی و بەرەی چەقۆکێشەکانیش دەچنە نێو یەکێتی... دواتر شەڕی نێوخۆ هەڵدەگیرسێت. هێزی پارتی بە ئاموونییەکانیشەوە لە شار دەکرێنە دەرەوە، قەڵەندەر ئاموونی نوێنەری خالید، لەم شەڕەدا بە دەستی برادەرەکانی مەنگوڕی بابە گەورە دەکوژرێت... کاتێک خالید ئاموون لە سەفەرەکەی دەگەڕێتەوە، تەنها یەک ئاموونی لە شارەکە نەماون...! هەموو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی جێنشین بوون... خالید ئاموون بۆ حەوانەوە لادەداتە ئوتێلی (باوەجان). دوای شەودرەنگان، لە بەرەبەیانێکی زوودا، دەستێکی نادیار تەقە لە باڵندەکان دەکات. دواتر کە هێزی پارتی دەگەڕێتەوە نێو شار ئەمجارەیان یەکێتییەکان شار بەجێدەهێڵن...! ئاموونییەکان بە رقێکی ئەستوورەوە بۆ تۆڵە سەندنەوە دێنەوە ناوشار... رقەکەشیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، لەلایەک قەڵەندەر ئاموونیان لێکوژراوە، تەقە لە باڵندەکانی خالید کراوە، سەوسەن خانیش شووی بە کامەرانی سەلما کردووە...! لەم سێ رووداوەدا هەستیان بە شەرمەزاری دەکرد و پێیان وابوو، هەیبەت و سەروەری و کەرامەتیان وەک عەشیرەتی ئاموونی ژێرپێ خراوە و لەکەدار بووە. لیستێک ناویان لەگەڵ خۆیان هێنابوو... بەهەر نرخێک بووایە، دەبوو تۆڵەی ئەم تێکشکانەی خۆیان بکەنەوە...! کە گەیشتنەوە نێوشار دوای پشوویەکی کورت، ماڵ بە ماڵ بە دوای ئەوکەسانەدا گەڕان کە ناویان لە لیستەکەدا هەبوو، بەڵام جگە لە کامەرانی سەلما هیچ کامێک لەوانەی ئەمان بەدوایدا دەگەڕان دەستیان نەکەوت، هەرچەندە کامەران بە خاتری مەنگوڕی بابە گەورە شار بەجێدەهێڵێت، بەڵام دواتر خۆی لە مەنگوڕ دەشارێتەوەو

بە دژی ئەم دەگەڕێتەوە، بە هەمان جلی کوردییەوە دەچێتەوە نێو جێگا، لەپاڵ سەوسەن رادەکشێتەوە، چونکە سوێندی بۆ سەوسەن خواردبوو کە بەشداری هیچ شەڕێک نەکات. ئاموونییەکان کامەران لەگەڵ خۆیان دەبەن، نە گوێ لە سەوسەن رادەگرن نە لە هاتوهاوارەکانی فیکرەت گوڵدانچی... دەیبەن و بەرەبەیانی ئەمڕۆژە گوللەیەک بەسینگییەوە دەنێن و دەیکوژن... هەرچەندە ئەوەش باشدەزانن کە کامەران هیچ دەستێکی لەم رووداوانە نەبوو کە دژ بەوان کرابوون، بەڵام رقی تۆڵەسەندنەوەیان گەلێک لەوە ئەستوورتر بوو کە گوێ لە هاوکێشەکان و لێکدانەوەکانی مەنتیق رابگرن...! کامەران وەک باڵندەی سینە زامدار وابوو، ئەو باڵندە سینەزامدارەی دوای گەڕانەوەی لە سەفەرەکەی، وەکو جوانترین دیاریی خۆی پێشکەشی سەوسەنی کردبوو...! ئێستا خۆی بۆتە عاشقێکی سینە زامدار...! چ رێکەوتێکی خەمناک و پڕ جوانکارییەکانی هونەرییە ئەم دیمەنە...؟! دوای مردنی کامەران، سەوسەن پەیوەندیی بە حەقیقەتی شارەکەوە نامێنێت، چونکە بۆ سەوسەن کامەران و عەشقەکەی مانایەکی فراوانتریان هەبوو، کامەران گەڕیدەیەک بوو بۆنی دونیای لێدەهات. ئەم شارە بە نەمانی ئەم گەڕیدەیە، بە نەمانی ئەم عاشقە، ئیدی خەسڵەتە مرۆڤبوونەکەی بە یەکجاری لەدەست دەدات. جگە لە مەرگ مانایەکی تری بۆ نامێنێتەوە، چونکە مێژوو و ناسنامەی ئەم شارە هەر شەڕە و هەر شەڕە و هەر شەڕ...! لە وێنەیەکدا: قوربانییەکان و جەللادەکان تێکەڵاوی یەکتری دەبن. لەم شارەدا عەشق دەمرێت، ژیان دەمرێت...! وردە وردە باڵندەکانیش دەمرن، باڵندەکان پردێک بوون لە نێوان سەوسەن و دونیادا. (فیکرەت گوڵدانچی دەیزانی لەگەڵ مردنی دوا باڵندە، پەیوەندیی سەوسەن بە جیهانی گەورەوە بەو دونیا بەرینەوە کە لە منداڵییەوە عاشقێتی، دەپچڕێت... لاپەڕە ٣٠١) یان (لەگەڵ مردنی دوا باڵندە شار ناخۆشتر و تاریک تر و دوورتر لە جاران دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستمان دەکرد جۆرە پردێکی لە نێوان ئێمە و جیهاندا دروستکردووە کە ئاسان نارۆخێت... هەمان لاپەڕە)، هوزار کورە خوشکی سەوسەنە، واتە: (کوڕی پرۆشە و دکتۆر رەفعەت رەمزیە)، بەڵام هوزار منداڵێکە، لەگەڵ گەورەبوونی پتر لە دونیای پورە غەمگینەکەی نووقم دەبوو، شەوێکیان هوزار بە پوری وت: (پورە سەوسەن لەگەڵ مردنی دوا تەیردا، من لەو شارەدا دەڕۆم و بە دونیادا دەگەڕێم، باڵندەی ترت بۆ دەهێنم، سەوسەن بە هێمنی دەستی خستە سەر دەمی و گووتی: (کە باڵندەکان هەموو مردن تۆ دەڕۆیت تێگەیشتیت...؟ لاپەڕە ٢٩٩)، سەوسەن بەهۆی مردنی کامەران

پەیوەندیی بە شارەکەی خۆی پچڕا بوو، واتە ئەو عەشقەی سەوسەن تاکە هۆکارێک بوو بۆ مانەوەی لەم شارەدا، بە مردنی باڵندەکانیش هێدی هێدی پەیوەندی بە دونیا کەمتر دەبووەوە. لەگەڵ مردنی دوا باڵندەش، سەوسەن بە تەواوەتی پەیوەندیی بە دونیای دەرەوە دەپچڕێت...! بە مردنی عەشق و مردنی باڵندەکان، ژیانیش لەم شارەدا دەمرێت. لێرەدا لەنێو هاوکێشەی ئەم شارە، ئیرۆس و ساناتۆس هاوسەنگییەکەی خۆیان لە دەست دەدەن، لە نێو هاوکێشەی ئەم شارەدا، ئیرۆس لە نێو ساناتۆس دەتوێتەوە، واتە ژیان لەنێو مەرگدا وندەبێت...! هاوکێشەی ئەم شارە بەم خواروخێچی و بەم لاسەنگییەوە، لەگەڵ حەقیقەتی ژیان و گەشە و پەرەسەندندا نایەتەوە...! بۆ هاوسەنگ راگرتنەوە و بەردەوامبوونی ژیان، وا پێویست دەکات ئەڵتەرناتیفێک کە هێما بێت بۆ ئیرۆس و بۆ ژیان، لێرەدا هوزار کە هەر لە منداڵییەوە زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ سەوسەن و لە ئامێزی ئەمدا بەسەربردووە، لەگەڵ گەورەبوونیشی لە دونیای پورە غەمگینەکەی نووقم دەبوو، ئێستا هوزار کۆپییەکە لە سەوسەن، پڕاوپڕە لە مەعریفە، باڵندەکان لە ئاسمان دەناسێتەوە، دەربارەی، سنوورەکان و کیشوەرەکان و دەریاچەکان... هەموو شتێک دەزانێت...! هوزار لەم تەمەنە مێردمنداڵییەی یان لاوێتییەی، دەبێتە کەسایەتییەکی گەڕیدەیی، بەمانای هێماکانی گەردووونناسێک یان دونیا ناسێکی لێ رەنگدەداتەوە...! وەک چۆن باڵندەکان هێمابوون بۆ دونیا، یان پردێک بوون لە نێوان سەوسەن و دونیا. ئێستا هوزار لەگەڵ مردنی دوا باڵندە دەڕوات و سەفەر دەکات... ئەویش ماڵی خۆی دەگوازێتەوە نێو دونیا...! سەفەر دەکات و شوێن باڵندەکان دەگرێتەوە... لە هەر جێگایەکی ئەم دونیایە بێت دەبێت نامە بنێرێتەوە... دووبارە پەیوەندیی ئەم شارە یان پەیوەندیی سەوسەن بە دونیاوە دادەمەزرێتەوە... لێرەدا هوزار هێمایە بۆ دونیا، هێمایە بۆ ژیان و ئایندەیەکی تر...! بە ئۆتۆمبیلێک تا سەرسنووری ئێران دەیبەن، لەوێوە پێویستی بە کەس و بە هیچ یارمەتییەک نییە، خۆی رێگاکان و سنوورەکان و وڵاتەکان و کیشوەرەکان... دەناسێت. هەروەک وتمان، هوزار بوونێکی گەردووونناسە، نووسەر زۆر سەرکەوتووانە کۆتایی بە رۆمانەکەی دەهێنێت. تروسکە و ئاسۆی دونیایەکی پرشنگدارمان پێشاندەدات... راستە باڵندەکان دەمرن و مۆمیا دەکرێن، بەڵام نووسەر باڵی هەموو باڵندەکانی بە هوزار بەخشیوە...! هوزار دەبێت بە باڵدار و گەڕیدەیەکی ئەوتۆ کە تەنها تا سەرسنوور پێویستی بە یارمەتییە، واتە شوێن هەموو باڵندەکان دەگرێتەوە...! لێرەدا رۆیشتنی هوزار و دروستبوونەوەی پەیوەندیی

ئەم شارە بە دونیاوە، هاوکێشەکە جارێکی تر هاوسەنگییەکەی خۆی وەردەگرێتەوە...! چونکە هوزار هێمایە بۆ ئیرۆس و ژیان. دیسان و جارێکی تر ئیرۆس و ساناتۆس لەیەک هاوکێشە لەنێو ژیان و بوونی ئەم شارەدا لە بەرامبەر یەک دەوەستنەوە. دوای ئەوەی هاوکێشەی ژیان هاوسەنگی خۆی وەردەگرێتەوە، سەوسەن پێویستی بە ئارامی و حەوانەوە و پشوودانە، چونکە هوزار مژدەی ژیانێکی تر و ئایندەیەکی ترە، ئێستا وا کیشوەر بە کیشوەر تێکەڵ بە دونیا دەبێت و وەکو باڵندەکان باڵی گرتووە و بە ئاسمانی دونیادا دەفڕێت. لەژێر سابات و کەپرەکانی ئەم دونیایە نوێیە، سەوسەن و تەواوی مرۆڤەکانی دی پێویستیان بە ئارامی و حەوانەوە و پشوودانە. ((ئاریان بە جۆرێک لەناو رەنگ و نیگارکردندا نوقمبوو وەک شێت دەردەکەوت. سەوسەن بە هێمنی دەستی خستە سەرشانی و گووتی (ئاریان کاتی ئەوە هاتووە پشوو بدەیت، کاتی ئەوە هاتووە هەمووومان پشوو بدەین تۆش دەبێت پشوو بدەیت، ئاە چەندە تۆم مانوو کرد لەگەڵ خۆمدا)... لاپەڕە ٣٠٣).

(دوای ئەوە سەوسەن لە سەعات شەش و نیوی بەیانی دەچێتە بەر ئاوێنە، ماوەیەک بەبێدەنگی قژی خۆی دادەهێنێ. دواتر سەرێک لە فیکرەت گوڵدانچی و ساقی مەحمود و مەنگوڕی بابە گەورە دەدات، هەرسێکیان لە خەوێکی قووڵدابوون. سەری لە هەموو باڵندە مۆمیاکاندا، هەندێکیانی بە هێمنی ماچکرد، بۆنی بە هەندێکیانەوە کرد، سەرکەوتەوە بۆ ژووری خەوتنەکەیدا، دۆڵابی جلەکانی خۆی کردەوە سێ نامەی زۆر دێرینی دەرهێنا. نامەکان نوێ دیار بوون، ئەو نامانە کە پتر بیستساڵ لەمەوبەر رازیبوونی داواکارەکانی بۆ سەوسەن گواستەوە. نامەکان بۆن دەکات، یەکەمجار بوو هەست بکات کە کاغەزەکان بۆنێکی تایبەتیان لێدێت. بۆنی تێپەڕبوونی ژیان و بەباچوونی زەمان... ئینجا دەچێتە خوارەوە بۆ ئەو ژوورە تایبەتەی کە دۆڵابی یادگارە تاڵەکانی تێدایە. دۆڵابەکەی کردەوە نامەکانی خستە ناوی، هەندێک لە کتێب و دەفتەرەکانی هۆزاریشی هێنا ئەوانیشی خستە ناو دۆڵابەکەوە. لەویادا کەمێک وەستا دەستی لە جلەکۆنەکانی نەزاری برای دا، دەستی لە جلە خوێناوییەکانی کامەران دا و جارێکی تر بۆنی کردەوە، ئەو شووشە خۆڵەمێشەی هەڵگرت کە پاشماوەی ماڵی ساقی مەحمود بوو... دواجار وەک ئەوەی بۆنی زەمانێکی دوور لە سینەی خۆیدا هەڵگرێت، بۆنی بە هەموو شتەکانەوە کرد و بە حەسرەتێکی نادیارەوە دەرگای دۆڵابەکەی داخست و سەرکەوتە سەرەوە لە ژووری خەوتنەکەی خۆیدا پاڵکەوت و ئەلبوومی هەر سێ دڵدارەکەی

دەرهێنا، پەردەی هەموو پەنجەرەکانی دادایەوە. کۆتری سینە زامداری خستە سەر سینگی خۆی، سێ ئەلبوومەکەی خستە سەر سینگی خۆی و بە ئارامی پاڵکەوت، دوای کەمێک گوێی لە دەنگی کۆترەکە دەبێت لە تاریکیدا بە زیندوویی دەیبینێت. هەموو باڵندە مۆمیاکانیش زیندوو دەبنەوە و دەفڕن، بینی تەمێکی دەمە و بەیانی چڕ، بەڵام فێنک ئابڵۆقەی دەدات، بەبێ دوودڵی بۆ نێو تەمەکە دەڕوات. تەمێک تا بەناویدا ڕۆدەچوو ڕۆشنتر و ڕۆشنتر دەبوویەوە. بێئەوەی بترسێت دوای بۆنی ئەو باڵندانە کەوت کە پێشی دەکەوتن... هەستیدەکرد جیهان، هەموو جیهان بەرەو ناخی خۆی داوەتی دەکات هەستیدەکرد جیهان، هەموو جیهان دەرگای خۆی یەک یەک بۆ دەکاتەوە... ئیدی بە خێراییەکی ئەوتۆ دەڕۆیشت پێشتر بە خۆیەوە نەبینیبوو. رایدەکرد و رایدەکرد. تا زیاتریش رایدەکرد کۆشکی غەمگینی باڵندەکان لەودیو تەمەوە کەمتر و کەمتر دەردەکەوت، تا زیاتر رایدەکرد، زیاتر دڵنیا دەبوو کە ئیتر ناتوانێت جارێکی دی هەرگیز بگەڕێتەوە...! لاپەڕەکانی کۆتایی).

ئەم دیماهیە سەرنجڕاکێشە دەرگایە بەڕووی دونیایەکی سپی سپی، دونیایەکی گەش و روون، وەک تەمە سپییەکان، ناسک وەک باڵندەکان. تێپەڕاندنی ژیانی پڕ مەرگەسات و پڕ ئافات و دواکەوتوویی، رۆیشتن و نەگەڕانەوە بۆی، ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی ئیجابیە بەرە و دونیایەک و ژیانێکی باشتر. ئەم گۆڕانە کرۆک و ناوەرۆکی ئەم رۆمانە پێکدەهێنێت، (بەختیار عەلی) لە دیماهی ئەم رۆمانەدا، وێنەیەکی جوانی پڕ لە ئیستاتیکا و پڕ لە بەها مرۆییەکانمان پیێشان دەدات. ئەم گۆڕانەش لە رێگەی فیکر و مەعریفەوە دێتە دی. بەختیار هەروەکو لە نووسینەکانی تریشدا، رقێکی ئەستووری بەرامبەر حیزب و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیادا هەیە. ئەم رقەی بەرامبەر سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا لەم رۆمانەدا بە رۆشنی دەردەکەوێت. لە پشت سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاوە (تارماییەکانی شەڕ و مەرگ دەبیندرێن . عەشق دەکوژرێت، کتێب و فیکر و مەعریفە بۆ پاروە نانێک هەڕاجدەکرێن...!) لە رووبەرێکی فراوان و بەتایبەت لە دیماهی رۆمانەکە: لە هاوکێشەیەک (سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا – لەگەڵ فیکر و مەعریفەدا) لە ململانێ دا دەبن. سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا، رۆڵێکی شەڕانگێزی و وێرانکاری و ناشیرین دەگێڕن. واتە هەڵگری هێما و کۆدە نێگەتیڤەکانن... فیکر و مەعریفەش، رۆڵێکی درەوشاوە و مرۆڤدۆستی، هەڵگری هێما و کۆدە پۆزەتیڤەکان و بەها مرۆییەکانن...! (ئەم رۆمانە بە روئیا و جیهانبینییەکی مۆدێرنیستانە نووسراوە. دەکرێت لەنێو قوتابخانەی مۆدێرنیزم

دەلاقەیەک بۆخۆی داگیربکات).

بەختیار عەلی، ئەم ڕۆمانەی بە زمانێکی تەواو جیاواز نووسیوە. تەنانەت تەکنیکی گێڕانەوەکەشی جیاوازە. کەمتر بەنێو خەیاڵ و فەنتازدا نوقمبووە. واتە (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) بە زمانی ڕۆمان نووسراوە نەک زمانی شیعر. چونکە (بەختیار عەلی) لە ڕۆمانەکانی تردا، (زیاتر زمانێکی لوولدراو بە خەیاڵ و فەنتازیا، واتە زمانی شیعر، بە مانای لە ڕۆمانەکانی تری لەژێر کاریگەریی زمانی شیعردا بووە. نووسەر لەم ڕۆمانەدا سادەتر دەدوێت، دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت) دەکرێت بە زمانی سادەش داهێنان بکەین، ئەوەی کە ناکۆتا سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت ئەوەیە: بە زمانی کارەکتارەکان دەدوێت. واتە کارەکتەرەکان خۆیان قسە دەکەن نەک بەختیار...، چونکە لە ڕۆمانەکانی تری بەختیار خۆی قسە دەکات، واتە زمانی دەق زمانی نووسەرە نەک کارەکتەرەکان... ! لە ڕۆمانەکانی تری، لەنێو پانتایی زمان و خەیاڵ و فەنتازیادا زۆرتر چڕ بۆتەوە، لێرەشدا توانای بەختیار لەوەدایە کە توانیویەتی بە دوو زمانی تەواو جیاواز بنووسێت...و داهێنانەکانیشی لەهەمان ئاستی بەرزدابن. زۆر گرنگە لە ڕۆماندا: نووسەر دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکانمان وەک خۆی بۆ بکێشێت و کارەکتەرەکانمان بۆ بهێنێتە قسە... بە مانای کارەکتەرەکان وەک خۆیان دەربکەون بەبێ هیچ ڕتووشێک و موبالەغەیەک... ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، وابزانم لە پێشەکی کتێبی (فرمێسکەکانی کوکوختی) (شێرزاد حەسەن) دەڵێت: (لە شوێنەواری سلبی کارەکتەری سلبی لە دایک دەبێت)، ڕێک حەقیقەتی ئەم گوتەیەی شێرزاد لەنێو ڕۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان دەخوێنینەوە. چ کەسایەتی و چ زمانێکی تەواو جیاواز لەنێوان (مەنگوڕی بابە گەورەو فەوزی بەگ و یان دکتۆر ڕەفعەت، یان سەوسەن و فیکرەت گوڵدانچی) بە ڕۆشنی دەبیندرێن. ئەمەش پەیوەندیی بە باکگراوند و شوێنەوار و شێوەی ژیانیانەوە هەیە. بۆیە: پێکهاتەی کەسایەتی و باری دەروون و تەنانەت زمان و شێوەی قسەکردنیشیان جیاوازە. بە ڕەسمکردنی حەقیقەتی کارەکتەرەکان وەک خۆیان هەم لەزەتی بیۆینەی بە خوێنەر بەخشیوە و هەم ئاستی داهێنانیش لەم ڕۆمانەدا زیاتر چۆتە سەر. مەبەستمە ئەوە بڵێم هەرچەندە بەختیار عەلی ئەم ڕۆمانەی بە زمانێکی شەفافتر و سادەتر نووسیوە، بەڵام ئاستی داهێنان بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکانی تری گەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە.

لەگەڵ ئەم ئاستە بەرزەی کە ڕۆمانەکەمان تیا نرخاندووە، دەبینین هەندێک

تێبینی ورد بەرچاوی خوێنەران دەکەون. دیارە باوەڕمان بەوە هەیە، کە هەر دەق و کتێبێک، لە ئاستێکی زۆر بەرزی داهێنانیشدا بن، بەڵام ناچنە دەرەوەی رەخنە و تێبینی و وردەکارییەکانی رەخنەوە. لەم رۆمانەشدا لە چەند شوێنێک چەند تێبینییەکی ورد بەرچاو دەکەون. دەبووایە بەختیار وردتر مامەڵەی لەگەڵدا کردبان . بۆ نموونە:

چەقۆکێشەکان تایفەیەک یان بەرەیەک یان کۆمەڵە کەسانێکی دیارن لەنێو رۆمانەکەدا، تەنانەت کامەران و مەنگووڕی بابەگەورە هەردووکیان دووکەسایەتی چەقۆکێش و دوو کەسایەتی سەرەکی نێو رۆمانەکەن. زۆر باس لە چەقۆ دەکرێت، لەلای ئەم کۆمەڵە کەسە چەقۆ رەمزی ئازایەتی و بیرکردنەوە و تەنانەت یادەوەریی و زۆر شتی ترە، ئەوەتا مەنگوڕ بە کامەرانی سەلما دەڵێت: (بەڵام برای شیرینم، با هەمیشە چەقۆیەکت پێبێت، چووی بۆ هەر جێگایەکی دونیا با چەقۆیەکت پێبێت، کە ماندوو بوویت سەیری چەقۆکە بکە و ئێمەت بیر بکەوێتەوە... لاپەڕە ١١٩)، بەڵام لە شوێنێک ئەوە دەخوێنینەوە (لە قووڵاییدا خۆشحاڵ بوو کە ئەو خەنجەرەی بەر کەوتووە، هەستیدەکرد ئەو خەنجەرە بەر بۆشی و بەتاڵی ژیانی کەوتووە، بەر ئەو هیچییە کەوتووە کە لە ناوەوەیدا دەژی، لاوازییەکەی لەوەوە بوو کە نەیدەزانی چی بکا... لاپەڕە ٥٢)، دەبینین لەم پەرەگرافە لە دووشوێن ناوی خەنجەر هاتووە، گەرچی لە بنەڕەتدا مەنسور چەقۆی لێدراوە نەک خەنجەر، لەلایەکی تر خەنجەر و چەقۆ هەڵگری هێما و روخساری جیاوازن، خەنجەر سیما و ئەدگارێکی لادێیانەی هەیە، واتە باکگراوندێکی لادێیانەی هەیە، بەمانای هەڵگری سیفات و هێما لادێیەکانە...، بەڵام چەقۆ: روخسارێکی شاری هەیە، هەڵگری هێما و باکگراوندی شاریانەیە... هەروەکو لە رۆمانەکەشدا هاتووە، چەقۆکێشەکان و مەنسور و هەموو کارەکتەرەکانی تر لە شار دەژین... بۆیە نە دەبوا ناوی خەنجەر هاتبا، یان جێگۆڕکێکردنی چەقۆ و خەنجەر هەوڵێکی گونجاو نییە.

– لە شوێنێکی تر لە سەرەتای رۆمانەکە، ئەوکاتەی کامەرانی سەلما و مەنگوڕی بابەگەورە لەگەڵ مەنسور کۆدەبنەوە بۆئەوەی کە داوای لێبکەن دەست لە سەوسەن هەڵبگرێت و وازی لێ بهێنێت. لەویادا نووسراوە (مەنسور تەنها دووجار لەگەڵ ئەم خانمە قسەی کردبوو، ئێستا دەیتوانی بڵێ چی...؟) هەر لەم لاپەڕەیەدا لە دێڕەکانی سەرەوەدا هاتووە، (پێش دوو مانگ سەوسەن لەگەڵ کچێکی پووریدا هاتن بۆ ئاهەنگێکی زانکۆ، بەوەدا کچە پوورەکەی مەریەم هاوڕێی مەنسور بوو لە زانکۆ، وا رێککەوت لەنێو حەسودیی هەموو

قوتابیە کوڕەکاندا مەنسور و سەوسەن بە درێژایی ئاهەنگەکە لە تەنیشت یەکەوە بن کچێکی هێندە سیحراوی بوو هێندە جوان و ناسک بوو ئەم شێتی بوو... لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا بە چاوێکەوە ئومێد و شەیدایی تێزابوو، تکای کرد ژمارە تەلەفۆنێکی بداتێ بۆ ئەوەی زیاتر قسە بکەن، بەوەدا سەوسەن ژمارە تەلەفۆنی نەبوو، پێیگووتبوو هەر لە ڕێگای پورزاکەیەوە پەیوەندی پێوە بکات، . لەو ماوەیەدا دووجار تەلەفۆنی کرد بوو...!)، لێرەدا ئەوە دەخوێنینەوە، کە ئەوکاتەی مەنسور چەقۆکەی بەر دەکەوێت دووجار سەوسەنی بینیوە، لە ئاهەنگەکەش تەواوی کاتەکە لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون، بە تەلەفۆنیش دووجار قسەیان کردووە... کەچی کە مەنسور بریندار دەبێت، کاتێک مەریەم شەڕی نێوان کامەران و مەنسور یان هەواڵی برینداربوونی مەنسور بە سەوسەن رادەگەیەنێت، سەوسەن لە وەڵامدا دەڵێت (بۆ دەبێت من بزانم پیاوان چی دەکەن... بۆ پێتوایە، دەبێت سەری خۆم بە شەڕی دوو کەسی نەفامەوە بئێشێنم، کە نایانناسم ... لاپەڕە ٥٨)، (کەنایانناسم) وەڵامێک و دەربڕینێکی گونجاو نییە، چونکە مەنسور برادەرێکی نزیکی مەریەمە لە زانکۆ، هەروەک لە پێشدا نووسیومانە سەوسەن لەگەڵ مەریەمدا چۆتە ئاهەنگەکەی زانکۆ و هەموو کاتەکە لە تەنیشت مەنسور دانیشتووە، کاتێک مەنسور داوای ژمارە تەلەفۆنی لێکردووە سەوسەن ڕەتی نەکردۆتەوە و پێی گوتووە: لە ڕێگەی کچە پورەکەیەوە تەلەفۆنی بۆ بکات. بۆیە نایانناسم ناتەبا دێتەوە، لەگەڵ یەکتر ناسینەکانیان و یەکتر بینینەکانیان...! دەکرا یان دەبووایە بڵێت (وەک پێویست نایانناسم...!) یان (لە نزیکەوە نایانناسم...!)، ڕاستە هەروەک لە ڕۆمانەکەشدا هاتووە (سەوسەن تا ئەوکاتە ناوی کامەرانی سەلمای هەر نەبیستبوو)، بەڵام دووجار مەنسوری بینیوە و قسەی لەگەڵدا کردووە، واتە دەیناسێت...!

– لە گفتوگۆیەکی نێوان مەنگوڕی بابەگەورە و سەوسەندا، سەوسەن لە چەند شوێنێک پاشگری (خان) لە پاش ناوی مەنگوڕ بەکار دەهێنێت و پێیدەڵێت (جەنابی مەنگوڕ خان)، کەچی لە هەمان گفتوگۆ لە چەندشوێنی تر دەڵێت (کاک مەنگوڕ). هەرچەندە لەسەرەتای گفتوگۆکەوە، (سەوسەن لە شێوەی مەنگوڕ دیمەنی (خان)ی تەتاری یەکێک لە ئەتڵەسەکانی دەهاتەوە یاد ، لاپەڕە ١٢٩)، لەگەڵ ئەوەی سەوسەن لە سیمای مەنگوڕدا کەسایەتی تری بیر دەکەوێتەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە پاشگری خان بۆ ڕەگەزی نێرینە زیاد بکەین، چونکە لە زمانی کوردیدا پاشگرەکانی (خان، یان خانم)

وەکو ڕێزگرتن بۆ ڕەگەزی مێینە بەکاردەهێندرێن. هەرچەندە بەختیار عەلی خانم-ی بەکارهێناوە بۆ ڕەگەزی مێ، بەڵام ئەگەر میمەکەی بخەینە سەر یان نا، بە مانای خان یان خانم هەردوو پاشگر، بۆ هەمان مەبەست و بۆ هەمان ڕەگەز بەکاردێن کە ئەویش ڕەگەزی مێینەیە نەک نێرینە. بە مانایەک ناکرێت بڵێین (مەنگوڕ خان یان کامەران خان)، بەڵام دەتوانین بڵێین (سەوسەن خان یان مەریەم خان یان پڕوشە خانم...!)، ڕەنگە لە زمانی میللەتانی تر وەک هیندی و فارسی پاشگری خان بۆ نێرینەش بەکار بێت، بەڵام لە زمانی کوردی هێندەی بەرگوێمان کەوتبێت، پاشگری خان خراوەتە سەرناوی کچان و ژنانەوە. وەک پێشگرەکانی (کاک، مامۆستا... یان پاشگرەکانی ئەفەندی، ئاغا، بەگ) بۆ ڕێزگرتن و گەورەکردنی ڕەگەزی نێر بەکارهاتوون، پاشگرەکانی خان و خانمیش بە هەمانشێوە بۆ ڕەگەزی مێینە بەکار دێن...!

ئیدی لەگەڵ ئەم تێبینی و باری سەرنجانەشمان، کەچی ئاستی داهێنان و جوانکاریی ڕۆمانەکە هەر لە شوێن خۆیەتی. بەختیار عەلی لە قووڵایی چەندین کایە و ڕەهەندی جیاوازەوە ئیشی لەسەر ئەم ڕۆمانەی کردووە، بۆیە لە یەککاتدا وەک (دەروونناسێک و کۆمەڵناسێک و مێژووناسێک و بێگومان ڕۆماننووسێکی بە توانا)ش دەردەکەوێت. ئەم توانا فرەڕەهەندییەی بە تایبەت لە نێو ڕۆمانەکانیدا، تا ئەندازەیەکی زۆر خوێنەر سەرسام دەکات و هەم ئارامییەکی ڕۆحی پێدەبەخشێت، هەم پڕی دەکات لە مووچڕک و ختووکەکانی لەزەت. بۆیە لە دیماهی ئەم نووسینەم، بە دڵنیایەوە دەتوانم بڵێم: کەوا (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) یەکێکە لە ڕۆمانە سەرکەوتوو و جوانەکانی نەک تەنها ئەدەبی کوردی، بەڵکو هەموو ڕۆمان و ئەدەبیاتی جیهانیی.

**سەرچاوەکان:-**

**- ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)، نووسینی / بەختیار عەلی.**

**- نەرسیسیزم، نووسینی/ ئەلیکساندەر لۆوینز... وەرگێڕانی/ ناڵە حەسەن.**

**- چەند سەرچاوەیەکی ئەنتەرنێت.**





# لەگەڵ شەپۆلەکانی شیعری نوێی کوردیی-دا



سالّح سووزەنی

(١)

**لە شیعری (نیما)ی سوارەوە تا (چرکانە)و (شێت)**

ئەگەر شیعری نوێی کوردستانی ئێران لە رووی دەقی شیعریی سوارەوە پێناسەبکەین، دەبێت شیعر بە بەستەیەکی خاوەن کێش و سەروا و وێنە و واتا بزانین بە زمانێکی توکمە و لە پێکهاتەیەکی تەبادا؛ ئەمە رەنگە هەمان پێناسە بێت کە مەلای جەزیریش بۆ شیعر هەیبوو، کە لە راستیدا دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەی

شاعیرانی عەرەب و فارس و تورکی هاوسێ... بەو جیاوازییەی کە سوارە وەک نیما (شاعیری فارس) دێڕەکانی کورت و درێژ کردەوە و سەرواشی کردە زەنگی کۆتایی دێڕەکان یان بەپێی کێشی شیعرەکە بە پێویستی نەزانی؛

**(من ئەڵێم پەپوولەیەک فڕی... بەباڵی سەوز و سوورەوە...**

**تۆ دەڵێی: چ بوو، پەپوولەیەک فڕی**

**یا نە، سوورەگوڵ زەردەکەوتە لێوی ناسکی...)**

لەم پێناسەیەدا کێش، وێنەی خەیاڵ (ئیماژ)، واتا و پێکهاتە، دەوری سەرەکی دەگێڕن.

دوای سوارە چەند کەسایێکی وەک موئەییدزادە و... هەمان پێناسەیان کردە ڕێباز؛

**(یارە ژیکەڵانەکەم!**

**گوڵم!**

**بە هەر نیگایێ، مەوجی چاوە مەستە جوانەکەت،**

**دەچێتە ناو دڵم!**

**هەر بە گوێی دڵم!**

**گوێ دەگرمە گرفە گرفی شیعرە ئاگرینەکەت.**

**شیعرە ڕێک و پێکەکەی**

**بە تاو و تینەکەت! ... دەلادە لادە لادە لەچکە کەسکە تەسکەکەت...)**

قاسم موئەییدزادە

**(وا ئەوین و رازەکانی ئەو دەمانە**

**رازەکانی ئەو زەمانە**

**چەشنی ماسی روو لە چاوانەی چیا**

**دێن بەپیری ڕێمەوە**

**ناخی بیرم پڕ گەڕایە و دێمەوە و هەر دێمەوە)** لوقمانی

واتە نەک تەنیا هەوڵی هیچ نوێگەرییەک نەدرا، بەڵکو واتا و زمانی تۆکمە و پڕ ڕەمز و ڕازی سوارەش (بڕوانە خەوەبەردینە) هاتە ئاستێکی نزمتر. لە ڕاستیدا ڕێڕەوانی ڕێبازی سوارە، نەک نەیانتوانی شێوازی سوارە هەڵکێشنە سەرەوە، بەڵکو بۆ چەند پلە خوارتر دایانبەزاند.

جەلالی مەلەکشا، بەڵام بە سادەترکردنەوەی زمانی سوارە و پەرەپێدان بە کێشی بڕگەیی (خۆماڵیی)و چەند کێشیی، واتای (سەریح)و ئوستوورەسازیی، هەنگاوێکی دیکەی ناو لە پانتایی شیعری بەرگریدا خۆی سەقامگیرکرد؛

**(من چۆلەکەی باڵشکاوی وەرزی ڕەشی گەردەلوولم**

**ڕۆحم لەگەڵ ئارامشدا**

**زەوی تا ئاسمان دوورە)** جەلال مەلەکشا- زڕەی زنجیری وشە دیلەکان

جەلالیش بەهەموو سۆز و گەرمای شیعرەکانییەوە... لە هەمان پێناسەدا سووورڕایەوە و جەسارەتی تاقیکردنەوەی لە پێناسەیەکی دیکەدا نەبوو. بەڵام بە گرنگیپێدان بە بەشی واتایی لەو پێناسەدا و هەوڵدان بۆ دەروونیترکردنەوەی وێنەکان (لە شیعرەکانی دواییدا) خۆی هێنایە قۆناخێکی دیکە:

**( بە وەرزی زریاندا ڕەت دەبم**

**هەتا دێم هەستمەوە**

**شەپۆلێ بەسەرما دەڕووخێ**

**ئەمخاتە گێژەنی بێ ئەمان... دەرفەت** -جەلال مەلەکشا

هەمان سەرچاوە

**(من ڕێبوارێکم ئەناسی**

**بە درێژایی ڕێگە تەنانەت نەیتوانی**

**لە سێبەری وەڵامێکدا**

**نەختێ ماندوویی خۆی دەرکا**

**سەرەنجام لە ڕێگە عاسیی**

**خۆی بە ئاڵقەی پرسیارێکەوە هەلواسی. سەرەنجام**

هەمان سەرچاوە

## شیعری جەلال مەلەکشا شیعری قۆناغی گۆڕانە

گۆڕان بەرەو گرنگیپێدان بە فۆڕم و پێکهاتە لای شاعیرانێکی وەک مارف ئاغایی، فەرەیدون ئەرشەدی و کامبیز کەریمی و... کە شەپۆلێکی دیکەیە لە ڕەوتی نوێخوازیی شیعر لە کوردستانی ئێران؛

**(هەور؛ کامێرا**

**برووسکە؛ فلاش**

**نم نمەی باران**

**بۆ شووشتنەوەی...**

**دڵی منیش قاپ...)** مارف ئاغایی- زەوی سەخت و ئاسمان دوور

دەبینین کە نیشانەی وێکچوویی و سەروا، بۆ دەنگدانەوەی دوایی دێڕەکان، نەماون و شاعیر بۆ وێنەسازیی بە شێوەیەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ شت و دیاردەکان دەکات و هەوڵی متمانە بە وشە (زمان) بۆ پێکهاتەیەکی پتەو بەرچاوە؛

**(چۆن ئەتوانی لە نیشتمانی شیعردا سەرهەڵبدەی**
**گەر نەتوانی متمانە بە وشە بکەیت؟)**

هەمان سەرچاوە

فەرەیدون و کامبیز متمانە بە وشەی ئاسایی و زمانی گفت دەکەن و هەوڵی سڕینەوەی کێش و زۆرجار وێنەش دەدەن... تۆ بڵێی شیعر بە لەدەستدانی ئەو دوو لایەنە گرنگە هەر شیعر بێت؟

**(عایشە ئەڵێن**
**ژنان بێ ترس لەبەر باران رووت ئەبنەوە**
**دڵدارەکان لەسەر شەقامەکان**
**تێرتێر ماچی یەکتر ئەکەن**
**لە هەر کوێ با دەرفەتی بێ**
**نەوازشتی کوڵم و قژی زێوین ئەکا**
**ئەڵێن ئارەق هەیە وەک چاوی قرژانگ)**
**(گرفتاری چیت خانە خەراب... گرفتاری چیت**
**وس س س... عایشە ئەدوێ)**

عایشە- کامبیز کەریمی

**(بە چی ئارام دەگرێ دڵەڕاوکێی دایک**
**بە چ مۆسیقایەک دەنوێ فەرخەماسی؟**
**لە چی ناسڵەمێتەوە مامزێکی تەنیا**
**کە من پێی نەزانم؟)**

- با- فەرەیدوون ئەڕشەدی

دەقی فەریدوون و کامبیز رەنگە سەرەتاکانی شیعری سپی و زمانی گفت بن و ژیلا و هاوڕێیانی (وەک پیرەوانی فرووغ) هەر لەناو ئەو پێناسەدا هەوڵی سازکردنی زمانێکی ژنانەیان دا؛(١٠) (دەستەکانت بۆنی بێگانانی لێدای)

(ئەو ئێوارە شار بۆنی تاوانی دەهات/ هەر نفرەت و بێزارییان خەڵات کردم)
ژیلا- گەشەی ئەوین

هەر لەم قۆناغەدا بەڕێزان بێهزاد کوردستانی، ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، ئازاد ڕۆستەمی، ئەیاز خوونسیاوەشان و هاوڕێیانیان بە گرنگیدان بە وێنەی خەیاڵ، لە هەمان پێناسەدا شیعرگەلی ئیماژیستی دەخولقێنن؛

**(چ هێرشتان باقی ماوە؛**

**دیواری خاچ!**

**تاعوونی لاڵ!**

**تۆفانی کەڕ!**

**خەنجەری کوێر!**

**من ئامادەم)** بێهزاد کوردستانی -یاخی بوون- غارەتی شەمامە

**(ژیان کەروێشکەی مەزراکانی خەونە/ لە کیشوەری داسا)**

**(دەف کە هاژەی بێ/ هاواری بێزاریی مەڕە/ لە بریسکەی چەقۆ)**

**(ئێوە نەبوون/ سەرتان وەرزی سێبەر/ لە زەماوەندی شەیتانا/ هەڵپەڕین)**

**(چواله چرۆی کرد/ تارای شکۆفەی کردە بەر**

**بهێڵن ئاسمان نوقڵی تەرزە داباریێنێ)** چرکانە مـەداری زوقم- ئیبراهیم ئەحمەدی نیا

ئەنجامی ئەو هەوڵانە دەگاتە (داکار)، واتە بڕیاردان بۆ پرۆژەیەکی شیعریی دیکە... کە بەپێی بەیاننامەیەک ویستی خۆی پێناسە بکا(١)

ڕاستە بەیاننامەی (داکار) ئەنجام لە چرکانەکاندا گیرسایەوە، (کە بەڕای من وێکچووی یان هەمان ئەو خاڵانە بوون کە ساڵانی ٤٤ و دواتر لەلایەن شاعیرانی بەناو (شەپۆلی نوێ)- لقی شیعری تەشکیلی- لە کتێبـی (صور و اسباب شعر امروز ایران) لەلایەن (ئیسماعیل میری عەلا)وە بڵاوکرایەوەو دواتر (ساڵی ١٣٧٧) لە کتێبـی (تیۆری شیعر)دا لە ١٩خاڵدا جەم و جۆرتر کرا.

شەمس لەنگروودی ئاوا باسی ئەو شەپۆلە شیعرییە(٢)دەکات؛

(شیعرێ کە دەسەڵاتی دەربڕین و تۆکمەیی زمانیی لە شیعری نیماوە وەرگرتبوو و وێنەسازیی و وەشەپۆلان خستنی فڕینە زێهنەییەکانی لە (شەپۆلی نوێ) واتە؛

-١ ڕوونبوونی دەربڕینەکانی و دوورەپەرێزیی لە تارمایی و بێمانایی میراتی شیعری نیما بوو...

-٢ وێنەییبوونی زمان و ئازادبوونی زێهنی خوڵقێنەر و... هیشەپۆلی شیعریی نوێ ...) (تاریخ تحلیلی شعر نو- جلد چهار)

بەڵام تۆوی ئەو بەیاننامەیە و پرسیارو گومان و نووسینەکانی دوایی... نوێخوازیی بەرەو قۆناغێکی دی هاندا و لە هەندەسەی شیعری یونس رەزایی و (ئانارشیزمی زمانیی) خاوەنی ئەم قەڵەمە و داڵ بۆ دال و (خودمەرجەعی) دەقی رەزا عەلیپووردا بە سێ ئاراستەی جیاوازدا تەشەنەی کرد؛

ئەلف- هەرچەند دەقی بەیاننامەی داکار باس لە جۆرێک شیعری (حجم) دەکات (بڕواننە خاڵی ٨ی بەیاننامەکەی داکار، کە دەڵێت: شیعر بزووتن و جووڵانە، لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر لە وێنەکەوە بۆوێنەیەکی تر تا گەیشتن بە فۆرمێکی تەواو...)، بەڵام جەختی چرکانەکان لەسەر وێنە، وێنەگەلی هێڵیی لای خۆمان دەکاتە وێنەی رووبەر و دوو رەهەند؛

**( ئاو ئاشتبوونەوەی سەرابە و دەریا**

**من پەیژەی هەڵچوون تا شەڕی واقیع لەگەڵ خۆیدا)**

بێهزاد کوردستانی- غارەتی شەمامە

**(پێخەفی هیوایەک/ بۆ زەریا رابخە/ رووناکی خەون بە چاوانتەوە دەبینێ)**

**(تاریکی دڵۆپە ئەکات/ هەی ڕۆ! ئەوین ... ئەوین)**

**چڵە شیعرێک لە گوڵدانی مەمانتا پەروەردەکە/ ژیان خەونێکە ڕواو)** ئەیاز خوونسیاوەشان- دوازدە چرکانەی تەنیا

چرکانەکان بە هێنانەوەی دوو وێنەی سەرەکی داوا لە خوێنەر دەکات مەودای نێوانیان پڕبکاتەوەو بەشداریی شیعرەکە بکات... واتە کارێک کە پێشتر شاعیرانی شەپۆلی نوێ دەیانکرد. بڕواننە ئەم شیعرەی (ئەحمەد رەزا ئەحمەدی) لە شاعیرانی شەپۆلی نوێی ئێران؛

**(هەموو ژیان، چێوێک بە دەنووک مەلێکەوە**

**هەڵدەهات)(تمام هستی- چوبی بر دهان پرندەای- می گریخت)**

یان

**(شهری فریاد میزند اری**

**کبوتری تنها/ بە کنار برج کهنە می رسد/ می گوید: نە)**

**کە بەڕاستی لە چرکانەکانی داکاری دەچن(!!).**

بەڵام شیعری (شێت)و دەقەکانی بەڕێز یونس رەزایی وێنە بەرەو بزاڤ و حجم (چەندرەهەندیی) دەبا (ئەوەمان لەبیر نەچێت، هێشتا جەخت لەسەر وێنەیە لە هەمان پێناسەی پێشوودا)، واتە هەوڵدانە بۆ چەند رەهەندیی بوونی وێنە، لە مەنگیی و راوەستاویی وێنەوە بۆ بزاڤی وێنەیی ((واتا دۆخی وێنەیەک بتوانێت رێگای سیحرئامێزی وێنەیەکی دی داگیر بکات، ئەوەی کە هیچ وێنەیەک

ئاوارە و سەرگەردان نەبن، بەڵکو وێنەکان پێکەوە عەودالی یەکدی بن... تا لە شوێنێکدا(پێکەوە) تووشی تەقینەوەیەکی بازنەیی ببن... لێرەدا لەبری ئەوەی بەدوای حەرەکەیەکی وێنەیی لە رەهەندی درێژیی (گولی)دا بگەڕێین، کۆیەک وێنەی پڕجووڵەمان هەیە کە پێکەوە رووودەدەن... کاتێک شتی وا روو دەدات؛ ئێمەش هەست بە ئەزموونکردنی دیاردەی نوێ دەکەین... ئەم کۆوێنە پڕ جموجووڵە بەبێ تەدارەکی پێشوو دێن و راستەوخۆ بەدوای دەروونی مرۆڤدا دەگەڕێن و وەک رووداوێک... لەوێدا سەقامگیر دەبن، وەک ئەوەی خۆمان تووشی رووداوێک بووبێتین... هەر بۆیە شیعرەکە لە مەدارێکدا ناوەستێت... هەم لایەنی درێژیی و هەم لە هەموو بازنەکانی جووڵەیی (دوایر حرکتی) تێدەپەڕێت و دەیکاتە حەجم... مێعماریی حەجم واتا گەیشتن بە ئەوپەڕی ژیان، بەهۆی بازدان لە سێ رەهەندەوە... و لە گەڕانەوەشدا ناگاتەوە سەکۆی واقیع... واقیعی دایک... یان هەر گەڕانەوەیەک لەئارادا نییە، ئەوەی رەهەندەکانی پشت وێنەکە خراپ بوونە))(٣)

(حجم گرایی نە هوس است و نە تفنن، نقشی است خشن و عصبی، تپشی اگاە برای هنر شاعری در انسان دیوانەی شعر) (بیانیە شعرحجم)

هەربۆیە ئەم چەشنە شیعرە لای ئێمە بە شیعری شێت پێناسەکراوە

**( باران کە دەنووسێ دوێنێ**
**تا ئەلف و بێی ئاو**
**ئەلف و بێی دارستانی رووداوێک دەبارم لە بارانا تەڕمدەنووسی...**
**شاعیرێک بە ئەلف و بێی بارانەوە**
**لە شیعرێکدا لوورەی تەڕی رووداوەکان ون دەکا**
**لەگەڵ حیلەی چکوولەترین پیت**
**ژیانی خۆی دارستانانە ئەلەرێتەوە**
**هەڵفرینە ئەم شیعرە**
**لە خۆشەویستی جەنگەڵەوە تا گیاندار...)**

دەبینن چۆن وێنەکان شوێنگۆڕکێ دەکەن و بە هەرسێ رەهەندی شیعر، شاعیر، دیاردە (باران)دا تەشەنە دەکەنەوە بۆ یەکدی و هەڵدەفڕنەوە...(پێشتر بەڕێز رەهبەر مەحمودزادە خشتەکانی بزاڤ و جووڵەی وێنەی شیعری شێتی لە وتارگەل) هەندەسەی شیعری پەیڤ و (وشە هەڵگری رەساڵەتی تریفە)دا بەجوانیی کێشاوەتەوە و پێویست دووبارە ناکات بۆئەوەی ئەمە هەمان بزاڤی وێنەیە، کە پێشتر رۆئیایی تیۆریزەی کردووە و وەک شیعریش دەقاندوویەتی؛

**(من تن/ تن من/ من و تۆ تن تن**
**چون با تن تۆ می تنم / تن تن تن تن) ١+١=٤**

(میری عەلا) تەنانەت خشتەی چۆن سازبوونی ئەو چەشنە وێنانە لە ڕێگای وێکچوو و لەوچوو و ئامرازی وێکچوو و هۆی وێکچوویییەوە فرمووله دەکات(٥).

بۆ باشتر تێگەیشتن لە پشتیوانی تیۆری چرکانەکان و شیعری شێت، خوێنەری چالاک دەبێت بگەڕێتەوە بۆ دەقەکانی ئوکتاڤیۆپاز و ئیماژیستەکان لە شیعری جیهانیدا و سازبوونی (شەپۆلێ نوێی)(٤) شیعری فارسی (ساڵانی ٤٤ تا ٤٨)و جیابوونەوەی دوو لقی؛ شیعریی تەشکیلی (تجسمی) و شیعریی حەجم (سپاسمانتاڵ)؛ واتە گروە گرفە و (موج نوییها) بە(جزوە شعر) و ... لە لایەکەوە و ڕۆیایی – بیژن الهی – بهرام اردبیلی و(حجم)یەکان بە (شیعر دیگر)ەوە لەلایەکی دیکەوە...

پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت، کە؛ لەم قۆناغەشدا پێناسەی شیعر نەگۆڕدراوە، بۆئەوەی لەبری کێش و سەروا گرنگی دراوەتە وێنەی شیعریی و لە وێنەی شیعریشدا لە وێنەگەڵ ڕووبەرەوە (**سطح**، ئاسۆیی– ستوونی)ەوە، هەڵکشاوە بۆ وێنەی سپاسمانتاڵ واتە وێنەی پڕبزاڤ و چەند ڕەهەند و پێکهاتەی وێنەیی تیایدا دەوری گرنگ دەگێڕێت...

با وەکو شیعری چەندرەهەند (سپاسمانتاڵ) لە زمانی فارسیدا بە (روئیایی)یەوە دەستپێدەکات و بەویشەوە دوایی دێ، (روئیایی بە ڕاستی لە هەموو تواناکانی ئەو بیرۆکەیە کەڵکی وەرگرت و هەرکەس بییەوێت لاسایی ئەو بکاتەوە هەر تیایدا وندەبێت، بۆ ئەوەی؛

ئەلف– ئەو ئەزموونێکی دەستی یەکەمی نواندو کەسانی دی، ئەزموونی دەستی دووەم بەکار دەهێنێن.

ب– شیعری روئیایی دەستی بەسەر هەموو تواناکانی شیعری حەجمدا گرتووە و هەمووی مصادرە کردووە)(٦)، بەڵام تاقیکردنەوەی ئەو ئەزموونە لە شیعری کوردیدا، نەک هەر ڕەوتی نوێخوازیی دەباتە ئاستێکی تر، (بۆ ئەوەی نوێخوازان دەیانجار دووپاتیان کردووەتەوە کە ئەزموونی شیعر و ئەدەبی جیهانی بە ئەزموونی ئەدەب دەزانن و لەو دەلاقەشەوە دەقەکانی خۆیان دەنوێنن)، بەڵکو ئەو دەرفەتەش دەداتە خوێنەرانی شیعر کە زێدەتر ئاشنای تواناکانی دیکەی شیعری (حجم) بن و لە وێنە (مەحوەری)یەوە بەرەو زمان

مەحوەری و لە ئیرجاع بۆدەرەوە بۆ ئیرجاع بەخۆ بەرەو ئاستێک یان قۆناغێکی دیکەی نوێترخوازیی بیهێننە ئەزموون؛

### (٢)
### لە شعری شێتەوە بۆ شیعری زمان و خۆئاماژە
(هێرشکردنە سەر عەقڵ، هێرشکردنە بۆ سەر دەسەڵات) فۆکۆ

شیعری شێت دوایین هەنگاوی گەشەیە بەپێی پێناسەی پێشووی شیعر؛ کە وێنەی خەیاڵ، کێش، واتا و پێکهاتە، تیایدا دەوری گرنگی دەگێڕا. لە شیعری شێتدا، وێنەکان هەر چەند پڕبزاڤ و فڕندەن، بەڵام هێشتا ئاماژەیان بە دەرەوەی زمانی شیعرە و باران و ئاو و دارستان لە دەرەوەی شیعر ئامادەن و شیعر بە ئاماژە بەوان، لە راستیدا واتا لە دەرەوەی شیعر دەگوازێتەوە بۆ ناو دەق؛

**((قشوونی هاوپەیمانان قووڵترین جەمال هان ئەدەن!**
**(واعتصموا بحبل الله جميعا و لا تفرقوا)**
**ئەمریکا کوا لێرە کۆشکێکی سپی تر**
**سەردێڕی رۆژنامەکان ئەگەر حیز نەبن**
**دەمبووری ئەو ژنەی بیرەوەری منەو پەپوولە...))** هەر منم شاعیری ژنانی...- (رۆژنامەکان...) ل ٧٠ – رەزایی

**(( وای لەو تەورێزە رابردووەی کە منی ئێستاش تیا خیابانم**
**وای لەو (ئابرەسانە) پیرەی؛**
**کە تەنیاییم بەسەر ڕانییەوە / خوێندەوار.....))** ونبوون لە تورکدا- هەمان سەرچاوە- ل ٥٣

**( شاعیرم/ تا وشکەساڵی هەمیشە/ تاکو دڵۆپەی تینوێتی بۆ کەربەلا... کە من بم- مەسیحێک عاشقی هەمیشەی خاچی سوور/ کە من بم مێژوویەک بۆ دڕک و تەنیایی...)** شیعرێک بە پەراوێزی مێژووەوە- ل ٤٧

**(بە بەفر سوێند/ کە ئێستا زستان تەعاڕوفم دەکا/ تا دەربیجەیەک نازڵ کەم...)** بارانێک لە داس- ٤١

بەڵام هەمان بزاڤی وێنە دواجار لە ڕێگای لادان لە فۆرمی زمانی باوەوە شیعری شێت دەلکێنێت بە جیاوازنووسان (نوێترخوازان)ەوە و (بڤەکردن بەهەندێک ڕێسای موقەدەس، کە واهەست دەکرا بووەتە دەسەڵاتێکی زمانیی و نوێترخوازان دەیانویست لێی دەرباز بن؛

(ئەگەر شێتی چاوی سەرما بردووی ڕۆح و بەزمی ئەستێرە هەمووی مۆسیقای شەوانە...

نوێترخوازان بەگشتیی بەپێی ئاشنابوون لە فەلسەفە و ڕەخنە و جوانیناسی نوێ... هەوڵی پێناسەیەکی نوێ دەدەن بۆ شیعر و زمان و کارکردی زمان دەکەن بە تەنیا ئاڵای سەدەی دوای دووهەزار بۆ هەموو بوارەکانی ئەدەب... لەم پێناسەدا ئیتر وێنە گرنگی خۆی لەدەست دەدات و نامووکردنەوە لەڕێگای گەمە و کارکردی زمانەوە دێتە ئەزموون...

لە شیعردا ئیتر (دال) بەدوای (مەدلوول)ێکی دیاریکراودا ناگەڕێت، بەڵکو هەوڵدەدات وەک دال بمێنێتەوە و سرکێتیی خۆی بپارێزێت... نوێترخوازان لایان وایە؛ (جیهان لەڕێگای زمانەوە دێتە بەردەستی ئێمە و دەنووسرێتەوە... بۆئەوەی شتەکان لە ئاوێنەیەکی زمانییەوە دەنوێنرێن و ئێمەش بەکاریان دەهێنین... ئیتر زمان نەک نوێنەر، بەڵکو سازندەی جیهانە. کەوایە ئێمە بەزمان وەسفی جیهان ناکەین، بەڵکو ئەیخولقێنین)(٧)؛

( ناوێکم پێویستە/ عەدەدێک/ تیایا وەنەوز بەم/ شیمانەیەکم لازمە/ تا تیایا هەڕاکەم/ بە دنیاوە ئەوەڕم/ لەخۆما شیمانەی بەلایەک چۆڵ ئەکەم/ ئێوارە پێشێلی هیچم کا و/ هاوسێکان من ئەمرم/ مورەبەعی دابنێن/ لەسەری قاتی بم/ مورەببەعێک لەم شیعرەدا هەڵئەتەکێت/ قاشئەکرێت و/ بوومە جادە...).

لەم قۆناغەدا ئیتر چێژی خوێندنەوە لە ڕێگای مامەڵەکردن لەگەڵ مانادا، (واتە پێوەندی ڕاستەوخۆی دال و مەدلوول-ەکان نییە)، بەڵکو لە ڕێگای سرکێتی دال-ەکانەوەیە دژی هەموو مانا بەچەقبووەکانی زمانی ئاسایی و نەکەوتنە داوی مەدلولگەلی کلێشەیی؛

**(ناترسم لەم دیڕەدا کەوشەکانم دابکەنم**
**پاڵتاوەکەم بە حەرفێکەوە کەوایە هەڵواسم**
**کلاوێ کە/ نیتە- بیکەمە سەر نووقتەیەک**
**ئەوپەڕەکەی مردنم دالێکە داخراو)**

**(حەیێکی هەنگوینی دائەنێی مەترسە...)**

مانا(یان لانیکەم ئەو مانایەی کە پیشتر خوێنەر وەک رەحەتەلقوم وابوو بۆی) ئیتر لەم شیعرانەدا لاوەکییە، (بۆئەوەی هەڵبژاردنی هاوماناکان (مترادفات) بۆ دەربڕینی باشتری شتەکان نییە، بەڵکو زۆرجار دوورترین هاومانا هەڵدەبژێرین بۆئەوەی دەرککردنی مانای مەبەست بخەینەدواوە)(٨).

**هیچ شیعر و دیوانێک ،**
**... تەنانەت ناشیعرێ...**
**نەهاتە شیڕاندن...**
**مڕاندن...**
**گمە گم...**
**ناچارم ژێرفڕین... نا... فڕکە...**
**بە شەهامەتەوە بۆقلە و...**
**بە شەرەفەوە رێوی و...**
**حیز وەک شێر...**

((وشەکان جنس بە جنس دەکرێت و رواڵەتی زاتیی خۆیانیان لێوەردەگیرێتەوە و بەرەو جنسگەلێکی دیکە هاندەدرێن و رێسای جنسێکی دیکەیان دەدرێتێ و بە یاسای جنسێکی دیکە دەنووسرێن (جوێ لە یاسا و رێسای جنسی خۆی)، بۆئەوەی زمان دەستبەرداری وەسفکردن و لاساییکردنەوە هەڵگرێت و یاساکانیش وەک ژوەرگێڕانەوە بەجێبهێڵێ و هەر شیعرێک ببێتە رێسایەکی نوێ بۆ هەمان شیعر و نووسینی شیعری دیکە))(٩).

**( شێرێکمان دی توورە؛ گوایە باتریی کۆمپیوتێرەکەی سووتا بوو...)**
**(درۆکانی موقەدەس! کەی شەقامەکان بەپەیکەری راستی دا هەڵئەواسن؟ وەک ئازادی)** درۆکانی موقەدەس

**(لە بیرم بێ کە خەوتم/ دەستەکانم بکوژێنمەوە.../ کچەکان زوو هەڵکەم...)**
**(کێوێکمان داکوتا...)**
**(لە یەکەوە تا من بژمێرە/ تۆیش ئەزانی چەنێ کەمم)**
**(وابزانن من باران... تەلاخانم بارانم کە...)**

**ئیسپانیا یانی گا... بیست لۆرکا هەر یانی ئیسپانیا)**
**(رۆژنامە کەی پیاوە)**
**خشەخش لە تاقەکەوە/ هەواڵێ ئەتکایە/ تاریکی و بیابان)**
**ڕێگایەک پێوەم دا... بچمەسەر تەنیاییم)**
**بەیانیان فنجانێک لە پاییز/ ئەڕژایە هەناسەت)**
**(لە کەوشەکانمەوە دەست پێدەکەم/ نزیکترین گۆرەوییەکان گرانترین نیشتمانە)**

(ژنێکم دەزانی// سەرتاپا سوورێکی شەهوانی کەمن بم لەبەردا، کە دەڕۆی، شۆستەکان تا ئەولای کووچەکە وەشوێنی دەکەوتین، کتوپڕ زڕەزڕ...دەرگاکەو... دەکرامەوە... ئەی خۆزگە نەک قاڵی پیاو ئەبووم...) قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە

دەبینین چۆن دیاردەکان بەپێی یاساو ڕێسای پێشوو گۆڕدراون فرمانێکی دیکە زاڵە بەسەریاندا؛ کێو ئیتر سەنگینی پێشووی نەماوە، (من) بۆتە ژمارەیەک و بەس، مانای ئیسپانیاو رۆژنامە گۆڕاوە و هەواڵ لەبری ئەوەی بدرێت، دەتکێ و نیشتمان کەوشێکە و بەس...

**(( هەیە و نییە دەرەوەی دنیا**
**لەم درگاوە دەرناکەوێ**
**شیری بازاڕی بێ درگا**
**حەیای رووتە و**
**فریام (ناکەوێت)ە ڕێ**
**ڕێم رووتی رووتە و بە هەرچی دەرناکەوێ...))**
**((من عەیب نیم**
**عەیب خیلقەتە کە درێژە**
**غەیری منیش خۆ زانیبووی**
**مرۆڤ درێژە و خڕ نییە**
**درێژیش تەواوبوونی لێوە سەهلە))** چ عادەتێکی خراپە- بێهزاد کوردستانی

(کەمێ درەخت لە چاومایە/ دانیشم/ بڕژێمە چاوی خۆم)
زۆربەی ئاماژەکان ئیتر روویان لە دەرەوەی دەق نییە، بۆئەوەی دەسەڵاتی

زمانی دەرەوە کە هەمان زمانی دەسەڵاتێش بێ لێرەدا رووخاوە؛

**(یان ئێوارەکان لە نوونێکدا/ گیرفانی کراسەکەم قووڵتر بشۆم...**
**(ئەکرێ موکەعەبێک دابنێی/ لە سەری بوەستی/ ... ئێستە دێرێک لە ملتەوە بئاڵێنە... بەمردن خۆ دەستت کە ئەگا... نوقتە ... سەری خەت!**
**(لازمە پاڵ بە نوقتەیەکی واوە بدەم/ ئەگینا ئەگەمە/ ئەوەتای دەور و بەر)**
**پۆلیس گیان/ لە درێژەی باوکمدا/ بمبەسە بەو دێرە چیرۆکەی کە هەڵدێن دزەکان/ لەدرێژەی باوکمدا/ بمبەخشە بە حاشیە و هاشووری خیابان)** قاڵبیەک ئەناسم... –ل ٤٠

ئەم دەقە شیعرییانە پشت بە وێنە؛ بەپێی پێناسەی باو (وەسف و ویکچوویی و خوازە و...) نابەستن و ئەگەر وێنەیەکیش دەخوڵقێت بەپێی کارکردی زمان و گەمەیەکسازبوون کە سەرنجراکێشتر دەنوێنن؛

**(پێم ناڵێن) پرتەقاڵ کەی بە رەش ئەنووسرێ**
**ماسیگر لەکاتی گرتنا**
**دەنگی ئاو نابینێ؟)**
**تۆبیت و خوا/ سیوەکان پێوەبە/ شەوەکانم لێ هەڵپێکە...)** هەمان سەرچاوە ل٦٨

دەبینین کە لێرەدا (وێنەکان بۆ نواندنی ساتگەل عەینی و زێهنێ هاتوونە و بەیارمەتی زمانی ناباو سازبوونە) بڕواننە فرمانگەل (نابینێ) و (پێوەبە)(هەڵبکە)،کە هەموویان بە ئانقەست نابەجێ (بەپێی زمانی باو) هاتوون و وێنەگەلێکی ناباو (نوێتر)یان خولقاندووە؛

**(ئەم ئەشقەش فت**
**باریی...**
**سوێندمان پێ دەبرژان)**
**(شاعیریان نەگوتوە وشە بمژێ... شاعیر ئەبێ؛ واژە ژن...)**
**(زرینگە زرتە زرە زرمە زیرە.../ هەمووی لە زێهنی زەردەواڵەیەکەوە ئەشنن)**
**شاعیریان گوتوە گوو... بخوا و خۆی هەڵمسێنێ/ تازەگەریی ی ی/کە بەردی بە ئاسمانەوە وەستاندوە**
**باڵی کردۆتە مل کەر**

**(ئەرێ شاعیر ئازان)**
**بە کەوش ئەڵێن بفرە!**
**بە مەل ئەڵێن بدوو! بە ژمارەی تەلەفۆنەکانی مەشق**
**(من حـازرم پەنجەرەبم/ ئەگەرجارێ دەستەکانم/ بە پەردەییتا هەڵواسم)**
**(ماسیگر پێم ئەڵێ: ئاغای شاعیر / دەریاچەکان پڕن لە نان) ٥٠**

**(دەستی من برێجار عەینەن خۆی)**
(دوو هەنار درێژتر/ لەوزییەک گووشراوتر/ لەتۆدا بەروپشت خەوم دێ) قاڵییەک ئەناسم... ٥١

پێویستە ئاماژە بکەم کەڵکوەرگرتن لە دەرەتانەکانی فەلسەفە و ئەدەبی پاشمۆدێرن، یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شەپۆلەی دوایی لە شیعری نوێی کوردیدا؛ واتە ناپێکهاتەیی (لەبری پێکهاتەی پتەو)، کارکردی زمان (لەبری وێنە)، تەنز و ئایرۆنی (لەبری رەشبینی)، شکاندنی سینتاکسی باو (لەبری زمانی تۆکمە)، رێژەییبوونی مانا، کەممانایی و تەنانەت بێمانایی و نائایدیۆلۆژیی بوون (لەبری مانای سەرەکی) چەند دەنگیبوون (لەبری تاکدەنگیی)، گەمەگەل لەرادەبەدەریی زمانی بۆ گرنگیدان بە پانتایی زمان، کەڵکوەرگرتن لە دەنگ و رەنگ... چەند کێشیی، پارانویا و ئسکیزۆفرنی و وتەزاگەلی نەهیی لێکراو، گومانکردن لە عەقڵانیبوونی جیهان و... وای لەم شەپۆلە نوێیە کردووە کە رەخنەگران بەگومانەوە لێی دەڕوانـن و مان و نەمانی کەوتووەتە حاڵەتی (محاق)ەوە... ئەوەی راستی بێ هیچ فەلسەفە و زانست و قوتابخانەیەکی ئەدەبی و نائەدەبی تاسەر نەیتوانیوە بە ئەرخایەنییەوە سرکێتی شیعر بخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە و رۆژێک لە رۆژان لە چنگی فڕیوە... کەوایە با لەو تاقیکردنەوانە نەترسین و لەبری گومانلێکردن و ناحەزیی پێکردن، بیانخوێنینەوە و نوێکاریی و نوێترخوازییەکانیان بەرجەستە بکەینەوە... بە گوتەی شاعیرێکی فارس؛ (بۆ بەکەسێک کە لەناوخۆیدا پیاسەدەکا، دەڵێین خراپ؟)

زمان بێکۆتاییە و شیعریش ئەو بێکۆتاییە دەپێوێ... بۆی دامەچن!
(زێ لەزمان کەم کردنەوەیە مان (خ ێ ش)ە گیان!

**پەراوێزەکان:**

(١) بەیاننامەکە بریتیبوو لە دوو بەشی سەرەکی- یەکەمیان بە ناوی بنەما سەرەکییەکانی داکار لە هەشت بەندا هاتبوو، کە جەختی لەسەر پشتیوانیکردن بوو لەو جووڵانەوە ئەدەبی و هونەرییانەی کە بۆ گەیشتن بە دنیایەکی نوێ لە باری فۆرم و ناوەرۆکەوە دەبنە خاوەن ئەزموون و روانینێکی فەلسەفی هونەری هەنووکەییان هەیە و لە دەروونی ئینسانی هاوچەرخ دەکۆڵنەوەو دەیانەوێت لە ئەدەبی بەرگرییەوە بپەڕنەوە بۆ ئەدەبی سەربەخۆی هەڵمەت بەر و زێدەتر گوێ بۆ ناخودئاگایی کەسایەتی شلدەکەن و پشت بە هزری داهێنان دەبەستن. ئەوانەی کە بەچاوێکی رەخنەگرانەوە دەڕواننە ماهییەتی ئێستای گەلەکەیان و پێوەندیی ساکاری شتەکان هەڵدەوەشێننەوە و پێوەندیی نوێتریان بۆ بەرپادەکەن و... بەشی دووەمی بەیاننامەکەش تایبەت بوو بە شیعر لە روانگەی داکارەوە... کە لە دە بڕگەدا جەختی دەکردەسەر؛

«١- پرسیاری رەخنەگرانە لە ئێستا و رابردوو و داهاتووش

٢- تێپەڕین لە واقیعی شتەکان بۆ گەیشتن بە هەزاران جلوەی نادیار...

٣- دۆزینەوەیەکی تر لە ئەوپەڕی نیشانەو رەمزەکانی زمانی دەربڕیندا...

٤- پێکهێنانی زمانێکی جیاواز لە زمانی رۆژانە و زمانی سواوی ئەدەبی سەردەم.

٥- کرانەوەی نوێترین دەلاقەی روانین بەرەو دیمەنی ئەندیشەی مرۆڤ...

٦- گریانی پرسەدارانە لە کاتی شادییدا و بەپێچەوانەوە...

٧- ململانێیەکی دژوار لەگەڵ ژیان و جیهان...

٨- دەرچوون لە کێشی بڕگەیی بۆ گەیشتن بە مۆسیقای دەروونی رستە...

٨- شیعری بزووتن و جووڵانەوە لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر لە وێنەکەوە بۆوێنەیەکی تر، تا گەیشتن بە فۆرمێکی تەواو...

٩- داکار مەکتێبێکی تایبەت بە یەک دەورە نییە و رەوتێکە لە هەموو سەردەمێکدا...

(٢) هەڵبەت شەپۆلی نوێی زمانی فارسی دواتر لق و پۆ دەهاوێت؛ شیعری (حجم) (سپاسمانتالیسم)، شیعریی پلاستیک (تەشکیلی)و شیعری (ناب)و... لە هەمان سەرچاوەوە دێنە فڕین... (بڕواننە کتێبی) تئوری شعر (اسماعیل نوری علا- ١٣٧٧)

(٣) یدالله رویایی- عبوراز شیعر حجم- ١٣٤٩

(٤) شەپۆلی نوێ لە راستیدا حەرەکەیەکی ئیماژیستی بوو لەسەر دەستی کەسانێکی وەک (احمد **رضا** احمدی) اسماعیل میری علا (یدالله رویایی) سپانلو (پرویز اسلامپور) و بهرام اردبیلی، مهرداد صمدی، ناسر شاهین فڕ، بیژن الهی... کە هەوڵی نوێخوازییان دەدا لە بواری وێنەی چەند رەهەندەوە و لە رێگای دامەزراندنی انتشارات گرفهوە توانییان لە چەند ژمارەی (جزوە شیعر و دواتر گۆڤاری فردوسییەوە شیعری خۆیان

بڵاوبکەنەوە... ئەم حەرەکەیە دواتر بە دوو ئاراستەی جیاوازدا (شیعری تەشکیلی) و (شیعری حجم)دا دەڕۆن و لە ١٣٤٦دا هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نامێنێت... بەڵام ئەوەی دواتر لەو دوو گرووپە بڵاوکرایەوە) بیانییە شعر حجم و عبور از شعر حجم و دیمانەکانی رویایی و(هلال عقل بوقت اندیشیدن) لە لایەکەوە و (صور و اسباب شعر امروز ایران) و کارگاه شعر فردوسی لە لایەن میری عەلاو ئەحمەدرەزا ئەحمەدی و... دەهۆڵێک بوو کە دواجار و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران زێدەتر دەنگیدایەوە)، ((بڕواننە، تاریخ تحلیلی شعر نو- شمس لنگرودی، صور و اسباب شعر امروز ایران و تئوری شعر- اسماعیل میری علا و... گزارەهای منفرد- علی باباچاهی و...)).

(٥)بڕواننە، تئوری شعر- اسماعیل نوری عەلا- انواع تصویر شعری(فصل ١١)، ل١٢٦-١٣٤

(٦) بڕواننە، (میزگرد در بارە شعر حجم، **باحضور شمس آقاجاني، علي باباضاهي، مظفر روئيايي**، یزدان سلحشور) بە ناوی (حدس بزن چ کسی برای تعریف شیعر می یێد) — نشریە بایا

(٧) ادوارد سعید- نقش روشنفکران

(٨) و(٩)- **رضا براهني— خطاب** بە پروانەها

(١٠) بڕواننە شیعرەکانی بەڕێزان فرانک ئەحمەدی، شیوا سوبحانی، لەیلا ساڵی و... وەکو دەربڕیی هەستی ژنانەن، بەڵام وەک زمان نەیانتوانیوە لە زمانی پیاوانە دەرچن و...، کە ئەمە وتارێکی جیای دەوێت...

یکی از دلایل جوان مرگی در شعر ما اصلا همین معیاری-ست کە ان را امتیاز یک شاعر می دانیم، و نمی دانیم کە زبان شاعر را نهایتاً بە شکل فجیعی بە ایستایی می رساند. اصلاً هرشیوەی زبانی، جهان خاص خودش را می سازد و شاعری کە اصرار دارد بە اجرای درایە های گرزی خاص، مدام جهان کوچکی را در کارهایش تکرار کردە در ان وسیع نمی شود. خوانندەی جدید، دیگر شاعری را کە پای پنجرەای مشخص ایستادە باشد و مدام در حال توصیف- منڤری مشخص باشد، خیلی تحمل نمی کند. شکل هـای زبانی، پنجرەهایی هستند کە زاویەهای دید و منحصر بە فردی دارند. نمی شود بە جهان شعر فقگ از یک سمت خیرەشد، بدجوری سلیقەی خوانش را دیکتاتور بار می اورد. متأسفانە همیشە شاعران ما درهای زبان شعرشان را با علاقە بە روی ورود ویروس های این سرگان باز گڕاشتەاند و هنوز بە ان می بالند!

رەشەمەی ٢٠١٠

سەقز

# ئایا ئەدیبان و هونەرمەندان بلیمەت و داهێنەرن، یان شێتن؟

**ئامادەکردنی:**
**حەمەی ئەحمەد رەسوڵ**

بابەتی داهێنان Creation لە بوارەکانی ژیاندا بەگشتیی و لە بواری زانست و وێـژەو هونەردا بە تایبەتی، مێشکی زۆربەی خەڵکی و زانایان و تۆێژەرەوەی ورووژاندووەو بۆتە وێردی سەر زمانیان و مشتومڕی خستۆتە نێـوان نووسەران و زانایان و رەخنەگرانەوەو هەزارەها پرسیاری ئاڵـۆزو سەیروسەمەرەی لەم بوارەدا بۆجێهێشتووین... بۆ وێنە: ئایا بۆچی پـۆشکین لە شیعردا داهێنەرەو برێشتی ئەڵـمانی لە بواری شانۆدا بلیمەتە؟ چۆن هەریەک لە بتهۆڤـن لە مۆسیقاداو پیکاسۆ لە وێنەکێشان و هونەر بە گشتیدا ئافەریدەو داهێـنانی خۆیان نیشانی سەرتاپای جیهان بدەن و دونیاش بە ئافەریدەکارییەکانیان سەرسام

بکەن؟

ئەگەر داهێنان تەنها بوارێک لە بوارەکانی ژیان بگرێتەخۆ، ئەی دەبێت لەگەڵ کەسانێکی وەکو- داڤینشی-دا چی بووترێت کە لە وێنەکێشان و مۆسیقا و کیمیازانی و نووژداری و پەیکەرتاشی و لە هەمان کاتیشدا لە ئەندازیاریی: کۆشک و تەلار و نەخشەکێشانی شەڕ و جەنگدا بێهاوتا بووە؟! یاخود هونەرمەندێکی وەک: شارلی شاپلن کە لە بواری نووسین و نواندن و دەرهێنان و مۆسیقادا بلیمەتی خۆی بۆ دونیا سەلماند. لێرەدا پرسیار هەر بەردەوامە و بە جۆرێکی دیکە دێتەپێشێ و خۆی ئاوەها دەردەبڕێت: ئەگەر جارێکی دیکە و بەڕێکەوت و ئەگەر هەڵسوڕا، ئایا دەشێت مۆزارت لە جیاتی موۆزیک (مۆسیقا) لە مەیدانی هۆنراوەو قەسیدەئەفراندندا داهێنەرو بلیمەت بێت؟ دەشێت شەکسپیر لەبری شانۆ، لە وێنەکێشان و تابلۆ نەخشاندندا بلیمەت بێت... دەکرێت - جەواد سەلیمی لای خۆمان داهێـنان لە فیلم و بواری سینەمادا بەرپا بکات لە جیاتی بوارەکەی خۆی کە پەیکەرتاشین بوو؟ یان تۆ بڵێی ئەمجارەیان (یەڵـماز گـۆنا)ی هەمیشە نەمر پاش ئەوەی حوکمی سەد ساڵ نەفیکردنەکەی لە دوورگە تاریک و تەریکەکەیدا بەسەر دەبات، لە بوارێکی دیکەی زانست و هونەردا ئەسپەشێکەی لە دەشتی کاکی بە کاکی داهێناندا تاو بدات؟! دەشێت -نالی-یە مەزنەکەی کورد لەجیاتی هۆنراوە بەرزەکانی، رۆمان یان سەمفۆنیای مەزنمان پێـببەخشێت؟!

تۆ بڵێیت -هێـگڵ- مەبەستی پێکا بێت کە وتوویە (هەرگیز جارێکی دیکە هۆمیرۆس و سۆفۆکلیس و دانتی و شەکسپیر دەرناکەونەوە)... داهێنان کە بەرزترین پـلەی هۆشیاریی و بیرکردنەوەی ئادەمیزادە و مەزنترین دیاریی و بەرهەمی بەرەنجامی ئەزموون و کۆششی پراکتیکی هونەرمەند و ئەدیب و زانا بێت... ئایا داهێنەر Creative کەسێکی نەخۆش و نەرجسی و بەدەن لاوازو دێوانەو شێتۆکەیە، هەروەکو چۆن هەریەک لە زانایان: لۆمبرۆزۆو شۆپنهاوەر و فرۆید و یۆنگ هەریەکەیان جەختیان لەسەر دەکرد... پاشان بۆ پڕکردنەوەی گرێی: هەست بەکەمیکردن و کێماسیکردن Inferiority Complex پەنا دەبەنە بەر داهێنان؟

ئەو زانایانە بۆ داکۆکیکردن لە بیروڕاکەیان، هەریەک لە ڤان خۆخ و پروست و دۆستایەفیسکی و گـۆیا و لۆرد بایرۆن و جۆرج ساند وساد دەکەن بە پاساو و بە نموونەو هەوێنی تۆژینەوەکەیان! دەشێت هونەرمەند و زانای داهێنەر دیاردەیەکی دەگمەن بێت و داهێنانەکەشیان هیچ یاساو رێـسایەک نەیگرێتە خۆ، هەروەک- هێنری برگسۆن H. Bergson دەڵێت، یاخود شاعیر بێ ئەقڵ و هۆش بێت و کارە


برگسون


گالتون

هونەرییەکانیان لە ئاسمانەوە بێتە خوارێ وەک هەریەک لە (ئەفلاتۆن Plato و هۆمیرۆس و ئیمانۆیل کانت Kant) بە راشکاوی رایانگەیاند؟!

زانست ئەرکی وەڵامدانەوەی زۆربەی ئەو پرسیارە سادەو ئاڵـۆزانەی خستۆتە سەر شانی خۆی بە مەبەستی شیکردنەوەو تاووتوێکردنی کەسایەتی داهێنەر... لەوەدا کە ئایا داهێنەر کەسێکی ئاساییە یاخود کەسێکی شێتە یان بلیمەت؟! چەندەها تیۆری زانستی دارێژراوە لە بۆتەی سایکۆلۆژیاو فسیۆلۆژیادا لەمبارەیەوە... هەرچەندە لە ئاکامی جەنجاڵـی و مشتومڕی بەردەوامی نێوان زانایان و دابەشبوونیان بەسەر چەند قوتابخانەیەکی دژبەیەکدا لێرەو لەوێ وەختە بڵێم: وەڵامی راستەقینەی پرسیارە سەرەکییەکە سەرەونگـووندەکەن! هەگبەی ئەو پرسیارەش هێندەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووەو هەروا بە سانایی وەڵامدانەوەی مەحاڵـە، بۆیە چاکترین رێگەچارە سەبارەت بەو دیـاردە ئاڵـۆزە ئەوەیە کە لایەکی مێژوویی لە گرنگترین تاقیکردنەوە زانستییەکان بکەینەوەو بیانخەینە بەرچاو، بەڵـکو بتوانین وەڵامێکی لۆژیکی و مەنتیقیان لێ دروێنە بکەین.

سەرەتا تۆژینەوە کلاسیکییەکان: لەم بوارەدا یەکەم هەنگاو لەم بارەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئینگلیزی/ گالتۆن (Galton) (١٨٢٢-١٩١٤) کە ئامۆزای زانای مەزنی بایۆلۆژیا چارلز داروینە، لە بۆتەی تاقیکردنەوەی بایۆلۆژییەوەو لە کتێبەکەیدا/ بلیمەتی بۆماوەیی ١٨٦٤-HereditaryGenius/ هەوڵیداوە پەیوەندی نێوان داهێنان و رەمەکی/ غریزەی زیرەکی بەمشێوەیە کۆکبکات: ئافەریدەکاریی و کاری خەلقکردن هێزێکی ژیریی لەبن نەهاتووەو رەمەکێکی بۆماوەییەو زیرەکی لە نێوان بنەماڵەی بلیمەتەکاندا حەشاردراوەو لە رێگەی یاسای ئەندامییەوە کرۆمۆسۆمەکان بەو کارە هەڵدەستن و نەوە دوای نەوە دەگوێزرێتەوە... لە جێیەکی دیکەی کتێبەکەیدا دەڵێت: مرۆڤی بلیمەت خاوەنی بەهرەو زیرەکیەکی ناسروشتی ئاڵـۆزە کە ئەوەش بۆ پێکهاتووەکانی دەماغ و مێشکی دەگەڕێـتەوەو بە رێکەوت لە رێگەی یاسای لادانەوە- انحراف- (کە یاسایەکی بایۆلۆژییە) دەچەسپێت. هەروەها لە پوختەی بیروراکانیدا دەڵێت: پێشکەوتن و پەرەسەندنی

زۆربەی زۆری ژیارییەکان پابەندە بە زیرەکی و بلیمەتی کەسانی نێو ئەو شارستانییەتەوە، کە لە ڕێگەی بۆماوەییەوە بەسەریاندا دابەشدەبێت. بیروڕاکانی ئەم زانایە گەلێک دەرویش و موریدی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە کە پەرەیان بە زاراوەو وتەزاو ناواخنی تیۆرییەکەی گالتۆن- داوە لەوانە (سپێرمان و ئۆرانس و فرانک بارۆن و سپنسەر)ن.

بۆچوونی بایۆلۆژی گالتۆن و لایەنگران و هەوادارانی لە گەلێک لایەنەوە کێماسی (کەموکوڕیی) و نوشووستی گرتۆتە خۆو تاوانی ڕەگەزپەرستیی دراوەتە پاڵ... هەروەها بە بەڵگەو تاقیکردنەوەی مێژوویی، پێچەوانەی ئەو ڕایەیان سەلماندووە، کە: کۆئەندامی دەمار و مۆخی مرۆڤ چوونیەکن ئەگەر نەشتەرکاری مۆخی بتهۆڤن و شەکسپیرو کابرایەکی شوان بگریت، هیچ جۆرە جیاوازییەک لە نێوانیاندا بەدیناکرێت و تەنانەت جیاوازی قەوارەی کەللەسەری نێوان زانایانیش مانای جیاوازی توانا و ئاستی بیرکردنەوە و خەملاندنیان ناگەیەنێت... بۆ وێنە: قەوارەی کاسەسەری تۆرگنێف و بایرۆن وەکیەک (٢٠٠٠ سم٣) بوون، کە ئەوەش نیوەی قەوارەی کاسەسەری هەریەک لە کانتی فەیلەسووف و ئەناتۆل فرانس-ی نووسەرە کە گرنگی و بایەخی بەرهەمەکانیان لەوانەی پێشوویان هەرگیز کەمترنەبووە... هەروەها ئەگەر زیرەکیی و دیاردەی بلیمەتی لەژێر کاریگەری بایۆلۆژیاوەو لە ڕێگەی کرۆمۆسۆمەوە خەسڵەتەکانی مرۆڤ بگوێزێتەوە، ئەی بۆچی خێزان و بنەماڵەی هەریەک لە ئانیشتاین و دانتی و بەلزاک و شەکسپیرو.تاد. بلیمەتێکی دیکەی وەک خۆیانی جارێکی تر نەخوولقاندۆتەوە...؟! ئەمەش وەڵامی پرسیارێکە و ئاراستەی هەوادارانی یاسای بۆماوەیی دەکرێتەوە. لایەنگرانی تیۆرییەکەی گاڵتۆن لە بژارکردنی بیروڕاکانیاندا سەبارەت بە دیاردەی بلیمەتیی باوەڕیان بە هۆکارو فاکتەری پەیداکردن لە دەوروبەرەوە- اکتساب من البیئە - هەیە لە پاڵ فاکتەری بۆماوەییدا کە لە ڕێگەی دامودەزگاکانی فێربوون و خوێندنەوە دەستەبەردەبن.

لەم بارەیەوە (د.نوری جەعفەر) دەڵێت: دیاردەی توانستی بلیمەت ناگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی بۆماوەیی و دامودەزگاکانی فێربوون و خوێندن هەرگیز لە تواناياندا نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان هونەرمەندێکی داهێنەر یان زانایەکی بەخشندە یان فیلمسازێکی بەهرەمەند ئافەریدە بکەن و دروستبکەن... (د.نوری جعفر: الاصالە فی مجال العلم و الفن/ بغداد ١٩٧٩). خۆ ئەگەر کاریگەریی و هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی بایۆلۆژی مێشک و دەماخی کەسی بلیمەت، ئەوا دەبوایە داهێنەران لەسەروەختی منداڵیی و خوێندنیشیاندا سەرکەوتوویی و پەرجوو

(موعجیزە)ی خۆیان بنواندایە، بەڵام بە پێچەوانەوە گەلێکیان شکستیان هێناوە... هەر بۆ وێنە هەریەکە لە پاستۆر و نیوتن و ئەدیسۆن و جێمس وات و پاسکال و داروین و ئاینیشتاین و پاڤلۆف و بۆنکاریێ و تۆڵستۆی و بالزاک و ئێمیل زۆلاو تەها حوسێن، مامۆستاو خوێندکارە هاوەڵەکانیان بە گەمژەو هێر و دەبەنگ ناویان بردوون و زۆربەیان وازیان لە خوێندن هێناوەو سەرکەوتنیان وەدەست نەهێناوە، بەڵکو هەندێکیان لە کاتی تاقیکردنەوە و وەرگرتنی بڕوانامەداو لە بابەتە تایبەتەکەی خۆیاندا دەرنەچوون... (یوسف میخائیل: العبقریە والجنون/القاهرە .بدون تاریخ). لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شیکردنەوەی کەسایەتی داهێنەر بە بەردەوامی ڕێبازی نوێ و تازەی بە خۆوە بینیوە، پێبەپێی پەڕاو و نووسراوەکانی (لۆمبرۆزۆ و لانگ ئیکیاوم و کرتشمەر و بۆتشەر و بارۆن) داهێنانی هونەریی - الابداع الفنی - پابەندی شێتیی و نەخۆشیی دەروونی و بەدەنی و ئەقڵیی کراون... کەسایەتی داهێنەر بە بڕوای ئەو زانایانەی کە زۆر بەیان پزیشک و نووژدار بوون، داهێنەر کەسێکی مێشک و دەروون نەخۆشن... ترس و دڵەڕاوکێ و وڕێنەکردن لەبەرخۆوە و هەڵەشەیی و تووڕەیی و دەمارگیریی و نەخۆشیی هیستیریاو شیزۆفرینیا بەسەریاندا زاڵبووەو لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیاندا ڕەنگدەداتەوە...

لانک ئیکیاوم لە کتێبەکەیدا (مشکله العبقریه— ١٩٢٨) جەختی لەوە کردۆتەوە، کاتێک لە دەرئەنجامی پشکنین و تاقیکردنەوەی زانستیدا کە سەبارەت بە حەفتاوپێنج بلیمەت و داهێنەر دەرکەوت کە نزیکەی شەستیان بەدەست بارودۆخی ناهەمواری دەروونیی و مێشکییەوە دەناڵێنن... بۆ نموونە: ڕۆسۆ و مۆزارت هەمیشە لەو بڕوایەدا بوون کە خواردنەکانیان ژەهراوین و گومانیان لە چێشتلێنەر و ئاشپەزەکانیان و خزمەتکارانیان هەبوو، لەوەی کە دەیانەوێت بیانکوژن... هەروەها بۆ نموونە: چارلز دیکنز نیوەی شەوان و بە تاریکی ماڵەوەی جێدەهێشت و هەروەکو شێت و دێوانە لەسەر شەقامەکان سەمایدەکرد... یاخود بەرگی دەریاوانی دەپۆشی و لە پەنجەرەوە و بێ ئاگاداریان خۆی دەکرد بە ژوورو ماڵی هاوڕێکانیدا...

فان خۆخ گوێی خۆی دەبڕێت و پێشکەشی ژنێکی گەڕەکەکەی خۆیانی دەکات... ئەمە و بێجگە لە چەندان ڕەفتاری نامۆی دیکەی ئەم هونەرمەندە مەزنەی دونیای شێوەکاریی... شیللی شاعیری گەورەی جیهانیی، هەمیشە لەو ساڵانەی دوایی تەمەنیدا دەکەوتە وڕێنەو لەبەرخۆیەوە قسەو بۆڵەی بوو... کە بە تەنیا دەبوو قسەی لەبەرخۆیەوە دەکرد و قسەی زیاتری دەکرد لەوەی کە لەگەڵ

کەسێکی تردا بێت...

بتهۆفن کە لەگەڵ ئەوەشدا زۆر هەژار بووەو کەمدەرامەت بووە سێ خانووی بەکرێ دەگرت... بۆدلێر لە تەک ئەوەشدا کە نەخۆشیی دەروونی و وەسواسی هەبووە، هۆمۆ سێکسوال بووەو دواجاریش تووشی شێتیی- psuchoses- بووە، کیتس نەخۆشی هایپۆکۆندریا (الهکعیه)ی لەگەڵدا بووە، شۆپان و هێمینگوای تووشی نەخۆشیی خەمۆکی و پەستی و شێتیی بوون... دۆستایەفیسکی نەخۆشیی پەرکەمی لەگەڵدابووە... گۆگان و پروست و گۆتەو جۆرج ساندو دێ سادو ژان کۆکتۆو میشێل فۆکۆو گەلێکی دیکەیان لەو داهێنەر و نووسەرو هونەرمەندانەی هەموو جیهان شانازییان پێوە دەکەن، بەدەم نەخۆشیی دەروونی و شیزۆفرینیاو سێکسی و شێتی و خەمۆکی و پەستیی و وەسواسی و هەلوەسەوە تلاونەتەوە... (د. مستەفا سوەیف/الاسس النفسیه للابداع الفنی/مصر ١٩٦٩)...

کرتشمەر لە کتێبەکەیدا The Psychology of Genius دەڵێت: بوونی نەخۆشیی دەروونی و دەماریی (نیورۆسیس– العصاب) هۆیەکی گەوهەرییە بۆ ئەنجامدان و پێکهاتنی کەسێکی بلیمەت... ئەگەر ئەو کەسە ئەو رەگەزەی لێدەرهێنرا، توانای ئەو داهێنان و ئافەریدەکارییەی نامێنێت... چونکە پێکهاتەی کۆئەندامی دەمار و مێشکی بلیمەت و کەسێکی داهێنەر پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە و دروستبوونی ئەو نەخۆشییانە ئاسایی و سرووشتین و دەبنە پاڵنەر motive و ئاکتیڤێک هەر بەو هۆیانەوە هێز و توانای لە رادەبەدەری مێشکیان دەکەوێتە دەرهاوێشتنی چالاکی بیرکردنەوەو رامان و سەرسامیی بێسنوورەوە... (جان برتلیمی م بحت فی علم الجمال/ القاهره /١٩٧٠).

بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە زانا و دەروونناسێک دەردەکەوێت کە خۆشی بلیمەتێکی دونیای سایکۆلۆژیایە و دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکارییە، سیگمۆند فرۆید هەمیشە سەرقاڵی تۆژینەوە و شیکردنەوەی مەسەلەی داهێنانی نووسەران و ژیانی هونەرمەندان بووە، بۆ ئەو مەبەستەش کەوتۆتە پێداچوونەوەو پشکنینی بەردەوامی ژیان و چۆنییەتی بیرکردنەوەو حاڵەتی نووسین و کارکردنی هونەری ئەو داهێنەرانەی کە سەرنجی ئەمیان راکێشاوە. بۆ وێنە گەلێک لێکۆڵینەوەی لەسەر ژیانی سۆفۆکلیس و دافێنشی و شەکسپیرو دۆستایەفیسکی بەئەنجامگەیاندووە... شایانی وتنە، پوختەی بیروڕای فرۆید بەرامبەر هونەرمەند و بلیمەت ئەوەبووە کە ئەو کەسانە هەست بە گرێی کەموکوڕیی و خۆپەرستی و تێکچوونی هاوسەنگی باری دەروونیی و کپبوونەوەی ئارەزووە سێکسییەکانی ژیانی واقعییان دەکەن و لە

کێشەیەکی وەهمیدا ژیان دەبەنەسەر... هونەرمەندی داهێنەر بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی، لە واقیع هەڵدێت و بۆ خودبەرزکردنەوە و بالآبوون (التسامی Sublimation) وزەو توانای لە چالاکییەکانی تردا پەرشدەبێتەوە... لە ڕێگەی- نەست-ەوە پەنا دەباتە بەر کاری داهێنان و ئافەریدەکردن لە بواری ئەدەب و هونەردا...

فرۆید بەڵگەی بۆ ئەو ڕایەی ئەوەیە، کە هونەرمەند و نووسەر لە حاڵەتی نیمچە لەهۆش خۆچوون و زیندەخەوندا کاری هونەریی بەرهەمدێنن, خەونیش ملکەچی بێئاگاییە (اللاشعور) و هەمیشە مرۆڤ شتەکان لە خەوندا بە ئاوەژوویی دەبینێت، هەر لەبەرئەوەشە کارە هونەرییەکەشی هەمان سیماو هەمان فۆرمەلە هەڵدەگرێت... ڕاستی مەسەلەکان و کێشە و ئاریشەکان، فیگورو پاڵەوان و کەسایەتییەکان بە ئاشکرا و ڕوونیی نیشان نادات و بەشێوەیەکی تەمومژاویی نوومایشیان دەکات ... هێما (ڕەمز)و وێنەی ئاڵۆز و ئاوەژوو بەکاردێنن و کارەکانیان دەکەن بە ئەندێشەو خەیاڵ و لە واقیع دوور دەکەونەوە... (حلمی الملیجی/سایکولوجیە الابتکار/جامعە الاسکندریە ١٩٦٩).

فرۆید بڕوای وایە؛ کە کەسی داهێنەر و بلیمەت، هەمیشە لە کێشە و ململانێ و ناکۆکی نێوان خودی خۆی و کۆمەڵەکەیدا دەژی... زۆرجار ناتوانێت وزە و ئارەزووە سێکسییەکانی -وەکو خۆی ناوی لێناوە لیبدۆ- لە ڕێگەی پرۆسێسی داهێنانەوە وەدەستبێنێت، بۆیە تووشی نەخۆشیی دەماریی (نیورۆسیس- Neurosis) دەبێت، بەوپێیە نەخۆشیی دەماریی و هیستریا دەبنە چارەسەرێکی سرووشتیی و ئاسایی و هەروەها ناچارییەک کەوا من (الانا Ego) خۆی پێوە دەبەستێتەوە... چونکە هونەرمەند و نووسەر و ئەدیب لە لایەکەوە دەکەونە ژێر کاریگەریی دابونەریت و کۆتی یاسا و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە و لە لایەکی دیکەوە بەرچنگی ڕەحمەتی پێداویستییەکانی خودەوە (کە مەبەستی لە ڕەمەکی سێکسییە)...

فرۆید بۆ پشکنینی پەنهانیی و گرێی کاری داهێنان و ئافەریدەکردن، بڕوای وابووە کە پاڵنەرێک و فاکتەرێکی بنەڕەتی و سەرەکی لە ژیانی داهێنەر و بلیمەتاندا حەشاردراوە، کە ناکرێت نکوڵیی لێ بکرێت کە بنەماو پرەنسیپەکانی ئەو حاڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ سەروەخت و سەردەمی منداڵیی، کە لە بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت... بەو واتایەی کە سەردەمی منداڵیی ئەگەر سادە و بێ گرێوگۆڵ بوو، ئەشکەنجەی تێدا نەبوو، ئەوا هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ جێناهێڵێت بەسەر کەسێتی ئەو منداڵەوە لە گەورە بوونیدا،

بەلأم بە پێچەوانەوە ئەگەر سەروەختی منداڵیی دژوار و سەخت بوو، ژیان و داتاکان و واتاکانی ژیان و گوزەرانی مادیی و مەعنەویی پڕ ئاریشە و کێشەبوو، بێگومان ئەوە دەبێتە فاکتەرێک بۆ بەگەڕخستن و تەقاندنەوەی تواناو وزەی داهێنان بەئاگادێنێتەوەو دەبێتە خاڵی بادانەوە و بنچینەی هەڵوێست و کاری هونەریی ئەو کەسایەتییە... لەم پێودانگەشەوە فرۆید ئەم بیروڕایەی بەسەر هونەرمەندی مەزن دافێنشیدا بەرجەستە دەکات، بۆ نموونە دەڵێت: ((سیمای ژن و ئافرەتەکانی نێو تابلۆکانی دافێنشی پڕ خەندە و خۆشین... لەبەرئەوەی ئەم هونەرمەندە گەورەیە هەر لە منداڵییەوە لە سۆز و میهر و دڵنەوایی دایکی دابڕاوە و لێی بێبەش بووە، بۆیە پابەندی هێنانەدی ئەو گرفت و گرێی دەروونییەیە و بۆ هاوسەنگی ئەو حاڵەتەش لای ئەم کەسە بلیمەت و پتەوە تەنها ئەوەیە کە دەیەوێت لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە ئەو کەموکوڕیی و کێماسییە تیمار بکات و دەروونی برینداری پێ سارێژ بکات!)).

(سیگمۆند فرۆید/دەربارەی دافێنشی و دۆستایەفیسکی/ئەمستردام/چاپی سیزدەیەم/ ١٩٨٩).

بەلأم لە یەکالاکردنەوەی بیروڕاکانی فرۆیددا، گەلێک زانا و توێژەری دەروونیی وەلأمیاندایەوەو بە توندیش ڕەخنەیان لێگرتووەو بەرامبەر بە ڕایەکانی فرۆید وەستاونەتەوەو بەرەنگارییان کردووە، بۆ وێنە ڕەخنەگرانی سەر بە تیۆری کۆمەلأیەتی لە هونەرداو لەبەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی فرۆید لەم بارەیەوە پێیانوایە:((کاریگەریی ناهەمواری ژیان و گوزەرانی سەردەمی منداڵی کارناکاتە سەر کەسێتی داهێنەرو پاشماوەیەکی ئەوتۆش لە بەرهەمەکانیدا جێناهێڵێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئاوات و خواست و خولیاو تێڕوانین و پێداویستییەکانی مرۆڤ پێبەپێی سەردەم و ڕۆژگار لە گۆڕاندایە)).

هەر لەم بارەیەوە زانای سۆڤییەتی –لۆریا– لە بۆتەی فسیۆلۆژیاوە وتوویەتی: ((بەگشتیی مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە چوونیەک بیردەکەنەوە و وەکو یەکتر توانای دەربڕینیان هەیە...))، هەروەها وتوویەتی: داهێنەران لەگەڵ ئەوەشدا کە زەمینەی خۆماندووکردن و نووسین بۆ خۆیان خۆشدەکەن، پێبەپێی ئەزموون و پراکتیک هەردوو هۆکاری-ڕۆشنبیریی و کۆمەلأیەتی- دەبنە فاکتەر و پاڵنەرێکی بنچینەیی و هێزو توانستی داهێنان دەیهاوێژێتە دەرەوە... بەلأم گرنگ ئەوەیە بارودۆخی شیاوی دەوروبەر بواری مرۆڤ بدەن و بواری گۆڕان ( ئافەریدەو خەلق)ی داهێنان بدەن بە شێوەیەکی گشتیی... (قاسم حسین صالح/ الابداع فی الفن/ بغداد/١٩٨١).

زۆربەی زانایانی فسیۆلۆژیا و زۆریش لە دەروونناسان پێیانوابووە، کە فرۆید چاوی بە داهێنانی هونەرمەند و بلیمەتان هەڵنەهاتووەو هۆکاری رۆشنبیریی و پراکتیکی پڕ ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتییان لەبیر خەڵکی دەباتەوە... پێیانوایە، ئەگەر مرۆڤی داهێنەر هەست بە کەموکوڕیی و نەخۆشیی دەروونی و دەماریی دەکەن و ئیفلیجی دەست دامرکاندنەوەی ئارەزووی سێکسین... کەواتە شتێکی بەڵگەنەویستە کە چالاکی ئەندامەکانی لەش و کۆئەندامی دەمارو هەست و بیرکردنەوەشی دەشێوێت، چونکە مێشک و دەماخی مرۆڤی نەخۆش توانای کارکردن و وەرگرتن (ئیستیعاب) و بەخشین و دەبڕینی نییە... ئەگەر کاری داهێنانی بلیمەت و داهێنەران، پەنابردنەبەر بێئاگایی و زیندە خەون بێت، ئەوا کەسانی هۆشمەند و ژیر لە وڕێنەکردنی کەسێکی نەخۆش و بێهۆش و نووستووی نێو دەریای پڕ ئەندێشەو خەیاڵاتی ئەودیوی واقیع، هەرگیز ئاگای لە گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگە و ململانێی سەردەمەکەی خۆی نییە، تەنانەت رێبازو یاساو فۆرم و ستایل و قوتابخانە هونەرییەکانیش دەرک پێناکات... (د.نوری جعفر/الاصاله فی مجال العلم والفن...)

بێرجس-ی زانا لەم بارەیەوە دەڵێت: فرۆید بەکارهێنانی هێما و سیمبول لە ئەدەب و هونەردا بۆ حاڵەتی نەست و زیندەخەون دەباتەوە... لە کاتێکدا دۆزینەوەی سەراپای یاسا ماتماتیکی و کیمیایی و فیزیاییەکان لە هەست و ئەندێشەیەکی ساکارەوە هەڵقوڵاون و بە شێوەی هێماو رەمز داڕێژراون... بەم پێودانگە بووایە خۆ ئەگەر فرۆید لێکۆڵینەوەی دەربارەی تیۆری و لەسەر ژیانی هەریەک لە فیساگۆرس و نیوتن و پاسکال و ئاینیشتاین ئەنجام بدایە، بەکارهێنانی هێمای یاساکانیانی بۆ کاریگەریی حاڵەتی -نەست/بێئاگایی-و خەون بینین دەگەڕاندەوە...

Jaffar Nouri ,Creativity and brain Mechaisms ,Baghdad) .(AlZahra Press. 1976

### ئاکام و پوختە:

شیکردنەوەی کەسایەتی داهێنەر و بلیمەت و تەنها پێناسەکردنی، ئەمڕۆ بە کێشەیەکی گەورەی زانستیی و جیهانیی ناوزەد دەکرێت... هەر بۆیە بۆ ناسینەوەی کەسایەتی مرۆڤی داهێنەر و بلیمەت گەلێک بۆچوون و تیۆری ئاڵۆز هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت کەسایەتی مرۆڤی داهێنەر کەسایەتییەکی تەواوە و بێ کێماسی و کەموکوڕیی نییە... مرۆڤی بلیمەت کەسێکی نەخۆش و

شێت و بێهۆش نییەو بەدەم ڕێگاوە وڕێنە بکات... بە پێچەوانەوە مرۆڤێکە پڕە لە ئەزموون و شارەزایی و هەست و سۆز... لیوانلێوە لە مەعریفە و لە ئەقڵ و لە حیکمەت... خاوەنی گەنجینەیەکی مەزنی ڕۆشنبیریی و مێشکفراوانی و ئەقڵانییەت و ئاوات و خولیاو هەڵوێست و بیروبۆچوونی تازە و ئافەریدەکارە... ژان و ئازاری نیشتمانەکەی چەشتووەو کێشەو ململانێی سەردەمەکەی هەڵگرتووە... مادامەکی مرۆڤی داهێنەر خاوەنی هەست و سۆزێکی زۆر ناسک و بەرزە، دڵـەڕاوکێ و پەرۆشیی و پشێوی ئەو لە پێناوی داهێنان و ئافەریدەی تازەتردایە...

کێشەی دەروونیی بەردەوامی مرۆڤی بلیمەت لەگەڵ واقیع و دەروبەردایە، لەگەڵ دەسەڵاتی دەرەوە و کۆنترۆڵ و ویژدان و ململانێی ناخ و ناوەوەی خۆیدایە... لەپێناو خۆی و بەرژەوەندیی خۆیدا بووایە ئەوەندە دڵ و دەروون پڕ لە ئازار نەدەبوو... ئەوەندە خاوەنی ئاوات و هیوا نەدەبوو... ڕاڕایی و دڵەڕاوکێی مرۆڤی بلیمەت و داهێنەر لە پێناوی ئەوانی تردایە... لەپێناوی گەلەکەی و نیشتمانەکەیدایە... لەپێناوی ئاسۆی پێشکەوتن و بەختەوەریی و ئاسوودەیی مرۆڤایەتیدایە... لە پێناوی ئاییندەی پڕ ئازادیی و سەربەستیی و دادوەریی و یەکسانیی مرۆڤدایە... لە پێناوی بەگژداچوونەوەی ناکۆکی و گەندەڵیی و ناعەدالەتی و نایەکسانی و چەوساندنەوەی مرۆڤدایە و بەتوندیی دەجەنگێن!

مرۆڤی داهێنەر و بلیمەت، نموونەی بەرزی شانازیی و شکۆمەندیی نەتەوە و نیشتمان و مرۆڤایەتییە، میللەتیش لە هەگبەی نەخشین و واڵای خۆیدا و لەسەر لاپەڕەی مێژووی زێڕینی خۆی شەرەفی مەزنیی و نەمریی و ستایشی پێدەبەخشێت... لەخۆڕا نییە پەیکەر و ناو و نازناو و کتێب و فەرهەنگی بلیمەتانی وەکو ئاینشتاین و نیوتن و ئەدیسۆن و دانتی و شەکسپیرو برێشت و فۆکۆو مارکس و شاپلن و یاڵماز گۆنای و پیکاسۆو لۆرکاو سپینۆزاو ئەرستۆ و پلاتۆو پسمارک و ماندێلا و سەدان و هەزاران بلیمەتی دیکە ناو و ناوبانگیان هەموو دونیای تەنیووە و شایانی شانازیی و فەخر و ستایشن و هەتا دونیا دونیایە مرۆڤایەتی باسی بلیمەتیی و داهێنانەکانی ئەوان دەکات و هەرگیز بیریان ناکەن! ئێمەش شانازیی بە ئەحمەدی خانی و نالی و پیرەمێرد و گۆران و یەشار کەمال و محەمەد ئۆزۆنەوە دەکەین... خۆزگە گەلی کوردیش بلیمەت و داهێنەرەکانی لە سیاسەتمەدارو بازرگانە قۆڵبڕەکانی زۆرترو بەرفراوانتر بووایە، بۆئەوەی هیچ نەبێت ژیانمان ئاسوودەترو مرۆڤمان بەنرختر بووایە... خۆزگە وا بووایە و وای لێبهاتایە!

# دەق


| | |
|---|---|
| گلگامێش وتی | **سەلام محەمەد** |
| لەندەن | **مەجید عەزیز** |
| پیربوونی من و خۆم | **حەمە کاکەڕەش** |
| مەنفایەک لەناو نیشتماندا | **دیار بەکر** |
| سێکسی ژمارە هیچ | **ئاریان ئەبوبەکر** |
| بە دووربین، لە سەربانەوە | **رابەر فاریق** |
| کوڕەکە دەچێت بۆ پێشانگە | **محەمەد ناکام** |
| ئینتزار | **هیوا سەلیمی** |




دیدار لەگەڵ لازۆر

**سازدانی: گۆڤاری هەنار**

# گلگامێش وتی



سەلام محەمەد
سوید

تۆ تاکە میوانیت. یەکەمین هاتنت
دواهەمین دیدەنی و سەردانی تەمەن و ژیانە
تۆ تەنها رەنگێکی لە هەموو رەنگەکان جیاوازتر
لە هەموو هێزەکان بەهێزتر
لە هەموو واتاکان قووڵتر و
لە هەموو هیچەکان هیچتری
ئەی مردن
×××
تۆ لووتکەی یەکسانی و دادخوازیت
هەر خۆتیش تۆخترین پێناسەی بێ دادییت
ئەی مردن
×××



تۆ تاکە هەسارە و
تاقانە ئەستێرە و حەشارگە و مەنزڵگای
کە هەرگیز
ڕۆشنایی تیژڕەوی خەیاڵ و داهێنان
ناتناسێ و ناتبینێ و تێت ناگات
ئەی مردن
×××
ئەو ژمارە دەگمەنەی
بە هەموو پێوانە و پێوەرێک
هەمیشە یەکیت و نابیتە دووان و سیان
سەرەتاو کۆتاییت دیارترین راناوی نادیارە
ئەو لوغزەی
سادەترین وەرامت پرسیارە
ئەی مردن
×××
رازێکی ئەوەندە ئاڵۆزیت
زمانی سەرجەمی رووەک و زیندەوەر دەزانیت
لە ئاو و ئاسمان و زەمیندا
شارەزای ئەتۆم بە ئەتۆمی
جوگرافیای جیهانیت
بەڵام هیچ مرۆڤێک
هیچ بەرد و رووەک و باڵدارێک
هیچ ... هیچ ... هیچ، بێ گیان و گیاندارێک
نازانێ تۆ چیت و چۆن و کەی
برووسکەی ناوەختەی هەورەکەت
چەخماخە دەدات و
بە کامە زمانی گەردوونی دەپەیڤیت ...

٢٠١٠/٤/١٤



# لەندەن

**مەجید عەزیز**

**لەدوای چەندین ساڵ، بە رۆحێکی پڕ لە دڕکوداڵەوە**
**هەموو وەرزی وشکایی بوونم لە ناخدا هەڵگرتبوو**
**لە کوردستانەوە، بۆ تورکیاو، لە تورکیاوە بۆ سوریاو،**
**دواییش، لە ناسنامەی پیاوێکی کەندوای عەرەبیدا**
**گەیشتمە لەندەن...**

**لە نەستمدا**
**ئەمزانی غەریبایەتیم زیاد دەکات و دەبێتە**
**مۆمێک لە باڵەخانەی دڵمداو**
**کزکز دەسووتێت بەدیار تەنیاییمەوە**

بەڵام لەوەزیاترم بۆنەدەکرا،
هاتنێک بووم، وەکو بەختی ژیانم،
وەکو زریانێک بەبێ ئەنجامەکانی

کە گەشتمە لەندەن،
گەنجایەتیم وەکو شیعرێکی نەنووسراو وابوو
غەریبییەکی تامداریش بوو
وەکو تامی هەڵووژە
سوێرییەکی نیوەڕۆیانە
لەناو رۆحی زمانمدا دەیویست تامی ژیان بکات،

لەناو پاسپۆرتێکی کەنداوی عەرەبیدا
بەوێنەکەم و
کۆشێک تەنیایی ناو رووخساری سلێمانیمەوە،
هەڵفڕێم



دەمزانی دەگەمە ناو
قەرەباڵغی شارستانی
هاتم و پەشیمان نەبووم،

ناسنامەیەک وەکو یاسایەکی سەیر،
کاتێک پارە دەیکڕێت
منی کردە کەسێک لە وێنەکەمدا،
من خۆم بووم و خۆشم نەبووم،

جەستەیەکی گەنج،
بەڵام وەکو لەناو زریانێکەوە هاتبێتم،
هەموو چرکەیەک راودەنرام، دەگیرام و، دەشاردرامەوە،
پۆلیسێک لەناو سەرمدا بەدوامدا دەگەڕا
لەناو خۆمدا رامدەکردو نەدەگەشتمە هیچ کوێ،

ئەوکاتانە
شارەزەردەواڵەیەک لە ناخمدا دەورووژا
وەکو وێنەی گەردەلوول لەژێر چاوی خوداوە
ئەوکاتانە
ئاینێکم دەویست لە مۆسیقا، بۆ بێدەنگبوونەوە،
وەکو لەهۆشچوونی دونیا، وەکو یەک تۆز لەخوار نێرڤانەوە،

هەیوانێکم دەویست بە دایکێکەوە بۆ نووستن،
وەکو ئاشکرایی ساردی چیمەنتۆ،
جۆرە بوورانەوەیەک لەبەردەم بەهەشتی نیوەڕواندا
بە خەونە هاوینییەکانییەوە بۆسەربان...
قیبلەیەکم دەویست بۆ دۆزینەوەی خوداوەند،
وەکو ئاشکرایی پیرۆزی کەعبە
بەرماڵێکم دەویست بۆ نوێژە ڕاڕایەکانم،
وەکو فەرشەکەی سندیباد
بۆتەماشاکردنی هەموو زەوی لە سەروو هەورەکانەوە
وەکو ڕوونیی چاوی بازێک،

من،
بەهەموو تەم و مژێکمەوە
گەشتمە ناو لەندەنی سپی
کەژی گیانم پڕبوو لە غوربەتی سەرمای خۆرهەڵاتییەکی مولحید
وەکو ژوورێک پڕبووم لە بۆنی نامۆیی و
نهێنییەکانی نەنووستن،

یەکەمجارم بوو
لەناو فڕۆکەوە تەماشای سەر زەمین بکەم،
لەناو بەرزاییەکی نادیارەوە لە جیهان بڕوانم،
بەبێ ئەوەی یاساش ڕێگام پێبدات،
ناسنامەو شوێنی ناوفڕۆکەو گەشتنیشم،
دڵم بە هاوڕێکەم خۆشبوو

سیحری فڕۆکە، لە خێرایی خۆیدا
وەکو بازێک وابوو لەناو هەوادا
بازێکی گەورە لە پارچەئاسنی لەحیمکراو پێکەوە
بە پانکەکانییەوە بەبێ ئەوەی خوا هیچ پاڵێکی پێوەبنێت،
لە تەماشای هەورەکان بێزارنەدەبووم،

هەرلەسەرەتاوە،
بەرە بەرە نیگەرانیی، وەکو میوانێکی ناوەخت، دەهاتە ناوپێستمەوە
وەکو میوانێک بەخێرهاتنم دەکردو ئەمەندەش نەدەترسام
چرکەکانی شادمانیم لە قەرەجبوونما دەیکردم بەگەنجترین پاشای سەر زەوی

نیگەرانیی لە کاتە سەیرەکاندا دەهات،
چێژێکی سەیریشی دەدامێ
واملێدەهات، دەچوومە ناو هۆڵی مردنیشەوە بۆ ناسینی
لەچی بترسم،
کاتێک بزانم مردن باڵانسی ژیانەو پێوەری پیرییە،

کە گەشتمە لەندەن... وەکو دەفتەرێکی بێبەرگ وابووم
لەبێناونیشانبوونما نەدەخوێندرامەوە،
ژیان پڕی کردبوومەوە لە نیشانەکانی خۆی،
بەڵام تائێستاش بەدوای ناوەڕۆکێکدا دەگەڕێم

(باوەڕم بەهیچ باوەڕێک نییە
هەر نازانم، وەکو مناڵێک، چۆنچۆنی باوەڕبهێنم)

بەبێ شووناس، بەبێ وڵات،
وەکو جەستەیەکی تەڕ لەناو
رتووبەتی غەریبایەتی پێستما نوستووم
جەستە نیشتیمانی رۆحمە،

بە بیرەوەرییەکانمەوە، وەکو باڵندەیەکی بریندار
دەکەوتم و هەڵدەسامەوە،
بەبێ هیچ ناونیشانێک
رووخسارم گێڕانەوەی راکردنەکانم بوو لە جیهان
نەمدەویست بنیشمەوە،
بەڵام نەشمدەتوانی بەئاسانی هەڵبفڕم
لەناو تەڕایی خوێنی داڵغەکانی خۆمدا، وەکو ئەسپێک دەگەوزام
بەبێ ئەوەی تەماشای بەرزاییش بکەم،
ئەمەندەی نەمابوو حیلەم لەبیربچێتەوە،

هەرچی گەنجێتی کوردستانم هەبوو
لە پەنجەرەی دەشتەکانی بوونمەوە
بەئاسانی دایە دەست تەمومژی لەندەن و،
وامزانی وەکو تەکاندنی
چاکەتێکی رەش و کۆنی تۆزاویی وایە
وامزانی ئیتر، شەبەحی بێزاریی بەجێمدەهێڵێ...

وەکو بۆنێکی دووری خۆرهەڵاتی
تێکەڵاوی ناو شەقامی کۆنکریت و
قەرەباڵغی تەنیایی و
ناو بینا بەرز و کۆنەکانی
لەندەن بووم...



بووم بەیەکەم گەڕیدەو
یەکەم پەناهەندەی
پیاسە نەبڕاوەکانی ناو شارستانییەتی
پەیکەرو شۆستە پاکەکان،

جگەرە دەیکێشام و
داڵغەکانی قاچیشم بەناو تونێلەکانی
بیرکردنەوەدا دەیانبردم،

(بەرەبەرە بوومە شەبەحێک لە شەبەحەکان،
بەرەبەرە هەستم بەکاڵبوونەوەی خۆم کرد)

بەڵام بەڕۆژ خۆم پڕدەکرد لە خۆراک و دەگەڕام بە بەردەوامی
بەشەویش خۆم پڕدەکرد لە ئەلکهوول و
لە خەیاڵمدا خۆم دەنووسییەوە

بەرەبەرە لەو رەنگە تۆخەی جارانیشم کاڵبوومەوە
بوومە ریشۆڵەیەکی گەنجی رەساسی بەجێماو
لەدوای کۆتایی زستان...
کۆشکی تەنیاییم لێبووە ئاسمانی هەڵفڕین،

بوومە تارماییەکی کاڵی سەرشەقامەکان
وەکو منیش نەبم وایە، زیاتر پەرت پەرتدەبووم
وەکو تۆزی بیرەوەریی لەبیردەکرام و
لەودیو قەرەباڵغی مێژووەوە
دەنووستم



جۆرە بیرەوەرییەک هەیە بەمشێوەیە
هەروەکو رووی نەدابێت وایە،
وەکو دزەکردنێک بێت لە زەمەن،
وەکو گەمەی چاوشارکێ،
وەکو مناڵبوونەوەی پێش مردن

وەکو تۆ بیت و- تۆش نەبیت،
وەکو مردبیت و زیندووبیتەوە جارێکیتر...
وەکو شەپۆلەکانی دەریا هەڵلووشیت و
هەرگیز تینوێتیت نەشکێنێت،

وەکو باوەڕ بەهیچ خوایەک نەکەیت و،
لە شیعردا خۆت بەخوایەک بزانیت،

(ئێمە جۆرە خودایەکی زەمینین،
حەیفێکم زوو دەمرین)

کە هەموو نیگەرانییەکانم وەکو کراسێک لەبەرکرد
ئیتر نەمدەزانی چی رووئەدات، رۆشتمە دەرەوە بۆ گەڕان
نەدەهاتمەوە بەئاسانی،
تاوەکو تەڕدەبووم بە بارانی نامۆیی
تاوەکو درەنگان،ماڵی من شەقامەکان بوو

(یەکەم جارم بوو لەناو فڕۆکەدا بتوانم جیهان بەو شێوەیە ببینم
یەکەم جاریشم بوو بتوانم، پاسپۆرتێک بدڕێنم)

وای لە ناسنامە،
وای لە وڵات،
وای لە ماڵ،
وای لە بیرەوەرییە بریندارەکان
وای لە تۆزی هەموو چرکەیەکیش لە فویەکدا دەبێتە رابردوو
وای لەئێستاکە وەکو خۆی نامێنێ

پاسپۆرتێک (من) نەبووم و (منیش) بووم لە هەمانکاتدا...
لەو دونیاش هیچ ناسنامەیەک هەڵناگرم،
ئەگەر خوا هیچ نەڵێت؟

پاسپۆرتێک،یەکەم جار هەمبوو
وێنەکەمی بەگەنجی دانابوو
بەڵام، وێنەیەک دەیویست زەردەخەنەکانم دفن بکات،
راوەستابوو، هەتاهەتایە وەکو تۆقاندن
دەیترساندم،

وێنەکەم مێژووی تەماشایەکی گەنجانە بوو بۆ دونیا

چاوەکانیشم پڕ بوون لە گێڕانەوەیەکی وەستاو،
پڕبوون لە تەنیایی و،
پڕ بوون لە بێزارییە هەنگوینییەکانی شام
لەناو غەریبییەکی وەستاودا

وای لە دیمەشقی گەنجێتیم
وای لەو دڵدارییەی فێریکردم لە مەنفا
وای لە ئەزموونی خۆشویستنی کچێک

بۆ من،
شام بەشێک بوو لە شاری بەهەشت...
ئیتر نازانم شاری بەهەشت چی مانایەک ئەدات؟
لەوێ تۆزێک توانیم بە شەوان پیاسە بکەم و تەنیابم و سەرخۆشیش بم
بەڕۆژ دڵداریی بکەم و بیربکەمەوەو تاوێکیش بێزاربم لە دنیاو
زۆری شەوەکانیش وەکو شاعیرێکی دڵشکاو بەسەربەرم بەبێ نووسین،

وەکو پڕدەبووم لە ئەلکهوول، زریانێک پاڵی پێوەدەنام و
پێش خنکاندن، دەڕشامەوە

(لەناو ناسنامەیەکدا خۆمم ناشت،
بەڵام ناسنامەیەک، کڕیبووم وەکو گۆڕێک بۆ ئازادییەکانم
منی دەگووت لە من بوون و، من نەبووندا،
بەڵام هەرخۆشم دڕاندم، ئەمزانی من نەبووم
چەند سەیرە، کە منیش بووم)

بێ ناسنامەیی من، هەتاکو ئێستاش
وەکو دەرگایەکی درێژی کۆنی داخراو وایە،
بەسەر مۆزەخانەی ئەم مێژووە خەمگینەدا،

پاسەوانەکانی ئەم کۆشکە تەماوییەم
نووستوون بە جگەرەکانی دەستیانەوە

دەستەکانیان نووساوە بە چەناگەیانەوەو
چاویان خەواڵووە لە بوون
هەر وەکو نەبووبن وایە...

لێرە، وەکو رۆژ نەکاتەوە...
وەکو سەدەیەکە خەواڵووبم وایە...
وەکو تەم، بوون دەمدزێت، بەفر ئەبارێت...

بەخۆمم دەگووت، هەڵسە لە خەو
برۆ بۆسەر رووباری تایمزو
لەناو تەنیایی ئەوشارەدا بژی
تایمزێک، پڕ لە پاپۆرو جرجە گەورەکان
بەلام ئارامییەکی دەنارد، وەکو بزانێ
غەریبێکم و چاوەڕێی خوا دەکەم لێرەدا،

هەستمکرد
کۆچەریەکی ناو دونیام و هیچی تر
بەلام ناشزانم گلەیی لەچی بکەم،
بیرەوەریی چۆن هۆشم لێدەدزێت؟

دوایی
لە لەندەنی تەمومژدا،
وەکو تیشکی سارد پرشوبلاوبوومەوە
خۆمم دایە دەست کەژ و
لە ئاسمانی ترووسکایی رووداوەکانەوە دیار نەمام
هەر کە قاچەکانم نووسان بەزەوییەوە
لە سروشتی ئێوارەی بیرچوونەوەدا بوومە هەڵم،
بوومە لاسارترین رق، بوومە منداڵترین جەستە
بوومە سکێکی تەندروست و بەهێز بۆ ئەلکهوول
پێکەکانم هەڵدەدا، کە دەشکەوتم بەنج دەبووم و جیهان وازی لێدەهێنام

بە شەوان بە سەرخۆشی
زەمینم پڕدەکرد لە رشانەوەی بێزاریی و یەقکردنەوە
ئیتر ناوسکیشم بەرەبەرە کەوتە ئێش و
دوایی تووشی قورحەی کردم
(چەند ساڵێک بە ئازاری گەدەمەوە خەریک بووم)

هەستم بە پیریی دەکردو
چیدی لە هەستەکانمدا بۆ مردن قووڵتردەبوومەوە لە ژیان
نیگەرانیی وایلێکردم عەشقێکی قووڵم هەبێت
بۆ پیاسە دوور و درێژەکانی ناو (پیکادیلی) و (ئۆکسفۆرد)
دەگەڕام

چەندین رۆژی شەمانم
لەگەڵ گووڵەبەڕۆژەکەی ڤانکوخدا
لە مۆزەخانەی نەتەوەیی بەسەردەبرد
لەناو زەردایی بۆیەکەیدا دەبوومە رووناکی
رووناکییەک پڕیش لە بێزاریی وەکو خەمگینی گووڵەبەڕۆژە

(ئیلفۆرد) یەکەم گەڕەکی ژیانمی دانا،
یەکەم گەڕانی جەستەیەک
ژوورێک لەگەڵ هاوڕێ کوردەکەمدا،
لەوێ بوومە هاوڕێی پیرەمێردو، پیرەژن و،
کۆتری زۆری ناو باخچەکان،
ئازاری عەشق کردمیە زیندانی چاوەڕێکردن

ئیتر
نەفەسە قووڵەکانی جگەرە دەیانکێشام و
هەڵدانی پێکەکانی شەو مەستیاندەکردم و
دەستم کرد بەیاریی و راکردن و بیرچوونەوەو
دانیشتن لە شوێنێکدا بەزیندوویی

ئەوکاتانە ئەمەندەی خۆم شیعربووم
نووسینم هەڵگرتبوو بۆ رۆژی رەش
ئەمەندەی ویستم وەکو شیعر بژیم،
گیرفانەکانم تەنیا جێگای دەستمی تیادەبۆوە،
نەوەک قەڵەم و کاغەز

(ئابووری زانێکبووم لە سەرمایەی عەشق)

لەبری کتێب، هەندێکجار لاپەڕەکانی تاریکیم دەخوێندەوەو
پێکەنین و گریانی برادەرە غەریبەکەم تەفسیردەکرد،
باران و تەمی لەندەنم لەجیاتی دیوانە شیعرەکان دەخوێندەوە
بۆچەند ساڵێک خوێندنەوەم هەر تەرک کردو
ویستم دونیا بخوێنمەوە وەکو خۆی،

لە بێدەنگیدا دەگریام و وەکو منداڵێکیش وڕکم دەگرت لە گەردوون
پێش هەڵهاتنی خۆر، زوو دەچوومە پیاسە دوورەکانی ناو دڵی شارەوە
(بۆماوەیەکی زۆر وەکو شەمشەمەکوێرەبووم)
شارێکی بەردیین و ئاسنین، شارێکی شووشەیی،
شارێکی تابڵێی غەریب و بێزارو مێژوویی
بەڵام قەرەباڵغتریش لە حەشر،

لەندەن وەکو بۆنی تۆسیرام و حەپی ئارتینی لێبێت هەمیشە،
بە شەوانی سۆهۆ، سلێمانی دەهاتەوە ناوخەیاڵم،
بەڵام بە کچە چاوشینەکانییەوە
بەکچە ناسک و، ئاویی و، روومەتە ئاڵەکانیانەوە
ئەوجەستە ناسکانەی بەدەستلێدانێکیش خوێنیان لێدەتەزێ

لەندەن،
شارێک بۆن و بەرامەی جنسی لێدێت، پڕیشە لە رابردووی رتووبەت
بەشارستانی مەستبوون و تەنیایی و
خۆکوشتن و کارکردنی ئەبەدییەوە گلاوە
پڕیشە لە شەبەحەکانی خۆی،

شارێک لەناو شەمەندەفەردایە هەمیشە
بەهەستە ساردەکانی خۆیەوە
چاوەکانی هەمیشە رۆژنامەکان دەخوێنێتەوەو
لێوەکانیشی هەرگیز جگەرەی لێنابێتەوە
ژووری ئوتێلەکانیشی مێژووی ئاخوئۆف و گریان و گێڕانەوەی تەنیایی مرۆڤە

پیاسەم ئەکردو
بۆنی دووکەڵ و تەم و بێزاریی و
ئەسەری ژیانی ئەوانی ترم هەڵدەمژی
بیرەم دەخواردەوە و بەخێراییش
تەماشای هەمووشتێکم دەکرد،
سینەمای رووخسارەکانم لە سیناریۆی پێستیاندا دەخوێندەوە
نەمدەویست کات بکووژم
وامدەزانی ئیتر هەرچرکەیەک بێت دەمرم،
خێرایی، خێرایی، خێرایی...
ژیان وەکو راکردن وایە،

ئەمەندە چاوەکانم بەزەقی دەکردەوە بۆبینین
ئیتر هەموو زەردوویی تورکیاو سوریام لێکەوتنەخوارەوە
ماسیە تەنیاو دڵتەنگەکانی ناو حەوزی سلێمانی و سووریام مردن
بیرەوەریی نوێ ناو وڵاتی هۆشیان داگیرکردم،

لەندەن
شارێکی مێژوویی
بە شەبەحە مێژووییەکانییەوە...
بەبیناو ئوتێل و کۆشک و قەڵاو پردو رووبارەکانییەوە

ئاوارەیەکی بەختیاربووم
لە پایتەختی بێدایکانا پیاسەم دەکرد وەکو شێت
رقم لە کارکردن هەڵدەگرت و وەکو منداڵ رامدەکرد لەتاوانا

لەسەر کوورسییە ساردەکانی ناو پارکەکان دادەنیشتم و
لە تەنیایی هۆملێسەکان و، چاوی ترسناکی باڵندەکان ورد دەبوومەوە

(ئەو کۆترانەی ترسێک هەیە لەناو چاویانا،
وەکو بیانەوێت رۆحت هەڵکێشن)

تاکو توانیم لەناو دەریای ئەلکهوولدا مەلەم دەکردو دەگەڕام،
لاقەکانم وەکو ئاسنی کۆن ژەنگ لێیدان
((ئێستاش جەستەم وەکو مەکینەیەکی کۆن
بەرگەی مانەوە ناگرێت))

(ئێستا، هەموو بەیانییەک ئازار بڕبڕاگەی پشتم پڕدەکات لە هەرا
وەک بڵێی خوا هەرگیز بیری لە پشتم نەکردبێتەوە)

من، ئەوکاتەی شام
لەگەڵ هیوای ئازارە گەورەکانی عەشقدا دەژیام
هیوایەک وەکو گوڵدانێک شکاندمی
وەکو غەریبـی فڕاندمی

تەنیا ئەو کاتە لە ژیانمدا دڵدار بووم،
چی بیرەوەرییەکە وەک بارانی فریشتە، وشکبوونەوەی نەمامی دڵمە،
چی پەرستنێکە بۆ خودا، بەبێ هیچ ئاینێک

((ببوورە، نامەوێت زیاتر لەمە باس لە دڵداریی خۆم بکەم،
نامەوێت باس لە نووقڵی ترشوشیرینی ژیانی دڵداری بکەم))
ژیان وەکو دڵداری لە نووقڵی ترشوشیرین دەچێ،

بە دڵێکی بریندارەوە
تاوەکو توانیم پیاسەم کرد،
پیاسەم دەکرد... وەکو بگەڕێم بۆ ئاینێک!
ئاینێک بتوانێت

پێکەنین و دڵداریی و شەراب و ماچ و راموسان
دابەشبکات...

(دەزانی
جەستە ئاینی خۆی هەیە،
کەعبەی خۆی هەیە بۆ شێلان)

پیاسەم کردو ماندووبووم
ماندوبووم و نەئەنووستم،
ئەشکم ئەگرت و تووڕەبووم لە خوداکان و لە باوکیشم
(وای لە باوکم، لە رووخسارە هەژارەکەی، چۆنکاڵبۆتەوە لە خەیاڵما)

هەستم ئەکرد هاتووم بۆ دونیا بۆ ئەوەی غەریب بم
وەک چۆن عیسا هات بۆ دونیا بۆ ئەوەی لە خاچی غەریبـی بدرێت
عیسا، تاقانەترین کوڕی خواوەند، یان یەکەم مووجاهیدی ژیان...
عیسا عەشقی خوێن و ئازار
عەشقی خاچ و بزمار،

لاقەکانم ماندووبوون و گەدەشم پڕبوو لە مەستی
قووڵاییەکانی شەوگارم لە بیرکردنەوەکانمدا هەڵدەدا
بیرمدەکردەوە تاوەکو دەکەوتم و دەبوورامەوە
ئەکەوتم و هەڵئەسامەوەو دەژیام،

نەخۆش ئەکەوتم و بیری دایکم دەکردو
دواییش ریشم دەتاشی و جیهانم لەبیردەکرد

پێش هەڵهاتنی خۆر، لە((ماڵ)) رامدەکردو
بیرێکم لە تەنیایی باوکم دەکردەوە لەو دونیا
بەبیرەیەکەوە دەچوومەوەبۆ پیاسە دوورەکان

تۆخییەکی غەمبار وەکو سەرپۆش سەری ئاسمانی دەگرت
چیدی سەرەتاتکێکانی خوام نەدەدی

ئەو وەکو تەم کۆچی دەکردو، منیش خۆمم لەبیر دەکرد
لەهۆش خۆم ئەچووم لەناو رتوبەتی بیرکردنەوەدا،

دڵم لە دیمەشق لێ بەجێما
دڵم، وەکو چنگێک زەنگیانە لێکەوتەخوارەوە
دڵم، وەکو شەربەتی مێوژ لێرژاو
ئەسفەنجی بەختیاریی نەیتوانی هەڵمبژێت
دڵم وەکو جزدانێکی پڕ لە تاسە لێدزرا
هەموو دڵێک دەدزرێت،

وەکو کۆترێک دانەوێڵەم دەخواردو گەدەشم پڕبوو لە نووستن
ئەچوومە سینەماو لەبری گووڵە بەڕۆژە
دەستمکرد بە خواردنی گەنمەشامی
لەجیاتی ئاو پیپسیم دەخواردەوەو
شەکرم خستە ناو قوڵاییەکانمەوە وەکو ئەفیون
ئیتر کەوتمە خوارەوەو گەیشتمە پێکەنینە درۆزنەکان
دەمارەکانم پڕکرد لە جەنگ
بووغزێک دایگیرتم ئەمەندەی تر لاوازی کردم

سادەییم لە بینینی کۆلارەیەکدا دیار نەما
دڵم بوو بەبێژەنگی غەریبــی،
بوومە لمی مێژووی سزادانی رۆح لە قرچەقرچی گەرمادا

رۆح لەناو سیمامدا
وەکو جوگرافیای پیریی خەمگینی دەخوێندەوە
هەندەسەی هێڵەکانی سەر رووخساری خوایە لەبیرکردنەوەدا

وەکو گەنجێک
دڵداریم لێ حەرامکرا، بووم بەزیندانییەکی سیاسیی دڵ و
لە تاراوگەدا نیشتیمان دۆزیمییەوە

یادەوەریم هەروەکو شارە زەردەواڵە ئەورووژاو
وەکو موعتادێک هەر قوومی ساردیشم لە پیپسی کۆلا دەدا
فێری کۆلا بووم، ئیتر تینوێتیم بە هیچ شتێک نەدەشکا...
ئیدمان بووم بە کۆلا

وەکو تلیاک، شەکر بوو بە دۆستی خوێنم
کافین بوو بە دۆستی رابوونم، هەروەکو راپەڕین هەڵسام
وەکو راپەڕینی جەستەم، وەکو قاوە بۆ خوای فێگرتن دەگەڕام

حورمەتی ئاوم لەبەردەم شەکردا شکاند، چەند عەیب-بوو
خۆم ناونووسکرد لە خێڵی قاوەخۆرەکان و
بوومە زیندانییەکی کافووری سیاسیی

راکشام و
لیکی منداڵیم کەوتە ناو پەرکەمێکی
سپی وەک کەفی دەریا،
کەفێک هەموو جەستەمی داپۆشی،
سپی بووم و
بوومەلەرزەیەک، لە گەردوونی ناخماندا
توونگ توونگ رایوەشاندم
لە راوەستانێکدا کەوتمە خوارەوەو بوورامەوە،

لە کەفدا غەرقبووم، وامزانی باشترین شامپۆیە بۆ پاکێتی
کەفێک بوو بە تابووت
خەواندمی تاوەکو ئەبەد

سەردەمێک،
بوومە قەفەسی ناوخۆم و،
لەناو ئازارە قاوەییە خۆرهەڵاتییەکانما
باڵندەکانی ئەوروپاشم لەناو خۆما بەندکرد

لەهەموو چرکەیەکدا دونیام خاپووردەکرد
بەم عالەمە هەتیوو کەوتم و
باڵندەکانیش منیان بەندکرد لەخۆیانا
ئیتر هەموومان بووین بە قەفەس،

بووم بە بەردێکی رەش و قەترەکانی غەریبی کونکونی کردم
بووم بە یەک پارچە سۆزو هەموو ساتێک بەشێک لە بوونم دەتوایەوە
عەقڵم بۆ رۆژی رەش دانابوو

(من)خۆمم لێ بەجێما،
لە دیمەشقی دڵداریدا بوومە تۆزی مێژووی پیاسەیەک،
خۆمم لێ کەوتە ناو رووباری دڵی کچێکەوە
هەر لەوکاتەوە خنکام،

بووم بەداچۆڕانی قەترەکانی مەنفا خۆی
بەڵام زەوی خۆی مەنفایەو لە تەمی ئەفیوندا کەوتووە
زەوی بۆتە نهێنییەک لە چاوشارکێکانی ژیان و مردنیا...
خوداش نازانێت بۆ دروستیکردووە،



لەگەڵ هاوڕێکانمدا
بوومە شەهوەتبازی شەوەکان و
لە شەوی بیرچوونەوەدا کەوتم،
بووم بە مەدخەلێک لە بێمانایی،
نەشم دەتوانی وا نەکەم...
چونکە ژیان عەزیز بوو لەلام

ژیانماڵێکە
هەرکەسێک دەرگایەکی تیادا دەکاتەوەو
لە پەنجەرەکانییەوە تەماشای کۆڵانی رۆح دەکات،

نامەدڵدارییەکانم بە شەو دەخوێندەوەو
بە رۆژ دەڕۆشتم بۆ ئەوپەڕی شارو
لەناو پارکێکدا بەتەنیایی دەگریام

ئەلکهوول و قاوەو ماچی حەرام منیان دزی،
بێزاریی و تەنیایی منیان دزی
لەندەنی هەڵم و دووکەڵ و خێرایی ژیان منیان دزی
شەمەندەفەرەکان منیان دزی
دڵداری منی لە خۆم دزی
کاتی کارکردنیش منیان دزی

٢٠٠٩-٢٠٠١



# پیربوونی من و خۆم





**حەمە کاکەڕەش**

**لە ئاوێنەیەکدا لە من دەڕوانم**
**نیوەی ریشم سپی بووە و**
**کۆمەڵێک لۆچ کەوتوونەتە ناوچەوانم**
**سێبەری تەڵخی پیرێتی هاتووەتە سەر روخسارم**
**کەچی ئێستایش لە ناوەوە گوێم لە دەنگی منداڵییمە و**
**دڵێکی سادە و ساکارم**

**خوا خۆم بگرێ ئاوا بەرەو پیریی بردم**
**لەسەر کێلی گۆڕەکەم بنووسن**
**خۆم نەبووایە هەزاران ساڵ دەژیام و بەئاسانی نەدەمردم**

خۆم گوێچکەی پڕکردم لە قیژە
چاوی پڕکردم لە تەم
خۆم نەیهێشت بۆ تاقە ڕۆژێ
ئارام بم بڵێم: ئۆخەی هەم

خۆم نەبووایە هەتا ئێستاش لە کۆلانی منداڵییمدا
هەر سەرگەرمی یاریی دەبووم
خۆم نەبووایە هەتا ئێستاش لە ئێوارانی گەنجێتیمدا
هەر سەرمەستی دڵداریی دەبووم

خۆم گەنجیمی بە هەزاران خەون و خەیاڵەوە
وەک فەرشێکی کۆنە پێچایەوە
ڕۆژێک دادێ لە بەرپێی مردندا ڕایبخا
ئەی دوای ئەوە بەبێ من خۆم بۆ کوێ دەڕوا؟

خۆم گەنجیمی وەک پەنجەرەیەک شکاند
وەک پێکی دەست مەستێک
بەدەم خەیاڵێکی قووڵەوە بەردایەوە
ئێستا پڕم لە تەپوتۆز.

خۆم بە دیواری گەنجیمدا هەڵگەڕا
شوێن چڕنووکەکانی
جوانییمی بریندارکرد
جوانییم خوێنی لێ دەڕژێ
خۆم مشتێک تۆوی گومانی فڕێدایە خاکی جوانییمەوە
من دەزانم بەر لەخودا خۆم دەمکوژێ.

٢٠١٠

# مەنفایەک لەناو نیشتماندا



دیار بەکر

ئەمشەو تەنهایی تەنگی پێ هەڵچنیم
بڕیار نەبوو
دەرگا لەو دەنگانەی دەرەوە بکەمەوە
نم، تک، تەق، منم...
دەنگی ئەوم ناسییەوە
هەیبەتی دەیان بزماری چەقیو بە یێکەسیما

بێ خواستی خۆم دەرگای پێکردمەوە...
پێی وابوو وەک جاران لە ئامێزی دەگرم
عەبا رەشەکەم توورِ دەدەم و
چاکەتە خاکییەکەی ئەو لە خۆمەوە دەپێچمەوە...
خۆی بەوە قایل کردبوو،
ئەو بارانە تەرِی کردبێت...
دەشیزانی
ناو و مێژووی لە کام زەلکاودا ترشاوە...
رامابوو فەرمووم لە وەفدەکەی نەکرد
دەمزانی خۆیەتی و
چۆراوگەی لە باران زیادەی گویسەبانەکەمی لەگەڵە و
سۆزانییەکی کلۆڵ بە پێکێک شەرابی مێژوو مەستکراو،
گوایە دەجەل لە بنباخەڵی ئەوەوە هەڵدەستێت و،
قەقنەسی زولفی ئەوە گوڵ لەخشتە دەبات و،
باخچەکانی نیشتمان بێ گوڵ دەکات...
چیتر زوو نییە بۆ بریار
چاوەکانی رابیعە وەک دوو کلۆ بەفر
بکاتە یەک کاسە خوێنی خۆیەوە
لەسەر مێزێک
لەشفرۆشێک
لەسەر شەرەفی لەشکرێک
بۆ ئەوەی نیشتمان گوڵ بگرێت
پێنج ملیۆن جار بینێت بە بینیەوە!
تیانووسێکی سیخورِی کردبووە پاشکۆی وەفدەکەی
خامەیەکی کردبووە بۆینباخ و
چەپکێک بیرەوەری دۆراوی کردبوو بە بەر پشتێنەکەیدا
کالەکانی پێی بە قەیتانی لێوی من گرێدابوو...
ئەم خدرەی من هەر خۆی بوو
لەگەڵ وێنەی پێش یۆبیلە زیوین و زێرینەکەی،
بە ئاستەم جودا نەبوو...
ئەوەی گۆردرابوو من بووم

بیستویەکی دەیابیەکەی و
نەخشی بردنەوە دروستکراوەکانیم بۆ ئاشکرا بووبوو...
چاوەکانی ئەو تەنها دوو هەڵماتە بوون
چوار کورسیەکەی دەوری مێزە بۆر
چەشنی چوار منداڵی یاری نەدیوو،
تیلیان پێ دەکرد...
تاکورسییەکەی نێوان دوو کورسیە شکاوەکەیان پێکا
و،
خۆی خزاندە ناویەوە
بەچاو تێی دەگەیاندم ئەم جیاوازە
سەری ئەرێم بۆ نەلەقاند...
دەمزانی لەوانم دەپارێزێت و
لەخۆیم ناپارێزێت...
لە ناوچەوانی دەگەڕام
دەستەکانیم دۆزییەوە،
جووتێک دەستکێشی تاکەوتاک
دەستی راستی لە شەبەنگی مەزهەب
دەستی چەپی لە خومی عەولەمە هەڵکێشابوو.
بۆ یەکەم جار خۆم لە گۆڕێکی نیشتماندا دیتەوە،
زریکەی دار و بەردم
لە خرمەی ئێسقانی خۆمەوە بیستەوە...
چۆن رۆژێک گێلانە خۆزگەم بووە
ئەو دەستانە،
مەمکی خۆنەگرتووم هەڵگرنەوە؟
بێشەرمانە هەستا
دەرگای بۆ دەنگی خۆی کردەوە
گوێم لێبوو،
تا ئەوکاتیش ترسنۆکی لێ نەبووەوە
ناسنامەکەمی ئاشکرا نەکرد
ئەو لەمێژ بوو
پەنجەی شایەتمانی لەسەر پەلەپیتکەی چەکێکی بێ مۆڵەت،

بەجێ هێشتبوو...
کۆکەیەکی بۆ  دلێری خۆی نمایش کرد،
بە گۆتر لەمارشی داڕووخانی من...
بە پەیامنێرەکانی ڕاگەیاند
بنووسن،
قسەکەرێک بە ناوی ئەو یاخیەی ژوورەوە:
ناپاکییم گشت خواوەندەکانی رەنجاندووە
لێم روونە چوونە دۆزەخم حەتمییە...
قەدەرێکی یار بوو
بێ ئیمزایەک فریای دوا وەسیەتم کەوتم:
لەهەر شوێنێک سارد بوومەوە
خۆڵەمێشی لەشم
لەناو لەپی دەستی ئەم خدرەمدا بدۆزنەوە...



# سێکسی ژمارە هیچ

ئاریان ئەبوبەکر



دەرگاکە ناکەمەوە
ئەگەر دەکرێت تا بەیانی لە دڵتا هەڵم بگرە
پەردەکان دا بدەرەوە
تکایە بۆ چەند کاتژمێرێک هەناسە مەدە
هەرچەندە داواکارییەکی قورسە
مادام وایە دەرگاکەی ئەمسەریش دادەخەم
تا کەسمان لە دەست کەسمان رانەکەین
ئەمە پێشبینییەکی خراپە
بەڵام مرۆڤ خراپترە
خراپتر لە کردنەوەی دەرگاکان بەبێ پرس
من چوار ملیۆن دەرگایەک دەناسم
هەرگیز ناکرێتەوە
چونکە هەمیشە کراوەتەوە
دەرگایەکی تر دەناسم هەرگیز داناخرێت
دەرگایەک دەناسم دەرگای نییە
دەرگایەک دەناسم هەر دەرگایەو هیچی تر
مادام وایە تا زووە
نەوەکو لەناکاو دەرگا نەمێنێت
کتێبێکم بۆ بنێرە ئەوەندە بێئەخلاقانە بێت
وێنەی بەرگەکەی بشارمەوە
گۆرانییەکم بۆ بڵێ لەڕووم نەیەت لە دواتەوە بیڵێمەوە
جلێکم بۆ بکڕە تەنها بەڕووتی لەبەری بکەم
بۆ ئەم بێ گیرفانییەم
جانتایەکی مارکەم بۆ بدوورە
ئاخر ئەم بێ گیرفانییە من دەکوژێت و

زۆریش دەترسم
لەسەر کەوانتەرەکە
لە تەنیشت قاپی ماستاوەکە
کۆندۆمەکەمم بیرپچێت
تۆش نەشارەزاییانە بێیت و پێت وا بێت میزەڵدانە
بە هەموو هێزت فوی تێبکەیت تا دەتەقێت
ئیدی ئەوسا هەرسێکمان تووشی ئایدز دەبین
تووشی ئایدز دەبین و جارێکی تر فریای هێلکە کۆکردنەوە ناکەوین
من بە درێژایی هەموو تەمەنم یەک هێلکەم کرد
تۆ بەبێ گوێدان بە گەورەیی و بچووکی تاوەکەت
کردت بە هێلکەورۆن و دەرخواردی تەنەکە خۆڵەکەی دڵت دا
تەنەکە خۆڵەکەشت بێ گوێدان بە لووتی دڵی من
تا بۆی کرا لە ئاودەستەکەی دڵی مندا گوی کرد
ئیتر من وەک زۆرجاری تر
دڵم پڕ پڕ بوو
گریام
تا دەنگم نوسا
تا نەمتوانی قسە بکەم
ئیمەیڵم بۆ ناردیت و پێم وتیت
کە من دڵم بەم ژیانە خۆش نییە
بمگێو پێم مەڵێ کاتژمێر چەندە
جنێوی سووکم پێبدەو لێم مەپرسە چەند شەمەیە
دەموچاوم پڕبکە لە تف و داوام لێمەکە رۆژژمێر هەڵواسم
میز بکەرە دەممەوە و پێم مەڵێ حەزت لە چ خواردنێکە
پێم مەڵێ نوکتەیەکت بۆ بگێڕمەوە
رقم لەم پرسیارە حیزانەیە
بمکوژەو پێم مەڵێ کێت خۆشدەوێت؟
ئەمە پرسیاریکی قورسە منی کەر چوزانم وەڵامی بدەمەوە
ئەمە پرسیارێکی قورسە
زۆر قورس وەک چوار تەن لۆکە
کە من دڵم بەم ژیانە خۆش نییە

چی لە سێکسە یەک نەفەرییەکان بکەم
کە من لە گۆرانییەک زیاتر خۆمم لەبەرە
چی لە سێکسە بە کۆمەڵەکان بکەم
کە بۆ جاری دەیەم
هەموومان یەکمان بینی و
بە پێکەنینێکی گاڵتییەوە وا سەیری یەکمان کرد کە یەک ناناسین
هەر بە پێکەنینەوە بوو زۆر بەجدیی پێم وتیت
زۆر بێجێگام ئەگەر ئەکرێت تا ماوەیەک لە دڵتا هەڵم بگرە
کەچی تۆ هەر خەریکی سێکس بوویت هیچت پێنەوتم
تەنها بۆ یادگاری قومێک تفت داپێم
ئینجا زانیم
زۆرجار خۆشترین یادگاری لەکاتی سێکسدایە
لەناکاو ژنەکەم تەلەفۆنی بۆکردم
ژنەکەم نەیوت چۆنیت؟
منیش نازانم بۆ نەموت چاکیت؟
ژنەکەم نەیوت پیاوەکە کەی دێیتەوە؟
منیش نەموت ژنەکەم بیرت دەکەم
ژنەکەم هیچی نەوت
منیش هیچم وت
ژنەکەم ئەمانەی وتبوو
من بێئاگابووم گوێم لێنەبوبوو
ئاخ ژنە گیانەکەم
ژنەکەم سکی هەیە.
ژنەکەم پێی خۆشە وەک قەحبەو مشتەری پێکەوە بژین
تا خۆشەویستی لەنێوانماندا بمێنێت.
ژنەکەم هێشتا باڵق نەبووە.
ژنەکەم وەک ژنەکەی تۆیە، حیزە.
ژنەکەم بووە بە ژنی هەموو پیاوەکانی گەڕەک.
ژنەکەم پێیخۆشە مێردەکەی تۆی بە دیاری بۆ بەرم
رازیت؟
ژنەکەم دەیەوێت وێنەی پیاوێکی رووت لە ژووری نووستنەکەماندا

هەڵواسین.
ژنەکەم سەیارە لێدەخورێت منیش هۆڕین لێدەدەم.
ژنەکەم زۆر پیاوە هەر بەسەر جووڵان لێم تێدەگات.
ژنەکەم خراپ نییە بەری دڵ دەگرێت.
ژنەکەی من باشترین ژنە.
ئەی ژنەکەی تۆ کام لەم ژنانەیە؟؟؟
ئەم پرسیارە قورسە
زۆر زۆر قورس وەک چوار تەن ئاڵتوون
ئەگەر ژنەکەی تۆ لەم ژنانەدا نییە
ئەوا لەم بۆشاییەدا ژنەکەت دابنێ ئیشم پێیەتی

.....................................

ئەم داواکارییە قورسە وەک پیاوێکی قەڵەو
پیاوەکەت کەی بە جدیی پێت دەڵێت ژنەکەم؟
پیاوەکەی من لە بازاڕە، کاهوو دەکڕێت
پیاوەکەم لە مێردەکەی تۆ دەچێت بووە بە گەواد
پیاوەکەم ئەوەندە بێئەخلاقە هەر نازانم چۆن وەسفی بکەم.
پیاوەکەم لە هیچ باشترە.
پیاوەکەم هەر بەناو مێردی منە؟
پیاوەکەم باوکی هیچ یەکێک لە منداڵکانم نییە.
پیاوەکەم خیانەتی لێکردم منیش رشامەوە بە سەریدا.
پیاوەکەم دەڵێی هاوڕێمە.
پیاوەکەم باشترین پیاوە بەساقەی بم.
تۆ کام پیاو لەم پیاوانە پیاوەکەی تۆیە؟
ئەم پرسیارە قورسە
قورسە وەک پرسیارەکەی پێشوو.
ئەگەر پیاوەکەت لەم پیاوانەدا نییە
ئەوا لەم بۆشاییەدا پیاوەکەت دابنێ تا دوو قسەی لەگەڵدا بکەم

.....................................

ئەم داواکارییە قورسە
قورستر لەوەی پێشوو
یان کەمێک وەک ئەوەی لە ناو تەیارەدا بیری فڕینی خاڵخاڵۆکە بکەیت

ئاخر خاڵخاڵۆکە ئەم ناوە قورسە چییە هەیەتی
یان کێ سپێڵی زەڕافەو جاڵجاڵۆکەی بۆ لەبەر دەکرێت
من خۆم لەبەر دەکەم و دەستم لەبەینی هەردوو رانمدا تەڕ دەکەم
ئەمە جۆرێکە لەوەی کە حەزم لە سێکسە
حەزم لە سێکسە
لەناو ژوورێکدا کە هەزارەها دەرگای هەبێت
حەزم لە سێکسە لە تەنیشت مۆلیدەیەکی دەنگ بەرزدا کە نەهێڵێت گوێم
لە هیچ بێت
حەزم لە سێکسە لە یەک کات و
لە یەک جێگادا
لەگەڵ ماڵ و خاوەنماڵ و میوانەکانیشدا.
حەزم لە سێکسە لەگەڵ خۆمدا
لەگەڵ کەر و پەپوولەو ژن و پیاودا
لەگەڵ دراوسێو هاورێ و خزم و نەناسیاودا
ئەمەش جۆرێکی ترە لە ئەخلاقە بێئەخلاقەکانم.
بەڵام بەڕاستی حەزم لە سێکسە
هێندەی ئەوەی پیاوێکی دڵتەڕ بیت و خۆزگە بخوازیت
لە هەشتاوچوارساڵیدا میز نەکەیتە ژێر خۆت
هێندەی ئەوەی کچێک پێش تەمەنی عادەبوون دووچاری لەشفرۆشی
ببێت
حەزم لە سێکسە
بەڵام وەک پێشتر پێم وتیت
من زۆر بێجێگام
ئەگەر ئەکرێت بۆ چەند ساڵێک لە دڵتا هەڵم بگرە.
تکایە هەڵم بگرە
لە ئێستاوە حەزم لە سێکس نییە
ناچارم کە حەزم لە سێکس نەبێت
هەر وەک ئەوەی لەکاتی دەستپەڕکردندا شتێک نەبێت دەستپەڕی
بەسەردا بکەیت.
بەم بێ جێگاییەوە باشترین شوێن بۆ کێرم ناو پانتۆڵەکەمە.
هەر بۆیە

ئەو کاتەی توڕەبوویت و
جنێوت دەدا
ئەو کاتەی گوڵی سەبەتەکانی بێزاریت دەژمارد
و
دڵت لای چیمەنتۆکردنی باخچە بوو
ئەو کاتە من خەریکی دەستپەڕکردن بووم
هەر ئەو کاتە
ئەو کاتەی ژمارەی گووڵەکانی بێزاریت دابەشدەکرد
ناقس دەکرد
کۆتدەکردەوە
کەڕەتت دەکرد
هەر گوڵی بێزاریی بوون
هەر ئەو کاتە
ئا ئەو کاتە من پەشیمان بوومەوە لە دەستپەڕکردن.
پەشیمان بوونەوەکانم زۆرترن لە دەرگاکانی پێشوو
بەم هەموو پەشیمانییەمەوە
دوعا دەکەم:
ئەی (خودا) لێم خۆشببە.
من بەم هەموو پەشیمانییەمەوە
پەشیمانم و
تەنها دوعا دەکەم
ئەی (خودا) لێم خۆشببە و چاکم بکە
من بەم هەموو خراپییەمەوە
دوعادەکەم
ئەی (خودا) لێت دەپاڕێمەوە چاکم بکە



2008-2009-2010 سلێمانی
aryan_abubakr@yahoo/com

چیرۆک

# بە دووربین، لە سەربانەوە



**رابەر فاریق**

لە سەربانی یەکێک لە ماڵە دراوسێکانی، بە هێمنی دەڕۆییشت، گەلاوێژ هەستی کرد لە پشتەوەڕا دەنگی پێی کەسێکی نەناسراو دێت، ئەو کەسە غەنی تاژی بوو.

– وای دز، بیگرن!

هەردوو لاقی غەنی تێکهاڵان و بەربووەوە سەربانەکە. لەرز گرتی، هێند تاسا، بوورایەوە. کە لە دوورەوە تەماشامان کرد، دیتمان خوێن لە برینەکانییەوە دەچۆڕا. نەمردبوو، بەڵام ئازاری هێند زۆر بوو، دەتوانین بڵێین: نەیدەتوانی هەستێتەوە، یان بڕوات.

دوای حەسانەوە، پاڵەپەستۆی خستە سەر لاقەکانی؛ تۆزی لە جل و بەرگەکانی تەکاند و هەستا، بە لەنگەر خۆی گەیاندە سەر ستارە و بە خشەخش و بە پەلە، چووەوە سەربانی ماڵی خۆیان و لەسەر کورسی دانیشت.

کات: ٣ی دوای نیوەڕۆیە. قل قل ئەسر لە چاوانییەوە دەڕژێن. ماندووە. سیگارێکی داگیرساندووە و تەماشای کۆترەکانی دەکا. بەتاڵی لیسی کۆترە ئێرانییەکان، ختووکە بە سەراپای جەستە و گیانیدا دەهێنێ. بە پەلە چەندین قومی درێژ لە سیگارەکەی دەدا... بێتاقەتی دایدەپۆشێ. پاشماوەی نەکێشراوی سیگارەکەی دەخاتە ژێر کلاشەکانی و (بەغ بەغ)ی کۆترەکانی تر، پتر هەراسانی دەکەن.

تەم بە خەستی کەوتە سەر چاوانی، هەستی دەکرد: ئیتر کۆتربازیی چ نییە، بێجگە لە ژیان لە رابردوویەکی بەردەوامدا.

نەسرین، کە خوشکی گەورەی غەنی تاژییە، گوێمان لێی بوو لە قاتی دووەمی خانووەکەیانەوە هاواری دەکرد:

– غەنی! غەنی!

وەڵام نەبوو. غەنی تاژی هەستی کرد کەسێک هاتووە و دەڵێت: ((کۆترم لێ رۆییشتووە)). بێهوودەیی پتر دایگرت، بە هێمنی لەسەر کورسییەکەی هەستا، چووە سەر ستارە و تا ئەو شوێنە نەوەستا، کە یەکێک لە ئافرەتەکانی دراوسێیەکیان بە سەریدا هاواری کردبوو. لەوێوە، لە قاتی دووەمڕا، خۆی هەڵدایە حەوشەی ماڵی گەلاوێژەوە!

هەر پێنجمان بە پەلە لە سەربانەوە هاتینە خوارەوە، تا بەردەم ماڵی غەنی، نەوەستاین. لە نێوەڕاستی قەرەباڵغییەکەدا دوو منداڵ دەبینران و کۆترێکیش بە دەستی یەکێکیانەوە بوو.

– دایکم گوتی ئەم ماڵە کۆتریان هەیە، رەنگە هی ئەوان بێت!

# کوڕەکە دەچێت بۆ پێشانگە



**محەمەد ناکام**

کوڕەکە دوای ئەوەی قژی کورتکردەوە و گەیشتە ماڵەوە، بۆ یەکەمینجار لە ئاوێنەکەدا بەشێوەیەکی سەیر خۆی بینی، بە هەستیدا هات کە بەم قژە تازە بڕاوەی و ئەو ریشە زۆر و بۆزەیەوە بچێت بۆ پێشانگەکە، تەواوی هاوڕێکانی و ئەوانەی لەناو هۆڵی نمایشەکەدان دێن بۆ سەیری ئەو.

پێشانگەکە دەمژمێر چواری تەواو لە هۆڵی تەوار دەکرێتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێ کچەکانی کە ساڵی پار لە کۆلێژ پێکەوەبوون، تیایدا بەشدارن، بە دروشمی (ئێمە کچانی نەوەی ژنانی رەنگین)، بەپەلە چووە گەرماوەکەوە و هەر بەو لەتە گوێزانەی کە لە تاقی پەنجەرەی گەرماوەکەدا دانرابوو و تایبەتبوو بە تاشینی تووکی بنباڵ و ناوگەڵ، کەوتە ریشتاشین. ئەمەش رووخسارێکی سەیرتری لەوەی پێشوو پێبەخشی، بەڵام بەلای خۆیەوە جوانتربوو بەو شێوەیە

بچێت بۆ بینینی تابلۆکانی ئەو نەوە تازەیە لە ڕەنگ.

کوڕەکە بە قژێکی تازەبڕاو و ریشێکی تازە تاشراوەوە، کە هێشتا ئەو برینەی بەهۆی کولی گوێزانەکەوە لە کۆتایی ریشتاشینەکەدا و لە سەرەتای چەناگەیدا دروست ببوو، زوو زوو خوێنی دەردەدا و بە دەم ڕێگاوە ناو بە ناو لەتە کلێنسێکی سپی بە سەری زمانی تەڕدەکرد و خوێنەکەی پێدەسڕی، بە تەواوەتی وشکی نەکردبوو، ئەو لە دەمژمێر چوار و بیستویەک خولەکدا، بە خۆی و تیشێرتە تەسک و پانتۆڵە فشەکەیەوە، بە خۆی و جانتا کلک درێژەکەیەوە، بە خۆی و پێڵاوە تاکە و تاکەکانییەوە لە ڕەنگدا کە بۆخۆی ڕەنگی دەکردن و دەیگوت ئەها منیش پێشانگەی گەڕۆکم کردۆتەوە. دەمانگوت کوا، کەی، لەکوێ... بە جووڵەیەکی تایبەت بەخۆیەوە کە پڕبوو لە نەشئە و شادیی، دەرلینگی پانتۆڵەکەی هەڵدەدایەوە و دەیگوت ئەوەتا، ئەوەتان لە پێمدا، جوان سەیریان بکەن ئەو ڕەنگانەی لەم تاکەیاندا دامناون لەویتریاندا دامنەناونەتەوە، ئەمە هونەری راستەقینەیە، بەتوندیی پێی دەکوتی بە زەویدا و دەیگوت ئاخر هونەر لەم وڵاتەدا هەر بۆ ئەوە باشە لە پێی بکەیت و بیگێڕیت بە تەواوی شاردا، تا هەموو کەس بزانن هونەر چییە، چونکە کەس لەم شارەدا لەبەر خاتری هاوڕێیەتی بانگکردنی بەزۆر نەبێت، ڕووناکاتە پێشانگەکان، دەبێت سەرەتا لە لەپێکردنی هونەرەوە دەستپێبکەین، تا خەڵکی ببینن هونەر لەم شارەشدا بوونی هەیە.

بە خۆی و رووخساری هەتاوبردوو و روومەتی قوپاوییەوە، بە خۆی و هەنگاوی پان و ناڕێکییەوە، پێ دەنێتە بەر دەروازەی هۆڵی تەوار و بەرلەوەی بچێتە ژوورەوە، بە خۆی و سڵاوە تایبەتییەکەیەوە، دەستی راستی لەسەر لای چەپی دڵی خۆی دادەنێ و بە دەنگێکی غەمگین و دۆستانەوە سڵاو لەو دوو پاسەوانە دەکات، کە وەک نەریتێکی هەمیشەیی بە مەبەستی پاراستنی باری ئارامیی بۆنە و ئاهەنگ و کۆڕ و پێشانگەکان لەبەردەم دەروازەکاندا دەوەستن و دەست بە شان و باڵ و رانی کوڕاندا دەهێنن و سەیری ناو جانتای کچان دەکەن و مۆڕە لە کوڕان دەکەنەوە و بزە بۆ کچان دەکەن و لەبەردەم هەندێ کەسی تایبەتیشدا بە ڕێزەوە دەنووشتێنەوە.

دوو پاسەوانەکە بەدەم سەندنەوەی سڵاوەکەیەوە سەرسامانە لێی دێنە پێشەوە و بەگیریدێنن، دوای ئەوەی بە وردیی دەیپشکنن و جانتاکەی لە شان دادەگرن، لە کاتێکدا کە یەکێکیان سەیری شتەکانی ناو جانتاکەی دەکات و ئەویتریشیان لە بەراوردکردنی رووخساری کوڕەکە و رووخساری وێنەی

سەر ناسنامەی کوڕەکەدایە، کوڕەکە لەناو دەرگای هۆڵی نمایشەکەوە چاوی بە یەکێک لە هاوڕێ کچەکانی دەکەوێت، کە ئەوی بینیوە و بە هێمای دەست لەوەدایە کچەکانیتریش ئاگاداربکات و بڵێت... دواجار ئەویش هات بۆ پێشانگەکە، کوڕەکەش بە ئەوپەڕی رووخۆشییەوە بێ ویستی خۆی لەوەدایە بەرەو لای هاوڕێکەی و ناو هۆڵی نمایشەکە رابکات، دوو پاسەوانەکەش بە ئەوپەڕی شپرزەییەوە رادەچڵەکن و دانەیەکیان بە هێواشی شانی چەپی دەگرێت و ئەویتریشیان بە توندیی بۆکسێک دەوەشێنێت بە روومەتی راستیدا و کوڕەکە لوتی دەپژێت.

ئیدی لەبری ئەوەی کوڕەکە بچێتە ناو هۆڵی نمایشەکەوە و دانە دانە هاوڕێکانی و تابلۆکان و رەنگەکان و ئامادەبووان ببینێت، هەموو بە پرتاو دێنە دەرەوە بۆ بینینی کوڕەکە...!



# ئینتزار



**هیوا سەلیمی**

شایەت ئێستا پێبکەنیت، بە من و بە رابردوومان و شایەتیش بە خۆت. شایەد ئێستا بڵێی شێت بووی، شێت بووین و شێت...

یان خەرمانەیەک لە ئەستێرەی دەرەوشاوەت ریزکردووەو بە لێشاو رەشاوی بەسەردا دەڕێژیت.... یان سۆفییەکی ساویلکەت دۆزیوەتەوەو دەستنوێژی عەشقی فێردەکەیت. یان چۆکی بیرەوەریت لە کۆش ناوەو رێژنەی هەناسە تەسلیمی تۆمارخانەی ژیان دەکەی و پڕ بە قوڕگت رابردوو خۆش وێنادەکەیت و بەڵام بۆ ئێستا نەفرەت رەوانە دەکەیت. یان ....

نا ئەم رستەی ئاخرییان لە رووباری هزرم سەهۆڵ دەبەستێت و زستانێکی توش دەسەپێنی. بە شێنەیی دەگەڕێمەوە سەر دۆخی ئێستاو جانتای بیرەوەرییەکانم دەپێچمەوە. رێگەی شوێنی دووپاتکراوە دەگرمەبەر و هەنگاوە

هەمیشەییەکان چەند جارە دەکەمەوە. لە جوڵەو دەنگە دەنگی دەورووبەرم دەڕوانم و تێدەفکرم و درێژە دەدەم، بە شوێنی هەمیشەیی دەگەم و لە سەر کورسییەکەم دادەبەزم، لە کورسییەکەم دەڕوانم، لە ژوورەکەم لە خۆم و ... . ئای ئەم وشانە چەند ئاشناو چەند وەفادارن. تا خۆم نەخوازم جێم ناهێڵن و لێم دوور ناکەونەوە. ئای چەند سەبوورن و چەند بە ویقارەوە هاوڕێیەتیم دەکەن!

یان ئەوانیش منیان نەناسیوە و بە ساویلکەیی من پەیان نەبردووە، نتق لە خۆم دەبڕم و پێموایە ئەوانیش دەنگی هەست دەبیستن و خۆیان بە ناو زەوی فەرامۆشیدا رۆدەکەن.

ئەوە ئەمڕۆ دووجار، دووجارە وێنە لە ئەلبۆمی بیرەوەریت دەردێنم، ئەمجارەیان سەهۆڵبنەدان نییە و رووبـاری هزر خـوڕەی بەهاری لێ بەرزدەبێتەوە.

لە ئاسمان دەڕوانم لە گەڕانەوەی پەرەسێلکە. ئای چەند سەرخۆشم و هاوڕێ بەئەمەکەکانم دێنمە سەما.

هێور .. هێور تاو دەمگرێت و نا ئومێدی ئەمجارەش راوم دەکات. دواتریش خەو سەرچۆپیم بۆ دەگرێت و ... .

بەیانییە و چەند بارە رۆژ باش ... رێگەی شوێنی کارەکەم دەگرمەوە بەر و رێدەکەوم. هاوڕێکانم بەسەر دەکەمەوە، کورسییەکەم باوەشم بۆ دەگرێتەوە. نیگام ئاوێتەی شاشەی مۆنیتەرەکەم دەکەم و بوخچەی مەسێنجەرەکەم دەکەمەوە.

خۆزگە ئەمڕۆ هێڵی خاڵی لە پەیوەندییەکان بپچڕایە ... . خۆزگە نەهاتمایە و خۆزگە ... . یان شایەت کۆمپیوتەری هاوڕێم لە رازەکانم تێگەیشتبێت و ئەویش لە سەر ساویلکەیم ساخ بووبێتەوە... یا هێڵی بەناو پەیوەندی سیخوری بکات و رێگە لە گەیشتنی تامەزرۆییەکان بەربەست بکات .... یان ... .

زۆر ماندووم و برژانگەکانم دەیانەوێ ببنە هاوڕێی شەو. بە خێرایی خۆم دەگەیەنمە ماڵەوەو وەک هەمیشە خەو سەرچۆپی ئینتیزارم بۆ دەگرێت.

دیسان بەیانییەو چەند جارە رۆژ باش .... لە رێگەی هەمیشەییدا ژنە هاوکارەکەم دەبینم کە بە سیما دەردی ژن بوون دەبارێنێ و بە چاوی ئینتزار دەگری. لێی نزیک دەبمەوە و رۆژ باش فڕێ دەدەم و رادەکات.

چەند گێلم! هەر دوێنێ بوو بەسەرهات و چیرۆکی ژنە هاوکارەکەم بیست. بە ئەسپایی پەرتووکی نۆستالۆژیکی خۆم و خۆت دەدەمەوە.

چیرۆکی عەشقی ئەو ژنە و منێکی تر بە هێڵێکی هاوشێوەدا تێپەڕ بووە.

ڕۆژانە لە کاتی چوون بۆ سەرکارەکەم دەیبینم و وردەوردە تێدەفکرم و تروسکەی شێوە نیگاکانی هەڵدەسەنگێنم.

دۆزیمەوە ....

نیگای ڕەنگامەی بێ ئۆقرەیی و ئینتزار پەخشدەکاتەوە. تەنانەت جارێکیش بوخچەی دڵی کردەوە، وتی کە فروغ هۆنیویەتییەوە، مرۆڤـ دەگەڕێ و زۆر دەگەڕێ و جووتی خۆی دەدۆزێتەوە، لە گەڵی دەخەوێت و پاشان دەمرێت.

ئەرێ ... تەنانەت ئەوەشی وت کە ئەو جووتی خۆی دۆزیبووەوە و لە گەڵیشی خەوتبوو و بەڵام نەمردبوو.

ژووری ئایدییەکەت دەکەمەوەو دەنووسم:

من پێموایە مێژوو دووپاتدەبێتەوەو حەزەکانی مرۆڤ ـ بەشێوەیەک لە شێوەکان هاوشێوەن. تۆ بڵێی تۆش هاوشێوەی ژنە هاوکارەکەم ئینتزار بخەملێنیت ... تۆ بڵێی ...

ئەمجارە زۆر ماندوو نیم و برژانگەکانم شەڕ لە گەڵ شەودا دەکەن و بە ئەسپایی دەچمەوە ماڵ .... وەک هەمیشە و لە جاران گەرم و گوڕتر سەرچۆپی ئینتزار دەگرم.



# لازۆ:
# نووسینی نامەی باش هەر وەک نووسینی شیعری باش دۆخ و کاتی خۆی هەیەو هەموو کات نانووسرێت



**سازدانی: گۆڤاری هەنار**

(من هەموو ئێوارەیەک ئەگەر چاوەکانم دانەخەم و لە خەیاڵی خۆمدا هەوایەکی فێنک و بۆنی خۆڵی بەردەرگا و نانی برژاوی ئێوارە هەڵنەمژم و ئاسمانی تەماویی سلێمانی و گەڕەکی سابوونکەران نەهێنمە بەرچاوی خۆم، بەرگەی مانەوە ناگرم لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایە.

سلێمانی برینێکە هەمیشە لە ناوەوەی مندا دەکولێتەوە و خوێنی لێدێت، بۆ ئەبەد لە کۆڵانەکانیدا وندەبم و خۆم دەدۆزمەوە، ناتوانم بنووسم ئەگەر بیر لەو کۆڵان و شارە نەکەمەوە).

لازۆ

**کەی دەستت بە شیعر نووسین کرد؟**

ئەم پرسیارە هەمیشە کێشەیە لای من، چونکە پێموایە ئەوەی لە ناوەوەی خۆیدا شاعیر بێت، ئەو کاتەی یەکەم شیعری نووسیوە یان بڵاوکردووەتەوە، زۆر کاتێکی دەقیق نییە بۆ ناوزەدکردنی سەرەتای "دەستپێکردن"ی. من هەرگیز نازانم کەیدەستم بە نووسین کردووە، چونکە ژیان خۆی سەفەرێکی دوورودرێژی نووسین و خوێندنەوەی رۆژ و دونیا و گەردوونە لە ناو مندا.

بەڵام بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی تۆ بدەمەوە، من یەکەم شیعرم لە ساڵی ٢٠٠٣دا بڵاوکردەوە، دیارە ئەوکاتە دڵم زۆر پێی خۆش بوو، بەڵام ئەگەر بەو هۆشیاریی و بەرپرسیارێتییەی ئێستاوە بیرم بکردایەوە و بمنووسیبایە، هێمنانەترو پێگەیشتووانەتر مامەڵەم لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو شیعرە و ئەوانەی دوای خۆشیدەکرد، جێگەی خەمبارییە بۆ من کە سەرەتای بڵاوکردنەوەی کارەکانم ئاوا بەو خراپییە دەستپێکرد.

**شوێن: سلێمانی، سوید و بەریتانیا و ئەو وڵاتانەی سەفەرت بۆ کـردوون، چ کاریگەرییەکیان لەسەر نووسینی تۆ هەیە، کام لەو شوێنانە زۆرترین شەوقیان لە شیعرەکانتدا داوەتەوە؟**

هەمیشە شوێن کاریگەریی قووڵ و زیاتری لەسەر خۆم و شیعرەکانم هەبووە وەک لە کات.

من هەموو ئێوارەیەک ئەگەر چاوەکانم دانەخەم و لە خەیاڵی خۆمدا هەوایەکی فێنک و بۆنی خۆڵی بەردەرگا و نانی برژاوی ئێوارە هەڵنەمژم و ئاسمانی تەماویی سلێمانی و گەڕەکی سابوونکەران نەهێنمە بەرچاوی خۆم، بەرگەی مانەوە ناگرم لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایە.

سلێمانی برینێکە هەمیشە لە ناوەوەی مندا دەکولێتەوە و خوێنی لێدێت، بۆ ئەبەد لە کۆڵانەکانیدا وندەبم و خۆم دەدۆزمەوە، ناتوانم بنووسم ئەگەر بیر لەو کۆڵان و شارە نەکەمەوە.

من لە سوید زیاتر فێری چێژوەرگرتن بووم لەوەی کە بە هێمنی لە جوانیی و ئارامیی سرووشت و خەمساردیی وەرزەکان بڕوانم، بەریتانیا جوان نییە پڕە لە دەنگی ئۆتۆمبێل و کارگە، تا ئێستا سەرنجمی بۆ لای هیچ شتێکی خۆی رانەکێشاوە، جگە لەوەی غەریبی تیادا قووڵتر کردوومەتەوە، بەڵام من دوو مرۆڤی زۆر جوان و تایبەتم لەگەڵدان کە رۆژەکانم لەگەڵدا بەشدەکەن و بەو میهرەبانییەی خۆیانەوە ژیانم بۆ ئاسانتر دەکەن.

دیاره دوای سلێمانی ئەگەر شوێنێکی تری ئەم دنیایە بۆ هەتاهەتایە سەرسامم بکات و شیعرەکانم پڕکات لە خۆی، ئیتاڵیایە، بە بڕوای من هیچ شوێنێکی تر نییە هێندەی ئیتاڵیا باوەڕم بە توانای مرۆڤ لا باڵادەستتر بکات، هیچ شوێنێکی تر نییە بە بینینی هەر شارێکی، گوندێکی هێندە دڵم پڕبکات لە خورپە و عەشق بۆ گەڕان بە شوێن جوانیی و دۆزینەوەی ئەوەی دروستکەری ئێمەیە.

**باپیرت هونەرمەندێکی ناوداری شانۆی کوردی بوو، باوکت هونەرمەندە لەبواری "فۆتۆگراف، شێوەکاریی، سینەما" هاوسەرەکەشت شاعیرە، چ کاریگەرییەکیان لەسەر تۆ هەبووە و هەیە؟**

کاریگەریی ئەو سیانە لە ژیان و کارەکانی مندا هێندە قووڵن کە هەمیشە بە بیرکردنەوە لەوان، دەتوانم هێمنانەتر مامەڵە لەگەڵ زبریی ژیان و زبریی مرۆڤەکاندا بکەم و بەرگەی هەڵکردن، دانبەخۆداگرتن و مانەوە بگرم.

باپیرم خوێندنەوەی لا شیرینتر و خۆشەویستتر کردم، ئەو بێجگە لەوەی کتێب و گۆڤاری منداڵانی زۆر بۆ دەکڕیم، پێشی خۆشبوو بخوێنمەوە، بەتایبەت لە نیوەڕواندا بۆ ئەوەی دوای ئەوەی لە کار هاتەوە بخەوێت، نەک من بکەومە قیژەقیژ و پێکەنین و یاریکردن لەگەڵ منداڵەکانی دراوسێماندا، دیارە ئەوە ئایدیایەکی زۆر سەرکەوتووی ئەو بوو، چونکە ئیتر من بە دیار ئەو گۆڤار و وێنانەوە هەموو جار بۆ زۆر دوور دەڕۆیشتم، لە خوێندنیشدا باپیرم هەمیشە دڵی بە سەرکەوتن و زیرەکیی من خۆشبوو، هەمیشە بە هەوڵ و کۆششی منی دەزانی. ئەگەر باسی کاریگەریی باپیرم بکەم لەسەر من، ئەوا بۆ هەتاهەتایە دەبێت بنووسم.

لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم باسی کەسێکی تر بکەم کە زۆر بێدەنگانە لە ژیانی مندا رۆشناییەکی ئەبەدییە، ئەویش نەنکمە، گەرچی ئەو وەک باپیرم لام نەماوە، بەڵام رۆحێکی نەسرەوتە پێش نووسین دێتە ناو خەیاڵ و شیعرەکانمەوە.

باوکم باشترین باوک و هاوڕێیە، ئەو هەرکات قسەم بۆ بکات یان بمخاتە بەردەم پرسیارێک، ئیتر هەموو شتێک لە شوێنی خۆی رادەوەستێت بۆ گوێگرتن، باوکم ئایدڵیکە کە هەمیشە حەزم کردووە لەو بچم، کاریگەریی ئەو نەک بەتەنیا بە نووسینمەوە دیارە، بەڵکو بەسەر بیرکردنەوە و مامەڵەکردنیشمەوە لەگەڵ دەوروبەرمدا.

ماردین جگە لەوەی هاوسەر و باوکێکی زۆر میهرەبانە، شاعیر و

رۆماننووسێکی زۆر بەتواناشە، کە من هەمیشە سەیری دەست و نووسینی دەکەم، پێشنیاز و تێبینییەکانی ئەو، نووسینی منی دەوڵەمەندترکردووە، ژیانی من پڕتر و بەهادارترە لەگەڵیدا، ئەگەر ئەو نەبا نەمدەتوانی تا سەر بە عەشقەوە بنووسم.

**ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەسەر شیعر، چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

راستت دەوێت من نازانم ئەم پرسیارە و هاوشێوەی ئەم پرسیارانە بۆ دەکرێن، چونکە بەر لە هەر شتێک من پێموایە رەخنەگری ئەکادیمیمان نییە، ئیتر ئەوەی لەملاو لەولاش دەنووسرێن زۆر لاواز و هەژارانەیە.

ئێمە تا ئێستا کەسانێکمان نین کە تیۆری رەخنەی ئەدەبییان خوێندبێت و پرۆفێشنالانە کار بکەن، ئەوەی تا ئێستا هەبوون قسەبوون لەسەرئەو شیعرانەی کە نووسەرەکە خۆی بەدڵی بوون یان نەبوون، رەخنەی ئەدەبی کوردی بە هیچ جۆرێک دیارنییەو زۆر بێ سەرەوبەرەیە، بەڵام لە وڵاتانی ئەوروپا هەموو شتێک لەسەر بنەمایەک دەوترێت و هەر کەسەو بەپێی ئەو بوارەی تیادا خوێندوێتی دەدوێت و تەنیا لەسەر ئەو بابەتانەش دەکەوێتە گفتوگۆ کە پەیوەستە بەکارەکەی خۆیەوە.

دیارە هیچ مەرج نییە ئەوەی کە شاعیرێکی باش بوو، رەخنەگرێکی باشیش بێت، وەک چۆن مەرجیش نییە ئەوەی رەخنەگرە بتوانێت یەک دێڕ شیعر بنووسێت، بەڵام لای خۆمان ئەوەی پەیوەندی هەیە بە نووسینەوە بە چاک یان خراپ، رەخنەی خۆی هەیە لەسەر شتێک کە بەدڵی نەبێت، بەڵام ئەوە ئاشکرایە لە دنیادا رەخنەی چاک و پرۆفێشنالانە دەربارەی هەر بابەتێک لەسەر ئارەزووی ئەو کەسە دروستنابێت، بەڵکو ئەو کارە بە هەوڵ و ماندووبوونی چەند ساڵەی خوێندن و خۆپەروەردەکردن دەکرێت.

**ئەو کتێبانە چین کە سەرسامیان کردوویت و بۆ هەمیشە لە یادەوەریتدا دەمێننەوە؟**

دیارە کتێبی باش و سەرنجڕاکێش زۆرن لە دنیادا، بەڵام ئەوانەی من پێڕاگەیشتووم بیانخوێنمەوە و لە یادەوەریی مندا دەمێننەوە و سەرسامیان کردووم، بریتین لە رۆمانی (تاوان و سزا)ی دۆستۆیڤسکی، (ئێوارەی پەروانە و شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی، (سێبەری با)ی کارلۆس رویز زافۆن)، (دکتۆر گلاس)ی یالمار سۆدیرباری، (یاری کاغەزی)ی یۆستین گاردەر، (کافکا لەسەر رۆخی دەریا)ی هاروکی موراکامی، زۆربەی رۆمانەکانی

کازانتزاکیس منیان سەرسامکردووە، بەتایبەت ڕۆمانی (فرانسیسکۆس قەدیسی من)، ڕۆمانی (خەونی پیاوە ئێرانییەکان)ی ماردین ئیبراهیم.

**یەکێکی تر لە ئارەزووەکانی تری ئێوە کە لە باوکتەوە بۆتان ماوەتەوە سەیرکردنی فیلمە، دوایین فیلمی سەرنجڕاکێش چییە بینیبێتت؟**

من بێجگە لە خوێندنەوە و گوێگرتن لە میوزیک و گۆرانیی زۆر ئارەزووی سەیرکردنی فیلمی چاک و جوان دەکەم، باوکم بینەرێکی باشی فیلمە و هەر فیلمێکم ریکۆمێند بکات بێ یەک و دوو سەیری دەکەم، چونکە من بڕوام بە سەلیقە چاکی باوکم زۆرە.

دوایین فیلم کەبینیبێتم و زۆر بەلامەوە جوان و سەرنجڕاکێش بووبێت فیلمی "ئاڤاتار"ە.

**هێندەی بزانین زۆر حەز بە نووسینی نامەی ئەدەبیی دەکەیت، تا ئێستا نامەی ئەدەبیت لەگەڵ کێ گۆڕیوەتەوە کە خۆت لێیان رازیبیت، ئایا بیر لە بڵاوکردنەوەیان دەکەیتەوە؟**

من زۆر چێژ لە نووسینی ئەو نامانە وەردەگرم کە دەیاننووسم، بەهەمان ئاستی خوێندنەوەی ئەو نامە ئەدەبییانەی بۆم دێن، پێموایە نووسینی نامەی باش هەر وەک نووسینی شیعری باش دۆخ و کاتی خۆی هەیە و هەموو کات نانووسرێت. من و هاوڕێم بارانی چیرۆکنووس زۆرترین نامەی ئەدەبیمان گۆڕیوەتەوە، زۆربەشیان باس لە ژیانی پرایڤەتی خۆمان دەکەن، بۆیە لەو بڕوایەدا نیم بڵاویان بکەینەوە، هەروەها نامەی ئەدەبیی و زۆر سەرنجڕاکێش لە نێوان من و ماردین ئیبراهیم-دا هەیە کە دیسان ئەوانیش پرایڤەتن و پێموانییە

> **من زۆر ڕەشبینم بەرامبەر دونیای تازە، دەخوازم بمگەڕێنەوە ئەو زەمانەی مەحوی بە هەموو جوانیی سروشت بە هەموو هێمنیی ژیانەوە ڕوانیویەتی و شیعرێکی تیادا نووسیوە**

بڵاویان بکەینەوە، هەرچەندە بۆ ماوەیەک بیرمان لە بڵاوکردنەوەیان کردەوە، بەڵام دواتر پێمان باش بوو کە تەنیا (ئۆفێلیا) ئەو نامانە ببینێت، ئەوە یەکێک لە دیارییە تایبەتەکانی ئێمە دەبێت بۆی...

**ئێمە تا ئێستا بەشداری تۆمان لەو کۆڕ و فێستیڤاڵە شیعریانەدا نەبینیوە، نە ئەوانەی کە لە ئەوروپا سازدەکرێن، نە ئەوانەی لە کوردستان؟**

من پێمخۆشە بەردەوام کەمترین تیشک و رووناکیم لەسەر بێت، چونکە من شیعر دەنووسم، ئەدەب دەلاوێنمەوە، بۆ من ئەوەندە بەسە شیعرەکانم بچنە ناو کۆڵان و کتێبخانەو ئەو شوێنانەوە کە خوێنەری چاک و جدییان تێدایە. پاشان من تا ئێستاش بە باشی تێناگەم لەو فێستیڤاڵ و کۆڕانەی دەکرێن، بۆچی دەکرێن؟ چونکە زۆربەی کات هەمان ئەو شیعرانە دەخوێندرێنەوە کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە و زۆربەی کاتیش کۆمەڵێک کەسی دیاریکراون و کەمتر دەنگی تازەو جیاوازیان تیادا دەبینرێت.

**ئەی بۆ ئینتەرڤیوکردن رات چییە؟**

من هەمان بۆچوونیشم هەیە لەسەر ئینتەرڤیوکردن، زۆربەی جار هەمان رۆژنامەنووسی بێکار و داماون کە دێن و هەمان پرسیاری وتراوە و کۆنت لێدەکەنەوە. پاشان من پسپۆڕ نیم لە ژانری شیعردا و رێگە بە خۆشم نادەم نە قسە لەسەر ئەو ژانرەو نە ژانرێکی تری نووسین بکەم، قسەکردن لەسەر ئەدەب بەگشتیی بەتەنیا لەوانە وەردەگرم کە دەزانم پسپۆڕن و لەو بوارەدا خوێندوویانە.

**لەم ساتەدا شوێنێکی تایبەت هەیە حەز بکەیت لەگەڵ چاوداختسندا لێی بیت؟**

هەمیشە شوێنێک هەیە من حەزبکەم لێی بم، بەڵام لەم ساتەدا حەز دەکەم لەماڵی خۆمان بم لە سابوونکەران.

**ساتی نووسین چۆنە لای تۆ، هەست بە چی دەکەیت؟**

من پێش نووسین ماتییەکی بێتام دامدەگرێت لە هەموو شتێک تووڕەدەبم، نائارامیی تەواوی هەڵسوکەوتم دەتەنێت، وەک ئەوەی لەسەر ئاگربم ناتوانم بیر لە شتێکی دیاریکراو بکەمەوە تا ئەوکاتەی یەکەم دێڕی شیعرەکە دەنووسم.

**لازۆ لەم سەردەمە نوێ و خێرایەی ئێستادا بیری چی دەکات؟**

بە بڕوای من سەردەمی نوێ سەردەمێکی سامناک و ترسناکە، مرۆڤ بەوە راناگات لە هیچ رابمێنێت، سەردەمی نەبینین و راکردنە بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر، تابڵێیت ماندووکەرە، من زۆر رەشبینم بەرامبەر دونیای تازە، دەخوازم بمگەڕێنەوە ئەو زەمانەی مەحوی بە هەموو جوانیی سروشت بە هەموو هێمنیی ژیانەوە روانیویەتی و شیعرێکی تیادا نووسیوە. من حەز بە وەستان و مانەوە دەکەم لەو ساتە دانسقەو جوانانەدا کە لە ژیانی رۆژانەی ئێستاماندا هێندە خێرا دەبن بەژێر دەست و پێوە، کەس ناگەڕێتەوە سەریان.

بیری سرووشتی خاو دەکەم، بیری هەوای پاک و بێدەنگیی و ئارامیی دونیا، خاڵیی لە دەنگی ئۆتۆمبێل و بۆنی بەنزین و هەڵمژینی دووکەڵ.

بیری مرۆڤی داهێنەر و سەرنجڕاکێش دەکەم، بیری جوانیی، ئەسڵیی و نەمریی شتەکان دەکەم.

**لازۆ شیعر بۆ کێ دەنووسێت؟**

من شیعر بۆ مانەوە دەنووسم، بۆ زیندوویێتی خۆم، بۆ ئەو هاوڕێیانەم و ئەو خوێنەرانەی کەشایستەی ئەوەن بچنە ناو جوانیی خۆییەوە، بۆ ژیان بۆ گەردوون و سروشت، بۆ بەنرخی (بوون)، بۆ ئەو مرۆڤە باشانەی ژیانیان پڕکردووە لە فەزیلەت...

**ئەگەر داوات لێبکەین بیر لە دیمەنێکی جوان بکەیتەوە، ئەو دیمەنە چی دەبێت؟**

هەر ئێستا من بیر لە خاڵخاڵۆکەیەک دەکەمەوە لە ناو لەپی دەستی منداڵێکدا، بیر لە جوانیی ئەو خاڵخاڵۆکەیە و دڵخۆشیی ئەو منداڵە دەکەمەوە.

**تا ئێستا دیارییەکت بۆ هاتووە جیاواز بێت لە هەموو ئەو دیارییانەی دونیا کە پێشکەشی بەرامبەر دەکرێن؟**

بەڵێ، جیاوازترین دیاریی کە پێشکەشم کرابێت لە لایەن ماردین-ەوە بووە، جارێکیان گیتارێک و جارێکی تریشیان ئینجیلێک و چرایەکی کردمە دیاریی.

**لازۆ بە چ نووسەرێکی بیانیی و چ نووسەرێکی کورد سەرسامە لە ئێستادا؟**

دیارە پێشتر ئاماژەم بەوە کردووە کە نووسەری باش و تایبەت هەن و کەم نین، بەڵام یەکێک لەو نووسەرە تایبەتە بیانییانەی لە ئێستادا زۆرترین سەرنجی

بۆ لای ئەدەبی خۆی ڕاکێشاوە، نووسەری بە ئەسڵ ئیسپانی کارلۆس ڕویز زافۆن-ە. لە نووسەرە کوردەکانیش بەختیار عەلی، ماردین ئیبراهیم، عەتا محەمەد و یوسف عیزەدین.

**کامەن ئەو دەنگە هونەرییانەی گوێیان لێدەگریت؟**

من زۆر گوێ لە دەنگی هونەرمەندان: عەدنان کەریم، کانی، تارا جاف، فوئاد مەولانەیی، قادر کابان، ڕەفیق چالاک، کامکارەکان و شەهرام دەگرم.

**نووسینی کام لە نووسەرە ژنەکان دەخوێنیتەوە؟**

نووسینی باران، سەحەر و زوڵەیخا دەخوێنمەوە.

**ئەی پیاوەکان؟**

ماردین ئیبراهیم، دلاوەر قەرەداغی، هیوا قادر، شێرکۆ بێکەس، بەختیار عەلی، هەندرێن.

**لە هونەری تەشکیلیدا حەز بە سەیرکردنی کاری کام هونەرمەندە دەکەیت؟**

ئیشەکانی هونەرمەندی نەمر سەروەت سەوز، ئیشە زۆر تایبەت و سەرنجڕاکێشەرەکانی باوکم و هونەرمەند سەدرەدین ئەمین.

**چۆن بوو بیرتان لە چاپکردنی کتێبێکی شیعریی کردەوە بە هاوبەشی لەگەڵ ماردین ئیبراهیم-دا؟**

بیرۆکەی کتێبی (کراس ڕەش) ئەو کاتە سەریهەڵدا کە من و ماردین کۆمەڵێک شیعری تازە و چاپنەکراومان هەبوو کە پێشتر بڵاومان نەکردبوونەوە، وا بڕیاریشماندا هەر دەقێکی تازەمان نووسی لەو کتێبە هاوبەشەدا بڵاوی بکەینەوە، پاشان من تا ئەو کاتەش هیچ کتێبێکی چاپکراوم نەبوو، پێموابوو بە هاوبەشی چاپکردنی کتێبێک دەرفەت دەدات بەخوێنەر دوو دەقی تەواو جیاواز لە یەکتر لە هەمان کتێبدا بخوێنێتەوە، هاوکات ئەزموونی نووسەرێکی ژن و پیاو ببینێت و چێژی جیاواز لە هەمانکاتدا وەربگرێت.

**سوپاس بۆ گۆڤاری هەنار و بۆ بەڕێزتان.**

## وەرگێڕان

دیدار لەگەڵ سەنەعەڵڵا ئیبراهیم

**سازدانی: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا**

دۆستۆیۆفسکی و تۆڵستۆی لە ڕۆمانێکدا




**محەمەد قادر**

## ماڵی تارمایی

**تەها ئەحمەد ڕەسوڵ**

کتێبخانە تورکییەکەم

**ئومێد تۆفیق**



وەرە پێکەوە یاریی بکەین

**و: شەریف فەلاح**

ئەم چیرۆکە ناو بنێ نێرگز



**ڕەفعەت مورادی**

لە شیعری ئەڵمانیی سەردەمەوە



**سیروان ڕەحیم**

لە شانۆی تورکمانییەوە



**عەبدولستار جەباری**

بازنە لاکێشەییەکان

**سەلاح جەلال**

# دیدار لەگەڵ سەنەعەڵڵا ئیبراهیم



سازدانی: غەفور ساڵح عەبدوڵڵا

وەکو ژنە رۆماننووسی کوەیتی (لەیلا عوسمان) وتی، سەنەعەڵڵا ئیبراهیم بە رەگەز کوردە و خەڵکی ئۆرفەیە لە باکووری کوردستان، خۆشی نکووڵیی لەم راستییە نەکرد. تا ئێستا ئەم رۆمانانەی نووسیوە: نامووس، لیژنە، ئەزموونی مێینەیی، سەدلعالی، یاسای فەرەنسی، رۆژژمێری پێدەشتەکان، گوڵ، ئەستێرەی ئۆگستس، خوود، ئەو بۆنە، ئەمریکانی، کوڵگرتن، مێزەر و شەپقە، بەیروت... بەیروت...

**با لە سەرەتادا لە سەنەعەڵڵا ئیبراهیم بپرسین کە من تەنها یەک رۆمانی تۆم خوێندوەتەوە بە ناوی "بەیروت. بەیروت "وە، با لە "بەیروت، بەیروت"وە دەست پێبکەین، نیشتیمانی رووداوەکــان و نیشتیمانی شەڕی ناوخۆ، نیشتیمانی هەموو بیرکردنەوە عەرەبییەکان، هەر لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی راست و تادەگاتە فاشیزم لە لوبنان، سەنەعەڵڵا ئیبراهیم وەکو رۆماننووسێکی میسری، چی هانیدایت کە رۆمانی "بەیروت، بەیروت" بنووسیت؟**

هەموو نووسەرێک بۆی هەیە لەسەر هەر شتێک بنووسێت، لە مێژووی ئەدەبدا زۆر لە نووسەران هەن کاری گرنگیان نووسیوە لە سەر ژینگەگەلێک دوور لە ژینگەکانی خۆیان. لەسەر ئەو شوێنانەی کە پەیوەندی بەوانەوە نییە، کاتێک پەیوەندی رووددەدات لەنێوان نووسەر و شوێنێکی تایبەتدا یان ژینگەیەکی تایبەتیدا و گوزارشتی لێدەکات. بەیروت رۆڵی گرنگی بینی لە ژیانی رووناکبیرانی عەرەبدا، رۆڵی رۆشنبیریی گرنگیشی هەبووە لە ماوەی جیا جیادا، توخمەکانی بارودۆخی هەنووکەیی تیادا کۆبوەوە بەشێوەیەکی بەهێز لە ناوچەکەدا. من یەکێک بووم لەو رۆشنبیرە عەرەبانەی کە زۆر سەردانی بەیروتم دەکرد، لەگەڵ خەڵکەکەی پەیوەندیم هەبوو، شەڕی ناوخۆی لوبنان برینێکی قووڵە لە ژیانی عەرەبیدا، کاتێک ویستم چیرۆکێکی ئاسایی بنووسم لە یەکێک لە سەردانەکانمدا بۆ بەیروت، خۆم بینی کە ناچارم قووڵ ببمەوە و سەبارەت بە جەنگی ئەهلی لوبنانی کە بۆچی هەڵگیرسا لە کاتی ئەو گەڕانەی خۆمدا، ویستم ئەو جیهانانە بخەمەڕوو کە بوونە هۆی جەنگی ناوخۆی لوبنان و پەرەسەندنی.

**ئەمە لە لایەک لە لایەکی دیکە لە پەنجاکان و شەستەکان و تا گەیشتە حەفتاکان تەوژمێکی چەپ هەبوو، بەڵام دوای ئەمە هەڵکشانێکی دیکە پەیدابوو وەکو بەرێزتان دەزانن بە هەڵکشانی ئسووڵییەت ناسرا، بە تایبەتی لە میسر بە شێوەیەکی تووند. ئەم هەڵکشانەش دەستیکرد بە تەکفیرکردنی نوسەران و رۆمانەکان، (فەرەج فۆدە)یان تیرۆر کرد، (نەسر حامد ئەبو زید)یان دەربەدەرکرد، تا دەور گەیشتە سەر رۆمانەکەی (حەیدەر حەیدەر) — داوەتێک بۆ گژوگیای دەریا–، من پێموایە یەکێکە لە رۆمانە عەرەبییە ئاساییەکان، بەڵام هەڵکشانی ئسووڵی وای لێکرد کە دنیای لێ بورووژێت، تۆ چی دەڵێیت دەربارەی ئەم هەڵکشانە ئسووڵییە و هۆی دەرکەوتنی چی بوو؟**

زۆر هۆ هەیە، گرنگترینیان بەرپرسیاریەتەکە لە ئەستۆی تەوژمی نەتەوەیی عەرەبیدایە، وڵاتانی عەرەب کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی ئەم تەوژمەوە کە زۆر دەمارگیر بوو بۆ عروبەتەکەی خۆی، چەند قەوارە و رژێمی دروستکرد لە شێوەی رژێمی دیکتاتۆری، ئەم رژێمانە کە لە نێوان پاشایەتی و کۆماریدا بوون

و لەژێر کۆنترۆڵی حیزبە نەتەوەییەکاندا بوون، دەستیان کرد بە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی دیموکراسی و بزووتنەوەی چەپی راستەقینە، هەوڵیشیدا گەمە بە تەوژمی ئایینی بکات و بواری بۆ رەخساند بۆ لێدانی بزووتنەوەی چەپ، ئەو گورزە یەک لە دوای یەکانەی کە بەر چەپ لە میسر و وڵاتانی تر کەوت، بووە هۆی بوارکردنەوە لەبەردەم تەوژمی ئیسلامی، سەرەڕای ئەو داچوونەی کە تووشی شەقامی میسری هات، ئەنجامی مایەپووچ بوونی رژێمە فەرمانڕەواکان و دڵسۆز نەبوونیان بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانی جەماوەر و پێداویستیەکانی و دەست تێکەڵکردنی لەگەڵ بیانیدا، ئەم فاکتەرانە بەرپرسیارن لە دەسەڵاتی رێـڕەوی ئایینی ئسووڵی، کە گوتارێکی سادە پێشکەش بە کەسی سادەی شەقام دەکات، کە پابەندی ئایین و نەریتەکانە و بەئاسانی بە ناوی ئایین و نەریتەکانەوە رایدەکێشێت، بەڵام لە راستیدا هیچ وەڵامێکی فیعلی پێ نییە بۆ ئەو پرسیارانەی کە لە جیهانی ئەمرۆمان دەخرێنە روو، چ لە رووی ئابووری و چ لە رووی کۆمەڵایەتی یان لە رووی سیاسیەوە، بگرە دەکەوێتە وروژاندن و زیندووکردنەوەی هەڵویستی کۆنەپەرستانەو بەسەرچوو کە رۆژگار تێیپەڕاندوون، بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە ژن و بە فرەیی یان بە ئازادی بیروباوەڕەوە هەیە. لەم چوارچێوەیەشدا قەیرانی کتێبی (داوەتێک بۆ گژوگیای دەریا) هاتە گۆڕێ، ئەم هۆیانەش لەوەوە هات کە خانەیەکی بڵاوکردنەوەی حکومی کە (ئیبراهیم ئەسڵان) سەرپەرشتی دەکات، چاپێکی نوێ ئەو رۆمانەی بڵاوکردەوە. کە هەژدە ساڵ بەسەر چاپی یەکەمیدا تێپەڕی بوو، پێموایە دواجار ئەمە روویدا، پرۆسەکە دەستی دەزگا میسرییەکانی تێدابوو بەشێوەیەک یان ئەویتر. پێموایە من بە خەیاڵی تایبەتی خۆم کە ئیشارەتەکە لە لایەن دەزگا حکومییەکانەوە بوو، کە ویستیان کێشەیەک دروست بکەن بۆ هەڵمژینی رای گشتی، لە کاتێکدا تووشی قەیرانێکی ئابووری کوشندە هاتبووین، بە هۆی ئەو پرۆسە بە تاڵان بردنە گەورەیەوە، کە ژمارەیەک لە خاوەن کارە گەورەکان ئەنجامیان دابوو، بە پشتیوانی راستەوخۆی دەزگاکانی دەوڵەت، پارتی کاریش کە تووشی لە دەستدانی جەماوەری هاتبوو بەو دواییە، کە بازرگانی دەکات بە لایەنی ئیسلامییەوە، ئەم کێشەیەی قۆستەوە و وروژاندی و خەڵکی دژی هاندا، لە پێناوی بەدەستهێنانی جۆرێک لە بڵاوبوونەوە بەناو جەماوەردا. ئەمەیش پرۆسەیەکی ئینتیهازیانەی رەئییە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەم هەلە بۆ رووناکبیرە لیبراڵ و پێشکەوتنخوازەکان دەریخست، تا بۆ یەکەمجار یەکبگرن هەر لە شۆڕشی میسرەوە، بینیمان کە ژمارەیەکی زۆر لە رووناکبیران چوون بۆ

دادگای باڵا بۆ پشتیوانکردنی (ئیبراهیم ئەسڵان) کە رۆمانەکەی بڵاوکردبوەوە، خۆیان وادانا کە ئەوانیش بەرپرسیارن لەوە، دەبێت ئەوانیش لەگەڵ ئەودا دادگایی بکرێن. من پێموایە ئەم دیاردانە تەواو نابن و ناوە ناوە دووبارەدەبنەوە، لە شوێنەکانی دیکە. وەک لە یەمەن، ئوردن، لوبنان و سوریا لەم شوێنانەدا لە یەک کاتدا پەیدابوون، ئەویش هاندان بوو لەسەر دەقێک و تەکفیرکردنی و تەکفیرکردن نووسەرەکەی، ورووژاندنی شەقام دژی، بە ئامانجی بە دستهێنانی دەستکەوتی سیاسی. لەو باوەڕەدام ئەم مەسەلەیە بەردەوام دەبێت، چونکە حکومەتە عەرەبەکان رێز لە سادەترین بیروباوەڕی دیموکراسی ناگرن.

**بەرێز سەنعەڵڵا ئیبراهیم، بەدواداچوونێک بۆ هەمان مەسەلە، ئێستا هەڵمەتێک هەیە دژ بە ژنە هونەرمەندی لوبنانی (نیزاڵ ئەشقەر) لەبەر ئەوەی دەقێکی (ژان ژینێ)ی دەرهێنا بوو، هەروەها هونەرمەندی لوبنانی (مارسیل خەلیفە) تووشی هەمان هێرش و تەنگ پێهەڵچنین بووە..**

وەکو وتم ئەم مەسەلەیە جۆرێک لە تاقیکردنەوەی هێز کە تەوژمە ئایینیەکان ئەنجامی دەدەن. چارەسەریش بەردەوام بوونی تەوژمە عیلمانییەکانەو چڕکردنەوەی تەقەلاکانیان بۆ ریسواکردنی ئەو مانۆڕانە، هوشیارکردنەوەی جەماوەر بەو مەترسییە راستەقینانەی کە لەبەردەم بەرژەوەندییەکانی دەوەستن، ئەنجامی ئەم رەوشتانەن، بەڵام فاکتەری سەرەکی کە لە مەترسی ئەم هێرشانە دوورمان دەخاتەوە ئەویش دیموکراسییەکی راستەقینەیە، بوونی دەسەڵاتێکی دڵسۆزە بۆ بەرژەوەندییەکانی گەل. کاربکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی. چارەسەر نەمانی دەسەڵاتی بیانییە...

**بەڵێ مامۆستا سەنعەڵڵا ئیبراهیم، ئەم گرفت و رووداوانە تا چ رادەیەک لە کارە ئەدەبییەکاندا رەنگیان داوەتەوە، چ رۆمان بێت یان شیعر بێت لە میسر، ئێمە لەبەر دووریمان یان بە هۆی بوونی ئابڵووقە لەسەر عێراق و کوردستان، لە داهێنانە میسرییەکان دابڕاوین بۆ ماوەی دە ساڵە؟**

خۆم سەرنجی ئەوەمدا کە لە بازاڕەکاندا کارە ئەدەبییە میسرییەکان بەدی ناکرێن، هەروەها لە ژیانی ئەدەبی کوردیشدا. پێموایە ئەم سەردانە کە کردوومانە رۆڵ دەبینێت بە چارەسەری گرفتەکە، گەڕانەوەی پەردەکان لە نێوان ئەم دوو گەلەدا، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەمتەرخەمییە، من دان بەوەدا دەنێم کە لەلایەن ئێمەوە کەمتەرخەمی هەیە سەبارەت بە کێشەی کورد. کەمتەرخەمییەکی ئاشکرا هەیە و هۆی واقیعیانەی خۆی هەیە. ئەویش خەریکبوونمان بە ململانێوە لەگەڵ ئیسرائیلدا، لە هەمان کاتیشدا ئەوەی حکومەتە عەرەبەکان کردوویانەو

هەوڵیانداوە بۆ پشتگوێخستنی کێشەی کورد لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان، هەروەها ئەو رۆڵە چالاکەی کە تەوژمی نەتەوەیی شۆڤێنی دەیبینێت کە بریتیە لە حیزبی بەعس لە عێراقدا...

**بەڕێزتان لە رۆمانی (بەیروت... بەیروت) ئاماژەتان داوە بە رۆڵی رژێم و حیزبی بەعس...**

لە راستیدا لە زۆربەی رۆمانەکانمدا...

**لە راستیدا من تەنها ئەم رۆمانەتم خوێندووەتەوە**

لە دوا رۆمانمدا کە بەر لە دوو مانگ لە قاهیرە بە ناوی (گوڵ)ەوە دەرچووە، ئەم رۆمانە بە توێکارییەوە باس لە ئەزموونی شۆڕشێکی گرنگ دەکات کە لە نێوان ١٩٦٥ و ١٩٧٥دا لە سوڵتاننشینی عەممان روویدا، دەسەڵاتی رزگارکەر لە (زەفار) درووست بوو، ئەم دەسەڵاتە توانی بیروباوەڕی نوێ و ژیانی نوێ لە فێربوون و تەندروستی و هۆشیاریی بەرێتە ناوچەیەکی دواکەوتوو، هەروەها پایەی ژن بەرزبکاتەوە، بەداخەوە ئەم دەسەڵاتە لەلایەن هێزەکانی شای ئێران لەناوبرا و حیزبی بەعسیش و حکومەتەکەی دەوری نێگەتیڤیان هەبوو لەم بارەیەوە، لەم رۆمانەدا باسی ئەم رووداوە دەکەم لەرێگەی ژیانی رۆژانەی ژنە تێکۆشەرێکی عەممانییەوە، کە رۆڵی سەرکردایەتی هەبوو لە بزووتنەوەکەدا. ئەم رۆژانەیە باسی رووداوەکانی وڵاتانی عەرەب دەکات، لە زۆر شوێندا، ئاماژەی تیایە بۆ حکومەتی بەعس لە عێراق، کە هێشتا چەوساندنەوە هەیە دژ بە کورد و بەشیوعییەکان.

**ئایا هێشتا ئیبراهیم ئەسلان لە میسرە؟**

بەڵێ هێشتا لە میسرە دەعوەتێکی بۆ هات لە فەرەنساوە نەچوو بۆ ئەوەی لە نێو جەنگەکەدا بێت.

**بێگومان جەنگەکەی (حەیدەر حەیدەر)؟!**

بێگومان ئەم ئەزموونە وایکرد کە هەموو تەوژمە رۆشنبیرییەکان یەکبگرن، بۆ خۆئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی گشتی بۆ رۆشنبیران لەژێر دروشمی (پێکهێنانی بەرەی رۆشنبیرانی سەربەخۆ). مەبەست لەمەیش کە دەبێت کۆنگرە نابێت لەژێر چەتری هیچ رژێمێکی حکومی و چەتری حیزبەکاندا بێت.

**لە قسەیەکی پێشترتدا لە بارەی شکاندنی گەمارۆی رۆشنبیریی لەسەر کوردستان، یان بچڕانی پردی نێوان وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەتی میسر لەگەڵ کوردستان، قسەت کرد؟**

بابەتەکە ئاڵۆزە وەکو دیارە گەمارۆیەکی دوو لایەنەیە لەسەر عێراق و ناوچە کوردییەکەدا، هەروەها لایەنێکی نێگەتیڤ هەیە لە لایەنی کوردییەوە، ئەویش

ئەو دووبەرەکییەی ئێستا هەیە، دەمەوێت بەوپەڕی راشکاوی بڵێم دۆخەکە کارەساتاوییەو مایەی گاڵتەجاڕییە و زەرەرمەندی یەکەمیش میللەتی کوردە، کورد چۆن لە جیهاندا دەدوێت، چۆن دەتوانێت پرد رایەڵە بکات لە نێوان خۆی و عەرەبدا، لە نێوان کێ و کێ؟ من پێموایە هەنگاوی یەکەم بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کورد و بەستنەوەی بە بەرژەوەندییەکانی گەلی عەرەبەوە و هەنگاوی یەکەم یەکخستنی ریزەکانی کورد خۆیەتی. هەنگاوی دووەم بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانی خۆی لە چوارچێوەی عێراقدا و لە سایەی دۆخێکی دیموکراسیدا، کە لە چەوساندنەوەو سەرکوتکردن و کوشتن دووریان بخاتەوە، کە وەکو لە لایەن دەسەڵاتی بەعسەوە بینیمان لە عێراق، لەژێر چەندین دروشم و گوزارشتی دیکەدا بەڕێوەچوو، ئەمەیش تەنها بە لەناوچوونی بەعس لە بەغدا دێتە ئەنجام، بە فەراهەمکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان و یەکگرتنی گەلی کوردو نەهێشتنی ئەم گەمارۆیە و ئەنجامیش پەیوەندی نێوان کورد و عەرەبیش دەگەڕێتەوە...

**تا چ ئاستێک بەڕێز سەنەعەڵڵا ئیبراهیم ئاگاداری ئەدەبی کوردییەو چی لەبارەیەوە دەزانێت؟**

وەکو چۆن زرووف رێگەتان لێدەگرێت کە بەرهەمەکانی ئێمە بگات پێتان، ئاوهایش زرووف رێگا لە ئێمەش دەگرێت تا بەرهەمەکانی ئێوە بگاتە ئێمە، دواجار کۆسپی زمانیش هەیە بە داخەوە، ئێوە عەرەبی دەزانن، بەڵام ئێمە کوردی نازانین، نزیکبوونەوەیش لەوانەیە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، بەڵام بەرهەمەکانی (سەلیم بەرەکات)مان بە زمانی عەرەبی خوێندوەتەوە و دڵخۆشیش بووم بەوەی شاعیری گەورە شێرکۆ بێکەس لە پێشوازیماندا بوو کە لە جیهاندا ناوبانگی هەیە، هەندێک لە بەرهەمەکانیمان خوێندووەتەوە، لێرەو لەوێ دەبیستم کە بزووتنەوەیەکی بەرز هەیە لەلایەن داهێنەرانی کوردەوە، کە سوودیان لە بڵاوبوونەوەیان وەرگرتووە بە جیهاندا، شارەزایی و ئەزموونی کەسانی دیکەیان وەرگرتووە و پەرەیان بە توانای خۆیان داوە...

سەرچاوە:
رۆژنامەی الاتحاد، ژ ٣٨٣.

# ماڵی تارمایی

ماڵی تارمایی

**ڤێرجینیا وۆڵف**
**و. له ئینگلیزییەوە: تەها ئەحمەد ڕەسوڵ**

له هەر کاتژمێرێکدا له خەو ڕابوویتایە دەرگایەک پێوەدەدرا و له ژوورێکەوە دەچوونە ژوورێکی تر، دەستیان لەنێو دەستی یەکدا بوو، ئێرەیان واز لێدەهێنا و ئەوێیان دەکردەوە، بە دڵنیاییەوە جووتە خێوێکی ژن و مێرد بوون.

(لێرە بەجێمانهێشت) ژنەکە وتی، پیاوەکەش بۆی خستەسەری:

(ئۆی، هەروەها له باخچەکەدا)

پیاوەکە چرپاندی: (سوک)

وتیان: (با خەبەریان نەکەینەوە)

(بەڵام ئەوە ئێوە نەبوون ئێمەتان خەبەرکردەوە، نا)

(ئەوان بۆی دەگەڕێن، پەردەکانیان لاداوە)

بۆ یەکێک هەبوو شتێک بڵێت، لاپەڕەیەک یان دووان بخوێنێتەوە!

(ئێستا ئەوان دۆزیویانەتەوە)

یەکێک خوازیارە دڵنیابێت، پێنووسەکە له لێواردا ڕابگرێت، پاشان، له خوێندنەوە ماندووبێت، ڕەنگە کەسێک له خەو ڕابێت و بڕوانێتە رووخساری خۆی، هەموو ماڵەکە خاڵیی بوو، دەرگاکان کرابوونەوە، تەنها تاق تاق کەرەکان بەکەیفەوە دارەکانیان هەڵدەکۆڵی و دەنگە دەنگی دەڕاسەکە له کێڵگەکەوە زایەڵە دەبۆوە.

(بۆ چ شتێک هاتوومەتە ئێرە؟! دەمەوێت چی بدۆزمەوە؟! ناو دەستەکانم خاڵین)

(ڕەنگە دواتر له نهۆمی دووەمیش؟!)

سێوەکان لە تاقەکەدان، لە نزماییشدا باخچەکە وەک هەمیشە ماوەتەوە، تەنها کتێبەکە لەنێو گژوگیاکەدا نووستووە.

(بەڵام ئەوان لە ژووری میوانەکەدا دۆزیویانەتەوە)

هەرگیز کەسێک نەبووە بتوانێت بیانبینێت... شووشەی پەنجەرەکە سێوەکانی رەنگدەدایەوە، هەروەها گوڵەکانیش، هەموو رووەکەکان لە شووشەکەدا سەوز دەچوونەوە، کاتێک ئەوان دەجووڵان لە ژووری هۆڵەکەدا، تەنها سێوەکە لای دەکردەوە لەسەر تەنیشتە زەردەکەی... هێشتان، چرکەیەک دواتر، ئەگەر دەرگاکە بکرێتەوە، فەرشی سەر زەوییەکە، وێنە هەڵواسراوەکانی قەد دیوارەکان، چلچرای میچەکە، چی؟! نێو دەستەکانم خاڵین، سێبەری شیلاقەیەک [1] بەسەر کومبارەکەدا رەتبوو، لە کونە تاریک و قووڵەکانەوە دەنگی دارکونکەرەکان زایەڵە دەبۆوە.

(خەزێنە، خەزێنە، خەزێنە)

ترپەی دەنگیماڵەکە بەهێمنییەوە لێیدەدا.

(خەزنەکە لەخاک نراوە، ژوورەکە)

ترپەکە برێک وەستا.

(ئۆە، شوێنی نێژرانی خەزێنەکە لەکوێیە؟!)

چرکەیەک دواتر رووناکی رەوییەوە. لە باخچەکەشدا درەختەکان لەبەر تیشکی خۆرەکەدا سێبەرێکی تاریک و تۆخیان پەرشوبڵاو کردبۆوە، تیشکێکی زۆر نەرم، زۆر دەگمەن و دانسقە، فێنک و کز و لار، هەستمدەکرد هەمیشە لە تەنیشت شووشەی پەنجەرەکەوە دەپووکایەوە، هۆکاری ئەو مەرگە شووشەکە بوو، ئەو مەرگە لەنێوەندماندایە، یەکەمجار هاتە لای ژنەکە، سەدساڵێک لەمەوبەر، ماڵەکەی جێهێشت، هەموو پەنجەرەکانی داخست. ژوورەکان هەموو تاریکبوون، ئەو ماڵ و ژنەکەیشی بەجێهێشت، رۆیشت بەرەو باکوور، بەرەو رۆژهەڵات، ئەستێرەکانی بینی رووەو خوارووی ئاسمان دەجووڵان، خانووەکەی پشکنی، بینییەوە لە بنەوە ئاودڕ بووە و دڵۆپە دەکات و ئاو دەدەڵێنێت، چرکە چرکی ماڵەکە بەخۆشییەوە لێیدەدا.

(خەزنەکە هی ئێوەیە)

با لەسەر رێگەکە هەڵیکرد، درەختەکان دەچەمانەوە و بەملاولادا دەهاتن، تریفەی مانگ وەدەرکەوت و بارانێکی توند دایکرد، تیشکی چراکە کز بوو و بەماڵەکەدا پەخشدەبۆوە، پەنجەرەکان دەکرانەوە و دەیانچرپاند تاوەکو بەخەبەر نەیەین. جووتە خێوەکە لەدووی خۆشنوودی خۆیان دەگەڕان.

(لێرە نووستین) ژنەکە وتی، ئەویش درێژەی پێدا:

(ماچکردنی لە ژمارە نەهاتوو... لەخەو رابوونی بەیانیان... رەنگی زیوینی نێو

درەختەکان... لە نهۆمی سەرەوە... لە باخچەکەدا... وەختێک کە هاوین دەهات... زستانان کاتی بەفربارین)

بەدرێژایی ئەو ماوەیەش دەرگاکان دادەخرانەوە، لە دەرگادانێکی نەرم بەچەشنی لێدانی ترپەی دڵ.

نزیکی هاتنەوەیان، لە ڕاڕەوەکەدا وەستان، بایەکە هێمن بۆوە و بارانەکەش دڵۆپەی زیوینی بە شووشەکاندا دەچۆڕاندەوە، چاوەکانمان تاریک بوون، گوێمان لە چ دەنگێکی پێ نەبوو لە تەنیشتمانەوە، چ خانمێکمان نەبینی عەبا شەبەنگییەکەی بڵاوبکاتەوە. پیاوەکە بە هەردوو دەستی چراکەی گرتبوو.

(بڕوانە) کەوتە هەناسەدان.

(دەنگی خەوتن، خۆشەویستی و ئەوین لەسەر لێوەکانیان)

چەمانەوە و چرا زیوینەکەیان بەژوور سەرمانەوە ڕاگرت، قەیرێکی زۆر بەقووڵی تەماشایان کرد، زۆر ڕاوەستان... کزەباکە لەناکاوێکدا هەڵیکردەوە، ڕۆشنایی کز بوو و لاربۆوە، تریفەی مانگ بە شەوقەوە ڕژایە سەر هەموو زەوی و سەر دیوارەکە، دواتر... پێکگەیشتن، ڕەنگی ڕووخسارەکان بەدوای خەوتووەکاندا دەگەڕان و سەرقاڵی خۆشبەختی شاردراوەی خۆیان بوون.

(خەزێنە، خەزێنە، خەزێنە)

دڵی ماڵەکە بەچالاکییەوە لێیدەدا.

(ساڵانێکی زۆر) پیاوەکە بەتامەزرۆییەوە وتـی: (سەرلەنوێ من دەدۆزیتەوە)

ژنە ورتە ورتێکی کرد:

(لێرە... خەوتن... خوێندنەوە لە باخچەکەدا، پێکەنین، پێچانەوەی سێوەکان بە کاغەز و لە تاقەکەدا، لێرە خەزنەکەمان جێهێشت)

دەچەمێنەوە، تیشکەکەیان پێڵووەکانم لەسەر چاوان پێ بەرزدەکاتەوە.

(خەزێنە، خەزێنە، خەزێنە)

ترپەی ماڵەکە بەجۆشەوە لێدەدات، ڕابووم و هاوارم کرد:

(ئۆە، ئەمە خەزنە داپۆشراو و لەخاکنراوەکەتانە؟! ڕووناکی ناو دڵتان!)

(1) شیلاقە: باڵندەیەکە دەخوێنێت و لە مریشکی کێویلە دەچێت.

سەرچاوە:

GREAT SHORT STORIES 50

Batman books.. new york

# دۆستۆیۆفسکی و تۆڵستۆی لە رۆمانێکدا




## خوێندنەوەیەک بۆ رۆمانی "قارەمانەکان و گۆڕەکان" بەرهەمی ئێرنێستۆ ساباتۆ

**نووسینی: محەمەد حسێن شەهسەواری**
**وەرگێڕانی: محەمەد قادر**

ئەلیخاندرا بە دەست ئاماژەی بۆ پەنجەرەیەکی رووناک کرد و وتی: (تەماشای پەنجەرەی ئەو ماڵە بچووکە بکە، هەمیشە ئەم رووناکییە لە شەودا دەمترسێنێت: رەنگە لەوێدا ژنێک ژان گرتبێتی و منداڵی ببێت، یان کەسێک خەریکە دەمرێت؟ یاخود خوێندکارێکی هەژار کە خەریکە مارکس دەخوێنێتەوە؟ جیهان چەند پڕنهێنییە! تەنها مرۆڤە رواڵەتبینەکان ئەم شتانە نابینن. لەگەڵ ئەو پاسەوانەی لەو سووچەدا وەستاوە پیاسەیەک بکە، هەڵبدە متمانەت پێبکات، بەخێرایی تێدەگەی ئەویش بۆ خۆی نهێنییەکە).

## ساباتۆ- قارمانەکان و گۆڕەکان

لای خوێنەری کورد ئیرنێستۆ ساباتۆ ناوێکی زۆر ناسراو نییە. ئەوەندەی من بزانم جگە لە ڕۆمانی تونێل نەک تەنها ڕۆمانێکی دیکەی ئەم ڕۆماننووسە گەورەیە نەکراوە بە کوردی، بەڵکو وتارێکی جدیشمان لە سەر گرنگی و کاریگەریی ئەم پیاوە گەوەرەیە بەرچاو ناکەوێت. بەهەرحاڵ بە خۆشحاڵییەوە پاش ٦١ ساڵ دوای نووسینی ڕۆمانەکە، شیرین.ک یەکەمین ڕۆمانی (تونێل)ی لە عەرەبییەوە کرد بە کوردی و ئێستا لە کتێبخانەکاندایە. ڕۆمانی تونێل شاکاریکی گەورەی ئێرنێستۆ ساباتۆیە و بە ماوەیەکی کەم پاش بڵاوکردنەوەی وەرگێڕدرایە سەر زیاتر لە ٢٨ زمانی زیندووی جیهان و لە لایەن چەند گەورە ئەدیبێکی وەک ئەلبێر کامۆ، گراهام گرین، تۆماس مان و... ستایشکرا. ئەم ڕۆمانە گەشتێکی قووڵە بەناو ڕۆحی ئاڵۆز و پڕ لە نهێنی مرۆڤ، بەناو تاریکیی بیرکردنەوەی مرۆڤ، بەناو ئەو شتانەی کە ئێمە لە ڕەواڵەتدا نایبینین، بەڵام کاریگەرییەکی گەورە دروست دەکات. ساباتۆ لە ڕێگەی باسکردنی چیرۆکی (ماریا ئیبریانە و خوان پابلۆ کاستێل) پەنجە دەخاتە سەر شاراوەترین و تاریکترین لایەنەکانی ڕۆحی مرۆڤ و لە ڕێگەی ئەم دوو پاڵەوانەوە گومان، دوودڵیی، ئیرەیی، توڕەیی، دڕندەیی مرۆڤ و جەبری چارەنووس و... هتدمان بۆ دەخاتەڕوو. بەهەر حاڵ باسی ئەم خوێندنەوەیە تایبەتە بە شارێکی دیکەی ساباتۆ بەناوی (قارەمانەکان و گۆڕەکان). ئەم بەرهەمە بەداخەوە وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. قارەمانەکان و گۆڕەکان بەهەمانشێوەی ڕۆمانی تونێل سەفەرکردنە بەناو ڕۆحە بێدەنگ، بەڵام خرۆشاوەکەی مرۆڤ. ئەمجارە ساباتۆ بە تەکنیکێکی تر، بە کۆمەڵێک پاڵەوانی تر ئەم کارە دەکات. چیرۆکی دوو خۆشەویستە بەناوی (مارتین)و (ئەلیخاندرا). مارتین هێمای مرۆڤە تەنها و نامۆکانی ساباتۆیە، ئەو مرۆڤانەی کە لە ڕاستیدا گوزارشت لە ئێستای ژیانی کۆی مرۆڤەکان دەکات. ساباتۆ خۆشی لە بەشێکی ئەم ڕۆمانەدا دەنووسێت: (ئەو ڕێگەیەی کە مرۆڤ دەیگرێتەبەر بۆئەوەی بۆ نهێنیترین و تایبەتیترین بەشی ڕۆحی خۆی بگەڕێتەوە، هەمیشە سەفەرێکی دووروودرێژ لەخۆ دەگرێت کە بە ڕێگەی خەڵکانی دیکە و جیهانەکانی تردا دەگوزەرێت).

تەنهاییەکی قـووڵ، دەربـەدەریـی، نەدۆزینەوەی مانایەک بۆ شتەکان، دوودڵییەکی زۆر، بێهودەییەکی وێرانکەر، چاوەڕوانییەکی بەردەوام بۆ شتێک کە ڕەنگە هەرگیز نەیەت، بۆ شتێک کە ڕەنگە هەرگیز بەوجۆرە نەبێت، بۆ کەسێک کە تەنهایی و ئاڵۆزیی و بێهودەیی خۆی پێ چارە بکات، بەڵام نازانێت ئەو کەسەش کە بە ڕزگارکەری دەزانێت، خۆی بێهودە و تاریک و ئاڵوزە، ئەویش بۆ خۆی

عەودالّی دۆزینەوەی مانایەکە بۆ خۆی. ساباتۆ لە ڕێگەی تاریکیی و بێهودەیی و ئالۆزیی مارتینەوە دەمانباتەوە سەر کۆمەڵێک ئالۆزیی و بێهودەیی و تاریکیی دیکە. ئەلیخاندرا کە مەعشوقەی مارتینە و لە ڕاستیدا ئاماژەیە بە ڕزگارکەری مارتین، ڕزگارکەرێک کە تەنانەت ڕزگارکەری خۆشی نییە. چیرۆکی ئەم دووانە لە وڵاتەکەی ساباتۆ (ئەرجەنتین) ڕوودەدات. هەروەک نووسەری ئەم خوێندنەوەیەش دەڵێت: (ساباتۆ ناچارە بۆ دروستکردنی فەزای ئەدەبی ڕۆمانەکەی، هاوکات وێنەیەکی گشتگیر لەسەر بوێنۆس ئایرس بکێشێت)، وێنەیەکە کە دروستکەری فەزای ئەدەبی ڕۆمانەکەیە. لە ڕۆمانی قارەمانەکان و گۆڕەکاندا دیسان چیرۆکی ماریا و خوان پابلۆ باسدەکرێت، هەر لەم ڕۆمانەدا بۆرخیس دەبێتە یەکێک لەو کەسانەی کە بۆ ماوەیەکی کورت ڕۆڵی خۆی لە ڕۆمانەکەدا دەبینێت و لەوەش سەیرتر ئەوەیە، کە ساباتۆ لە زاری یەکێک لە کاراکتەرەکانەوە بەچەند لاپەڕەیەک ئەدەبیاتی بۆرخیس دەخاتە ژێر ڕەخنەوە.

ڕۆمانەکە دابەشکراوەتە سەر چوار بەش، بەشی یەکەم: بە ناوی (شازادە خانم)، باسکردنە لە ژیانی منداڵیی ئەلیخاندرا وەک کچێکی سەرکەش و یاخیی، ئەو یاخیگەریی و سەرکەشییەی کە مارتین لەبەرامبەریدا دۆشدادەمێنێت. بەشی دووەم: لەژێر ناونیشانی (ڕۆخسارە نادیارەکان)، خۆشەویستی ئەلیخاندرا و مارتین شیدەکرێتەوەو دوودڵیی و نهێنی و گومان و بێهودەییەکانی ئەم عەشقە. هەر لەم بەشەدا ژمارەیەکی زۆر پاڵەوانی لاوەکیی دێنە ناو ڕۆمانەکەوە و ساباتۆ لە ڕێگەی ئەم پاڵەوانانەوە وردتر و تۆختر پاڵەوانە سەرەکییەکان ڕەسم دەکات. بەشی سێیەم: کە لە ڕاستیدا بەشێکی تایبەتمەندی ڕۆمانەکەیە بریتییە لە: (ڕاپۆرت دەربارەی نابینایان). ئەم بەشە ڕاپۆرتێکە کە لەلایەن فێرناردۆ بیدال، باوکی ئەلیخاندرا دەنووسرێت. ڕاپۆرتێکی مازۆخیستی- سادیستی کە ترس و دڕندەیی و وەحشیگەریی نووسەری ڕاپۆرتەکە تیایدا دەگاتە لوتکە. بەشی کۆتایی (خودایەکی بێ ناونیشان) برۆنۆ، واتە پاڵەوانە بیرمەندەکەی ڕۆمانەکە خۆی بەرجەستە دەکات و دەبێتە ڕاوی سەرەکی و زۆرێک لە تەمومژ و تاریکی پاڵەوانەکانی تر و هەروەها کۆی ڕۆمانەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوە.

## دۆستۆیۆفسکی و تۆلستۆی لە ڕۆمانێکدا

ڕۆجێ مارتین دۆگار نووسەری فەرەنسی و خوڵقێنەری ڕۆمانی "خێزانی تیبۆ"، پێیوابوو ڕۆمان، پاش گەورە ئەدیبەکانی ڕوسیا، یان درێژەدانە بە دۆستۆیۆفسکی یاخود تۆلستۆی. ئێمە کاتێک ئەم بۆچوونەی دۆگار قبووڵ دەکەین، کە باسەکە

لەسەر ئەم پرسیارە بێت: ئایا لەکاتی نووسینی رۆماندا چۆن تەماشای جیهانی چواردەورمان دەکەین؟ ئەگەرنا لە رووی بوونیاد و تەکنیکەکانی رۆماننووسییەوە، مێژووی رۆمان گەلێک رێگای دیکەی بڕیوە، بەدەر لە شێوازی ئەم دوو کەڵە ئەدیبە، کە هەڵبەت ئەمە بابەتی ئەم نووسینەی ئێمە نییە.

ئەگەر تێڕوانینی خۆمان بخەینە ئاسۆی بینینی دۆگار-ەوە، بەڕاستی نووسەرانی سەدەی بیست لە یەکێک لەم رێگایانەدا هەنگاویان ناوە. تێڕوانینی دۆستۆیۆفسکی بۆ جیهان، تێڕوانینێکی میکرۆسکوبی- یە و تۆلستۆی بەشێوەی ماکرۆسکۆبیی تەماشای جیهانی دەکرد. داستایۆفسکی وەکو کیمیازانەکان لە جیهان رادەمێنێت و تۆلستۆی وەک ئەستێرەناسەکان سەیری جیهان دەکات. دۆستۆیۆفسکی بەڕادەیەک جیهانی ورد دەکرد تا بگاتە مرۆڤ و رۆحی نەشتەرگەریی بکات، بۆ ئەوەی مەیل و سرووشتی بۆ کاتی مامەڵەکردن و بەریەککەوتن لەگەڵ وردەکاریی و پێشهاتەکاندا بەدیبکات. هەرلەبەر ئەم هۆکارەش رۆمانەکانی وەڵامێکی باشی تەفسیرە دەروونناسییەکان دەدەنەوە و لەخۆڕا نییە کە فرۆید رۆمانی برایانی کارمازۆف، بە یەکێک لە سێ بەرهەمە گەورە ئەدەبییەکانی جیهان دەزانێت.

بەڵام تۆلستۆی لە رۆمانەکانیدا هەوڵی سەرلەنوێ دروستکردنەوەو دۆزینەوەی گشتێتی جیهانی چواردەوری مرۆڤ دەدات، هەروەها ئەو هێزانەش کە ئەم جیهانەیان دروستکردووە و مرۆڤیان خستۆتە نێو بازنەی خۆیانەوەو دیسان لەبەر ئەم هۆکارەشە کە تەفسیری کۆمەڵناسی و فەلسەفی زۆر بە باشی رێگەی خۆیان لە بەرهەمەکانی تۆلستۆیدا دەدۆزنەوە، بەشێوەیەکی گشتیی دیدی دۆستۆیۆفسکی تەفسیری جیهان بوو و دید و شێوازی تۆلستۆی وەسفکردنی جیهان.

ئێرنێستۆ ساباتۆ لە رۆمانی قارەمانەکان و گۆڕەکاندا (بە ویستی خۆی یان بێ ویستی خۆی) هەوڵیداوە هاوکات هەردوو جیهانی تۆلستۆی و دۆستۆیۆفسکی بنووسێتەوە. هەڵبەت هاوچەرخەکانی ساباتۆ لە ئەمریکای لاتین، رێگای خۆیان دۆزیوەتەوە. (مارکیز) درێژەپێدەری دۆستۆیۆفسکی بوو و (ماریۆ بارگاس یوسا)ش درێژەی تۆلستۆی. هەڵبەت ئەم هەوڵە مەزنەی ساباتۆ لە خولقاندنی هاوکاتی دوو تێڕوانین بۆ ئەدەبیات، دەستکەوتێکی کەم تا زۆر پەسەندکراوی هەبووە، بەڵام دواجار چەند نووقسانییەکی لە رۆمانەکەیدا دروستکردووە کە دواتر ئاماژەی پێدەکەین. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی دروستتر حوکم لەسەر رۆمانی قارمانەکان و گۆڕەکان بدەین، دەبێت بڵێین بریتییە لە رۆمانێکی دۆستۆیۆفسکیانەیە لەگەڵ مەیلێکی تۆڵستۆیی. قارەمانەکان

و گۆڕەکان وەکو بەرهەمەکانی دۆستۆیۆفسکی پێش هەموو شتێک سەرقاڵی نەشتەرگەریی ڕۆحی پاڵەوانەکانی دەبێت. ئایا (مارتین) نامانخاتەوە یادی ئەو عاشقە شەرمنە مازۆخیستانە کە لە هەموو ڕۆمانەکانی دۆستۆیۆفسکیدا وەکو چەند ڕۆحێکی سەرگەردان لە ژووورە تاریکەکاندا، لە (سێن پترێس بۆرگ) یاخود مۆسکۆ، شەو بەسەردەبەن؟ ئایا ئەلیخاندرا ئەو کچە سەرکەش و یاخییە، ئەڵتەرناتیڤێکی سەدەی بیست نییە بۆ (ئاگلانەگۆ) یاخود (ئاناستازی) لە ڕۆمانی (گەمژە)دا؟ واتە گێرەشێوێنەکانی شار کە لە سنووری نێوان سۆزانیی و پاکیزەییدا تەراتێن دەکەنەوە، یاخود (جۆرجینا) دایکی ئەلیخاندرا ئێوە ناخاتەوە بیری (سۆنیا) لە (تاوان و سزا)دا؟، بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێک و وەک بڵێی لە دڵی ڕۆمانەکانی دۆستۆیۆفسکییەوە هەڵقوڵاوە، (فێرناردۆ بیدال) ئەو شەیتانە بەرجەستەکراوە، باوکی ئەلیخاندرایە. ئەو بێگومان ڕۆڵەی (ستارۆگین) لە ڕۆمانی (دەستەمۆکراوەکان) و (ئیڤان کارامازۆف)ە. گەرچی ساباتۆ زەحمەتێکی زۆری کێشاوە بۆئەوەی مەیل و ویستەکانی تۆلستۆی درێژە پێبدات، بەڵام ڕۆمانەکەی بێبەشە لە هەندێک لەم ڕەهەندانە. ئەم تێڕوانینە. بۆ ئەوەی دیدێکی مایکرۆسکۆبیمان هەبێت، چارەیەکی ترمان نییە، جگە لەوەی وردەکاریی قۆناغی مەبەست نەخەینەڕوو. چەند وردەکارییەکی وەک ڕوسیا لە (جەنگ و ئاشتی)دا، فەرەنسا لە (خێزانی تیبۆ)و پیرۆ لە (گفتوگۆ لە کاتدرال). ئەم وردەکارییانەش لەگەڵ خۆیاندا فەزایەک دروستدەکەن و دواحوکمدان لەسەر ڕۆمان لەسەر ئەساسی ناوەڕۆک و بناغەی ئەم فەزایە مانای خۆی وەردەگرێت. بۆ نموونە ئەگەر لە جەنگ و ئاشتیدا، هاوکات وێنەی چینە کۆمەڵایەتییەکانی ڕوسیا وەکو خانەدان و بێ پلەکان، جوگرافیای ڕوسیا، پاشا، لەشکری ڕوسیا و هەموو ئەمانە نەکێشرایە و وردەکارییە ئاڵۆزەکان لە بەشەکانی ڕۆمانەکەدا نەبووایە، جیهانی ئەدەبی جەنگ و ئاشتی دروست نەدەکرا. لە (خێزانی تیبۆ)ش بەمشێوەیە و هەروەها لە ڕۆمانی (گفتوگۆ لە کاتدراڵ). ساباتۆ بە تایبەتی لە بەشی یەکەم و کەمێک لە بەشی چوارەمی ڕۆمانەکەیدا سەرقاڵی مێژووی خێزانی ئەلیخاندرا دەبێت، هەوڵدەدات جیهانی تۆلستۆیی بناغەڕێژ بکات کە هەڵبەت ئەو دوو بەشە شاکارە، بەڵام ئەم ڕێژەیە بەس نییە بۆئەوەی تێڕوانینی ئێمە بۆ جیهان تێڕوانینێکی مایکرۆسکۆبیی بێت. ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە ئەرجەنتینی سەردەمی (پرۆن) ڕوودەدەن، بەڵام ئێمە شتێکی ئەوتۆی لێتێناگەین. لەلایەکی ترەوە پاڵەوانەکانی دیکەی قارەمانەکان و گۆڕەکان زیاتر ڕۆشنبیرەکانن. ساباتۆ خۆی لەوە دووردەگرێت بچێتە لای چینە باڵاتر و نزمترەکانی ئەرجەنتین. ئەرجەنتینەکەی ئەو لە بۆینۆس ئایریسدا کورت

دەبێتەوە و لە کۆمەڵی زانکۆیی و رۆشنبیرانەدا قەتیس دەبێت. بە کورتی دەتوانین بەوجۆرە حوکم بدەین، کە ساباتۆ لە هەر شوێنێک پانتاییەکی زیاتری بۆ مەیلی دۆستۆیۆفسکی کردبێتەوە، بە تایبەت لە بەشی (راپۆرت دەربارەی نابینایان)دا، بێگومان شاکاری خوڵقاندووە. دەربارەی ئەم بەشە کە پڕە لە خەیاڵێکی بێسنوور و نەشتەرگەریکردن بۆ رۆحێکی شەیتانیی، زیاتر قسە دەکەین. ساباتۆ تەنانەت ئەو کاتەی کە تۆلۆستۆییانە هەنگاو دەنێت، دیسان سەرسامیمان دەکات. لە راستیدا ئەگەر بمانەوێت نووقسانییەک لە کارەکەیدا دیاریی بکەین، دەبێت ئاماژە بە ناهاوسەنگیی نێوان ئەم دوو تێڕوانینە بدەین. رەنگە رۆجێ مارتین دۆگار راست بکات کە یان دەبێت درێژە بە تۆلستۆی بدەین، یاخود بە دۆستۆیۆفسکی.

### خراپە وەک سەرچاوەی بەرهەم

هونەرمەندان بەوپێیەی بە درێژایی مێژوو هەردەم دژی هەلومەرجی هەنووکە بوون، لای ئەوانەی کە پارێزەری ئەم دۆخەن بە خراپەکار لەقەڵەم دەدرێن. سەیر لەوەدایە کە خراپەکاری هونەریی لە زەمەندا مانای خۆی وەردەگرێت. بۆ نموونە (حافز) کە لە سەردەمی خۆیدا یاخیترین بوو و بوونیادی فیکری خەڵکانی سەردەمی خۆی بەجۆرێکی قووڵ و بوونیادی خستبووە لەرزین، ئێستا و لە هەنووکەدا سەنگەرێکی قایمە بۆ موحافیزکارەکان، بۆئەوەی لەم سەنگەرەدا هەڵتەکێنەرە تازەکان رەخنە بکەن. ئەم مەیلە زاتیە بۆ تێکوپێکدانی دۆخی هەنووکە، لانیکەم لە جیهانی زیهنی هونەرمەندان و بیرمەندە رەسەنەکاندا (ئەو بیرمەندانەی کە رەهەندی هونەرییان زیاتر بوو لە فەلسەفی ئەوان. وەک نموونەیەکی ئەم توێژە مەبەستم نیچەیە)، ئەوانی بەرەو جیهانی دۆزەخی خراپەکاریی پەلکێش کردووە. فیرناردۆ بیدال لە رۆمانی قارەمانەکان و گۆڕەکاندا عەوداڵی کانگەی خراپەکارییە، کە بە بڕوای ئەو رێکخراوێکی پێکەوەگونجاوە کە کوێرەکان بەڕێوەی دەبەن. ئایا جگە لە شەیتانێکی وەک بیدال، کەسی دی دەتوانێت وێنایەکی لەمجۆرەی بۆ جیهان هەبێت و رێگەیەکی وا تەی بکات؟ ئەوێک کە پێیوایە شاکارە گەورەکانی هونەر هەمیشە راپۆرتێکە لەسەر ئەم دۆزەخە. چەند رۆحێکی وەک (ئانتوان ئارتۆ)، لۆتریێ ئامۆن و ئارتۆر رامبۆ. هەڵبەت مەیلی سەفەرکردن بۆ قووڵایی ئەم دۆزەخە، بەتایبەت دۆزەخێکی زەمینی و لەم جیهانەدا، مەیلێکە کە لە سەدەی بیستەمدا کەسانێکی تریش مەیلی ئەمەیان کردووە. (گراهام گرین) لە رۆمانی (خۆرە خۆ خۆر)و مامۆستاکەی (جۆزێف کێنراد)، لە رۆمانی (دڵی تاریکیدا)، هەر لەسەر ئەم رەوتە هەنگاویان ناوە. هەروەک وتمان بیدال رۆڵەیەکی شەڕانێگزی

دوای چەند یاخیبوویەکی وەک ستارۆگین و ئیڤان کارامازۆفە. بە بڕوای ئەم گرووپە، خراپەکاریی خاڵی بەرامبەر چاکەکاری نییە، بەڵکو خودی چاکەکارییە. وەک بڵێی نیچە لە زمانی ئەوانەوە قسە دەکات کاتێک دەڵێت: (کەسێک کە بیەوێت چاکە و خراپە بخوڵقێنێت، دەبێت لە راستیدا خراپەکار بێت و هەموو بەهاکان لەناو ببات. بەمجۆرەیە کە بالآترین خراپەکان، بەشێکە لە بالآترین چاکەکان و ئەگەر خراپەکاریی چاک نەبایە، تا ئێستا لەناوچووبوو)و تەنها شەیتانێکی وەک فێرناردۆ بیدال کە لە منداڵیدا سەرگەرمی هەڵکۆڵینی چاوی باڵندە و ئاژەڵەکانە، دەتوانێت لە گەنجیدا گرووپێکی ئەنارشیست بەڕێبخات، بۆئەوەی بانکەکان ببرێت. ئەو ژنان زۆر بە زەبوون و نزمتر دەزانێت، کەواتە تەنها ئەو دەتوانێت و دەیەوێت رۆبچێتە نێو خراپەوە، ئەو خراپەیەی کە بەمجۆرە جیهانی دۆزەخیی کردووە. کەواتە دەستدەداتە هەوڵێکی خەیاڵیی و دوور لە واقیع کە دواجار بە ئاگرتێبەربوون، ئەویش بە دەستی کچەکەی نەبێت، ئارام ناگرێت.

### قارەمانێک بە ناوی زیهن

بەپێی تێڕوانینێک، مێژووی ئەدەبیات مێژووی خەباتی مرۆڤەکانە و تەریبە بە خەباتی مرۆڤ، دژە بە گەورەترین دوژمنی خۆی لە هەر قۆناغێکدا. لەبەر ئەم هۆکارەیە ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەدەبیاتدا بخشێنینەوە لە سەرەتادا خەباتی مرۆڤ دژ بە هێزە مێتافیزیکییەکان (ئەفسانەکان)و دواتریش دژ بە سرووشت یاخود دژ بە دوژمنە مرۆییەکان (حەماسەکان) و تەنها دوای ئەوەیە کە مەیدانی کارەکە لە دەرەوەی مرۆڤەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو مرۆڤ و ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە رۆمانی مۆدێرن لەدایکدەبێت. تەنانەت مێژووی رۆمانیش هەر لەم رێـرەوەدا هەنگاو دەنێت، دۆن کیشۆت لەگەڵ ئاشە هەواییەکان دەجەنگێت، رۆبینسۆن کرۆزۆن دژ بە جەبری سرووشت، راسکۆلینکۆف دژ بە دەسەڵاتی مێژوو و دواتریش دەگەینە (مێرسۆ)، ئەو قارەمانە نامۆیەی کە تەنانەت دژ بە زاتی خەباتکردن و دژایەتیکردن، خەبات دەکات، لەبەر ئەم هۆکارەیە کە لە لقێکی پێشکەوتووی ئەدەبیاتدا، ئۆبێکتەکان لە بەرژەوەندیی سۆبێکتەکان پاشەکشێ دەکەن و دۆستۆیۆفسکی دیسان بە باوکی ئەمجۆرە ئەدەبەش لەقەڵەم دەدرێت. ئاوانگاردترینی ئەم تاقمەی نووسەران لەو بـاوەڕەدان کە رۆمان لە بنەڕەتدا درێژەدانێکی تایبەتی زیهنە و لە ئەساسدا رۆمان لە رێگەی بەدواداچوونی ئەم زیهنەوە دروست دەبێت و چەند نموونەیەکیش بۆ ئەم بابەتە دەتوانین ناوی چەند پاڵەوانێک وەکو ئەوانەی کە (ڤێرجینیا ڤۆلف)و (ناتالی سارۆت) لە رۆمانەکانیاندا

وێنای دەکەن. رەنگە ئەم مەیلە جگە لە هەستکردن بە هێلنج بەرامبەر بە بوون کە (سارتەر) باسی دەکرد، هیچ رێگەیەکی تر نەبڕێت.

قارەمانەکان و گۆڕەکان لە چەند بەشێکی گرنگی خۆیدا دەبێتە رۆمانێکی زیهنی و ساباتۆ هەوڵیداوە لە رێگەی خوڵقاندنی چەند کەسایەتییەکی کە درێژەی عادەتی جاران و تایبەتمەندن، بەجۆرێک کەمەندکێشیان بکات کە ئەم درێژەپێدانە و زیهنیاتی کەسەکان، خۆبەخۆ خوێنەر پەلکێش بکات. هەڵبەت ساباتۆ بۆنموونە وەک (سارۆت) ئاوانگارد نییە و پتر پشت بە دۆستۆیۆفسکی دەبەستێت، چونکە هەوڵێکی لۆجیکی دەدات بۆئەوەی هاوسەنگییەکی ماقوڵ لەنێوان عەین و زیهندا دروست بکات. لەبەر ئەمەشە کە قارەمانەکان و گۆڕەکان زۆر زیاتر لە بەرهەمەکانی سارۆت و لایەنگری شەپۆلی نوێ وەک (کلۆد سیمۆن) و یاخود (مارگرێت دۆراس) دەخوێندرێتەوە. مەیلی سارتەرییانەی ساباتۆ لە ستراتیژی زمانی رۆمانەکەیدا شاراوەیە. لەو شوێنەی کە سارتەر لە (ئەدەبیات چییە؟)دا زمان بە ئامرازێک بۆ مامەڵەکردن و کارکردن و بەزیندووهێشتنەوەی مێژوو دەزانێت.

## پەیڕەویکردن لە مۆدێلی مەزن

لەڕووی پێناسەی وەزیفەی رۆمانەوە، دەتوانین نووسەران بۆ دوو گرووپی (ئایدیالیستەکان)و (پراگماتیستەکان) دابەش بکەین. ئایدیالیستەکان کە زیاتر لەژێر کاریگەریی کەلتووری جێرمەنی-سلاڤیدان، پەیڕەوی لە مۆدێلی مەزنی ژیان دەکەن کە منداڵیی، گەنجیی، پیریی لە خۆدەگرێت. ئەوان ئاستی ئەو بابەتەی کە کاری لەسەر دەکەن تا ئاستی چەند پرسیارێکی سەرەتایی مرۆڤ، واتە چەند پرسیارێکی بەناوبانگی وەک لە کوێوە هاتووم؟ بۆ کوێ دەڕۆم؟ بۆچی هاتم؟ دەخەنەڕوو. گرووپی پراگماتیستەکان کە زیاتر سوود لە فەرهەنگی ئەنگلۆساکسۆن وەردەگرن، پەیڕەوی لە مۆدێلی وردیی ژیان دەکەن. واتە (شەو و رۆژ)ێک کە پڕە لە پرسیاری بەردەوام و هەمیشەیی و زۆرجاریش بێمانا. کەواتە بێگومان ئاستی ئەو پرسەی کە ئەوان کاری لەسەر دەکەن، پرسێکی وردە. نووسەرە ئەمریکی و ئینگلیزییەکان زیاتر ئەم تێڕوانینە دەگرنەبەر. هەڵبەت ئەم قسەیە بەو مانایە نییە کە پراگماتیستەکان پرسە سەرەتاییەکانی بوون تاووتوێ ناکەن. مەگەر دەکرێت لە هونەرێکی وەک رۆماندا (ئەگەر رۆمانێکی رەسەن بێت)، رووبەڕووی ئەم پرسانە نەبینەوە؟ جیاوازی ئەم دوو گرووپە لەوەدایە، کە ئایدیالیستەکان ئەم مەیلە لە بەرهەمەکانیاندا بە جۆرێکی ئاگامەند بەکاردەهێنن

و شیکاری دەکەن، بەڵام پراگماتیستەکان کەمتر بەکاری دەبەن و چاوەڕوانییەکی لەوجۆرەیان لە ڕۆمان نییە، وەک بڵێی دیسان لە ئاستێکی تریشدا ئەم بابەتانە شیدەکەنەوە. تاچەند لە مێژووی ڕۆماندا زیاتر بەرەو پێشەوە دەچین، ژمارەی پراگماتیستەکان زیاتر دەبێت و نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ئەم ڕەوتە باڵادەستیی تەواوی خۆی دەسەپێنێت. بۆنموونە ڕۆمانی ئەمریکای لاتین کە زمانێکی ئەوروپی- کاتۆلیکی بەکاردەبات، بەڵام زیاتر کاریگەریی ڕۆمانی ئەمریکی بە تایبەت (فاکنەر)ی پێوە دیارە. ساباتۆ لە قارەمانەکان و گۆڕەکاندا بە پێچەوانەی نووسەرانی هاونەوە و هاونەژادی خۆیەوە، سوود لە مۆدێلی مەزنی ئایدیالیستەکان وەردەگرێت. لەبەر ئەمەیە کە بە بڕوای هەندێک، قارەمانەکان و گۆڕەکان بە ڕۆمانێکی سەدەی نۆزدەیەمی دادەنرێت. هەڵبەت تاڕادەیەکیش ڕاستە. ئێمەش لەڕووی هەمان ئاراستەوە، واتە پەیڕەوی لە مۆدێلی مەزن، بابەتی خراپەکاریمان لە ڕۆمانەکەی ساباتۆدا تاووتوێ کردووە، بەڵام یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی تر بابەتی خودایە. فێرناردۆ بیدال لە خەونە سوریالیستییەکانیدا دەگاتە خودا، بەڵام جوانترین بەش و دیمەنی لەم بوارەدا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت. لەو شوێنەی کە مارتین دوای مەرگی ئەلیخاندرا لە ژوورەکەی خۆیدا دەکەوێتە بێهیواییەکی ڕەهاوە. لە هەموو شوێن و جێگایەک بێهیوا بووە و دەزانێت کە هیچ کەس و هیچ شتێک ناتوانێت لەم تاریکییە ڕەهایە دەربازی بکات، لەم نائومێدیی و تاریکییەدا بیری خودای دەکەوێتەوە، بیری بوونی خودا، بیری نەبوونی خودا.

با ڕاستەوخۆ ئەم بەشە لە ڕۆمانەکەوە بگوازینەوە:

((لەناکاو مارتین بیرۆکەیەک بە مێشکیدا هات، بیرۆکەیەک هەژاندی. بیرۆکەیەک وەکو خاڵیبوونەوەیەکی ئەلکترۆنیکی لە ڕۆحە خرۆشاوەکەی لەنێوان ئەو هەورە تۆفانییە تەڵخانەوە بریسکایەوە. ئەگەر هۆیەک بۆ بوونی بوونەوەرەکان هەبووایە، ئەگەر ژیانی مرۆڤ مانایەکی هەبووایە، بەکورتی ئەگەر خودا بوونی هەبووایە، با لێرەدا، لەم ژوورەدا، لەم ژوورە پیس و پۆخڵ و هەرزانەدا، خۆی نیشان بدات. بۆ نا؟ بۆ دەبێت خۆی لەم قەیرانە بدزێتەوە؟، ئەگەر ئەو بوونی هەبووایە، ئێجگار بەهێز بوو، خاوەن توانای ڕەها بوو، ئەوەی کە بەهێز و بەتوانایە، تەحەمولی ئەوە دەکات لەخۆبردوو بێت و بەدەم بەندەکانییەوە بێت. بۆ نا؟ ئەو لە ڕێگەی خۆ دەرنەخستنەوە سوود بە کێ دەگەیەنێت؟ پاساو بۆ چ غرورێک دەهێنێتەوە؟ مارتین بە چیژێکی ڕقاوییەوە وتی: من تا بەرەبەیان مۆڵەت بە خودا دەدەم. دیاریکردنی ئەم فەترە زەمەنییە دیاریکراوە، لەناکاو بووە هۆی ئەوەی کە

هەست بکات خاوەنی دەسەڵاتێکی ترسناکە، ئەم هەستەش خۆشحاڵییە پڕ لە رق و کینەکەی ئەوی بەهێزتر کرد. وەک بڵێی بە خۆی وتبوو: (ئێستا دەیبینین، جارێک بۆ هەمیشە و ئەگەر ئەو دەرنەکەوێت مارتین خۆی دەکوشت)).

دواتر مارتین دەکەوێتە گومانەوە، ئەگەر خودا خۆی دەربخات، ئەو چۆن بزانێت بە کام ئاماژە ئەم کارە دەکات؟، ئەم گێژبوونە لەگەڵ خەمی لەدەستدانی ئەلیخاندرا و هەروەها لەتایەکی بەردەوامەوە تا سەر لێواری شێتی، مارتینی بەرەو شەقامەکانی بۆینۆس ئایرس پەلکێش دەکرد. لە شەقامەکەدا لە هۆش خۆی دەچێت و لە ژوورێکی چکۆلانەدا چاو دەکاتەوە. ئایا ئەوەی لەسەر سەری وەستاوە، نێردراوی خودا نییە؟ فریشتەیەک لە روخساری دایکێکی گەنج و غەمگین و ئازارچەشتوو. دایکێک کە شیر بە منداڵەکەی دەدات. ٢٥ ساڵ تەمەنیەتی، بەڵام دەستەکانی پینەی پێوەیە. بەڵا، ئەو نیشانەی خودایە. ئەو لەگەڵ ئەوەی دەست بە بەشی دڕاوی تەنوورەکەیدا دەهێنێت، بە شەرمێکی پڕ لە خەمگینییەوە بە مارتین دەڵێت: (جگە لەوەش... ئەم هەموو شتە باشە لە جیهاندا هەیە. پێویست ناکات دوور بڕوانیت. تەماشای من بکە. تەماشای هەموو شتەکانی من بکە)، ئێمە دەزانین ئەم دایکە گەنجە، ئەم فریشتەیە، تەنها منداڵێکی شیرەخۆرەی هەیە، چەند گوڵێک، چەند باڵندەیەک و سەگێک. کەناریەکەشی چەند رۆژێک پێش ئێستا پشیلە خواردوویەتی و هەر ئەم ژنەیە کە پێیدەڵێت هیچ شتێک لە زیندووبوون جوانتر نییە.

بێگومان ئەمە پەرجوویەکە کە لە دوالاپەڕەکانی رۆمانی (قارەمانەکان و گۆڕەکان)دا روودەدات. گەرنا: (مارتین ئەو ئەڵقەیەی کە یادگاری داپیرەی بوو لە پەنجەی دەرنەدەهێنا و بە ژنەکەی نەدەوت: پێمخۆشە ئەم ئەڵقەیە بەئێوە ببەخشم. ژنە گەنجەکە سوور هەڵگەڕا و وەرینەگرت. مارتین وتی: مەگەر نەتانوت کە لە ژیاندا شادیی هەیە؟، وتی: ئەگەر ئەم یادگارییەم لێوەربگریت، زۆر خۆشحاڵ دەبم. ئەمە تاکە خۆشحاڵییە کە لەم کۆتاییانە بۆم دروست بووە. خۆشحاڵم بکە. ژنەکە هێشتا راڕا بوو. مارتین ئەڵقەکەی دانا و بە خێرایی رۆیشتە دەرەوە).

سەرچاوە:
http://www.khabgard.com/backwin/?id=1181682861

mqader88@yahoo.com

# کتێبخانە تورکییەکەم




**و. ئومێد تۆفیق**



کاتێک دەستمکرد بە خوێندنەوە لەنێوان حەڤدە بۆ هەژدە ساڵی تەمەنم، کتێبخانەکەی باوکم هەوێنی کتێبخانەکەی منی پێکدەهێنا، لەوکاتانەدا زۆربەی کاتەکانم بە خوێندنەوەی کتێبەوە بەسەر دەبردو بە ئەندازەی ئەوندە لە کتێبفرۆشەکانی ئەستەنبوڵ کتێبم دەکڕی، چەند ئەوەندەش هەڵمدەکوتایە سەر کتێبخانەکەی باوکم و هەر کتێبێکم حەز لێبوایە دەمبرد بۆ کتێبخانەکەی خۆم لە ژورەکەمدا.

باوکم زۆر بەوە دڵخۆش دەبوو کاتێک دەیبینی کوڕەکەی سەرقاڵی خوێندنەوەیەوە، بەتایبەت لەوکاتانەدا هەستیدەکرد هەندێک لە کتێبەکانی گوازراونەتەوە ناو کتێبەکانی من. هەرکاتێک بیبینیایە یەکێک لە کتێبە کۆنەکانی ڕۆشتونەتە سەر ڕەفەی کتێبخانەکەم، بە گاڵتەوە پێی دەوتم: ئێ ئێ! ئەم کتێبەش لە شوێنێکی بەرزدا قبووڵکراوە.

لە ساڵی ١٩٧٠، کاتێک تەمەنم هەژدە ساڵان

بوو، وەک هەموو ئەو کوڕە تورکانەی کەڵکەڵەی ئارەزوی خوێندنەوە دەکەوتە سەریان، شیعرم دەنووسی. وانەی بیناسازیشم دەخوێندو هەستمدەکرد وردە وردە چێژی نیگارکێشان لە دەستدەدەم، چامەی شیعریشم دەنووسی و تا درەنگانی شەو دوور لە چاویماڵەوە جگەرەم دەکێشا. لەو دەمەدا هەرچی کتێبی شیعری تورکی هەبوو لە کتێبخانەکەی باوکمدا کە لەکاتی لاویدا ئەو حەزی لە خوێندنەوەی کردبون بۆ ئەوەی ببێ بە شاعیر، منیش خوێندمەوە.

زۆر حەزم لە خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵە شیعرە ئەستور و بەرگ سەرنجڕاکێشانەبوو کە موڵکی شاعیرگەلێک بوون بە دوو ناونیشان چوبوونە ناو مێژوی شیعری تورکییەوە: یەکەمیان (ئاراستەی تازەگەریی یەکەم)، واتە نەوەی چل و پەنجاکان، دووەمیان (ئاراستەی تازەگەریی دووەم)، کە مەبەست لێی ئەو توێژە بوو لە شەست و حەفتاکاندا جڵەوی شیعری تورکییان لە دەست گرتبوو. جا هەرکات ئەو کۆمەڵە شیعرانەم دەخوێندەوە، پێمخۆشبوو لە نوسینی شیعردا جێپێیان هەڵبگرم.

لە توێژی یەکەمی ئەو شاعیرانەدا هەریەک لە (ئۆرهان وەلی و مەلیح جەودەت و ئۆکتای رەفعەت)، جێدەستی خۆیان نەخشاندبوو، ئەو شاعیرانە لە شێوازی نوسینی شیعردا زمانی سادەی بازاڕ و تەنزیان خستبووە ناو کارکردنی شیعرییانەوەو پشتیان کردبووە ئەو گوتارە داڕشتنئامێزەی کە لە زمانی رەسمیدا سەر بە جیهانی سەرکوتکەرو دەسەڵات بەدەست بوو. لەو میانەشدا کۆمەڵە شیعرێکی هاوبەشیان لەژێر ناوی (نامۆ)دا بڵاوکردبووەوە، تا ئەوەی ئەو ناونیشانە بووبووە ناوێک بۆ ئەو ئاراستە شیعرییەی ئەوان نوێنەرایەتییان دەکرد.

زۆرجار وا رێدەکەوت باوکم دەستیدەدایە یەکێک لەو کۆمەڵە شیعرانە کە لە کتێبخانەکەیدا بوو، دواتر بە دەنگی بەرز بۆی دەخوێندینەوە، شێوازی خوێندنەوەکەی جەختی لەوە دەکردەوە ئەدەب یەکێکە لە گۆڕەپانە جوانەکانی ژیان و لەوانەی دەیخوێندنەوە چەند چامەیەکی تەنزئامێزیان تێدابوو، کە شادیی و بەختەوەریی تێدا دەورووژاندین.

ئاراستەی تازەگەریی دووەم، کە دەستپێکردنەوەی توێژی یەکەم بوو، لە وێنەو هۆنینەوەی ناو شیعر رزگاریان بووبوو، جارجار نزیکبوون لە شێوازی دادایی و سوریالی، جارجاریش شتێک لە گەڕەلاوژێی و چێژ هەبوو، کە پێکەوە ئەو دوو شتە منیان دڵگەرم دەکرد. هەریەک لە (جەمال سورەییا و تۆرگۆت ئۆیار و ئیلهان بەرەک، کە هەموویان لە دونیا دەرچوون)، لەو جۆرە شاعیرانەبوون شیعرەکانیان کەمێک تێگەیشتن، یاخیبوون و لە هەمان کاتدا کاریگەریی خۆشیان هەبوو. لە کاتی

خوێندنەوەی کارەکانیاندا ئەو هەستە دروست دەبوو بتوانرێت هەمان ئیشی ئەوان بکرێتەوە، هەروەک ئەو کەسەی تابلۆیەک دەبینێت و وا هەستدەکات دەتوانێت هەمان تابلۆ دروستبکات، بۆخۆشم لە کاتی خوێندنەوەی شیعری ئەو شاعیرانەدا هەمان هەستم لا دروست دەبوو، حەزم دەکرد خێرا قەسیدەیەک بنووسم، تەنانەت لە بەردەم مێزێکدا دادەنیشتم و هەر بەڕاستی دەمنووسی وەک ئەو نیگارکێشەی تابلۆیەک دەبینێت و سکێچەکانی دەکێشێتەوە، یان تابلۆیەک دەبینێت و خێرا لە سکێچەکانی تێدەگات کە چۆن کێشراوەو یەکسەر دەڕواتە لای مەرسەمەکەی و ئەوەی دەیەوێت پراکتیزەی دەکات.

لە دەرەوەی ئیشکردنی ئەو دوو ئاراستەیەی باسمکردن، وەک بابەتێکی رۆشنبیری زیاتر لە شیعر، گرنگیدانم هەبوو بە شیعری تورکی. هۆکاری ئەوەش ئەگەر هەندێک چامەو کۆپلەی جوان و جیاوازی لێ دەربکەین، دەگەڕایەوە بۆئەوەی زمانی شیعری تورکی زۆر قورس بوو، دووریش بوو لە زمانی ژیانی رۆژانە. ئاخر شتێک نەبوو شاعیری ناوچەیی لە کلتوورێکی پڕوکێنەر بپارێزێت لە کاتێکدا باری قورس و گرانی رۆژئاواگەرایی و مۆدێرنێتەو ئەوروپا کەوتبووە سەرشانی، چ رێگەیەک هەبوو بۆئەوەی بڕۆینە ناو چامەی نوێوە، لە کاتێکدا ئەگەر بەهۆی فەرهەنگ و کتێبەکانی لێکدانەوەو راڤەوە نەبوایە، توێژی نوێ نەیدەتوانی لەو ئیستاتیکاو گێلە ئەدەبیانە تێبگەن کە نوخبە عوسمانییەکان بە هۆی کاریگەریی ئەدەبیاتی ئێرانییەوە پەییان پێبردبوو؟ ئەم پرسیارە کە دواتر بە دەستەواژەی (سوودوەرگرتن لە کەلەپوور) گوزارشتی لێکرا، ئەوەندەی ئەدیبەکانی هاوتوێژی منی بە خۆیەوە سەرقاڵکرد، توێژەکەی پێش ئێمە هیچ گرنگییەکیان پێنەدا. دواتریش هەر بەهۆی شیعری بەهێزی سەردەمی عوسمانی و کەلەپوورە سەدان ساڵەکەیەوە بوو کە نەکەوتبووە ژێر کاریگەرییەکانی خۆرئاوا، توانیمان لە شیعرەوە زۆر بە سانایی و بێ تەنگ و چەڵەمە، تاوتوێی گرفتە ئەدەبی و فەلسەفییەکان بکەین.

نەبوونی کەلەپوورێک لە پەخشان و رۆمان پاڵینابوو بەو رۆماننووسە تورکانەی بە فۆرم و ستایلی لۆکاڵییەوە سەرقاڵ بووبوون، روو لە شیعر بکەن. لە سەرەتای حەفتاکاندا کاتێک منیش لەپڕ دڵگەرمانە بەرەو شیعر چووم و دواتر لێی ساردبوومەوە بۆئەوەی بەرەو نووسینی رۆمان وەربچەرخێم، لەوکاتەدا شیعر لە تورکیا وەکو ئەدەبی راستەقینە ئەژمار دەکرا، لە بەرامبەریشدا وەک ژانرێکی زۆر کەمبایەخی میللی سەیری رۆمان دەکرا. بۆیە زیادەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم لە ماوەی سی و پێنج ساڵی رابووردوودا رۆمان گرنگی و ئەرزشی تایبەتی خۆی

پەیداکردووەو لە بەرامبەریشدا زیانێکی گەورە کەوتووە لەو گرنگییە گەورەیەی شیعر هەیبوو لە رابردوودا. لەو ماوەیەدا خوێنەرانی ئەدەب بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیانکردووەو پیشەی نووسینیش زۆر بە خێرایی تەشەنەی سەندووە. کاتێک بڕیارمدا ببمە نووسەری رۆمان، چەمکی ئەدەبی زاڵ لە هەردوو مەیدانی شیعر و رۆمان پێکەوە، گرنگیدان نەبوو بە گوزارشتی تاکی دووورە پەرێز لە خود و رۆح و ئیستاتیکای ئەزموونە تایبەتەکان بە ئەندازەی ئەوەی ئیشکردن لە بوارەکەدا دەبووە هاوپشکییەکی نووسەر لەناو ئەو کۆمەڵ و دەستە و هاوڕێیانەی پێکەوە کاریان بۆ یۆتۆپیایەکی دەستەجەمعی دەکرد، کە بە سروشتی ئەوکاتە خۆی دەبینییەوە لە (مۆدێرنێتە، ئیشتراکیەت، ئیسلام، ناسیۆنالیستی، شەقڵی کۆماری عەلمانی... هتد).

سوود وەرگرتن لە کەلەپور و مێژووی ئەدەبی، هەرگیز گرفتی بۆ ئەو نووسەرە ئەفرێنەرانە دروستنەکردبوو کاتێک باسێکیان دەربارەی ژانرێکی ئەدەبی زۆر گونجاو بەخۆیان نووسیوە، بەڵکو لە بری ئەوە گرنگیدان و سەرنجیان کەوتوەتە سەر خەونی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئایندەی بەختەوەر و دەستلەمل. یاخود دروستکردنی نەتەوەو گەلێک دەست بەدەست کار لەگەڵ دەوڵەتدا بکات. زۆرجار بیر دەکەمەوە لەو ئەدەبە مۆدێرنێتە گەشبینەی لەهەردوو باڵی (کۆماری-عەلمانی-رۆشنگەریی)و (یەکسانی- ئیشتراکی) کاری دەکرد، ئەوەندە سەرنجی لەسەر ئاییندە بوو، بە درێژایی سەدەی رابردوو توانای بینینی رۆحی گۆڕانکارییەکان و وەرچەرخانە بەردەوامەکانی ناو کۆڵان و ماڵەکانی ئەستەنبوڵی لە دەستدابوو. هەمیشە ئەوەم بۆ دەردەکەوت ئەو نووسەرانەی بە وردیی وێنای ئەو ژیانەیان دەکێشا، دەمانگوزەراند، زۆر جیاوازبوون لەو نووسەرانەی بە دڵگەرمییەوە هەموو خەون و خەیاڵیان لەوەدا کۆبووبووەوە تورکیا بگەیەننە ئاییندەیەکی گەش، بگرە ئەم حاڵەتە لە تێڕوانینمدا دوو دەستە نووسەری دروستکردبوو؛ یەکەمیان ئەوانە بوون گوزارشتیان لە سۆزی رابردوو دەکرد و کاریان بۆ رۆشنبیرییەک دەکرد زەمانە شاردبوویەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە ئەحمەد حەمدی تانبنار و عەبدولحەق شەناسی هەسار، دووەمیشیان یاخود دەستەی دووەمی ئەو نووسەرانە، ئەو کەسانە بوون شیعرییەت و زیندوێتی کۆڵان و کەلەبەرەکانی ئەستەنبوڵیان خۆشدەویست بەبێ هیچ رێسایەکی لەوەوبەر، هەریەک لە ئەحمەد راسم و سەعید فایەق و عەزیز نەسینیش خۆیان لەناو ئەم دەستەدا دەبینییەوە.

دوای دەستپێکردنی گەشتی خۆرئاواییبوون و مۆدێرنێتە، کێشەی سەرەکی تەنها لە ئەدەبی تورکیدا دروست نەبوو، بەڵکو سەرجەم ئەدەبیاتی ناڕۆژئاوایی

ئالودەبوون بە گرفتی گونجاندنی خەونەکانی ئاییندەو ڕەنگەکانی هەنوکە، دەستەوسان بووبوون لەنێوان خەون بینین بە مرۆڤ و دەوڵەتی سەردەمەوە، دەستەوسان بوون لە هەمبەر ئەو چێژی ژیانەی لەناو جیهانی باوداو لە واقیعدا هەبوو. ئەو نووسەرانەی خەونیان بە ئاییندەیەکی رادیکاڵییەوە دەبینی، زۆرجار وا ڕێدەکەوت تێکەڵ بە جەنگی سیاسیی و ململانێ دەبوون لە پێناو دەسەڵاتدا، ئەمەش سەرەنجام بەرەو گرتوخانەکان دەیبردن و دواتریش ئیشە ئەدەبیەکانیانیان ڕەق و زبر لە دایک دەبون.

لە کتێبخانەکەی باوکمدا کۆمەڵێک شیعری نۆبەرەی نازم حیکمەت هەبوو کە لە سیەکاندا دەرچوبوو، واتە پێش ئەوەی دەستگیر بکرێت. هەمیشە لەکاتی خوێندنەوەیاندا دەکەوتمە ژێر ئەو دەنگی توڕەیی و هیوا و باوەڕبوونە بە ئاییندەیەکی گەش کە سەراپای شیعرەکانیان داگیرکردبوو. وێڵ دەبووم بە بیرۆکەی نوێخوازیی فۆرمی ناو شیعرەکان کە لە ئاییندەگەراکانی ڕوسەوە سەرچاوەی گرتبوو، دەکەوتمە ژێر ئەو چەرمەسەرییەی لە بەندینخانەدا بەسەر شاعیردا هاتبوو، نەمدەتوانی لەژێر وێنای ئەو ژیانی بەندینخانەیەدا قوتاربم کە نازم حیکمەت تێیدا گوزەراندبوی و سەرجەم ئەو پەیام و یاداشتانەشم دەخوێندەوە کە هەریەک لە ئۆرهان کەمال و کەمال تاهیر دەربارەی ژیانی ناو گرتووخانەکەی نازم نووسیبوویان. بەشێوەیەکی گشتیی بڵێم، کتێبی بیرەوەریی ئەو رۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسە تورکانەی نوسبویان لەگەڵ رۆمان و ئەو چیرۆکانەی ڕووداوەکانی لە دەوروبەری بەندینخانە دەخولانەوە، بۆخۆیان کتێبخانەیەکی سەربەخۆیان پێکهێنابوو.

بۆ ماوەیەک خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ناو بەندینخانە ژیانی رۆژانەی ناو جێگەوبانی لا ئاشنا کردبووم، زۆر حەزم لە زمانی تایبەتی بەندییەکان و ڕێزمانی دڵبەری ناو جێگەوبان دەکرد، وام لێهاتبوو دەتوت هەر بۆخۆم بە ندینخانەم تاقیکردوەتەوە. لەو ماوەیەدا هەستمدەکرد هەموو ژیانی نووسەر لە ماڵێکدایە، بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەلایەن پۆلیسەوە پاسەوانی دەکرێت و لەژێر چاودێریی پۆلیسی نهێنیدایە، گوێ قوڵاخی ئەو پەیوەندییانەن نووسەر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجامیان دەدات، ناتوانێت پاسپۆرت بەدەستبێنێت، نامەو چامەی شیعریی هەر لە بەندیخانەدا بۆ دۆستەکەی دەنووسێت... ئەو ژیانەی کە لە کتێبەکانەوە پێی ئاشنابووبووم، هەرگیز نەمدەویست لەخۆمدا زیندوی بکەمەوە، بەڵام زۆر ڕۆمانسی بوو لەلام. کاتێک دوای سی ساڵ بە شێوەیەکی سوکتر بۆخۆشم تووشی هەمان دەردەسەری بوومەوە، دڵنەوایی خۆم بەوە دەدایەوە ژیانی من

زۆر زۆر بێ گرفت بووە لە ژیانی ئەو نووسەرانەی لە تافی لاوێتیدا بە ترس ڕۆمانسییەتێکی نامۆوە دەربارەیانم خوێندبووەوە.

چەمکی ڕۆشنگەریی ڕێنسانس کە لە کتێبەکاندا بەرچاومان دەکەوت، بەداخەوە کەمێک نەبێت، ئامادەی نەدەکردین بۆ کەندەڵانەکانی ژیان و دەردەسەرییەکانی. پێدەچێت هۆکاری ئەوەش ئەوەبوو بێت ڕێڕەوی ژیانی کەسی نووسەر لە تورکیا هەمیشە دیوی ڕاستەقینەی ڕوداوەکانی سەلماندبێت. هۆکاری لەوەش گرنگتر ئەوەبوو بۆماوەیەکی زۆر کتێبخانەی گەورە نەبوو لە تورکیا، تا هەر کتێبێکت بویستایە دەستبکەوتایە. وەک شتێک عەودالْیەک هەبوو بۆ ئەو کتێبخانەیەی کە بۆرخیس خەیاڵی پێوە لێداوە، واتە لە کتێبخانەیەکدا هەموو کتێبەکان سروشتێکی سیحری و مەتەڵئامێزیان هەبێت و سەراپای کتێبخانەکە حاڵەتێکی شیعری بێ سنووری میتافیزیکی وای هەبێت بگونجێن لەگەڵ پەشێوی جیهانی بەرهەست، کتێبخانەیەکی زەبەلاحی وەها ئەوەندە کتێبی تێدابێت نەژمێردرێت و فریای خوێندنەوەی نەکەویت، ئەم خەونەی بۆرخیس لە کاتێکدایە بۆخۆی بەڕێوەبەری کتێبخانەیەکی بەو شێوەیەبووە لە بوینس ئایرس، بەڵام لە ئەستەنبوڵ و لە تورکیا، لەتافی لاوێتیمدا کتێبخانەیەکی بەو شێوەیە نەبوو والاَبێت لەبەردەم ئەو کەسانەی گرنگییان دەدا بە خوێندنەوە. ئەوە سەبارەت بە کتێبی بێگانە مەپرسە، چونکە تاقە کتێبێکی بێگانە لە هیچکام لە کتێبخانە گشتییەکانی تورکیادا نەبوو، بۆیە ئەگەر بمویستایە ببمە کەسێکی خاوەن مەعریفەی بەرفراوان و قوڵ، ئەگەر بمویستایە ڕزگارم بێت لەو ئەدەبیاتە خنکێنەرەی کە لەلایەن کۆمەڵە کەسێکەوە بەهۆی هاوڕێیەتی و دیبلۆماسیەتی ئەدەبی و یاساغەکانەوە دەپارێزرا، پێویستبوو کتێبخانەیەکی گەورە بە خۆم دروستبکەم.

لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٩٠ تەنها کارێکم دوای نووسین بووبوو بە کڕینی کتێب بۆ ئەوەی بتوانم کتێبخانەیەکی گەورەو بەسوود دروستبکەم و سەرجەم کتێبە بەسوودەکانی تێدا کۆبکەمەوە. لەوکاتەوە هەفتەی جارێک دەچووم بۆ گەڕەکی ڕۆژنامەنووسان لە ناوچەی بەیازیدی ئەستەنبوڵ بە مەبەستی کڕینی کتێب، بەشێوەیەکی زۆرباش باوکم خەرجیی گیرفانمی دەکێشا، ڕۆژان و چەندەها کاتژمێرم لەو کۆڵانەدا بەسەر دەبرد کە پڕ بوو لە کتێبخانەی بچکۆلە بچکۆلە و لە دواوەی دوکانەکان چەندەها باقە کتێبیان دانابوو بەهۆی ئەوەی نەیانتوانیبوو بەشێوەیەکی تۆکمە ڕێکیان بخەن، بەهۆی هیتەری کارەبایی بچکۆلە بە ئەستەم ناو کتێبخانەکانیان گەرم دەکرد. ئەمە لە کاتێکدابو ناو دوکانەکان جمەیان دەهات لە خەڵکی هەژار و سیما ڕەش و ڕووت بە خاوەن دوکان و ئەو خوێنەرانەشەوە

که حەزی خوێندنەوە پەلکێشی ئەو گوزەرەی کردبوون.

ئەگەر بهاتبا بچومایەتە ناو یەکێک لەو دوکانانەی کتێبی بەکارهاتوویان دەفرۆشت و سەر رەفەی کتێبخانەکان بگەڕامایە و کتێبێکم بکڕیایە، دوای ئەوەی لەگەڵ کابرای خاوەن دوکان تێر تێر مامەڵەم دەکرد لەسەر نرخەکەی، ئەوە بێگومان ئەو کتێبەی هەڵمبژاردبوو مێژوویی بووەو باسی پەیوەندیی نێوان عوسمانی و سویدیەکانی کردوە لە سەدەی هەژدە، یاخود یاداشتی گەورەی دکتۆرەکانی نەخۆشخانەی عەقڵی شاری باکرکۆ بووە، یان گەواهی رۆژنامەنووسێک بووە لە بارەی شکستی کودەتایەکی سەربازیی، یاخود کتێبێک بووە دەربارەی هونەری بیناسازیی و باسی کۆشکە عوسمانییەکانی کردووە لە مەکەدۆنیا، یان هەڵبژاردەی تورکی یاداشتی گەشتیارێکی ئەڵمانی بووەو لە سەدەی حەڤدەدا سەردانی ئەستەنبوڵی کردووە، یان بیرۆکەی مامۆستایەکی زانکۆ بووە لە زانکۆی تشابا، دەربارەی ئارەزوی جیابوونەوەی کەسایەتی و وەسواسی مێشک، یان دیوانی شاعیرێکی عوسمانی بووە کە هەموو کەس ناوی لەبیر چووەو دواتر وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی تورکی ئێستا و دواتریش راڤەو لێکدانەوەی بۆ زیادکراوە، یاخود پرۆژەیەکی ڕیکلامی وێنەداری رەش و سپی بووە دەربارەی دروستکردنی شەقام و کۆشک و باخچە لە چلەکانی سەدەی رابردو. لەسەرەتاوە تا پێمدەکرا هەرچی ئیشی کلاسیکی تورکی و جیهانی هەبوو کۆمکردبووەوە، راستتر بڵێم ئەو ئیشانەی کە گرنگ بوون لەناو ئەدەبیاتی کلاسیکی تورکیدا گرنگیم پێدەدا. هەرچی کتێبەکانی تریش هەبوو، باوەڕم وابوو هەروەک کتێبە کلاسیکییەکان رۆژێک لەڕۆژان بیانخوێنمەوە. لەو ساتە وەختانەدا ئەوەندەم دەخوێندەوە، دایکم بۆم نیگەران بووبوو، سەرنجی کەوتبووە سەرئەوەی ژمارەی ئەو کتێبانەی کڕیبونم، لەتوانای خوێندنەوەی مندا نییە. بە بەزەییەوە پێی دەوتم: بەلای کەمەوە ئەوانەی کڕیوتە بیخوێنەرەوە، ئەمجا بڕۆ کتێبی تر بکڕە.

وەک ئارەزومەندێک بۆ کتێب کۆکردنەوە، کتێبم نەدەکڕی، بەڵکو وەک کەسێک دەمویست کتێب کۆبکەمەوە تا بەپێی تێپەڕینی کات بیانخوێنمەوە بۆ ئەوەی لە مانای دونیاو هۆکاری هەژاری و گرفت و گرێکوێرەکانی تورکیا تێبگەم. لە بیستەکانی تەمەنمدا وەڵامێکم پێنەبوو بۆ ئەو برادەرانەم لە ماڵە خزمەکانەوە دەهاتن و هەستیاندەکرد ژورەکەم بە کتێب تەنراوەو پرسیاریان دەکرد دەربارەی حەزو ئارەزوم بۆ ئەو کارە. ئایا هەر بەڕاست بە ئەندازەی پێویست من گرنگیم بە خوێندنەوە دەدا و ئەوەندە تاسەم هەبوو بۆ ئەوەی بتوانم هەموو پەڕەکانی کتێبێک بخوێنمەوە، باسی لە سیمبوولیزەبوونی خانووی دەکرد لە (حەکایەتەکانی

گومشخانەی ئەفسانەیی)، یان باکگراوندەکانی هەڵگەڕانەوەی ئەدهەم شەرکەسی لە ئەتاتورک، یاخود ئەو تاوانە سیاسییانەی لە سەردەمی مەشروتیەتی دووەمدا ڕوویاندابوو، یان چیرۆکی ئەو بەبەغایەی کە باڵیۆزی عوسمانی لە لەندەنەوە لەسەر داوای سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ خەلیفەی ناردبوو، یان نامەکانی دوو خۆشەویستی شەرمن، یان مێژووی هاوردەکردنی قیری مەرسیلی بۆ تورکیا، یان یاداشتە سیاسییەکانی دکتۆرێک کە یەکەمین نەخۆشخانەی سیلی لە تورکیا دروستکردووە، یان مێژووی هونەری خۆرئاوایی لە کتێبێکی سەدوو پەنجا پەڕەییدا کۆکرابێتەوەو لە سیەکاندا بلاوکرابێتەوە، یان کۆمەڵە سەرنجی مفەوەزێکی پۆلیس کە بە قوتابیەکانی قوتابخانەی پۆلیسی پڕکردووەتەوە دەربارەی چەند روداوێکی بچووک لە شەقامێکدا پێشێلی یاسای تێداکراوەو گیرفانبڕین و راو روتی و جومێندان تێیدا رویداوە، یان یاداشتەکانی سەرۆک وەزیرانی پێشوو کە بە دۆکیۆمێنت خنراوە، یان کاریگەرییە ئەخلاقییەکانی هۆزە خاوەن پیشەکان لە سەردەمی عوسمانیدا لەسەر پیشە بچکۆلەکانی ئێستا، یان مێژووی تەریقەتی جەڕڕاحی و نهێنی شێخەکانی، یان یاداشتی نیگارکێشێکی لەبیرکراوی پاریس لە سیەکاندا، یان ئەو یاریی و گەمانەی بازرگانەکان پەنایان بۆ بردووە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی نرخی چەک، یان ئەو رەخنە توندانەی بزووتنەوەیەکی مارکسی تورکی لایەنگری سۆڤیەت لە دژی بزووتنەوەیەکی لایەنگری چین و ئەلبانیا لە دووتوێی پێنجسەد پەڕەدا دەریکردووە، یان ئەو وەرچەرخانانەی بەسەر شاری ئەرلیلیدا هاتووە دوای ئەوەی چەند کارگەیەکی ئیستیلی تێدا دامەزراوە، یان کتێبێکی منداڵانە بە ناونیشانی (سەد کەس لە ناودارانی تورک)، یا چیرۆکی سووتانی ئاک سەرایا لە ئەستەنبوڵ، یان هەڵبژاردەی ئەوەی رۆژنامەنووسێک بڵاویکردبووەوە لە ستونێکی رۆژانەیدا لە ماوەیەکی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیی و بە تەواوەتی لە بیرچوبووەوە، یان مێژووی دووهەزار ساڵەی شارێکی بچکۆلە لە ئەنادۆڵ کە بە چاوخشاندنێکی خێرا ناتوانم شوێنەکەی لەسەر نەخشە بدۆزمەوە، کەچی لە دووتوێی دووسەد پەڕەدا شەن و کەوی کراوە، یان لافلێدانی مامۆستایەکی خانەنشینی قوتابخانەیەک کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی رۆژنامە تورکییەکانەوە بکوژەکەی کەنەدی دۆزیوەتەوەو دور و نزیک پەیوەندی بە زمانی ئینگلیزیشەوە نییە؟

لەساڵانی دواتردا گاڵتەم بەم پرسیارانە و ئەو پرسیارانەی تریش نەدەهات کە بە لێشاو رووبەڕوویان دەبوومەوە دەربارەی ئەوەی داخۆ هەموو ئەو کتێبانەم خوێندووەتەوە؟، لە ئێستادا وەڵام دەدەمـــەوەو دەڵێم: بەڵێ، تەنانەت ئەگەر

هەمووشیانم نەخوێندبێتەوە، ئەوە بێگومان لە شتێکدا سوودم لێوەرگرتوون. دەشێ لەم شێوازە شێرگیرەی وەڵامدانەوە، ئەوە دەستبخرێت، پەیوەندی من بە کتێبەوە لە تەمەنی لاوێتیمدا، سەبارەت بە کەسێکی خۆشباوەڕ و گەشبینی وەک من کە زەمانە هیچ بەزەیی پێیدا نەدەهاتەوە، زۆر سنووورداربوو، پێیوابوو بەهۆی مەعریفەوە هەموو دونیا لە دەستدەگرم. پێموابوو دەگونجێت ئەو زانیارییانەی کەڵەکەی دەکەم لەسەر یەک، دواتر لە یەکێک لە رۆمانەکانمدا بەکاریان بێنم.

لەوکاتانەدا تا رادەیەک دەڕۆیشتمەوە سەر سروشتی پاڵەوانی ناو رۆمانی (رشانەوە)ی ژان پۆڵ سارتەر، واتە ئەوکەسەی هەموو کتێبەکانی ناو کتێبخانەی گشتیی دەخوێنێتەوە لە یەکێک لە شارەکاندا. یان دەتوت بیتەر کلاینی پاڵەوانی رۆمانی (کوێر)ی ئیلیاس کانیتیم، ئەو کەسەی بە کتێبەکانییەوە دەنازێت هەروەک ئەو سەرکردە سەربازییەی بە سوپاکەی پشت ئەستوورە. بیرۆکەی کتێبخانە لەسەر رێچکەی بیرکردنەوەی بۆرخیسی سەبارەت بە من، خەونێکی میتافیزیکی نەبوو تا سروشی ناسنووری جیهان بدات بەدەستەوە، بە ئەندازەی ئەوەی لە چیەتی ئەو کتێبخانەیە رادەمام کە کتێب، کتێب لە کتێبخانەکەمدا کەڵەکەم کردبوو. بێ دوودڵی کتێبێکم دەربارەی بنەما یاساییەکانی ئابووریی کشتوکاڵ لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا لە سەدەکانی پانزەو شانزە هەڵدەگرت، لەو کتێبەدا دەمزانی لەوکاتەدا پڵنگ لە ئەنادۆڵدا هەبووەو دواتر ئەو باسەم تێیدا دەخوێندەوە کە پەیوەندیی بە باج و گومرگی سەر خوری پڵنگەوە هەبوو. لە بەرگە قورسەکانیشدا نامەی ئەو شاعیرە تورکیەم دەخوێندەوە کە بە سۆزێکی نیشتمانپەروەریی و رۆمانسیەتی پەروەردەیی لە کاتی دوورخستنەوەکانیدا نوسیبوونی و هی نامیق کەمال (ڤیکتۆر هۆگۆ)ی ئەدەبی تورکی بوو، ئەم شاعیرە ئەفسانەییە زمانێکی چڵێسی جومێندەری پێوەبووە، کەسایەتییەک بووە نەتوانراوە لەناو پەرتوکی قوتابخانەکان و نوکتە بێ پەردەکانی سەبارەت بە قوتابیان بەرکەنار بکرێت. کاتێک بە رێکەوت رێم لە کتێبێک دەکەوت کە یاداشتی سیاسیی ئەندام پەرلەمانێک بووە، دواتر خراوەتە بەندینخانە، یان کتێبێک کە تێیدا فەرمانبەرێکی کۆمپانیای دڵنیایی (تەئمینات) باسی لەو حاڵەتە نامۆیانەی رووداوی هاتوچۆ و سووتان کردووە کە لە ژیانی پیشەکەیدا بینیویەتی، یان کتێبێک سەرگوزشتەی دیبلۆماسییەک بووەو دواتر بووە بە مەسیحی و وا رێدەکەوت کچەکەی هاورێمە لە قوتابخانە؛ ئەوە بێ هیچ سێ و دوویەک و بێ وەستان بۆ چرکەساتێک، راستەوخۆ دەمکڕی.

هەتا زیاتر پەیوەست دەبووم بە کتێبەوە، زیاتر و زیاتر شتێکم لە ژیاندا لە دەستدەدا، هەرکاتێکیش بمزانیایە زیانەکەم چییە، ژیانە لە دەستچووەکەم بە

کڕینی زیاتری کتێب، تۆڵە دەکردەوە. لە ئێستادا دوای تێپەڕینی چەند ساڵێکی دوورو درێـژ، هەست بەو کاتژمێرە بە چێژانە دەکەم لە کتێبخانە ساردو سڕەکاندا بەسەرمبرد، سۆز بۆ ئەو دەمەتەقێیە دەرێژم کە لەگەڵ کتێبفرۆشەکاندا دەمگۆڕییەوەو جارناجاریش پەرداخێک چاییان دەدامێ، یاخود لە ستوونە گەورە تۆزاوییەکانی کتێبخانەکاندا، کتێبەکەم ئەودیو و ئەودیو پێدەکرد.

لە کۆتایی حەفتاکاندا دوای ئەوەی نزیکەی دە ساڵم لە گەڕەکی رۆژنامەنوسەکاندا بەسەربرد، لەوکاتەی کتێبفرۆشەکان لەوێ بوون و ئەوکتێبانەیان دەفرۆشت پێشتر دەستاو دەستیان کردبوو، گەیشتمە ئەو باوەڕەی تەواوی ئەو کتێبانەم بینیوە، کە بە پیتە لاتینییەکان بڵاوبوونەتەوە، لەوکاتەوەی دەوڵەتی کۆماریی دروستبووە تا ئەو ساتە وەختە. زیاتر لەوەش چاوم بە سەرجەم ئەو کتێبانەدا خشاندوە. زۆرجار وام دائەنا ئەوەی لەماوەی پەنجا ساڵدا بە تورکی بڵاوبوەتەوە لەوکاتەوەی لە ساڵی ١٩٢٨ لەسەر ویستی ئەتاتورک پیتی ئەبجەدی عەرەبیی کرابە لاتینی، لە پەنجا هەزار کتێب تێپەڕی نەدەکرد. لە ئێستاشدا پێدەچێت ئەو ژمارەیە زۆر بە زەحمەت سەد هەزاری تێپەڕاندبێت. بۆیە پێدەچێت بەرچاوتەنگی من لە کڕینی کتێبدا تەنها ئەوەبووبێت ویستومە هەموو ئەو کتێبانە لە کتێبخانەکەمدا کۆبکەمەوە، بەڵام زۆرجار پاڵنەرێکی ناوخۆییش یەکێک بوو لە هۆکارەکان و ئەویش قۆستنەوەی دەرفەت بوو، بە شێوەیەک لە شێوەکان لێکچوونێک هەبوو لەنێوان من کە کتێب کتێب دەمکڕی و لەنێوان ئەوکەسەی خشت خشت دایدەنێ بۆ دروستکردنی خانوویەک.

لەسەرەتای هەشتاکاندا هەستم دەکرد زۆرکەس وەک من دەکات و بەرۆک بە کتێبفرۆشەکان دەگرن و لەناو کتێبخانە گەورەکانی ئەستەنبوڵدا بەدوای کتێبدا دەگەڕێن، مەبەستم لەو کەسانە، ئەوانە بوو لە دەوروبەری کاتژمێر پێنج و شەشی ئێوارە بەو گوزەرانەدا تێدەڕین و پرسیاریان لە کتێبفرۆشەکان دەکرد داخۆ چ شتێکی نوێیان بۆ هاتووە و چاویان بەو کتێبە نوێیانەدا دەخشاند کە کتێبفرۆشەکان دەیانخستە بەردەمیان. لە هەشتاکاندا بەلای کەمەوە نزیکەی سێ هەزار کتێب لە ساڵێکدا چاپدەکرا و پێدەچێت لە ئێستادا ئەو ژمارەیە سێ جار زیادی کردبێت. زۆرێک لەو کتێبانەی من بینیومە لە زمانەکانی ترەوە وەرگێڕدراون، بەشێوەیەکی زۆر لە دەرەوە کتێب هاوردە ناکرێت. بۆیە لە رێگەی ئەو کتێبە وەرگێڕدرانەوە هەوڵدەدەم بۆ ئاگاداربوون لەو گەشەندنەی بەسەر ئەدەبیاتی جیهانیدا هاتووە، بەڵام زۆرێک لە وەرگێڕانەکان وردەکارییان تێدا ناکرێت و بە خێرایی هەڵدەکرۆزێنرێن.

لە حەفتاکاندا ئەو کتێبە بەرگ گەورانەی کاریان لەسەر دواکەوتنی تورکیاو هــەژاری خەڵکەکەی و قەیرانە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی دەکـرد، وەک ئەستێرە بەسەر تاقی کتێبخانەکانەوە دەدرەوشانەوە. ئەو کتێبە مێژووییانە لە ئێستادا دەبینرێن و بە گیانێکی پڕ لەتوڕەییەوە نووسراون، بە پێچەوانەی کتێبە مێژووییەکانی سەردەمی عوسمانییەوە کە سەرلەنوێ بە پیتی لاتینی چاپ دەکرێنەوەو منیش سەرجەمیانم کڕیوە، زۆرێک لەو کارەساتانە کە بەسەرماندا هاتووە ناخاتە ئەستۆمان، بەڵکو هەژاریی و نەفامیی و دواکەوتنمان دەگێڕێتەوە بۆ فاکتەرە دەرەکییەکان یاخود دەیخەنە سەرشانی ئەو کەسە گەندەڵ و خراپەکارانەی لەناو خۆماندایە. جا پێدەچێت هەر لەبەر ئەم هۆکارانە خوێنەرو لایەنگرانی ئەو کتێبانە زۆربن. بەهەمان شێوە ئەو کتێبە مێژوویی و یاداشت و ڕۆمانانەشم کڕیوە کە پاساو بۆ بوونی نهێنییەک یاخود پیلانێکی قێزەون یاخود گەمەیەکی ڕێکخراو لەلایەن زلهێزە جیهانییەکانەوە دێنێتەوە لە پشتی ئەو کودەتا سەربازییانەوە بوون لە مێژوویەکی نزیکدا ڕوویانداوە، یاخود لە پشتی جوڵانەوە سیاسییەکان و تێکشکانەکانی ئەم دواییەی ئیپراتۆرییەتی عوسمانی و تیرۆرە سیاسییەکانەوە بوون. هەموو ئەو کتێبانەم کڕیوە کە مامۆستا خانەنشینەکان دەربارەی مێژووی شارەکان نووسیویانە، جا خۆیان بڵاویان کردبێتەوە یان شارەوانییەکان بڵاویان کردبێتەوە. هەروەها گرنگیمداوە بە کتێبـی پزیشک و ئەندازیار و فەرمانبەرانی باج و دیبلۆماسی و سیاسییەکان و بەسەرهاتی ئەستێرەکانی سینەما بە پیاو و ژنەوە، لەگەڵ ئەو کتێبانەی دەربارەی سۆفیگەریی، شێخەکانی، بڵاوبوونەوەی نهێنییەکانی ماسۆنیەت و ریشسپییەکانی و سەرجەم ئەو کتێبانەی شتێک لە شادیی و ژیان و واقیع، یاخود بەلای کەمەوە شتێکیان تێدابوە دەربارەی تورکیا.

بە پێچەوانەی ئەو کەسانەوە کە ئەتاتورکیان لە نزیکەوە ناسیبوو دواتر دەربارەی نوسیبوویان، لە ساڵانی تەمەنی منداڵیمدا، زۆر بە تاسەوە ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە دەربارەی ئەتاتورک، نووسرابوون، بەڵام بەپێی تێپەڕینی تەمەنی نەوەکان و بەهۆی ئەو قەدەغانەی لە بەردەم بینینی کەسایەتی مرۆڤبوونیدا هاتبووە ئاراوە، وێنەی ڕاستەقینەی ئەتاتورک گۆڕابوو بۆ کەسێکی بە ئەمەک و دەسەڵاتدار و زۆر جاریش ناوەکەی بە خراپ بەکارهێنرابوو بۆ ڕەواییدان بە قەڵاچۆ و قەدەغە سیاسییەکان، هەر بۆیە بەهۆی ئەو یاساغانەی لە تورکیادا چەسپاوە، زۆر ئەستەمە کەسێک بیەوێت، وەک کەسێکی ئاسایی لە ڕۆمانێکدا باس لە ئەتاتورک بکات، یاخود لە کتێبێکدا بەشێوەیەک ژیانی ئەتاتورک بنوسێتەوە کە جێی بڕوابێت، لە بەرامبەردا ڕاپێچی دادگا نەکرێت، کەچی وەک دەبینین ساڵانەش

سەدەها کتێبی لەسەر دەنووسرێت. پێدەچێت بەهۆی یاساغەکانەوە بابەتەکە سادە بووبێتەوەو ئەمەش تا رادەیەکی باش ئەستەمیی و ئاڵۆزیی لەسەر نووسەر سانا کردبێت. سەبارەت بە ئیسلامیش بە هەمان شێوە قەدەغەکان وایانکردووە ئەوەی بەرچاو دەکەوێت شتێکی زۆر سادەیە.

لە نیوەی حەفتاکاندا کاتێک وازم لە خەونی نیگارکێشان و ئەندازیاریی هێناو بڕیارمدا لە نووسینی رۆماندا شارەزایی پەیدا بکەم، ساڵانە لەنێوان چل بۆ پەنجا رۆمان دەردەچوو، سەرجەمیانم دەبینی و بەشێکی زۆریانم دەکڕی بەو هیوایەی رۆژێک لە رۆژان سوودیان لێ ببینم، بۆ کەمێک چاوم پێدا دەخشاندن بەو مەبەستەی شتێک لە ژیانی دەشتەکی و دیمەنی مرۆڤی دەشتەکی و بەشێک لە واقیعی ژیانی ئەستەنبوڵ و تورکیا تێیاندا بەدی بکەم، نەک بۆئەوەی بزانم بەهای ئەدەبی دەقەکان چەندە.

نوروڵڵا ئاتاج رەخنەگری گەورەی پەنجاکان، یەکێک بوو لەوانەی بە دەنگی بەرز بەرگریی دەکرد لە سەرو سەودامان لەگەڵ شارستانیەتی رۆژئاوایی بە تایبەت رۆشنبیریی فەرەنسا و لەکاتی دەربڕینی ئەم بۆچوونەشیدا خۆی بۆ جڵەو نەدەکرا. لەلایەکی تریشەوە گاڵتەی بەو رۆشنبیرانە دەکرد لەکاتی هاڕینی باراشی رۆشنبیریی فەرەنسا، یەک دنیا هەڵەیان کەڵەکە کردبوو. ئەم رەخنەگرە لە نووسینێکیدا دەڵێت، لە وڵاتێکی وەک تورکیا پێویستە کتێب بکڕین بۆ پشتگیریی نووسەرو خانەکانی بڵاوکردنەوە. منیش لە سۆنگەی ئەم ئامۆژگارییەوە تا پێمدەکرا درێغیم نەدەکرد و لەو پێناوەشدا هەرچییەک لە ئێستاشدا بێتە بەردەستم، بێ سێ و دوو دەیکڕم.

لە کاتی خوێندنەوە و چاوپیاخشان بەو کتێبانەدا، لەلایەک هەستم بە چێژی لایەنگریی بۆ رۆشنبیریی و مێژوو دەکرد، لەلایەکی تریشەوە، بەختەوەر بووم بەوەی دەتوانم لەو کتێبانەی لە ئاییندەدا دەیاننووسم سود لەو بابەتانە ببینم. بەڵام لە هەندێک کاتدا دەستەمۆی رەشبینیی و بێ دەرەتانییەکی ترسناک دەبووم و بەتەواوەتی سەرنجم لەسەر خوێندنەوەی کتێبەکان دەشێوا، هۆکارەکەش ئەوەبوو هەڵەی چاپ زۆربوو، نووسەرو خانەی بڵاوکردنەوەش هیچ ئاگادارییەکیان لەو هەڵانە نەبوو. لەلایەکی ترەوە کاتێک دەمبینی لە کتێبێکدا بابەتێکی زۆرباش وروژێنراوە، بەڵام بەهۆی پەلە پەل و دڵگەرمی و توڕەییەوە شێوێنراوە، ئەوکات تەواو تووڕە دەبووم، بەتایبەت لەوکاتەدا کە دەمبینی سەرباری ئەو هەموو هەڵەیەی لەو کتێبەدا هەیە، کەچی بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش خوێنەران گرنگی پێدەدەن، لەبەرامبەریشدا چەندەها دەقی بەهێزی هەیە، کەچی دوور و

نزیک بەلایدا ناچن و تۆز لەسەر پەڕەکانی نیشتوە.

ئەو هەستانە، نیگەرانییەکی گەورەو قوڵی تێدا چاندبووم و تا دەهات لە زەینمدا دەبوو بە پەڵە هەورێکی گوماناویی کە هەموو ئەو کەسانەی لە دەرەوەی سنووری رۆژئاوان، بەدرێژایی تەمەنیان ململانێیان لەگەڵیدا هەبوە: تۆ بڕوانە، داخۆ دەبێت گرنگی پڵنگ لە سەدەکانی پانزەو شانزەدا چی بێت؟ یاخود مانای ناسینی ئاسەواری ئەدەبی لە شیعری ئاسیف خالید تشیلبیدا چی بێت لە کاتێکدا خوێنەری تورک خودی شاعیرەکەش ناناسێت؟ بۆ نەمبینی باس لە شتێکی گرنگ بکرێت لە پشت رووداوەکانی حەوت و هەشتی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٥، لەوکاتەی کۆمەڵێک خەڵکی هەرچی و پەرچی هەڵیانکوتایە سەرماڵی کەمینە جولەکەکان و ئەرسۆزۆکسی لە ئەستەنبوڵ و هەرچی دوکان و سەرمایەی بازرگانییان هەبوو بەتالان بردیان، دواتریش لەلایەن دەزگا نهێنییەکانی هەواڵگرییەوە قەشەکانیان کوژرا، یاخود باسی نەیاری ئینگلیزەکان بکرێت لەوەدا قوبرس بخرێتە سەر یۆنان، یاخود بۆ باس لەو قسەوباسانەی شای ئێران و ئەتاتورک نەکرا لە کاتی پیاسەکەیاندا لە بەنداوی بۆسفۆڕ...؟

لەو کاتانەی رەشبین دەبووم، هەستم بە گرنگی پاراستنی فەرهەنگ و رۆشنبیریی و مێژوو دەکرد لە کتێبخانەکەمدا، لەو کاتانەدا هەروەک فاروقی پاڵەوانی دووەم رۆمانی خۆم لێهاتبوو، فاروق، هەر ئەو مێژوونوسەی دۆکیۆمێنتی سەدان ساڵەی عوسمانییەکانی خوێندبووەوەو هەموو واقیعەکانی لە زەینیدا کۆکردبووەوە، بەڵام نەیدەتوانی پەیوەندی لەنێوان هیچکام لە بەڵگەنامەکاندا دروست بکات.

چ گرنگییەک لەوەدایە لەمڕۆدا بزانین کێ ئاگرە گەورەکەی ئیزمیری هەڵگیرساند؟ وەک بۆشم دەردەکەوێت ئەو هۆکارە شاراوانەی لە پشتی کودەتا سەربازییەکەی ٢٧ ئایاری ١٩٦٠ەوە بوو، یاخود هۆکاری دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی دوابەدوای جەنگی دووەمی جیهانیی، جگە لە من و چەند کەسێکی تری هاوشێوەی من، لای کەس جێگەی سەرنج نییە. سەیرکە، داخۆ هۆکارەکە زیادەڕۆیی نەبوو لە سیاسیکردنی رۆشنبیریی تورکیا، یاخود هۆکار ئەوەنییە ژیان لە وڵاتێکدا هەمیشە لە رێگەی سیاسەتەوە گوزارشتی لێدەکرێت، یاخود هەستکردن بە دەشتەکیبوون و پەراوێزبوون بە پێودانگ لەگەڵ سێنتراڵی رۆژئاوایی، بووەتە هۆی ئەوەی پلەو پایەی کتێبخانەی نەتەوەیی لە تێڕوانینی خەڵکەکەیدا بە سوک سەیر بکرێت؟

هەمیشە بیرۆکەیەک بێ هیوای دەکردم و خەوی لێ تاڵکردبووم، ئەویش ئەوەبوو، سەرجەم ئەو رووداو و دیاردانەی لە کتێبەکاندا باسکراون و بە دڵسۆزیی

کۆمکردوونەتەوە لە کتێبخانەکەمدا، سەبارەت بە وڵاتانی تری دەرەوەی تورکیا گرنگیان نییە.ئەکرێ ئەم بیرۆکەیەم پەیوەندیی بەوەوە هەبێت لە شوێنێکدا دەژیم دوورە لە ناوەندی جیهانەوە؛ بەڵام لە بیستەکانی تەمەنمدا ئەم هەستە جێگای خۆشەویستی کتێبخانەکەمی نەدەگرتەوە، دواتر کاتێک بۆ یەکەمجار گەشتێکم کرد بۆ ئەمریکا لە تەمەنی سیساڵیدا و دەوڵەمەندی کتێبخانەکانی جیهان و رۆشنبیریی ئەوانم بەچاوی خۆم بینی، ئەوکات ئەو پەیبردنە مەعریفییەی جیهان بە کتێبخانە و فەرهەنگی تورکیا، زۆر ئازاریدام. هەر ئەم ئازارە وەک نوسەرێک لە هەمان کاتدا توانای جیاکردنەوەی پێدام لەنێوان ئەو شتەی بنەڕەتییە و ئەوەش کۆسپە لە فەرهەنگ و کتێبخانەکەمدا، ئەمەش وەک ئاگادارکردنەوەیەک وابوو بۆم، بۆئەوەی بەشێوەیەکی قوڵتر لە کتێبخانەکەم و ژیان بڕوانم.

لە رۆمانی (خاو)ی میلان کۆندێرا، کەسایەتییەک هەیە، هەر کات لە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیدا دەرفەتی بۆ ڕێبکەوێت، دەربارەی وڵاتەکەی خۆی، چیک، دەدوێت. بە هۆی ئەم هۆکارەوە دەبێتە جێی گاڵتەجاڕیی ئامادەبووان و گاڵتە بە کەسایەتییەکەی دەکرێت. ئەم حاڵەتەش جێی خۆیەتی، چونکە هیچ شتێکی تر نابینێت جگە لەوەی لە وڵاتەکەی خۆیدا بیری لێدەکاتەوەو هیچ پەیوەندییەک نابینێت لەنێوان چیک و سەرجەم جیهان و مرۆڤایەتی، بەڵام راستییەکەی بڵێم لەگەڵ ئەو کەسایەتییەی ناو رۆمانەکە دەهاتمەوە. ئەمە بەو مانایە ناڵێم بە سوکیی لەو کەسانەم روانیوە، کە بە سوکیی لە ئەویان روانیوە، بەو مانایەش نا وەک ئەو کەسایەتییە بم، بەڵکو تەنها ویستوومە لە ئەو جیاوازبم. تەنها لە دەیەی هەشتاکاندا زانیم دەبێت (ببم بە خۆم)، ئەمەش بە گاڵتەکردن نایەت بەو بێهیواییەی نایپۆڵ ناوی لێدەنێت (پیاوی لاساییکەرەوە) بەهۆی ئەوکارانەی ئەو کەسایەتییە دەیگرێتە بەر بۆ رزگاربوون لە دەشتەکیبوون و دەستەمۆکردنی، بەڵکو دەبێت لەگەڵیدا برۆیت و لێی تێبگەیت، ئەگەر بشێت ئەم وشەیە وەک ئەو کارەکتەرانە بەکاربهێنم کە لە (کتێبی رەش)دا بەکاریدەهێنن.

لە هیچ سەردەمێکی مێژوودا، تورکەکان قوربانیی دەستی داگیرکەری رۆژئاوا نەبوون. لەبەرئەوە لاساییکردنەوەمان بۆ رۆژئاوا هیچ مانایەکی بە دەستەوە نەداوە بەو شێوەیەی ئەتاتورک دەیویست بە سەرشۆڕیی و سوکیی، ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکرێت هەروەک کۆندێرا و نایپوڵ و ئیدوارد سەعید بەو شێوەیە لەو بابەتە دواون. بە داخەوە لاساییکردنەوە بووەتە بەشێکی جیانەبووەوە لە شوناسی نەتەوەیی تورکیا. لەبەرامبەر ئەو حاڵەتەشدا، من زۆر لە دۆستۆفیسکییەوە نزیکم، لە کاتێکدا تورەیی خۆی لە بەرامبەر رۆشنبیرانی روس دەردەبڕێت و باس لەوە

دەكات رۆشنبیرانی وڵاتەكەی زیاتر لە روسیا بوونەتە ئەوروپاناس.

لە سی و پێنج ساڵی تەمەنم لە ناو رۆماندا، ئەوە فێربووم هیچ كتێبێكی ناو كتێبخانەكەم فرێنەدەمە لاوە، تەنانەت خراپترینیان و دواكەوتووترینیان لە سەردەم و پۆخڵەواتترینیان لە رووی مەعریفەوە. بەڵام نهێنییەكە لە توانای خۆشەویستیمدایە بۆ كتێب، نەک لەوەدا كە دانەرەكەی ویستوویەتی بەو شێوەیە بیخوێنمەوە. هەمیشە وا ئەو كتێبانەم خوێندووەتەوە، خۆم بە دانەریان زانیوە، یان هەوڵمداوە وابم.

بەلای منەوە رێگای رزگاربوون لە دەشتەكیبوون، راكردن نییە لە دەشت، بەڵكو هاتنەوەیە لەگەڵ هەستی دەشتەكیی تا ئەو پەڕی سنوورەكانی. هەر لێرەشەوە ئەوە فێربووم هەڵبكوتمە سەر كتێبخانە زەبەلاحەكەم و لە هەمان كاتیشدا مەودایەک لەنێوانماندا دروست بكەم.

من بەو شێوەیە فێربووم، دوای ئەوەش تەمەنم لە چل ساڵ تێپەڕی، تەنها هۆكارێک بۆئەوەی كتێبخانەكەم بە زیندوویی مابێتەوە هەر ئەو جۆرە تێڕوانینەمە كە هیچكام لە تورک و رۆژئاواییەكان پەییان پێ نەبردووە. لە ئێستاشدا هەمان پاڵنەر وا دەكات پێم بوترێت: خەڵاتی نۆبڵتان بردەوە...

**ئەم بابەتە لەسەر داوای گۆڤاری "دی زایت"ی ئەڵمانی بە بۆنەی خولی ساڵانەی پێشانگای فرانكفۆرت بۆ كتێب لەلایەن ئۆرهان پامۆكەوە نووسراوە.**

سەرچاوە:
ماڵپەڕی: ئەلف یا

# ئەم چیرۆکە ناو بنێ نێرگس



**محەمەد رەزا نەجەفی**
**و: رەفعەت مورادی**

دایە رۆشتە چێشتخانەکە و چیتر نەگەڕایەوە، نێرگس بە شەرمێکی دێوانە ئاساوە قوپچەی کراسەکەی بەست و ئیتر نەیکردنەوە، سەرلە بەیانییەک لە سەرلەبەیانییە جەهەنمیەکان بوو، بە پێچەوانەی ئەوەی کە رادیۆ درۆی زۆری دەکرد، نێرگس دەیزانی شتێک لە سەعاتی ٧:٢٣ خولەکی سەرلە بەیانی روودەدات، دواتر لەگەڵ خۆی وتی: دوو سێ سەعات دواکەوتن بە گشتی شتێک ناگۆڕێت، راستی دەگوت، راست لەسەر کاتژمێر٧:٢٣ خولەکی سەرلە بەیانی لە شەقامی سەرەکیدا پیاوێکی گەنج تیرباران کرا و خۆریش گەورە بوو بۆ ئەوەی هەتاو بکەوێتە سەر قەفەسەی کتێبەکان، نێرگس بە هەتاوی سەر کتێبەکانی دەگوت: ئائۆرلیانۆ، راست لە رۆژی ٨٥/١/١ وتی: ها! ئائۆر لیانۆ، بە بێقەرارییەوە جگەرە مۆرە سەوزەکەی کە چەند رۆژ پێش ونکردبوو لە نێو قژە فرە قاوەییەکانیدا دۆزییەوە، لە سوچێکی خانووەکەدا کە سوچێک لە جیهان بوو

دانیشت و بانگیکرد: دایە و بۆ هەمیشە پێکەنی.

نێرگس سەرەڕای ئەو خاڵەی کە لە سوچی لێویدا بوو جوانی پێدەبەخشی لەو کچانە بوو کە کاتێک پێڵاوەکانی لە پێدەکرد گەورەتر دەبوو، کاتێک کتێبێکی بۆ خوێندن لە بەردەستدا نەبوو بۆ ئەو چیرۆکانەی کە هێشتا نەینووسیبوون ناوی دادەنا، زۆر کەسیش بەو هۆیەوە ناویان نابوو نێرگس، برۆکانی بە نیشانەی سەرسوڕمان هەڵدەبڕی:

چۆن ! من نێرگسم؟ ئەی بۆ چی هەر ئەو کاتە بانگتان نەدەکردم نێرگس؟

چواردە ساڵان بوو کوڕە گەنجەکان بە هۆی چاو و برۆیەوە عاشقی دەبوون، زۆرجار کاتێک دایکی جلەکانی دەشۆری و بەسەر پەتەکەدا هەڵیدەواسی لە دووتوییَ تەقەڵ و درزی جلەکانەوە نامەی عاشقانەی نەکراوەی دەردەهێنا، کە هێشتا بۆنی عەتری هەرزانیان لێوەدەهات.

کاتژمێر ٢٣ و٧ خولەکی سەرلەبەیانی پیاوێکی گەنج کە لە حەوشەی شۆقەکاندا سەرگەردان بوو ئاوازێکی بەر گوێ کەوت کە کچێکی پێ پەتی لە سەر بانێژەکەدا دەیووتەوە و یەک دەقیقە دواتر لە بیری چوەوە کە چیدەڵێت، (ماسی گیرەکان ماسی گیرەکان – بۆم هەیە قۆز بم...)

چەند رۆژ بەر لە دۆزینەوەی بەچکە قەلەڕەشە مردووەکەی سەر بانیژەکە، راست لە سەر سەعاتی ٧:٢٣ خولەکی سەرلەبەیانی پیاوێکی سەرگەردان لە حەوشەی نێو شوقەکاندا ناوێکی بە بیرهاتەوە کە تا ویستی بیهێنێتە سەر زار، کارەباکە بڕا و نێرگس لەم رێکەوتە زمانەوانییە حەپەساو لە شوێنێکدا نووسی: وێردەکانی جادووگەرێک، پێوابوو بەمجۆرە دەتوانێت هەستی ئەو چرکەساتە دواتر لە نووسینێکدا بخاتەڕوو، ئەمەش گەورەترین هەڵەی ئەو بوو، تەنانەت کاتێک (میرا) نووسراوێکی کریستۆفەر فرانکی لەگەڵ وەرگێڕانەکەی لەیلا گوڵستانی دەخوێندەوە بەهۆی قەمچی لێدانییەوە پێستی کەمەر و لایەک لە جەستەی سوور ببوەوە، ئەمەشی بە هیچ کەس نەگوت، تا چەند رۆژ دواتر بەچکە قەلێکی تر بە چاوە فسفۆریەکانیەوە لەسەر بانێژەکە کەوتبوو، ئەو رۆژە نە باران دەباری و نە کەسێک لەسەر قسەیەک پێداگریی دەکرد، بیری لێکردەوە: کەوابوو دەبێت لەژێر چنارە لارەکەدا بیشارێتەوە بۆ ئەوەی چیتر نەمرێت! کاتێک لە باخچەی پشت شۆقەکانەوە بە دەستی خۆی چاڵێکی بچوکی بۆ هەڵدەکەند، ئاسمان پڕ بوەوە لە قەلەڕەشە و بەچکە قەلەکەش سەری بەرزکردەوە، نێرگس مەرگی لە چاوەکانیدا نەبینی ئەگینا وەک گوێز نەیدەخست چاڵەوە تاکو بەیانی کاتێک سەردانی دەکات گۆڕەکە بە هەڵکەندراوی ببینێت، بەمەش زیاتر بترسێت،

سالانێکی دواتر کاتێک خەڵک بەر ببوونەوە گیانی ئەو دارچنارە و (تەور) یان لەناو قەدی دارێک دەدا کە بەچکەی قەلەڕەشەکە تێدا شکۆفەی دەکرد و خوێنی (O+) ئەپژا بە جەلەکانیانەوە، کاتێکیش بە دەستە تەپوتۆزاوییەکانییەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە گەنجێک هەواڵی میرای لێپرسی، نێرگس پەشۆکا بوو و بەرلەوەی پیاوەکە بە تەنیایی بهێڵێتەوە خۆی بە تەنیا مایەوە،

شەوێک کە دایکی دەنگی گریانی بیست و وایدەزانی شەڕ بووە، جیا لە نێرگس هەمووان لە خەو بوون.

بێجگە لە پیرەژنێکی کوێر کە ناوی (یاسەمەن) بوو، یاسەمەن بۆ ئەو مارانەی کە لە پشتی سەرییەوە دەیانفیشکاند و دەکشان باسی کوڕێکی بۆ دەگێڕایەوە، کە لە چل قەرەوێڵەی دوو نەفەرەدا خەونی کچێکی دەبینی کە لە زیندانی ئەویندا ئەشکەنجە دەدرا و نەدەگریا، جاری چلەم کوڕە عەشق دایگرت و زەکەری خۆی بڕی و تا پشت دیواری زیندانەکە بە پێ ڕۆشت و لەوێ ئەوەندە گۆرانی چڕی تاوەکو دڵی لە لێدان کەوت، بە بێشەرم و بە هەیبەتەوە بە دوو پانتۆڵی کابۆی پانەوە کە دەرپێکانیان بە سەردا دەکشا، هەر دوو دەستی کردبووە بە نێو گیرفانەکانیاندا و پاڵی دابووەوە بە عەمودێکی بێ گڵۆپی کارەباوە لە کاتێکدا بولبولێک لەسەر جگەرە کوژاوەکەی بەردەمی نیشتبووەوە! کاتێک کە بردیان عەمودەکە کەمێک لار ببوو و منداڵەکانیش بولبولەکەیان لەسەر جگەرە کوژراوەکەوە کوشتبوو! بولبولێکی تر لەسەر هەمان درەختدا بە هۆی تینوێتییەوە کەوتە نێو جۆگەی ئاوەوە و بێدەنگ بوو، نێرگس نیگەرانی کوڕێک بوو کە بە پانتۆڵێکی خوێناوییەوە پاڵی دابووەوە بە عەمودی کارەباکەوە و کاتێک ویستی بە نیشانەی هاودەردی جگەرەکەی داگیرسێنێت نامەیەکی دەستکەوت کە کەمێک عاشقانە بوو و هەر کاتێکیش دەیویست بیخوێنێتەوە دوادەکەوت:

میرای ئازیزم!

هەموو بەیانییەک ڕوو لە خۆرئاوا دەوەستم و ماچێک ئاڕاستەی با دەکەم، تۆ لە کوێی؟

هەموو ئێوارەیەک ڕوو لە باکوور لەسەر یەکەمین کورسییەک کە لە کن یەکدا دامان دەنێت لە دڵمدا بوونەوەرێک سەوز دەبێت و هەموو شەوێک قەفەسەی سینگم هەڵدەدرێت و دێتە دەرەوە، بەر لە نووستن سەرمازەڵەیەکی سوور و چەور کە هەڵبەزین و دابەزێنی دەکرد بیری دەکەوێتەوە و دەگریت، جەنابی پیرەژن کە بە چاوە نووقاوەکانیەوە دەژیت و خەونی هەموو ئەوانەی کە پێشتر بینیوونی، دەبینی، وتی: ئەو سەرمازەڵە خۆمم کە عاشقم، پێی نەکەنیم،

ئێستا...

ئەو پیاوانەی کە ئەو ڕۆژە (نێرگس)یان لە نزیکەوە بینی، ناوێکیان فەرامۆشکرد، کە لەوانە بوو بە سەر کتێبێکی بەرگ سووردا بینیبێتیان، دەکرا بەو پەنجانەی کە بۆنی جگەرەیان دەدا لە دوایین قەفەسەی لای ڕاستی کتێب فرۆشی (نیک) قاتی سێیەم لە خوارەوە وەریگریت و هەزار و دووسەد تمەنی بدەیتێ و لە پاسەکاندا بیخوێنیتەوە.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە پیاوێکی گەنج، کە بێ ئەوەی نەخۆشی (ئاسمی) هەبێت، بەڵام بە دەست پژمینێکی وشکەوە گیرۆدە بوو، هەر هەمان کاری دەکرد، کاتێک جگەرەکەی تەواو بوو هەموو شتێکی بۆ دەرکەوت، بە سەرسوڕمانەوە گەیشتە حەوشەی نێوان شۆقەکان و بێ ئەوەی هیچ کارێک بکات:

دێم بۆ ئێرە، هەرچی بڵێین نە باوەڕدەکەم و نە دەترسم، ئەگەر بترسم دێم بۆ ئێرە؟

هەموو پێنج شەمەیەک دوا نیوەڕۆ چاوەڕێ دەبم، نە شتێک دەخۆم و نە جگەرە دەکێشم، ئەگەریش بکێشم، جگەرەیەک؟ کاتێک چاوەڕێت دەبم بیر لە تۆ دەکەمەوە، کاتێکیش بیرت دەکەمەوە نە دەگریم و نە ئەو کاتەش کە خەریکە بگریم بیر لە شتێکی کە دەکەمەوە! ئەگەر بێیت دەستەکانم لەسەر مێز دادەنێم بۆت؟ ئەگەریش نەیەیت ناڕەحەت دەبم، دەڕۆم بۆ بەر دەرگای سینەما، ئەگەر فیلمێکی باشی هەبێت دەچمە نێو تاریکی و لە باتی فیلمەکە دەگرێم، ئەگەر نا جگەرەیەک دادەگیرسێنم؟ خۆ ئەگەر شقارتەشم پێنەبوو! پێڵاوەکانم دەردەهێنم و بە پێ خاوسی بە ڕێدەکەوم؟ کوێ ئەم کارە گرنگ نییە؟ خەڵک سەیرم دەکات، کوڕەکان مەتەڵەکم (تانە) لێدەگرن، بەڵام من بەردەوام دەبم لە ڕۆشتنەکەمدا، هەندێک کەس بە پێخاوسی بە دوومدەکەون، هەندێک کەسیش وای بۆ دەچن ئەمە نیشانەی ناڕەزایی دەربڕینە، لافیتە دەنووسن و وێنەم لێدەگرن، واژو بۆ کەس ناکەم لەگەڵ کەسیش وتوویژ و چاوپێکەوتن ساز نادەم، ئەگەریش بیکەم هیچ ناڵێم؟ تەنیا ئەوە نەبێت پێیکەنم ! ئەوا، ە ە ە؟ ئەگەر قسە بکەم دەڵێم شێت ئاسا تۆم خۆشویست، ون بووی، بردیتیان، نازانرێت لە کوێی، ئەوەندە ڕێدەکەم تا بتهێنن بۆ لام؟

نێرگس: عەجایو!

ئائۆرلیانۆ: ئێستا چی دەکەی؟

نێرگس: با قاوەکەمان بخۆین و بڕۆین.

ئائۆرلیانۆ: من دەڵێم با دەرچین؟

نێرگس: واتە هەڵبێین (بە دەنگی بەرز) وەکو یاخی (بەرزتر) لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر

ئائۆرلیانۆ: (بە جۆش و خرۆشەوە) بە بێ ئارام و قەرار

نێرگس: (لەسەر کورسییەکە هەڵدەستێت) بە بێ ئارام و قەرار؟ ئەمە مەعرەکە نییە ئائۆرلیانۆ؟ (بە هێواشی)، بەڵام لەبەر کێ هەڵبێین؟

ئائۆرلیانۆ: کێ؟ ئوو... ئیتر ئاشکرایە، لە... بۆ نموونە...

نێرگس: چۆن لە خۆمان هەڵبێین؟

ئائۆرلیانۆ: لە خۆمان؟ نا بەم شێوەیە بە هیچ کوێ ناگەین (بە هەردوو دەستی تەوێڵی ئەگوشێ)

نێرگس: (بەرەو رووی تەماشاچییەکان دەڕوات) چۆنە لەمانە هەڵبێین؟

ئائۆرلیانۆ: لە ناوەڕاستی خاڵەکەتدا کچێ! لەم هیچ و پوچانە هەڵدێین!

نێرگس: کەواتە با بڕۆین

بۆ لابردنی شتومەکەکان دەچنە تەنیشت مێزەکەوە، ناوەوەی جانتاکان بەتاڵدەکەن و لە نێو شمەکە بێ کەڵکەکان، جگەرە و فەنەک و یەک دەست وەرەقی یاری و دەفتەرچەیەک و چەند شتێکی تریان خستە گیرفانیانەوە.

ئائۆرلیانۆ چرپاندی بە گوێی نێرگسدا و بۆ ماوەیەک لە یەک نواڕین.

لە پڕ نێرگس بە دەنگی بەرزەوە پێدەکەنێت و بە لەپی دەستەکانی لە مێزەکە دەکوتێت، قاوەکە دەڕژێتە سەر پێشدەسییەکە و بارانیش دەوەستێتەوە؟ ئائۆرلیانۆ دەستی نێرگس دەگرێت و لە گازینۆکە دەچنە دەرەوە؟!

# وەرە پێکەوە یاریی بکەین

**ئالبێرتۆ مۆرافیا**
**و: شەریف فەلاح**

تەژی لە تووڕەیی، بێ ئومێد و بێ توانا لە دیوی نشیمەن دادەنیشمو جگەرە دوای جگەرە دادەگیرسێنم و دووکەڵ دەکەم. چاوێک لە ((جینەڤرا))ی کچم دەکەم، کە بێدەنگ لەسەر عەرز بە بووکەڵەکەی یاریی دەکات. دوای نیوە ڕۆژێک، کە چاوەڕێی ئەم زەمەنە کوشندەیە بووم، ئەوە ئێستا هەمدیسان کاتژمێرێکە چاوەڕێم. بەمزووانە، زۆر بە خێرایی، بوونی ((ڕۆدولفۆ)) لە ئەگەر و شیمانەیەکی ڕاستی و عەقڵانییەوە دەبێتە هیوا و ئومێدێکی گەمژانە. ئاوێنەکەی بەرامبەرم وێنەکەم پیشاندەدات. وێنەی ژنێکی داماو، دڕدۆنگ و ئاڵۆز و پەرێشان، بە ڕووخسارێکی درێژ و گۆنای قوپاو، کە چاوە قووڵ و پڕ لە یاوەکانی لە چرچو لۆچیی ژێر چاوەکانیدا ونبوون. ژنێک کە دەمو فلچی ناحەز بووە و لە فۆرم و ڕواڵەت کەوتووە و بە هۆی نارەحەتییەوە سەروچاوی هەڵماسیوە و دەکرێت ئاسەواری پەرێشانیی بە ڕووخسارییەوە ببینیت، جەستەی لە پەیکەرێکی چەماوە دەچێت، کە جموجۆڵ و حەرەکەتە نەترسانەکانی لە هی بووکەڵەوازی دەچێت. وێنەی ژنێکی بەدبەخت و چارەڕەش، کە بێوەرییە لە هەرچەشنە جوانی و دڵڕفێنییەک. بەڕاست، ئاخۆ لەم دنیایە شتێکی خراپ و بە

قەباعەتتر لە سەگێک، کە بە کلکە سووتێیەوە دەوەڕێت و پاسەوانیی دەکات و لەبەر لاقی خاوەنەکەی رادەکشێت و گەڵ بڵاودەکاتەوە هەیە. بە داخەوە بۆ رۆژڕەشی ئەو سەگە منم. رۆدولفۆ لەبەرچاو بگرنو بزانن ئەم گەمژەی داماو و بێچارەی نەفامە، کە تەنانەت ریختو قەڵافەتێکیشی نییە، چۆنچۆنی من بە دوای خۆیدا پەلکێش دەکات و هەر کارو پەتپەتییەک، کە خۆی بییەوێت بەسەرمدا دێنێت. جا بزانن، ئەمە هەر لە سەرەتاوە بەم چەشنە بووە، ئێمە هەردوومان لە کەناری دەریایەک بووین بەبێ ئەوەی یەکتری بناسین لەسەر پیاڵەی قاوەکەوە لە یەکترمان دەڕوانی. پاشان من پیاڵە قاوەکەم نایە سەر عەرزو ئاماژەم کرد، کە خەریکم دەڕۆمو ئەویش فیتوویەکی لێدا، تەنیا یەک فیتوو، هەر بەو جۆرەی، کە بۆ سەگەکانی لێدەدەنو منیش دەستبەجێ دەستمکرد بە کلکە سووتێ و بە وەڕێنەوە وەرسووڕام، کە لەژێر لاقیدا رابکشێم. بەمجۆرە عەشقی بێ ئەنجامی ئێمە بەو فیتووە دەستیپێکرد.

چارە رەشیی دیکەی من ئەمەیە، کە لەم دنیایەدا هیچ کەسم نییە. بێوەژنێکمو سێبەری مێردێکم بەسەرەوە نییە، کە ئەگەر تەنانەت خیانەتم پێدەکات، لانیکەم پشتیوانیم لێبکات هەتا مەعشووقەکانم رێز و حورمەتم بگرن. هیچ دۆستو هەڤاڵێکی ژن یان پیاویشم نییە. جگە لە جینەڤرا کچە حەوت ساڵەکەم کەسی دیکەم نییە.

ئای، منالآن... وەرن با لە بارەی نالآنەوە بدوێین. بەڵێ، دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە مندالآن لە رادەبەدەر فێڵزانو ئۆینبازن. نازانم کێ بۆ یەکەمجار بەو ئەنجامە گەیشت، کە مندالآن پاکو بێ گوناحن. هەرکەسە بووە دیارە قەت مندالآنی نەناسیووە. باش سەرنج بدەن: مندالآن رێک وەکو گەورەکانن، بەلآم ئەو گەورانەی، کە خاوەنی ئیمتیازی سەردەمی منداڵیین. ئەوان وەکو گەورەکانن، چونکە خاوەنی هەمان هەستو سۆزن، بەلآم لە هەمان حاڵدا بەو بیانووەی، کە هێشتا دەست و پا، سەر و جەستەو بەگشتیی ئەندامانی لەشیان بە تەواوەتی کامڵ نەبووە، لەبەرپرسایێتییەکانی گەورەکان خۆ دەدەزنەوە. کەوایە کاتێک پەی بەوە دەبەین، کە دەروونو ناخی ئەوانیش چەشنی ئێمەیە، ئیتر ناتوانین لەگەڵیان پێوەندی دابمەزرێنین، واتا بەشێوەیەکی جیدی قسەیان لەگەڵ بکەین، متمانە بە یەکتر بکەین، گفت و راوێژمان هەبێت و یارمەتی و هاوکاری یەکتری بکەین. بەم تاریفو پێناسانەوە چۆن دەکرێت تێبگەین، کە ئەوان بە کەڵکی چ دێنو کاریان چییە؟

بۆ وێنە ئەگەر من لە ئانو ساتێکدا لە بیرم بکردایە، کە جینەڤرا حەوت

ساڵییەتی، لانیکەم دەمتوانی لەو دڵەڕاوکێو تووڕەییە لە رادەبەدەری، کە بەهۆی رەفتارو کرداری رۆدولفۆوە لە ناخمدا سەریهەڵداوە، لەگەڵیدا دەردەدڵ بکەم. هەست زۆر باشو بە قازانج دەبوو، کە ئەو لە پەنای خۆم دابنێم، پێکەوە شتێکی زۆر تیژ، وەکو پەیکێکی ڤۆدکا یان ویسکی بخۆینەوە هەتا زمانمان بکرێتەوە، جگەرە دابگرسێنینو تەنانەت پاکەتێک شوکۆلاتی بەتام پێکەوە هەڵپچڕێنین، هەتا دواتر بەرەبەرە متمانە بە یەکتر بکەینو ئەوکات من هەموو شتێکی خۆم و رۆدولفۆی بۆ باس بکەم. بڕۆمە بنج و بنەوانی وردەکارییەکانەوە، کونو کەلەبەری رۆحو ئەندێشەی هەردووکمان بە وردیی بپشکنم و کێشە و گرفتەکانی لێدەربێنم، تەواوی ئەو بەڵاو نەهامەتییانەی، کە رۆدولفۆ بەسەری هێناوم تاووتوێ بکەمو لە کۆتاییشدا لەبارەی مەسەلەی هەستیاری پێوەندیی جینسی خۆم لەگەڵی بدوێم. ئەوکات ئیتر دیوەکە پڕ دەبێت لە دووکەڵی جگەرە و بتڵە ڤۆدگاو بەستە شوکۆلاتەکە بەتاڵ بۆوە. زەمەن تێدەپەڕێتو سەرەنجام رەنگە ئەوکاتە هەست بە راحەتیو ئارامییەک بکەم.

بەڵام سەرەڕای ئەوەی، کە جینەڤرا بێگومان هەموو شتێک لەبارەی منو رۆدولفۆوە دەزانێت، ناچارم رۆڵی گەمژانەی دایکێکی دڵسۆزو میهرەبان بگێڕم:

ـ نا جینەڤرا، بەو جۆرە لاقی ئەو بووکەڵە داماوە مەکێشە، ئازاری پێدەگات. تۆ چەندە خراپی، ئەگەر دایکت بەو جۆرە لاقەکانی تۆ بکێشێت چی دەکەیت؟ بەڵام دایە خۆشی دەوێیت و هیچکات ئازارو ئەشکەنجەت نادات...

قسەگەلێکی گەوجانە، کە هیچ کاممان باوەڕمان پێی نییە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم قسانە، بە داخەوە من دایکێکی نەریتیی باشمو ناتوانم ئەوە لەبیر بکەم، کە منداڵەکەم منداڵە.

بیرو زەینم بەم شتانەوە سەرقاڵو ئاڵۆزە. پاشان چاوێک لە کاتژمێرەکە دەکەم و تێدەگەم، کە ئیتر هیوایەک بە هاتنی رۆدولفۆ نییە. لەم کاتەدا پڕ دەدەمە تەپڵە جگەرە بەردینەکە و زرم دەیکوتم بە عەرزدا. بێگومان تەپڵە جگەرەکە ورد ورد دەبێت. جینەڤرا دەستبەجێ سەر هەڵدێنێت و بە هێواشی دەڵێت:

– دایکە، وەرە پێکەوە یاریی بکەین.

چاوی تێدەبڕم. جینەڤرا بەو قژە لەخت و بۆرەیەوە، روخساری سپیلکەو چاوە شینەکانی، رێک لە فریشتەکانی داری کریسمس دەچێتو تەنیا دوو باڵی شەکەری کەمە. لێی دەپرسم:

ـ چ یارییەک، ئازیزەکەم؟

یارییەک کە تێیدا تۆ دەبیتە من و منیش دەبمە تۆ. من دەبمە دایک و تۆش دەبیتە جینەڤرا.

ـ ئەوکات چ دەبێت نازدارەکەی دایە؟

ـ ئەوکات من شتگەلێکت پێ دەڵێم، کە ئەگەر وەکو تۆ گەورە بوومایە پێم دەوتیت و هەروەها تۆش شتگەلێکم پێ دەڵێیت، کە ئەگەر وەکو من گچکە بوویتایە پێت دەوتم.

لە مەبەستەکەم تێگەیشتن. یاریی، یاریی گەورەترین فێڵ و تەڵەکەی منداڵانە.

ئەوان بە بیانووی یاریی، قسەی گەورەکان دەکەنو کارو کرداری گەورەکان دووپات دەکەنەوە. دەبینن چەندە شەیتانۆکە و ئاوڕی ژێرکاو زیتەڵە و داوبازن؟ بەو حاڵەشەوە لە رواڵەتدا قبووڵی دەکەم:

ئافەرین کچەکەم، زووبە یارییەکە دەست پێبکەین.

ئارامو لێبڕاو بەرامبەرم دادەنیشێت و بە دەنگێکی دەستکرد، کە هەر دەبێت دەنگی من بێت دەڵێت:

– جینەڤرا، دەکرێت بڵێیت بۆچی هەرکات رۆدولفۆ دێتە ئێرە بۆ لام تۆ بەردەوام بەنێو دەستو پاماندا دەخولێیتەوە؟

بە تەواوەتی روونە. پێموایە جینەڤرا لەم یارییە کەڵک وەردەگرێت هەتا ئەو قسانەی، کە ناوێرێت بیانڵێت، ئێستا بە منیان بڵێت. حاڵەتی ئیعتراز بە خۆوە دەگرم، بەڵام ئەو دەڵێت:

– جینەڤرا، لە بیرت بێت، کە ئێستا تۆ بە جێگەی منیت و وەڵامی پرسیارەکەم بەوە.

پاشان من بە دەنگێکی ناسکو دەستکردەوە دەڵێم:

– دە ئاخر دایە، لەبەر ئەوەی تۆم زۆر خۆشدەوێـت بەر دەستو پات دەگرم و لێت جیا نابمەوە، چونکە تۆ دایکمی.

بە ئەدەبەوە دەڵێت:

– درۆ دەکەیت. باوەڕ ناکەم. تۆ بەردەوام بەنێو دەستو پامدا دەسووڕێتەوە، چونکە من دایکتم ئێرەییم پێدەبەیت. پێت خۆشە رۆدولفۆ لە خشتە ببەی، دەتەوێت لێمی داگیر بکەیت و بیکەیتە هی خۆت.

راست دەکات. من پێموابوو، کە جینەڤرا بە جۆرێکی منداڵانە شەیدای رۆدولفۆیە، بەڵام ئەو لە کوێڕا لەوە تێگەی، کە من بەوەم زانیوە. خۆم نارەحەت نیشاندەدەمو دەڵێم:

- کێ ئەم قسەیەی کردووە؟
- من کردوومە، سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆدولفۆ لەگەڵت باش دەجووڵێتەوەو هەمیشە دیاریت بۆ دێنێت هەتا تۆ لە کۆڵمان بییەوە یان لانیکەم خۆت گێل بکەیت، قەت تێناگەیت. لەبەر ئەمەیە من و ڕۆدولفۆ ناچارین بڕۆینە ژوورەکەی من و دەرگاکە لەسەر خۆمان قفڵ بکەین.
راست دەکات ئێمە هەمیشە دەرگاکە لەسەر خۆمان قفڵ دەکەین. ناچارین ئەم کارە بکەین. ئەمجارە نۆرەی منە، کە بۆ سەرزەنشتکردنی لە یاریی کەڵک وەربگرم. بەسەرکەوتووییەوە دەڵێم:
- بەڵام ئەم کارەتان هیچ بە کەڵک نایەت، چونکە من لە گشت ئەو ماوەیەدا بە سیخ لە دەرگاکە دەدەم و دەزریکێنم، دەنگ و هەرا بەرپێدەخەم و دەگریم. لەم پلارەی من تێدەگات، چونکە دەڵێت:
هەر کارێک کە پێت خۆشە بیکە، ئیتر هیچ بۆم گرنگ نییە چی دەکەیت.
من هەمدیسانم بە گێڕانی ڕۆڵەکەی خۆم وەفادارم و دەست دەکەم بە گلەیی و گازندە:
- کەواتە دایکە بەڕاستی ئیتر من هیچ بۆت گرنگ نییم؟
بە کینەوە وەڵامدەداتەوە:
- بە هیچ شێوەیەک چۆنت بیرکردۆتەوە؟ پێتوایە ئەگەر بۆم گرنگ بوویتایە، شەو بەو قسە و تەوسە ناماقوولانەی کە بە ڕۆدولفۆم وت و بەو چەشنە دەنگ و هەرام بەرپێخستو شتومەکم دەکوتا بەسەریداو هەتا پشت دەرگاکەی تۆ دوای کەوتم هەتا لەگەڵی بە شەڕ بێم؟
هەروا درێژە بە باسکردنی ڕاستییە تاڵ و ناخۆشەکان دەدات. هەوڵدەدەم بەرگریی لە خۆم بکەم:
ـ بەڵێ، ڕاستە، بەڵام خۆم پێموتبووی، کە بەدڕەفتاری لە تەنیا مانەوە، لە ماڵەوە بە باشتر دەزانم.
وا دیارە بیردەکاتەوە. پاشان بە دەنگی بەرزەوە دەڵێت:
- خاترجەم بە، متمانەت هەبێت لە ئێستا بە دواوە ئیتر هیچ بەدڕەفتاری و کردەوەیەکی خراپ لە گۆڕێدا نابێت. ئەمڕۆ بەو ئەنجامە گەیشتووم، کە ڕۆدولفۆ منی خۆش ناوێتو بڕیارێکم داوە.
چاوی تێدەبڕمو بە کونجکۆڵی و بە هێواشییەوە دەپرسم:
- چ بڕیارێک؟
زۆر ژیرانە و بە وردبینییەوە وەڵامدەداتەوە:

- بڕیارمداوە خۆم بکوژم. هەر ئێستا دەڕۆمـە حەمام، قوتووی حەبی خەوهێنەرەکە هەڵدەگرم و بە یەکجاریی گشتی قووت دەدەم.

بە ترس و وەحشەتێکی دووربینانەی هەڕەشە ئامێزییەوە هاوار دەکەم:

- نا، دایکە ئەمکارە مەکە. من تەنیا جێمەهێڵە.

- من دەمەوێت ئەمکارە بکەم و دەشیکەم.

زۆر بە خێرایی و زبرو زیت لەسەر موبلەکە دادەبەزێت و دەڕوات بەرەو لای حەمامەکە، بە دوای دەکەوم و دەبینم، کە لەبەردەم قەفەسەی دەرمانەکان کورسییەک دەنێتە ژێر لاقی و دواتر قوتووی حەبی خەوەکە هەڵدەگرێت. ئێستا لەسەر کورسییەکە دادەبەزێت، شێرەی ئاوەکە بەر دەداتەوە، لیوانێک پڕ دەکات لە ئاو و حەبی ناو قوتووەکەی تێدەکات. پاشان دەڵێت:

- ئێستا یارییەکە دەگۆڕدرێت، تۆ هەمدیسان دەبیتەوە بە خۆت، منیش هەمدیسان دەبمەوە خۆم. ئەمجارە یارییەکی راستەقینە دەکەین و تۆ ئەم حەبانە دەخۆیت.

منداڵی قسەخۆش بە وتنی ئەم قسەیە، لیوانەکە دەدات بە دەستمەوە.

لە شانۆی تورکمانییەوە

# شانۆنامەی شەمشەمەکوێرە (مۆنۆدرامایەکە لە یەک پەردەدا)



**سەلاح نەورەس**
**و: عەبدولستار جەباری**

(ئاسمانێکی زستانی تەماوی... ژوورێکی نیمچە رووناکی خامۆش... لە ناوەڕاستدا: سیسەمێکی نووستن پێخەفەکانی پەرت و بڵاوبونەتەوە... لەلای چەپدا: مێزێک و جامێک ئاوی لەسەر داندراوە... لەلای راستیشەوە: سوچێکی تاریکی خامۆش! کەنتۆرە شرێکی جلوبەرگ و ئاوێنەیەک لە تەنیشتییەوە)

لەدەرەوە: گوێمان لە دەنگی هەنگاوی خاو و کۆکینی پچڕپچڕ دەبێت، دەرگا دەکرێتەوە لاوێکی شپرێوی جل شڕ ماندوبوون و بێزاری بەسیمایەوە دیارە، سەرو ریشی تێکئاڵاوە، پاڵتۆکەی دادەکەنێ و لەگەڵ چەترەکەی بە بزماری سەر دیوارەکە هەڵیان دەواسێت، دەستی بۆ پلاکی کارەباکە دەبات تاکو گلۆپەکە داگیرسێنێت... بەسەرسوڕمانەوە لەناکاو دەستی دەکێشێتەوە...)

گەنجەکە: ئاااە...

سڵاو هاوڕێ،

بەخێر هاتی سەر چاوان،

ئەمە گەورەییە لە جەنابتەوە کە سەردانیمان دەکەی...
من شادمانم،
لەڕاستیشدا شەرمەزارو خەجاڵەت دەبووم گەر بێتو من دەعوەتی بەڕێزتانم بکردایە و بمگوتایە: فەرموون وەرن بۆ لای من...
گەر بێتو بانگێشتی تۆم بکردایە لەوانەبوو بتگوتایە:
خێرە دەعوەتم دەکەی...؟
چییە بە گەمژە و گێلم دەزانی...؟
پێم پێدەکەنی...
ئەدی...
ئایە تاقیتکردۆتەوە بۆ تەنها جارێک پڕ بەدڵ پێبکەنی...؟
کاتێک ماسولکەکانی دەموچاوت گرژ دەبن و لچت شۆڕ دەبێتەوە و ددانەکانت وەدەر دەکەون و دوای ئەوەش مرۆڤ دەنگێک دەردەکات لە دەنگی باعە باعی بەرخۆلە دەچێت...؟
من پێکەنینم تاقینەکردۆتەوە،
چونکە پێویستیم پێی نەبووە...!
هەروەهاش...
گەر بێتو من تۆم بانگهێش بکردایە رەنگە لەگەڵمدا ئەوەت تاقیبکردایەتەوە کەمن نەم کردووە...!
(لەرەی دەنگی درێژ دەبنەوە)
ئەرێ سەرنجی ئەو کونانەت داوە وا لە بنمیچەکەدایەو ئەو جاڵجاڵۆکانەت بینیوە چۆن داوەکانیان لەم ژوورەدا تەنیوەتەوە...؟
لە من چاکتر توانیویانە بوونی خۆیان بنیات و دروستبکەن،
پێویستیان بەهەر شتێکیش بێت نزیکە لێیان تەنانەت مێروو و کرمۆڵەکانش، ئەو کونانەش کە لە بنمیچەکەدان!...
هەر وەک دەمبینی منیش ئەم شوێنەم هەیە،
وەلێ نەتەونم هەیەو نەهیچ شتێک کە پەیوەستم بکات پێوەی!...
نا...
نەبتڵم هەیەو نە بادە،
تەنانەت رووناکی ئەستێرەشم نییە!...
ئایا بینیت؟...

ئێستا پلاکی گڵۆپەکە دادەگیرسێنم تاکو باش بتبینم...
سەرنج دەدەی؟...
ئێوارەیەکی چەند ناخۆشە! تەنانەت تاریکایی شەویش پێش هەموو شوێنێکی تر دزە دەکاتە ژوورەکەی من...
(هەوڵدەدات دەستی بۆ پلاکی کارەباکە درێژ بکات، بەڵام رادەچڵەکێ)...
ئەوە چیت بەسەر هات هاورێ؟...
چاوەکانت بۆ وا دەپروکێن؟...
راستە تۆ حەز بە رووناکی ناکەیت؟...
لە هۆکارەکەی دەپرسم...
نامەوێت...
هەندێکجار...
مرۆڤ...
(سەری لێدەشێوێت و بیرو هۆشی ئاڵۆز دەبێت و بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە)
چیت گوت؟...
ئاااه.
بمبورە...
سوعبەتم کرد و...
منیش حەز بە رووناکی ناکەم...
بروابکە نامەوێت ببمە بارگرانی...
خوازیارم نەبووبێتم بە مایەی وەگیرهێنانت...
ئێستا خۆم بەشەر مەزار دەزانم...
هەرچۆنێک بێت شتێکت هەر پێشکەش بکەم،
گەر جگەرەیەکیش بێت!...
رەنگە هەندێک لە پێداویستییەکانتم دابین کردبێت و بەشێک لە ئەرکی میوانداریێتم بەجێهێنابێت بەرامبەر بەتۆ...
بەڵام ئەفسوس،
جگەرە ناکێشم...
بۆیە پێویستیم بە جگەرە نییە...
بەردەوام سەرم پرە لە دووکەڵ،

هەر دووکەڵە و بەری چاوەکانمی گرتووە...
گەر مرۆڤ پێویستی بە شتێک نەبێت بۆچی داوای بکات!...
ئەدی بەو ئاکارە دەڵێن چی؟!...
ئازیزم
لەم ژیانە بێ مانا و پڕوپوچەمدا هیچ شتێکم بۆ خۆم پاشەکەوت نەکردووە،
تەنانەت یەک فلس چییە شک نابەم...
قاوەشم نییە...
داوای لێبوردنت لێدەکەم...
ناتوانم هیچ شتێکت پێشکەش بکەم...
تەنها...
(هەردوو باڵی دەکاتەوە...)
ئەمە دڵی پڕ لە خۆشەویستیمە و سڵاوت لێدەکات و دەڵێ:
بەخێرهاتی بۆ ئەم شوێنە...
وەبان دییەم هاتی...
لەڕاستیدا من کەسێکی خانەدانم...
کاتێک بینیم لە ژوورەکەمدا دانیشتویتە،
هیچم پێت وت؟...
پێم وتی ئەم ژوورە بە تەنها هی منە؟...
پێتم نەوت چیدەکەی لێرە،
لێتیشم نەپرسی چۆن هاتیتە ژوورەوە،
بۆچی گڵۆپەکە داناگیرسێنی؟...
من لێرەدا وەکو میوان پێشوازیم لێت نەکرد،
بەڵکو وەکو خاوەن ماڵ...
هەرچەندە ئێستاش هەر ڕێگریم دەکەی لە داگیرساندنی گڵۆپەکە.
(بەردەوام دەبێت لە شوێنی خۆی... وا هەستدەکات لە کەشێکی ترسناکدایە...)
ئاااه...
ئا ئەمە تۆی...
یان من بە هەڵەدا چووم؟...
وەکو تارماییەک دەتبینم لە بەردەما...

تارمایی...
ئاااه...
ئەو تارماییە،
نامۆ نییە بەلامەوە...
کاتێک نیگات دەکەم...
نا... نا...
مەحاڵە ئەوە تۆ نییت...
ماوەیەک دەورو خولم دەدات و لە بەردەممدا قیت دەبێتەوە...
تاوێ...
دەبینم ماسولکەکانی دەموچاوی گرژ دەبن و لچی شۆڕ دەبێ ددانەکانی دەردەکەون و بەبێ شەرم دەناڵێنێ...
هەندێکجاریش...
کە دەڕوانیتە من وا هەست دەکەم تفم لێدەکات،
کە چاو دادەخەم هەست دەکەم بووە بە پشکۆیەکی ئاگر لە ناخمدا...
هەندێکجاریش کە دەچمە میحرابی خەڵوەتگاکەم،
خۆم لەنێوان چەند کۆڵانێکی تەنگەبەردا دەبینمەوەو غاردەدەم...
غاردەدەم...
نێوانیان دەبڕم...
کە ئاوڕدەدەمەوە هەست دەکەم کەسێک تاوم دەنێ...
کاتێکیش خۆم دەبینم وەک ئەسپێکی پەک کەوتە و بەڕەڵا...،
لە دەم...
لە چاو...
لە لووت...
لە گوێیەکانمەوە،
هەڵاو دەردەچێت...
دواتر پەرش و بڵاو دەبێت،
وەلێ وەکو شوێنەواری لەسەر رووەمەتم دەمینێتەوە...
(هێدی هێدی بێدەنگ دەبێتەوە)
شەرم بتگرێت...
لەپاش ئەم ماوە دوورو درێژە خۆمت پێبناسێنم؟...

ئایا گوناهی منە؟...
یان گوناهی تۆیە؟...
نا... نا...
نا بەو شێوەیە تەماشام مەکە...
من ناڵێم تاوانبار نیم،
لەگەڵ ئەوەشدا گوناهبار نیم...
پێت وایە من تاوانباربم؟...
بەڕاست؟...
من دڵتەنگ نیم...
نا... جا بۆچی دڵتەنگ بم؟...
چی هەیە تاکو پەستم کات!...
تاقە خەمی من ئەوەیە کە هەم،
ئەمەش گوناهی من نییە.
من ناتوانم بەسەر هەموو شتێکدا زاڵبم...
هەموو توانای من ئەوەیە ببمە مۆمێکی نەزرکراو،
یان...
پاشماوەی شوێنەواری پەیکەرە ئەفسونایییەکان...
رەنگە ببمە قوربانی وەک هەر (بەرانی)ێک...
وەلێ...
نا...
شتی تر هەیە دەکرێت ببمە قوربانی بۆی...
شتی تر... شتی تر...
(بە تورەییەوە)
من...
ناکەفمە شوێن ویست و ئارەزووەکانم وەکو خەڵکانی تر...
وەک ئەوان نیم...
من...
مرۆڤێکم تەنانەت ناتوانم بەسەر خۆشمدا زاڵبم،
گوێت لێم بوو؟...
توانام نییە هەست و سۆزیشت بەلای خۆمدا رابکێشم...

پێویستە بزانی...

هێشتا شوێنەواری قامچییەکانی قەدەر بەسەر جەستەمەوە دیارە...

من بادەی شەرابی خەمەکانی هەموو دنیام تا مەستبوون نۆشکرد...

هەر منیش شوشەو بادەکەم شکاند...

تفم لە دەموچاوی مەیگێڕ کرد...

تۆ دەبێ چی بیت؟...

ئەمە...

ئەوە...

دەبێ چی بن؟...

جاران،

دەفڕیم،

ئیستاش بەپێ دەڕۆم،

لەوانەیە سبەینێ بکەومە زگەخشکێ: لەوانەشە جارێکی ترو سەر لەنوێ بفڕمەوە...

گرنگ...

گەر بشفڕم!

یاخود بەپێ بڕۆم،

یان بکەومە زگەخشکێ،

ئەمە نابێتە کۆتایی...

بەڕای من مرۆڤ پێویستە بزانێ چی دەوێت!...

بەباڵەکانم دەفڕم و بەپێی خۆم دەڕۆم...

گەر سبەینێ بکەومە خشکەش بەڕووی خۆمدا هەڵدەزنێم!...

ئەدی تۆ دەبی بەچی؟...

ئەو...

ئەمە...

دەبێ ببن بەچی؟...

دەبیتە هاوبەشم لەم گەنجینەیەی دووڕ و گەوهەرە؟...

(بەتوڕەییەوە)

مەنواڕە ئەم جێگایە،

من بەرگەی نیگاکانت ناگرم،

لەمە زیاتر دەمارم مەگرە...
(بەتوڕەیی و هەڵچوونەوە)
ئاوها...
پاش ئەوەی کۆتایی بە هەموو شتێک دێت،
دەزانی چی لەناخمدا روودەدات،
ئیتر بەمۆنی و قێز لێکردنەوە تەماشام ناکەی...
پاش ئەوەی هەموو شتێک بەکۆتا دێ،
بەحەسرەتەوە سەرم بۆ ئاسمان بەرزدەکەمەوە،
دوای ئەوە داواکانم دەستپێدەکات...
رەنگە، دوای ئەوە، ملکەچ بم!...
دوای ئەوەش...
ئیدی ناڕوانمە ئاسمان،
تەماشای پێش خۆشم ناکەم...
چەند جار پێتم گوت بەم جۆرە بێزارم مەکە...
تۆ لەتاریکی زەندەقت چووە...
نەک من...
مەسەلەکە لێرەدا کۆتایی نایات...
(بۆ بینەران)
چیرۆکە تاڵەکە هێشتا کۆتایی نەهاتووە...
ئایا بەسەرهاتی چیرۆکەکە دەزانن؟
چیرۆکەکەم چیرۆکی ئێوەیە...
بەڵکو ئێوە کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکەن...
ئێوە...
ئەی بتەکانی نێو مۆزەخانە تاریکەکان...
چیرۆکەکەتان بیرناخەمەوە...
ئێوە...
وامەزانن کۆتایی هات...
هەروا بەم سانابیە کۆتایی نایات...
راستە...
مۆزەخانەکان پاشماوەکانی مێژوو لەخۆدەگرن...

وەلێ مرۆڤ مێژوو دەجولێنێ...
کەسایەتی مرۆڤیش پێکدەهێنێت...
وتم: کەسایەتی،
نەمگوت: رێک پۆشی و شان و شەوکەت...
(ئاور لە قوژبنە تاریکەکە دەداتەوە...)
پاش ئەوەی قەدەر حوکمی خۆی دەدا!...
ئەو کێشانە دەوروژێن کە قەدەر هیچ پەیوەندی پێیانەوە نییە!...
ئەو گرفتانەی زمان لاڵ دەکەن...
رەش...
شین...
سەوز...
ئەوانەی رەنگی هەنگوین دەنوێنن...
ئەو چاوانەی رەنگەکانیان وەکو رەنگی قاوەن...
باریک...
چرچ ولۆچ...
برۆی وێنەکێشراو...
لوتی درێژو باریک...
شەویلکەی کراوە...
چیتر...
ئێ چیتریش؟...
من نەگوێم دایێ...
نە ئاوڕشم لێدایەوە...
(بەتووڕەییەوە)
ئێستاش...
پاش نیگا بێ بەزەییانەکانت...
خەریکە گرنگی بەهیچ شتێک نەدەم،
چەندینجار ئاگادارتم کردەوە کە بەو جۆرە تەماشام نەکەیت...
نا... نا تورەم مەکە...
(هەوڵیدەدا دان بە هەڵچونی خۆیدا بگرێت...)
باشە

تەنانەت گرنگی بەمەش نادەم...
من...
ناکرێ وەکو ئا ئەو بۆیاغچییە بم...
پاش ئەوەی قوڕ و تۆزەکەی پاکدەکاتەوە،
پێڵاوەکە دەبریسکێتەوە،
وێنەی خۆی تێدا دەبینێت،
دوای ئەوە پرسیاردەکات...
ئەم قوڕ و خۆڵانە لە کوێوە هاتوون؟
ئایا لە راستە رێگاکانەوە هاتوون یان لە هەردەو بانەکانەوە؟...
ئاوها پرسیاردەکات!...
ئایا گەمژەی وات بینیووە؟...
من گەمژە نییم وەک ئەو...
پێڵاوەکانم لەپێمدان،
دەشزانم لە کوێووە هاتووم،
هەر کەسێک دەیەوێت بپرسێت،
پێویستە پرسیار لە من بکات !...
(هەڵوێستی یەک لاییکەرەوە وەردەگرێت)
ئێستا من پرسیارت لێدەکەم...
بۆچی حەز ناکەی گڵۆپەکە داکیر سێنم؟...
ئایا لە دەرکەوتنی راستییەکانی من یاخود لە دەرکەوتنی خۆت دەترسیت؟
نەفرەتت لێبێت،
بەو شێوەیە تەماشام مەکە،
هەی شەمشەمە کوێرەی گڵاو
گڵۆپەکە دادەگیرسێنم...
دەرگاو پەنجەرەکان دەکەمەوە...
تا بمبینی...
هەموو شتەکانی ئێرەش بەڕاستی وەکو خۆی ببینی...
هەی شەمشەمە کوێرەی ترسنۆک،
هەی شەمشەمە کوێرەی فێڵباز،
هەی شەمشەمە کوێرەی ناپاک،

من لەمە زیاتر لە توانامدا نەما...
ئارامم لێبڕا...
ئاژەڵێکی وەک تۆ...
لە تێهەڵدان زیاتر قابیلت هیچی تر نییە...
(تووشی حاڵەتێکی ترسناک دەبێ... دەستی دەنوشتێنێتەوە و دەیکێشێ بەو کەنتۆرەی وا لە گۆشە تاریکەکەدایە...
گوێمان لە دەنگی وردو خاشکردنی شوشە دەبێ، گڵۆپ دادەگیرسێ... شانۆ ڕووناک دەبێ. ئا لەو کاتەدا کانتۆرەکە و ئاوێنەکە بەتێکشاوی دەبینرێن!...)
(پەردە دادەخرێ)

*سەرچاوە: کتێبی (اوچ بیرلی پیەس) واتە سێ شانۆنامەی خۆماڵی... نووسینی نووسەر و شاعیری تورکمانی (سەلاح نەورەس) بەغدا ١٩٨٧

# لە شیعری ئەڵمانیی سەردەمەوە



**ئینکا باخ***
**لە ئەڵمانییەوە: سیروان ڕەحیم**

۱. شەو

ئەگەر زەوی هەڵینەگرتبام،
ئەگەر زۆر بە مەنگی بماماوە،
خۆ دەمێکە ماومەتەوە،
کاتێک کە شەو منی بوێت،
بەر لەوەی شەو ئەسپ ئاسا
هەناسە وەربگرێ،
سمکۆڵان بکات و بحیلێنێ
بەرەو دڵەکوتەی نوێ
بەردەوام بەرەو دڵەکوتە،
ڕۆژ نەبوون
و
بەردەوام شەو

٢. بێ ماڵ

بێ ئەوەی ماڵ
بنیات بنێی
دیواری ماڵ
بە هەتاو گەرم دابێ
سەر لە بەیانی
چیا و جۆگە
وشەیەک
بۆ نموونە
خورما
ڕۆژانە نامەیەک دەگات
دواتر بەفر و
ئەستێرەیەک

٣. بێ پرسیارکردن

ئەگەر جەستەم
نیشانەی پرسیار بێت،
تۆ وەڵامی بدەرەوە.

ئەگەر من لاڵ بم، ماسییەک
بیەوێ مەلە بکات و بێ دەنگ بێ،
بێ دەنگ دەبی و مەلەم لەگەڵ دەکەی.

جگە لە تۆ، ژیانم
ترس و مکوڕ بوونە
تۆ هیچ ناپرسیت

کە تۆ ملی ڕاوەستاوم ماچ دەکەی
من نابم بە قورینگ، نابم بە باڵندەی دەریا
من وەکو نیشانەی پرسیار دەمێنمەوە.

٤. زەیتون

تۆ منت بینی
بەرانبەر بە رۆژ
تۆ منت بینی
راوەستاو لەژێر زەیتونێکدا
لە سێبەردا
تۆ پرسیارت لێم کرد
هەتاو دەناسیت،
زەیتون،
یان
سێبەر؟

٥. بە رێگادا

یەکەم هەنگاو
بێ ورتە
بار سووکانە
شووشە دەچەمێتەوە
سەرانسەر بە هیچ و بە مندا
بێ کێش
وشەیەکی شاهانە
بەرەو سەر، بەرەو ژوور و بەرەو ژێر
دورتر بەرەو ئێرە و بەرەو ئەوێ
بێ خەم
کلیل بزر دەکەم

دوا هەنگاو
لە پشت ئاوێنەکە
دوو چاوی بۆش

**بەفر و رووناکی**
**بێ ناو**
**وشەیەک**
**بەسەر بورجەکان، پردەکان و گردەکانەوە**
**بەسە**
**فریشتەیەکی بێ باڵ**
**بێ زمان**
**درود دەبێتە میوانم**



* شاعیر و نووسەری ئەڵەمانی ئینکا باخ:

٢٧/٤/١٩٥٦ لە بەرلینی رۆژهەڵات لە دایکبووە. ئەو منداڵیی لە بەرلینی رۆژهەڵات لە سایەی رژێمی ئەو دەمەی "کۆماری دیمۆکراسی ئەڵەمانیا" بەسەر بردووە. منداڵییەک دوور لە جوانییەکانی ئازادیی. ساڵی ١٩٧٢ ئینکا باخ لەگەڵ خێزانەکەیاندا بەرەو بەرلینی رۆژئاوا هەڵدێت. لە بەرلینی رۆژئاوا، لە زانستگەی ئازاد، جێرمانیستیک و فەلسەفە دەخوێنێت. ساڵی ١٩٨٧ دکتۆرا لە بواری شیعرسازی لە دەقی ئاینیدا بەدەست دەهێنێت.

خاتوو باخ ساڵانێکی زۆر وەکو سیناریست و دەرهێنەر بۆ تەلەفزیۆنەکانی ئەڵەمانیا کاری کردووە.

خاتوو باخ ئێستا کە لە بەرلین دەژی، چەندین بەرهەمی وەکو، پەخشان، شیعر، رۆمان، شانۆنامە و سیناریۆی بڵاوکردۆتەوە. تا ئێستا چەندین جار لە .پای جوانیی کار و بەرهەمەکانیدا خەڵات کراوە

# بازنە لاکێشەییەکان



**جابر محەمەد جابر**
**لە عەرەبییەوە: سەلاح جەلال**

## بازنەی یەکەم

### ئەوەی بێدەنگی نایڵێت

**لە کونە دەرزییەکەوە**
**شەو هاتە ناومانەوە**
**ئێمە سەرقاڵ بووین**

بە چارۆکە کۆکردنەوە بۆ بیرەوەرییمان
لە پێناوی ئەوەی هەورەکان بەشەڕ بهێنین
لە پەنجەرەی دەشتایی دوورکەوتینەوە
بە دەزووی خۆر
پاڵتۆکانمان دوورییەوە
لە دوای خەوەکانمانەوە رادەکەین
بە بیرچوونەوە ئاماژە دەکەین.
داربڕەکان هەڵەکانمانیان کۆکردەوە
بۆ ئەوەی رووتیی پایز داپۆشن
ئازارەکانمان بڵاوبکەنەوە
بەسەر دەرگای ونبوونی
زەمین...
قورگی خۆی گۆڕی
لە زۆربوونی کۆکە
هەتا (خویێ)کە بۆگەن بکات
پایەکانی ئیرەمی رووخاند،
ئێمەش بەساڵاچوو نیین
بۆ ئەوەی لە پشت شەقامەکان رابکەین
درەنگ وەختانێک دەگەڕێینەوە
خۆمان بەگازینۆکان دادەپۆشین
چاوەڕوانی خۆشبەختی دەکەین
لەبار هەڵگرێکی گەورەدا بۆمان دێتەوە
لە دڵی مێروللەیەک گەورەتر
یان...
لە کونە دەرزییەک بچووکتر.

بازنەی دووەم

هیچ پرسیارێکی ڕەش نییە

**چەقۆکە لە دەستما بریندارە**
**دەمەقاڵەی ژنان لێیانداوە**
**کێ تۆڵەی ئەنگوستیلە بابلییەکان دەسێنێتەوە**
**لە دوژمنایەتی درەختەکاندا...؟**
**کەسێک نییە...**
**بە ئاگر جوێن بدات**
**دەموچاوی بە ئەفسانە داپۆشێت**
**لەوێ نییە**
**کێ سەرنجی دەگرێتە بێناونیشانی**
**فریشتە بێخەوی ناچێژن**
**لەکاتێکا بێدەنگیی بە فیزەوە دەڕوات،**
**ئەوەی لەسەر سێبەری نامۆیی دەمێنێتەوە...**
**کێ لەسەر ڕێگاکان هەنگاو دەپارێزێت...؟**
**کێ ژیان بۆ ئەستێرەیەک دەگێڕێتەوە کە خۆی کوشتوە...؟**
**پرسیارە سپیەکانم بەسەردا باراندن**
**من...**
**دواهەمین هەڵهاتووی ئێستام**
**بازنەی سێیەم**
**×من بۆ میرایەتی ئەوان ناشێم**
**دڵخۆشی... چاوەکانی لێک نا کوێرئاسا**
**هاوڕێکانم نەناسراون**
**یەکێکیان ڕۆژی شکاند**
**دایە قوڵپەی گریان**
**وەکو ئەوەی گوڵێکی رووپۆشکراو بێت**

**ئەوی تریان...**
**زستانەکەی دێرینە**
**لەگەڵ ڕێگەکاندا گفتوگۆ دەکات**
**بۆ ئەوەی جەستەی بگێڕنەوە**
**لە ترسدا هاواردەکات**
**ئەوان... بۆ دابڕانەکەم پێشم دەکەون**
**درۆکانیان پرۆڤە دەستەمۆ دەکەن**
**دەموچاویان بە خەم دەپێچنەوە**
**من بۆ میرایەتی ئەوان ناشێم**
**لەبەر ئەوەی تاوانبارم دەکەن...**
**-١سوکایەتی بە جێگە**
**-٢پەنابردنە بەر بیرەوەریی.**

سەرچاوە:
أحلام مبللە، شعری جابر محمد جابر، چاپی یەکەم، بغداد، ٢٠٠٧.

## دیدار لەگەڵ شوان قەرەداغی

**سازدانی: ڕێزە حسێن**



هونەر



## تابلۆکانی وەلید سیتی و وەستان لەبەردەم بووعدێکی ڕۆحی و ئینسانیدا

**ڕۆشنا ڕەسوڵ**

## جاک ڤێتریانۆ... لە بەردەم ڕێکەوتێکدا



**سیروان شەریف**



## دیدار لەگەڵ لوقمان غەریب

**سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا**



# شوان قەرەداغی:

## لە وڵاتی ئێمەدا هونەر هاوکاریی و پاداشت ناکرێت

**سازدانی: ڕێزە حسێن**

ئەوان جگە لەوەی بە خێزانیی، بەهرەی هونەریان هەیە، بەڵام هۆکاری هونەرمەندبوونی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هونەر لە خودی ئەودا هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە هەبووە، ئەو دەڵێت: کاتێک لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندندا بووم هەمیشە لەو ڕێگایەوە لە گۆڕەپانی خوێندنگەکەمدا هونەرم پێشکەش بە مامۆستایان و هاوڕێ خوێندکارەکانم و خوێندنگەکەم دەکرد، ئەو جگە لەوەی کۆمەڵگەو خوێندنگەو ئەو خێزانەی کە تێیدا پەروەردەکراوە، بە هاندەری خۆی دەزانی بۆ زیاتر گەشەکردنی هونەر لە ئەودا.

هونەرمەندی لاو شوان حسێن، کە زیاتر بە شوان قەرەداغی ناسراوە لەنێو خەڵکیدا، ماوەی چەند ساڵێکە لە ڕێگەی دەنگە ناسکەکەیەوە هونەر پێشکەش بە میللەتی کورد دەکات، ئەو یەکەم هەنگاوی هونەریی لە ساڵی ١٩٩٧دا دەستپێکردووەو لەو ساڵەوە بە بەردەوامی لە خزمەتی هونەری کوردیدایە، هونەرمەند جگە لە کاری هونەری، ئێستا وەک فەرمانبەرێک لە یەکێک لە

فەرمانگەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی کاردەکات.

لەم دیدارەماندا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی شوان حسێن کردو پرسیمان، خەونەکانی هونەرمەند، رازیبوونی ئەو لە کارەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی، سۆزی خۆشەویستی بۆ کێ هەیەو پێناسەی بۆ ئافرەت چییەو گۆرانی بۆ کێ دەڵێت، ئەو شتەی بێزاری دەکات چییە، نازدارترین گۆرانی لای ئەو کام گۆرانییەتی؟ هونەرمەند شوان لە وەڵامدا وتی:

خەونەکانی من زیاتر پێشکەشکردنی کاری باشترو جوانترە، دەمەوێت لە رێگەی هونەرەوە خزمەتێک بە هونەری کوردی بکەم، بە تایبەت ئەو هونەرە کوردییەی کە ئێستا بەداخەوە لە بیرکراوە، هونەرمەند دەڵێت: بەهۆی هاتنی کۆمەڵێک ستایلی سەقەتەوە، بەداخەوە کە چەند گەنجێکی ئێمە پێوەی سەرقاڵن، مۆرکی هونەری کوردی شێوێنراوە، ئەو لەگەڵ پێشکەوتنی هونەری میللەتەکیدایە، بەڵام نەک هونەری نەتەوەکەی خۆت بەشێوەیەکی سەیر بشێوێنیت، سەبارەت بە موزیکژەن و ئاوازدانەرەکانی میللەتەکەمان، ئەو وتی: بەداخەوە ئێستا لە سەردەمێکی زۆر نالەباری هونەریدا دەژین، نکۆڵی لەوە ناکەم کە خاوەنی هونەرمەندی کوردی باشین، بەڵام بەداخەوە زۆر کەمن، چونکە زیاتر ئەوانەی کە ئێستا ئاواز دادەنێن کەوتوونەتە بارێکی خراپەوە کە سەد لە سەد ئاوازی کوردی دانانێن، لەرووی موزیکیشەوە ئێمە موزیکژەنی زۆر باشمان هەیە، بەڵام ئەوانیش جارێکی تر بەداخەوە زۆربەی زۆری ژەنیارەکانمان، مەبەستم ژەنیارەکانی شاری هەولێرە، چونکە ئێستا من لەوێ دەژیم، کە ژەنیارە کوردییەکان زیاتر ستایلی موزیکی تورکییان وەرگرتووە و موزیکی کوردیان لەبیرچۆتەوە، کە ئەو هیواخوازە ئەو لایەنە چاکسازیی تێدا بکرێت و گرنگی زیاتر بە موزیکی کوردی نەتەوەیی خۆمان بدرێت، ئەو پرسیار لە موزیک ژەنان دەکات و دەڵێت: هیچ کات بووە و روویداوە هونەرمەندێکی تورکی هاتبێت موزیکی کوردی بژەنێت، بەڵام ئەوانەی ئێمە بە پێچەوانەی ئەوان، زۆر گرنگی بە موزیکی تورکی یاخود عەرەبی دەدەن، ئەو بەداخێکی زۆرەوە، دەڵێت: ئێمە هەر هەموومان لە خزمەتی هونەری بێگانەداین، هیواخوازم ئەوان چاوێک بخشێننەوە بە کارەکانیاندا، چونکە ئەوان کوردن با مۆرکی کوردەواریی بە کارەکانیانەوە دیاربێت لە کارە هونەرییەکانیاندا، شوان سەبارەت بە کارکردنی وەزارەتی رۆشنبیریی بۆ هونەر و هونەرمەندان لە رێگەی خۆیانەوە، وتی: ببوورن هەرچەندە ئێوە گۆڤارەکەتان سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرییە، بەڵام دەمەوێت خۆم لەو راستیانە قوتار نەکەم کە لەواندا هەیە، بە زیادەرۆیی نازانم ئەگەر بڵێم سەقەتکردنی هونەری کوردی

لە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە دەستپێکردووە، هەرچەندە خۆشم فەرمانبەرێکم لە یەکێک لە بەشەکانی وەزارەتی رۆشنبیریدا، بەڵام بەداخەوە، زۆر شت لەناو وەزارەتی رۆشنبیریدا لە رووی هونەرەوە، لەسەر حسابی میزاجی شەخسی دەکرێت، هەموو شتێک برادەرایەتی و واستەو خەڵک ناسینە.

شوان جەخت لەسەر ئەو راستییە دەکاتەوەو دەڵێت: هاوکاری ئەوان تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی وڵات دێنەوە، بۆ ئەو کچ و کوڕانەشە کە بەهۆی هەندێک پەیوەندی هاوڕێیەتی خزمایەتی... هتد.

شوان ئەو هونەرمەندە هەست ناسکە، کە هەمیشە بێزاردەبێت بە درۆکردن و ناحەقیی و هونەری سەقەت و... هتد. کە ئەمەش وادەکات لە کارەکانی رابوەستێت، ئەو هەمیشە بەسەر توڕەبووندا زۆر زاڵە، ئەگەر هات و توڕەبوون داگیریکرد، ماوەیەکی کەمی پێدەچێت پاش کەمێک دەگەڕێتەوە سەر هەڵکەوتەیی ئاسایی هەستە ناسکەکەی و دەمبەخەندەوە دەگەڕێتەوە لای هاوڕێکانی، شوان بەدەرنابێت لە تێوەگلاندنی بە خۆشەویستییەوەو ئەو دوای خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەی و دایکی و ئەو هاوڕێیانەی کە ئێستا لە ژیانیدا هەن، دەڵێت زۆرجار خۆشەویستی منی گریاندووەو ئازاری داوم، لەوانەبێت کەسانێک هەبن باسی گریان وابکەن کە تەنها چەکی دەستی ئافرەتە، شوان پێناسەی گریان بەوە دەکات، گریان پاکبوونەوەی ناخی مرۆڤە، وەک رێژنەبارانێک وایە بۆ شتنەوەو پاککردنەوەی ئەو تۆزەی کە دڵی مرۆڤی داگیرکردووە، گریان وەک بارانێکی بەخوڕ وایە، هەموو خەم و خەفەتی مرۆڤ دەشواتەوە، ئەو تەنها بە هونەر هاواری دڵی بەگوێی هەمووواندا دەدا، چونکە ئەو دەڵێت: هونەرمەند دەتوانێت تەنها بە هونەرەکەی ئازارو خەمی خۆی بە دەوروبەرەکەی رابگەیەنێت، ئەو دەڵێت: مرۆڤ بێ خۆشەویستی ناتوانێت بژی، بەتایبەت هونەرمەند، هەر خۆشەویستییە وای لێدەکات رۆژ بەرۆژ کاری باشتر و جوانتر بکات، ئافرەت مانای ژیان دەگەیەنێت لە لای هونەرمەند، ئەو پێناسەیەکی جوانی بۆ ئەو رەگەزە هەیە، هەربۆیە ئافرەتی، بە دڵی ژیان، بە دایکی ژیان وەسفکرد، ئەو گۆرانی بۆ ئەو کەسانە دەڵێت کە رێزی هونەر دەگرن، بۆ میللەتەکەی و بۆ ئەوانەشی گوێی لێدەگرن، قەرەداغی هەموو گۆرانییەکانی بە نازدار دەزانێت و هەستی ئەو دایکەی هەیە بۆ هەموو گۆرانییەکانی، کە بێ جیاوازی بۆ رۆڵەکانی دەیبێت، هونەرمەند شوان خەونی تەنها ئەوەیە لە دوا رۆژدا لە هەرێمەکەیدا وەزارەتێکی رۆشنبیریی هەبێت کە کار بۆ پێشکەوتنی هونەری کوردی بکات، بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە بە راستەقینە کار بۆ هونەری کوردی دەکەن، وەزارەتێکی هەبێت رێگریی لەو

گۆرانییانە بکات کە ناڕەسەنن و دوورن لە مۆرکی کوردەوارییەوە، دوا خەونی هونەرمەند وەک خۆی هاواری بۆ کرد: ئەوەیە بتوانم ئەو بەرهەمانەی کە ئێستا هەمە پێشکەشی میللەتەکەمی بکەم، ئەو بەداخێکی زۆرەوە دەڵێت: بەهۆی نەتوانینم بۆ تەواوکردنی کارە هونەرییەکانم ماوەیەکە دوورم لە هونەرەوە، چونکە بۆ هەر کارێک نزیکەی (١٠٠٠ -١٥٠٠)دۆلار خەرجبکەیت، (٢٠٠٠- ٢٥٠٠) دۆلار دەدەیت بە کلیپێک، دوای ماندووبوونێکی زۆرو خۆ سەرقاڵکردنت بەو کارەوە، دوای تەوابوونی لێتوەردەگرن و تەنها بە ساردییەوە سوپاست دەکەن، یاخود جارێک تا دووجار دایدەبەزێنن بۆت و دوایی دووبارەی ناکەنەوە، ئەوەش هەر لەبەر ئەوەی کچی جوان یاخود رووتت لەگەڵدا نییە لەو کلیپەدا سەما بکات، یان لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی وڵات کلیپەکە نەکراوە، ئەوەش وەک ئەوە وایە رۆژ تا ئێوارە کار بەکرێکار بکەیت، لە کۆتایی کارەکەیدا پێیبڵێیت کاکە خوات لەگەڵ لەشت ساغ بێت، وەرگرتنی کاری باش لەم هەرێمەی ئێمەدا وا رێزی لێدەگیرێت، تەنها لە وڵاتی ئێمەدا هونەر هاوکاری و پاداشت ناکرێت لە لایەن وەزارەتەکەیەوە. هەرکاتێک وەزارەتێک هەبوو کارە هونەرییەکانی بۆ بەڕێوەبرد، ئەوا هونەرمەند نە پارەی خۆی خەرجدەکات، نە داوای خەرجیی کارەکەی دەکات لەوان، نە بەهۆی نەبوونی پارەوە لە کارەکەی دەوەستێت.

# تابلۆکانی وەلید سیتی و وەستان لەبەردەم بووعدێکی روحی و ئینسانیدا



**رۆشنا رەسوڵ**

لە چاوپێخشاندنی کارەکانیدا، ئەوەی بەرچاودەکەوێت، فۆڕمی شاخ، بەرد، تاشە بەرد، چەندین شێوەو فۆڕمی جیاجیایە، هونەرمەند دەربارەی ئەمە دەڵێت: (ئەم فۆڕمانە وەک میتافۆر بەکاردەهێنم) چەند شاخێک کە لە شێوە نیمچە هەرمێیدان و لە پێگە سروشتییەکەیاندا دەبرێن و لە ناوەندێکی کاری فراواندا دایاندەنێت، بۆ ئەوەی ببنە جێگای سەرنجی کاریگەر. وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات.

قەبارەی کارەکانی گەورەیە، لە سەر ئەو پانتاییە گەورانە، هەندێکجار شاخ وەک پەیکەرێکی دوو رەهەند بنیادنراوە، هەندێکجاریش شێوەی هەرەمێک دەگرێتەخۆ، یان خێوەتێک... هەریەکێک لەو فۆڕمانە، کە شوێن داگیردەکەن رەمزن بۆ مانەوەو پەناگەو کۆبوونەوەو نزاو پاڕانەوە.. و بەردەوامی، کە ژیان لە دەوری شاخ گەشە دەسێنێت، وەلید دەربارەی شاخ دەڵێت: (پەیوەندی هەیە لەگەڵ ژیان و روحی من، بۆ شوێن و بوونی من).

Roes Issa دەربارەی کارەکانی وەلید دەڵێت: (بەرجەستەکردنی کارەکانی بە تاریکی، رەنگدنەوەی خۆی هەیە، لە تابلۆکانیدا مردن بەشێکە لە شڵەژاویبوونی

مرۆڤایەتی، کە سـوڕی ژیـان بریتییە لە پرۆسەی لە دایکبوون، مردن، نوێبوونەوەی خەوەکان، هیواو بێهیوایی، تاریکی و رووناکیی).

لە تابلۆی (بەردە پیرۆزەکان) کە کۆمەڵێک تابلۆیە لەسەر وەرقەو بە رەنگی رەش و سپی و بەرەنگی رەساسی سیبەرەکانی کێشاوە، کە بە چەند هێڵ و شێوەی سادەو قوڵ لە رۆئیا، گوزارشت لە بەردە پیرۆزەکان و شاخ دەکات، شێوەی چوارگۆشەو شەشپاڵوو و بازنەو چەماوە بەکاردەهێنێت، پێرسپێکتڤی ئەو بازنانەش سوڕی ژیانمان نیشاندەدات. وەلید بەبازنە تێکدراو رێکخراوەکانی چاوی بینەر دەباتە سەر خاڵی پێکگەیشتنی ژیان، هەروەک چۆن دەربارەی کۆمەڵە تابلۆی بەردە پیرۆزەکان، خۆشی دەڵێت: (بەردە پیرۆزەکان پەیوەندی خۆمە لەگەڵ کۆمەڵگا، مێژوو، سیاسەت).

هەر لەسەر رووی دەقبینیەکانیدا بەرجەستەکردنی خانوو لە شێوەی چوارگۆشەدایە بە ساوی بەرد و خشتەوەو پێکهاتەی فیزیای خانووەکان بریتییە لە بیناکردن و رێکخستن و جێگرتنەوەی تەواوبوونی بازنەکە. لەلای سیتی بەرد لە مانایەک زیاتری هەیە. بۆ نموونە بەردەکەی کەعبە لە مەککە، بەردی شاخەکانی کوردستان بەشێوەیەک کە ژیان دەستیکردووە بەگەشەکردن بە دەوریاندا. هونەرمەند لە زنجیرە ئیشی بەردە پیرۆزەکاندا ئەوەی دەرخستووە لە دەوری ئەو پارچە بەردانەی لە ناوەڕاستدان و هێزێکی موگناتیسی هەیە کە پەیوەندی دروست دەکات لە نێوان ئەو رەگەزانەی گەشە دەستێنێت لە دەوریدا.

هونەرمەند لە سەرەتاکانی کارکردنییەوە تاوەکو ئێستا، ستایلی کارکردنی بە چەند شێوەیەک گۆڕاوە هەروەک چۆن لەسەرەتاو قۆناغەکانی کارکردنیدا هونەرمەند ( print –maker) (گرافیک) دواتر کاروانی دەگۆڕێت بۆ هێڵکاریی و تابلۆ، لە ئێستاشدا کۆنسێپت و هێڵکاریی بۆ ئنستلەیشن و هەنگاونان بەرەو ئنستلەیشن.

هەروەک چۆن وەلید خۆی ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: (لەبەرئەوەی گرافیک و هێڵکاریی زۆر پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، هێڵکاریی بەهێواشی بەرەو نیگارکێشان گۆڕاوە، گەرچی وێنەکێشان یاسای جیاوازی هەیە، خامەی جیاواز پێکدەهێنێت لە ئیشەکەدا، هەرچەندە پرۆسەیەکی زۆر خاوبوو لە گرافیکەوە بۆ وێنەکێشان، بەڵام هێڵکاریی هەمیشە بوونی خۆی هەبوو لە نوێترین دەربڕینەکانمدا.

پرسیارێک کە (FRANCESCA RICCI) لە سیتی دەکات دەربارەی ئەوەی پێش نەوەتەکان ئیشەکانی لە رووی روحیی و روخسارەوە زۆر جیاوازبوون، زۆربێ ترستر بوون، رەنگیان تێدا هەبوو و دیمەن و بابەت و گۆڕانێک هەیە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، بەشێوەیەک دۆخە جیاوازەکان بەستراونەتەوە بەیەکەوە. فکرەکانیش ئەبستراکت کراون.

وەلید لەوەڵامدا دەڵێت: (دوو جۆر پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئیشەکانمدا، من گەشە بەئیشەکە دەدەم، ئیش گەشە بەمن دەدات بەهەمان شێوە. واملێدەکات پرسیار دەربارەی ئەو تەکنیکە بکەم کە بەکاریدەهێنم بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانم. رەگەزەکانی وێنەکێشان چڕبوونەتەوە، زیاتر تەرکیزیان خراوەتە سەرو سادەکراونەتەوە).



From the Series, Mountains, 2009, crayon on paper, 56x76cm

دووبارەبوونەوەشیان تێدا بەدیدەکرێت، چونکە من تەرکیز لەسەر بیرۆکەیەک دەکەمەوە، هەوڵی ئەوە دەدەم کە هەموو گریمانەیەکی ئەو بیرۆکەیە دەربهێنم پێش جێهێشتن، بەڵام ئەم قۆناغە تازەیە بەستراوەتەوە بە قۆناغە کۆنەکەشەوە، لە کۆتایی نەوەتەکانەوە دەستمکرد بەکێشانی وێنەی گەورەتر، سروشت سادەتر بوو، بەڵام رەنگەکان زۆر بێلایەنن. دواین کارم رەگەزێکی ترە لەوانەی پێشووترم، بەڵام هێماکان دووبارەبوونەتەوە.

هەندێک لە دەقبینییەکانی وەلید، گوتاری خۆیان تەواوناکەن وەرگر چەندین

لێکدانەوەو راڤەی دەبێت. لە کارەکانی وەلیددا ژێدەری مێژوویی و ئایدیۆلۆجی و سایکۆلۆجی کاردانەوەی بەهێزیان لەسەر کارەکانی هەبووە بە تایبەتی لە کارەکانی (Family ties)دا، هەروەها بەردە پیرۆزەکانیش (کە لە فۆڕمێکی شەش پاڵوودا (کەعبە) بەرجەستەکراوە، بە چەندین شێوە هێڵی سادە گوزارشتی لە کۆبوونەوەو پیرۆزیی شوێن کردووە).

هونەرمەند لە ناو بەردی کەعبەدا فۆڕمی شاخێکی شێوە هەڕەمی کێشاوە. کە دەمانباتە بەردەم پرسیارەگەلێک کە ئایا ئەو هەڕەمە، شاخە؟ ئەگەر شاخە هونەرمەند دەیەوێت چی بڵێت؟ ئەگەر شاخ نییەو شتێکی خەیاڵی و فۆڕمێکی دووبارەیە لەلای هونەرمەند، وەک زنجیرەیەک چیرۆکی تەواو نەبووەو هەڵگری نیهێنی و چیرۆکێکی تایبەتە. یان ئەگەر تەنها شێوەیەکی هەڕەمییە؟ ئایا بە جۆرێک لە جۆرەکان گوزارشت نییە بۆ هەڵکشانی روحی مرۆڤ لە زەویەوە بەرەو ئاسمان و هەڵکشان بەرەو سەرەوەو دورکەوتنەوە لە جیهانی رایەڵ لە ناو ئەو شەشپاڵووەدا.

کۆمپۆزشنی هەندێک لە تابلۆکانی بە تایبەتی بەردە پیرۆزەکان بە شێوەیەکە کەتیایدا زەوی هەیە لەسەر ئەو زەویەش لە سەنتەردا پنتێک هەیە، ئەو پنتە شاخ بێت یان بەردی پیرۆز، ئەوە خەڵک لە دەوری کۆدەبنەوە بە شێوەی چەند ئەڵقەیەک، ئاماژەی پێدا ئەو پنتە ئەگەر شاخ بێت، ئەوە دەلەلاتێکی روحی هەیە، هەڵکشانە بەرەو جیهانێک دوور لە رایەڵ، ئەگەر بەردیش بێت، بەشێوەی بەرجەستەکرنەکەیدا لە رووی قەبارەو فۆڕم و رەنگەوە گوزارشت لە پیرۆزیی ئەو بەردە دەکات، کە بەردی کەعبەیە، خۆی لە خۆیدا ئەو بەردە شوێنی کۆبوونەوە و پاکبوونەوەو نزاو پاڕانەوەیە، سورخواردنی مرۆڤیش بە دەوری ئەو بەردەدا جۆرێکە لە جۆرەکانی سەنتەرو باڵادەستیی بۆ خۆی تۆماردەکات، چونکە هەموو شتێک لە ناوەندا دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشان.

لە وەڵامی پرسیارێکی(FRANCESCA RICCI)دا کە دەربارەی ئەوەیە، ئاخۆ لایەنی سیاسیی تا چەند کاریگەریی هەبووە لە سەر ژیان و کاری هونەریی؟

وەلید دەڵێت: (لەوکاتانەی کە لەبەغدا ژیانم بەسەر دەبرد، ئیلهامی هەموو ئیشەکانم سیاسەت بوو، هەرچەندە بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەرنەبڕاوە. دوای چەند ساڵێک لە لۆبیانا ئەو بارە سیاسییە قورسەی لە عیراق هەبوو، کێشەی کورد وایلێکردم کە دیسان ئەو بابەتانە بخەمەوە ناو کارەکانمەوە، کە رۆیشتم بۆ لەندەن تێڕوانینی سیاسیم زۆر بەهێزبوو، هەرچەندە هەندێک کات ئەمە (نێگەتیڤ)ە، هەرچەندە هەموو کاتێک بتەوێت شتێک دەرببڕیت، کارەکەت

قورس دەکەیت، بەڵام لەکاتی تردا بنیاتێکی تر دەدات بە ئیشەکەت. ئەمە لە وتنی بیرۆکەیەکەوە دێت کە توانای وتنی شتێکی هەیە، بەڵام خۆشحاڵم کە بەم شێوەیە بووە، چونکە یارمەتیداوم بۆ ئیش لەچەند قۆناغێکی دواتر بۆ گەڕانەوە بۆ مێژووی وڵاتەکەم.

دووریی هونەرمەند لە شوێنی لە دایکبوونییەوە لەناو دەلیلی (زەوی ئاگریندا) ئەم هۆنراوەیە بەشێوەیەک نووسراوە کە لەگەڵ ژیان و ئێش و ئازارەکانی دەگونجێت.

(کاتێک کە گەڕامەوە بۆ شوێنی لە دایکبوونم، رووبارەکە بوو بوو بە هەڵم، بەبێ بوونی هیچ منداڵێک کە مەلەی تێدا بکات).(١)

When I returned to my birthplace
The river had become a stream
And no children
Where bathing in it

خولانەوەی مرۆڤەکان بە دەوری بەردە پیرۆزەکان لەلای سیتی، گوزارشتە لە سوڕی ژیانی مرۆڤایەتی، بەردەوامیدانە بە ژیان و کۆبوونەوە، بە شێوەیەکی گشتیی کۆی بیرۆکەکانی مرۆڤە.. بە شێوەیەکی گشتیی لە ژێدەرەکانی (ئایدیۆلۆجیەتی سیاسیی و ئاینی، سروشت، مێژووی...) پێکدێن.

لە کارەکانیدا سروستی ژێدەر بە تایبەتی شاخەکان، هەرچۆن، رۆزی ئیسا دەربارەی ئەمە دەڵێت: (ئەو سروشتەی کە بە شێوەیەکی خەیاڵی بەرجەستەی کردوەو گۆڕیویەتی بۆ گەشتێکی روحی). هەر رۆزی دەڵێت: (لە زۆربەی تابلۆکانیدا سیتی شێوەیەکی کۆتایی دەدا بەسروشت لەگەڵ کۆتایی نەهاتنی بوون).

لەتێڕامان لە دەقەکەدا پەیوەندی دوالیزمی (مەرگ/ژیان، کوتلە/پانتایی، رەش/سپی، کۆ/ تاک، پێگەیشتن/ کۆتایی) بەدیدەکرێن. ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە هونەرمەند تیایدا ژیاوە، ئەو هەست و سۆزەی کە هەیبووەو لە کارەکانیدا دەوریانداوە.

لەپرسیارێکی تردا (FRANCESCA RICCI) لە وەلید سیتی لەزنجیرەی (Family ties , Precious stones)، کارەکانت هێڵکاریی و ئینستلەیشنن (Installation) ئایا ئەمە چۆن پێشوازی لێکراوە چی وایلێکردیت کە لەم ناوەندە

بگەڕێیت و دەریبخەیت؟

وەلید بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێت: (لە خۆم پرسی من بۆچی بەردەوامم لە وێنەکێشان، لە کاتێکدا ڕاگەیاندنی تر لە ئارادایە بە جۆرێک وێنە دەورێکی باشتری هەیە لە ڕێگەی فۆتۆگرافەوە یاخود ڤیدیۆوە، بۆیە ئەگەر من بەردەوام بم لە وێنەکێشان چۆن بتوانم ماناو نرخی پێببەخشم، چی لەو وێنەیە بکەم کە لەوێنەی دیجیتاڵدا نەبێت، بۆم دەرکەوت کە ئەم هەڵبژاردنە هیچ پەیوەندییەکی بە وردەکاریی یاخود دەربڕینەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە خوڵقاندنی کەشێک یاخود ڕێکخستنێک کە کردنی گران بێت، بە کامێرا وەک (Installation)دا ئەمە هەوڵدانێکی دواییە.

دەربارەی ئەو بۆچوونانەی کە دەڵێن ئێستا زەمەنی مردنی تابلۆیە، وەلید وتی: (ئاگاداری ئەوەم ، بەڵام بەرگریی لەوە ناکەم ، ئەگەر مەرگی تابلۆ بێت یان نا، من هەر حەز دەکەم وێنە بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا سکێچ بۆ ئینستلەیشن دەکەم).



From the series Mountains, 2010, acrylic & sand on canvas, 86x117

ناونیشانی زۆربەی کارەکان کە زیاتر وەک کۆنسێپت کاردەکات و بەشێوەیەک ناوی کارەکانی دووبارەدەبنەوە کە بریتین لە مانە) پۆرترێتی شاخ، زنجیرەیەک شاخ،

From the series
(Mountains, portrait of mountain
ماددەی بە کارهاتوو لە سەر رووی کارەکانی (کرایۆن لەسەر وەرقە، کرایۆن لەسەر کانڤانس، مادەی هەمەجۆر لەسەر کانڤانس، بۆیەی زەیتی لەسەر کانڤانس، کرایۆن لەگەڵ لم لەسەر کانڤانس)
Crayon on paper, and Mixed media on canvas ، oil on canvas, acrylic on canvas, acrylic &sand on canvas

پەراوزەکان:

*کەتەلۆکی WALID SITI LAND ON FIR))
Selected works, ١٩٩٧-٢٠٠٨
,Abbs kiarostami m from selected poems, a wolf Lying in Wait
Translated from the Persian by karim Emami& Michael beard,
sokhan Publishers, Tehran, ٢٠٠٧

*ئەم پێشانگایە کە گەلەری سەردەم کرایەوە، کارەکانی زۆربەیان لەسەر یەک کۆنسێپت بوون کە لەرووی بابەت و تەکنیکەوە نزیکبوون لەیەکتر.
دوو کۆمەڵ کارکردنی هونەرمەند کە لەژێر ناونشانی ( Family ties، Precious stones)، کە لەم بابەتەدا ئاماژەم بۆکردن لەو گەلەرییە نمایش نەکرابوون لە زنجیرەی کارە هونەرییەکانی هونەرمەند کە لە ساڵانی رابردوو نمایشکرابوون.

**کورتەیەک لەسەر ژیان و چالاکییەکانی وەلید سیتی:**
*لەساڵی ١٩٥٤ لە دهۆک لە دایکبووە.
*دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدایە ساڵی ١٩٧٦.
*دەرچووی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی لۆبیانا-سلۆفینیای و بڕوانامەی (AB&MA) لە گرافیکدا بەدەستهێناوە.١٩٧٦- ١٩٧٧
*چەندین پێشانگای تایبەت و هاوبەشی لەم وڵاتانە نمایشکردووە (هۆڵەندا، روسیا، بەریتانیا، پوڵەندا، نەمسا، ئیمارات، ئیتاڵیا، سلۆفینیا، تایوان، ئەڵمانیا، دانیمارک).
*ئێستا لە لەندە ن دەژی.



# جاک ڤێتریانۆ... لە بەردەم ڕێکەوتێکدا



سیروان شەریف
بەریتانیا

هونەری شێوەکاریی وەک هەریەک لە چەمکەکانی تری هونەر هەرچەندە لە جوڵەیەکی بەردەوامدایە، بەڵام هەمیشە گەڕانەوە بۆ مێژووی دەست پێکردن و سەردەمی کلاسیک لای شێوەکاران ، بە جۆرێک لە جۆرەکان گەڕانەوەیە بۆ سەردەمە پرشنگدارەکانی ئەم هونەرە، هەمیشە هونەرمەندان سەردەمی کلاسیکیان وەک چاوگەیەک بۆ دروست بوون و پێگەیاندنی قوتابیانی هونەر بەکارهێناوە، ئەم گەڕانەوەیە بەرەو ڕابردوو بەجۆرێک کاریگەری لەسەر ئەو تاکانە بەجێهێشتووە کە کاری هونەری دەکەن، ئەوەندەی ئاگاداری ڕابردوون رەنگە ئەوەندە ئاشنای ئێستای هونەرنەبن. ئەمە بەو مانایە نییە کە گەڕانەوە بۆ رابردوو هەڵەیەکی تێدابێت، بەپێچەوانەوە هەر هونەرمەندێک لە رابردووی هونەر سودمەند نەبووبێت زۆر ئەستەمە بتوانێت دەستی لە جوانکردنی داهاتووشدا هەبێت، ئەگەر پڕ نەبین لەجوانییەکانی سەردەمی کلاسیک و رۆمانسیەکان ئەستەمە بتوانین جوانییەکانی ئەوان بە شێوازێکی نوێ بگوێزینەوە بۆ ئێستاو داهاتوو، بەڵام هاوشانی ئەم تێڕوانینە زۆر گرنگە ئاشنای ئەو کەسانە بین کە لە ئێستادا هونەریان پێیەو بەشێوازێکی مۆدێرنانە کار لەسەر رابردووی خۆیان

دەکەن.

یەکێک لەو هونەرمەندانەی من لێرەدا مەبەستمە کورتەیەک لە ژیان و کارەکانی ئاماژە پێبکەم هونەرمەند جاک ڤێتریانۆ (Jack Vettriano)یە ئەم هونەرمەندە لە نۆڤەمبەری ١٩٥١ لە شاری مێسیل(Methil)) لەسەر کەنارە ئاوییەکانی سکۆتلەندا لەدایک بووە، لە دایک و باوکێکی ئیتاڵی.

یەکێکە لە هونەرمەندە دیارەکانی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم. کە تا ئێسا زیاتر لە / ٥٠٠٠٠٠

لە کارە هونەرییەکانی لە تابلۆ و پۆستەر فرۆشراوە، کارەکانی ئەم هونەرمەندە لە زۆربەی شوێنە تایبەتی و گشتییەکانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە.

ڤێتریانۆ لە تەمەنی شازدەساڵیدا قوتانخانە بەجێدەهێڵێت، بەو مەبەستەی کە لە یەکێک لە کانە خەڵووزەکانmine (coal) لە سکۆتلەندا کاربکات. خەون بەوەوە دەبینێت ببێتە ئەندازیار لەکانە خەڵووزەکان، وەک کرێکارێک دەست بەکاردەبێت، بە بێ ئەوەی خەونێکی تری هەبێت.

ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە ئەم هونەرمەندە بە ڕێکەوت دەچێتە نێو دنیای هونەری شێوەکاری، کاتێک لە یادی بیست و یەکەم ساڵی لەدایک بوونیدا لەلایەن هاوڕێ کچەکەیەوە دەستەیەک بۆیەی ئاوی بە دیاری بۆ دێت، ئەویش هەوڵدەدات خۆی فێری وێنەکێشان بکات بۆ ئەم مەبەستەش سوود لەو کتێبانە وەردەگرێت کە سەرەتای فێربوونی وێنەکێشانن، دواتر لە ڕێگەی خوێندن و کۆپی کردنی کاری هونەرمەندە ناودارەکانەوە دەست پێدەکات.

سەرەتای ئیشکردنی بە کۆپی کردنی کاری هونەرمەندە ئینتیباعییەکان دەستپێکرد. یەکەم کاری ئەم هونەرمەندە کۆپی کردنی کارێکی (مۆنێت)بوو بە ناوی کێڵگەی پۆپی(poppy fields) بەڵام جاک وەک ئەوەی بەکاری خۆی بزانێت واژوو ناوی خۆی لەسەر تابلۆکە نووسی.

لە ساڵی ١٩٨٨ جاک هەستی بەجۆرێک لە سەرکەوتوویی و پەرەسەندن کرد لە تابلۆکانیدا، هەر بۆیە بیری لەوە کردەوە بەشداریان پێبکات لە پێشانگاکاندا.

دواجار بە دووتابلۆی خۆی کە لەسەر کانڤاس دروستی کردبوون بەشداریکرد لە پێشانگەی هاوینەی ئەکادیمی شاهانەی سکۆتلەندی (Royal Scottis Academy) کە پێشانگەیەکی ساڵانەیە. ئەوەی جاک ڤێتریانۆی دڵخۆشکرد لە یەکەم ڕۆژی نمایشەکەدا هەردوو تابلۆکەی فرۆشران. هەر لەم ساڵەدا بوو کە ناوی خۆی لە جاک هۆگان((Jack Hoggan وە گۆڕی بۆ جاک ڤێتریانۆ کە نازناوی دایکی بوو پێش شووکردنی، ئیدی ئەم ناوەی بەکارهێنا بۆ تابلۆکانی.



تابلۆیەکی Jack vettriano

سەرکەوتن و گرنگی پێدانی لەلایەن خەڵکەوە رۆڵی بینی لە شێواندنی یەکەم پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە. دواترکۆچ دەکات بۆ ئەدنبرە (Edinburgh). کۆمەڵێک پێشانگەی سەرکەوتوو دەکاتەوە لە (ئەدنبرە، لەندەن، هۆنگ کۆنگ، جۆهانس بۆرگ، نیۆرک...)

زۆرێک لە کارەکانی جۆرێک لە بیرهێنەرەوەی ئەوفیلمانەن کە بە فیلمە رەشەکان (noir film) ناو دەبرێن، بەو مانایەی کارەکانی زیاتر لە وێنەی فیلمە رۆمانسی و تەنانەت سێکسیەکانیشەوە نزیکن، هەر ئەم شێوازی کارکردنەش بوو زۆرێک لە رەخنەگرانی هونەری گەیاندە ئەو ئاستەی بڵێن کارەکانی ڤێتریانۆ زۆر بازاڕییە و خاڵییە لە ئەندێشە و خەیاڵ.

بەڵام هونەرمەند خۆی وەک خاوەنی ئەمجۆرە رەخنانە نەدەناسی و بەردەوام بوو لەسەر کارکردن.

یەکێکی تر لەو شتانەی تەواوی هونەرمەندانی تری توشی شۆک کردبوو زیرەکی جاک ڤێتریانۆ بوو، لە شێوازی بازرگانی کردنی بە تابلۆکانییەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش چەندین جار تابلۆکانی کۆپی دەکاتەوەو دەیانفرۆشێتەوە. تا بتوانیت زۆرترین پارە کۆبکاتەوە، ساڵانە چاپی تازەی کارەکانی خۆی

بڵاودەکاتەوە. دەکرێت بڵێین کارەکانی زۆر ساکارن و بەشێوەیەک کاردەکات زۆرینەی بینەر چێژی لێوەردەگرن، هیچ ئاڵۆزییەک لە نێوان تابلۆکانی جاک و چاوی بینەرەکەیدا نابینرێت.

رەنگە هەر ئەمەش ئەو سیحرە بێت کە زیاتر لە تابلۆکانی پۆستەری کارەکانی دەفرۆشت و بڵاویدەکاتەوە بە تەواوی جیهاندا.

یەکێکی تر لەو رێکەوتانەی ژیانی ڤێتریانۆی لە هونەرمەندانی سەردەمی خۆی جیاکردەوە ساڵی ١٩٩٢ بوو کە تابلۆیەکی دروستکرد بە ناوی (The Singing bulter) رەوانەی ئەکادیمی شاهانەی سکۆتلەندی کرد، بە مەبەستی بەشداری پێکردنی لە پێشانگەی ساڵانەی ئەم ئەکادیمیەدا.

جاک خۆی گومانی هەبوو لەوەی کارەکەی وەردەگیرێت یاخود رەفز دەکرێتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە ٢٠٠٤/٤/٢١/ واتە پاش دوانزە ساڵ لە دروستکردنی تابلۆکە لە زیادکردنێکی ئاشکرادا دەفرۆشرێت بە ٥٠٠/٧٤٤ پاوەندی بەریتانی.

لە ساڵی ١٩٩٩ ڤێتریانۆ بیست تابلۆی خۆی دەنێرێتە پێشانگەی هونەری نێودەوڵەتی سەدەی بیستەم لە نیۆرک(ئەمەریکا). کە زیاتر لە ٥٠ کڕیاری تابلۆ لە بەریتانیا هاتبوونە پێشانگەکە. لە یەکەم رۆژی نمایشکردندا تەواوی تابلۆکانی فرۆشران.

ئەم پڕفرۆشییەی کارەکانی ڤێتریانۆ گەیشتە ئاستێک کە تەواوی هونەرمەندانی جیهان ئێرەیی پێ بەرن.

ئـەوەی جێی سەرنجە ئێستا زۆرێـک لە کەسایەتیە ناودارەکانی وەک (جاک نیلسۆن، ئەلێکس فێرگسۆن، رۆبی کۆلترن) کڕیاری کارەکانی ئەم هونەرمەندەن.

لە کاتێکدا تەنها رێکەوتێک ئەوی بردە ناو جیهانی هونەرەوە.

سەرچاوە:

biography of top artists
Art history- Jack vettriano

# لوقمان غەریب : ستایلی نامەکانی ئەشرەف درامای لە چەقبەستن و خۆگرێدان بە هەندێک بابەتی سواو و چاولێکەرییەوە دەربازکرد





**سازدانی: شەنکار عەبدوڵڵا**

درامای نامەکانی ئەشرەف لە ماوەیەکی کەمی تەمەنیدا توانی بینەرێکی زۆر لەخۆی کۆبکاتەوە، بووە یەکێک لە زنجیرە پڕبینەرەکان، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە دراماکەو کارەکانی دەرهێنەر، ئەم دیدارەمان لەگەڵ دەرهێنەری نامەکانی ئەشرەف لوقمان غەریب سازداو ناوبراو بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

**پێش نامەکانی ئەشرەف چەند کاری هونەریی دیکەتان ئەنجامداوە؟**

من لەساڵی ١٩٩٢-ەوە بە بەردەوامی لە تەلەفزیۆن کارمکردووە، ئەرشیفێکی زۆرم لە کاری تەلەفزیۆنیدا هەیە کە کاری دراماش بەشێکە لە کاری تەلەفزیۆن. دەیان فیلمی دیکۆمێنتاریی و کورتە فیلم و پرۆگرام و بابەتی تری ڕۆژانەی تەلەفزیۆنم دروستکردووە. فیلمێکی درامی درێژم بە ناوی (سنوقەچا) لە ساڵی ٢٠٠٣ بەرهەمهێناوە کە وێنەگرتن و دەرهێنانی خۆم بوو...

لە ساڵی ٢٠٠٤-ەوە بە بەردەوامی لە کوردستان تیڤی و تەلەفزیۆنی نەورۆز چەندینجار پەخشکراوە. ساڵی ٢٠٠٦-یش بە هاوکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زنجیرە درامای (لە گوڵێک کاڵتر)م بەرهەمهێنا، بریتیبوو لە (١٤) ئەڵقە. ئەم بەرهەمە ئەزموونێکی زۆر تازە بوو، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نارێکیی وادەی پەخشەکەیەوە زۆر کەس نەیبینیوە. ئەوانەی کە بینیویانە شایەتی ئەوە دەدەن کە کارێکی زۆر ناوازە و سەرەتای دەستپێکی قۆناغێکی تازە بوو بۆ درامای کوردی. ئەم ستایلە نوێیەی دراما، ئەم بوارەی لە چەقبەستن و خۆگرێدان بە هەندێک بابەتی سواو چاولێکەرییەوە دەربازکرد، بەتایبەتی لە ساڵانی رابردوودا کە دراما ببووە بوارێک بۆ سوکایەتیپێکردنی هەندێک توێژی ناو کۆمەڵگا و بە شێوازێکی ریپۆرتەریانە زۆر بابەتی دوور لە واقیعی کۆمەڵگای ئێمە، بە ئاستێکی زۆر لاوازو تەکنیکێکی زۆر خراپ پیشانی بینەران دەدران، یان دراما کرابوو بە ئامرازێک بۆ تەرویجکردن و پیاهەڵدانی لایەنێک و شێواندنی مێژوو، بە بیانووی ئەوەی کە گوایە نەهامەتییەکانی میللەت پیشانی نەوەی ئەمرۆ دەدرێت. ئەمە جگە لە چەندیین خەوش و نالەباریی تری وەک، چاولێکەریی لە هەڵبژاردنی بیرۆکەو بابەتی وەرگیراو لە دراما عەرەبییەکان و بیانییەکانەوەو رووپۆشکردنی و شاردنەوەی سەرچاوە سەرەکییەکەی لە بینەر. بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە درامای (لەگوڵێک کاڵتر) لەهەردوو رووی ناوەرۆک هونەرییەوە، دەستپێکی قۆناغێکی تازە بوو لە رەوتی خاووخلیچکی درامای کوردیدا... (نامەکانی ئەشرەف)یش هەنگاوی دووەمە لەم ستایلە نوێیەی دراما، کە خۆشبەختانە توانی بە یەکجاریی هەموو ئەو خەوش و نالەبارییانە تێپەڕێنێت کە ئەم بوارەی تێکەوتبوو. ئیتر با بەس بێت ئەو هەموو غەدرو ناهەقیی و سوکایەتیکردنەی کە لەرێگای دراماوە، بەو شێوازە لاوازە (تەکنیکی و هونەرییەوە) بە ئێش و ئازارو برینی سارێژنەبووی ئەم خەڵکە گوناهەوە دەکرێت. بینەری وریاش لە (ئاخ) هەڵکێشانێک زیاتر، هیچ دەسەڵاتێکی تری نییەو ناچارە پەنا بۆ درامایەکی دۆبلاژکراو یان یارییەکی تۆپ تۆپێن ببات.



**بیرۆکەی کارکردن لە (نامەکانی ئەشرەف)دا چۆن دروست بوو؟**

تۆ ئێستا دەتەوێت بابەتێک ئامادە بکەیت کە جێگەی بایەخی خوێنەر بێت. کەواتە ئەم بوارو کایانەی کە پەیوەندیی بە هۆشیاریی و تەنانەت چێژی خەڵکەوە هەیە... ئەمانە پێویستییان بە باسکردن و ورووژاندنە. خەڵک پرسیاریی هەیە دەبێت وەڵامیان بدەیتەوە. ئەم درامایە وەک پێشتر باسمکرد قۆناغێکی تازەو جیاوازە. واقیعێک پیشاندەدات کە دەقاودەق واقیعی ئێمەیە. لە ئێستادا پێویستمان بەمجۆرەیە لە بەرهەم. بینەریی وریاو هۆشیار تێدەگات بۆچی ئەم بابەتە پیشاندەدەیت. ئیتر منیش بە دوای راکێشان و چێژی بینەردا گەڕاوم، بۆیە ئەم بابەتەم هەڵبژاردووە. هەموو کارێک پێشتر ئەگەر بزانیت بۆچی دەیکەیت، بێگومان ئاکامەکەی خراپ نابێت و ئەنجامی دەبێت.

**دەکرێت لە رووی ماوەی کارکردن و ژمارەی ئەڵقەکان و ئەکتەرانی بەشداربووەوە هەندێک زانیاریی بدەیت؟**

بێگومان... ماوەی کارکردنمان لە ٢٠٠٩/٥/٢٠-وە دەستپێکرد لە ٢٠٠٩/١١/٢٠ کۆتایی پێهات. واتا لە بەرواری دووەمەوە ئامادەی پەخشکردن بوو، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیی کوردستان تیڤی بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، وادەی پەخشکردنی بۆ مانگی ئاداری ٢٠١٠ دواخرا. ژمارەی ئەڵقەکان (٢٤) ئەڵقەیە و زیاتر لە (٥٠) ئەکتەر بەشدارن، کە (١٠) ئەکتەریان ئافرەتە. ئەمەش ئەگەر ڕێژەی ڕۆڵە سەرەکییەکان حساب بکەیت ڕێژەی بەشداربوونی

ئافرەتان دەکاتە ڕێژەی ٣٥٪ کە لەسەرووی ئەو ڕێژەیەوەیە کە پارلەمانی عیراق بۆ بەشداریی ئافرەتان دیاریی کردووە.

**بۆ پەیداکردنی ئەم ڕێژەیە لە ئافرەتان گرفتتان بۆ دروست نەبوو؟**

نەخێر تەنها لە ئیختیارەکاندا نەبێت، چونکە لەڕاستیدا ژمارەیەکی زیاتر هاتبوون بۆ بەشداربوون، بەڵام بەهۆی نەگونجانیان بۆ کاراکتەرەکان، چانسی بەشداربوونیان نەبوو. هیوادارم لە کاری ئایندەدا بەگوێرەی پێویست بەشداریی بکەن.

**چۆن لەگەڵ کوردستان تیڤی ڕێککەوتن و بڕی تێچوونی ئەم بەرهەمە چەند بوو؟**

دراماکە بەرهەمی کوردستان تیڤییە و بڕی تێچوونەکەشی بریتییە لە پاداشتی بەشداران و خەرجی ڕۆژانەی کارکردن و دیکۆرو هەندێک بابەتی تر... پارەکە پارەیەکی ئەوتۆ نییە، گۆرانیبێژ هەیە سیدییەکەی دوو ئەوەندەو سێ ئەوەندەی تێچوونی ئەم درامایەی تێچووە و پارەکەشی وەک پارەی ئەم بەرهەمە بە هونەرمەندی ناوخۆ نەگەیشتووە، بەڵکو چۆتە گیرفانی خەڵکی بێگانەوە. بەداخەوە هێشتا پێوەرو هەڵسەنگاندن لەم وڵاتەدا دروست نەبووە، هیوادارم لەمەودوا دروست بێت.

**مەرگی هونەرمەند بەهادین عەبدوڵلا لە کوێی دراماکەدا بوو، ئەم ڕووداوە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێوەو بەرهەمەکە هەبوو؟**

مەرگی ناوادەی هونەرمەندی بەتواناو جوانەمەرگ زۆر کاری لە من کرد. زۆرم خەفەت پێخوارد، ئەو ڕووداوە ناخۆشە تا ئەم ساتەش لەبیرم نەچۆتەوە. کاک بەهادین هونەرمەندێکی زۆر کارامەو بەتواناو لەخۆبوردوو بوو. لەهەر کارێکی هونەریدا بووایە جوانییەکی لە ئەندازەبەدەری پێدەبەخشی. بەداخەوە هێشتا زۆر کاریی هونەریی مابوو کە کاک بەهادین جوانیی و کارامەیی خۆی پێ ببەخشێت. ئەم ڕووداوە ناخۆشە لەڕاستیدا پاش تەواوبوونی قۆناغی وێنەگرتنی دراماکە ڕوویدا. ئەو کاتە ئێمە سەرقاڵی مۆنتاژکردن بووین. جارێکی تر بەداخەوە کە مەرگ مەودای نەدا کاک بەهادین ئاستی سەرکەوتوویی خۆی لە ڕۆڵی (مام مەحموو)ی ناو (نامەکانی ئەشرەف)دا ببینێتەوە.



**جیاوازییەکانی ئەم بەرهەمە لەچاو بەرهەمەکانی پێش خۆیدا لە کوێدایە، ئاستی ڕۆڵ بینینی ئەکتەرەکان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ستایلی بەرهەمەکە تازەیە، جیاوازیی تریش زۆرن... بۆ نموونە دەرهێنانی وێنەیی یان جێبەجێکردنی دەرهێنان هەروەک ئەو بەرهەمانەیە کە لە میسرو سوریا دەکرێن بە جیاوازیی ئەوەی بەهۆی بەرتەسکیی لۆکەیشنەکانەوە نەمتوانیوە (کرن، شاریۆ، دۆلی، سکە) بەکاربهێنم، بەڵام تاڕادەیەکی باش ئەمەشم بە جووڵاندن و گواستنەوەی خێراخێرای کامێراو پارچە پارچەکردنی وێنەو دیمەنەکانەوە چارەسەرکردووە. بێگومان منیش ئەگەر دوو ملیۆن دۆلارم لەبەردەستدا بووایە و هەموو لۆکەیشنەکانم دروستکردایە و ستافێکی گەورەی تەکنیکی و یاریدەدەری زۆرم لەگەڵدابووایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە زۆر لەمە باشتری لێ بەرهەم دەهات. خۆ هەموو بەشداران ئاگادارییی ئەوەن کە هاوکارانی من لەپشتی کامێراوە تەنها چوارکەس بوون، ئەوانیش (کاک بەکر مستەفای یاریدەدەری دەرهێنەر و کاک کەمال چالاکی بەڕێوەبەری بەرهەم و شکار فەخرەدین دەنگهەڵگرو ڕێبینی وێنەگر) بوون، کە جگە لە ڕێبین ئەوانی تر زۆرجار لەبەردەم کامێرادا تەمسیلییان دەکرد. هەندێک ڕۆژیش بەناچاریی خۆم کاری وێنەگرتنم ئەنجامداوە. ئیتر خۆتان حەکەم بن، بەڵام گرنگ ئەنجامە. ئەوەتا خۆتان دەیبینن، ئەو بینەرە زۆرە، ئەو ئاستە جوانەی بەرهەمەکە، ئەو هەموو گرنگیدانەی میدیاکان، ئەو هەموو مشتومڕەی کە لێیکەوتۆتەوە. ئەمانە هەمووی

دەرئەنجامی دڵسۆزیی لەخۆبووردوویی بەشدارانی ئەم درامایەن. سەبارەت بە ئەکتەرەکانیش دەستخۆشیی و پیرۆزبایی لە هەر هەموویان دەکەم...

**پرۆژەی داهاتووتان چییە؟**

ئیستا سەرقاڵیی ئامادەکارییم بۆ بەرهەمێکی نوێ کە نزیکەی (٥٠) ئەڵقەیە و زیاتر لە حەفتا ئەکتەر لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر بەشداریی تیادا دەکەن. ئەمیش هەر بەرهەمی کوردستان تیڤی دەبێت و فۆرمێکی تازە لە درامای کوردیی پێشکەش دەکات. هیوادارم بتوانین لە ئاستی پیشاندانی کێشەکانی خۆمان و رازیکردنی دڵ و خواستی بینەرانماندا بین. رەنگە بەمزووانە دەست بە وێنەگرتن بکەین. سوپاس و دەستخۆشیی بۆ ئێوەش کە لە رووی دڵسۆزیەوە ئەم گفتوگۆیەتان سازکرد.

دەتوانیت گۆڤاری هونەر لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.dengekan.com

www.chrakan.com

www.chra.tv

نرخی ١٠٠٠ دینارە